# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٩ بەهاری ٢٠٢٥



ڕێزێک بۆ

# ئیمانوێل والێرشتاین

Immanuel Wallerstein

**بەشداران**

جەمیل بایک

سوورێن ئیبراهیم

شارا تاهیر

عەلی ئەحمەد

هاوار محەمەد

جووتیار ئاسۆس

وریا ئەحمەد

مەریوان کاکەیی

کەیوان نووری

هەیفا کەمال

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

بەهاری ٢٠٢٥

**ژمارە**

٤٩





**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی

پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست

پێشەکی ........ ٧

ئایدیۆلۆژیا؛ هەوێنی ئازادیی، هەبوون و یەکبوونە
جەمیل بایك ........ ٩

سووریا: لە چەپۆکسالارە سکۆلارەکانەوە تا پۆپۆلیستە ئیسلامگەراکان
سەعید ڕەهنما ........ ٨٩

جەنگ وەك چارەنووسی مرۆڤ
شارا تاهیر ........ ١٠٩

ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای لیبراڵ
ئالێن دێ بێنوا ........ ١٤٣

ڕۆژئاڤا: پارادایمی خەبات نەك پارادایمی جەنگ
هاوار محەمەد ........ ١٨٥

پلانی ‹مارشاڵ› ناسنامەی ئیرادەی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
جووتیار ئاسۆس ........ ٢٠٩

تەنەگەژە ئیدۆلۆژییەکانی سەرمایەداریی
ئیمانوێل والێرشتاین ........ ٢٢٥

گفتوگۆیەك لەگەڵ ئیمانوێل والێرشتاین
کیڤان هاریس ........ ٢٥٣

ئیمانوێل والێرشتاین و کۆتایی سەرمایەداریی
پەروێز سەداقەت ........ ٢٥٩

قەرزی پێنج هەزار ساڵی سەرەتا
دەیڤد گرەیبەر ........ ٢٨٩

ڕانانێکی شیکاری بۆ هزری ئۆجالان و بنبەستی پرۆسەی ئاشتی لە «کۆنووسەکانی ئیمرالی»دا
هەیفا کەمال ........ ٣٢٢

........ ٣٢٩

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دیسانەوە شەڕ لە بەر دەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵێسە دەسەنێت و پێچ دەخوات، شەڕی زلهێزە نێونەتەوەییەکان پێکڕا، قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە: 'قەیرانی خۆنوێکردنەوە' و داڕزانی ئایدۆلۆژیا و گوتاری دەوڵەت–نەتەوە. کەواتە چیمان پێ دەکرێت جگە لە گەڕانەوە بۆ کاکڵە و واتای پشت ئەم قەیرانە و شرۆڤەی داڕزانی ئەم گوتار و ئایدۆلۆژیایەی سەد ساڵە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچەوسێنێتەوە.

سەرپاکی ئەمانە گەڕانەوە بۆ فرانس فانۆن و شرۆڤەکانی بۆ کۆلۆنیاڵیزم، گەڕانەوە بۆ کۆتایی سیستەمی جیهانیی لای ئیمانوێل والێرشتاین و سیستەمی زەبروزەنگ و ئەشکەنجە و چاودێریی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە چاویلکەکەی میشێل فۆکۆوە دەکاتە پێویستییەک، کۆتا جاریش تێزەکانی ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان بۆ قەیرانی شارستانییەت و ئاسۆکانی چارەسەر و دەربازبوون؛ خۆی واتەنی: هێزی تیۆریی و پراکتیکی و ئاشتیی کۆمەڵگەی دیموکراتیی' دەکاتە ڕێنوێنی نێو ئەم گێژاوەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی کە سەت ساڵ پێش ئێستا لە سەر ئێسک و پرووسکی گەلان تانوپۆی چنی.

کەواتە دەرچەی ڕزگاریی لە دەست ئایدۆلۆژیا دڕندەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و منداڵە لاسارەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە دەوڵەت–نەتەوە، چییە؟ شرۆڤەی بنەڕەتیی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە پێ لە سەر دوو ڕەهەند و کۆڵەکەی بنەڕەتیی دادەگرێت: ئایدۆلۆژیا و شۆڕشێکی زەینیی بۆ ڕشانەوەی دەوڵەت–نەتەوە و شێوازی ژیانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و خودی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی وەک دواپلە و مۆدێلی سەرمایەداریی... جا (نووسەران و وەرگێڕان)ی ئەم ژمارەیە لەم کلاوڕۆژنەیەوە کۆشاون تا چەمک و جیهانبینیی و گوتارە باوەکان تووشی ناکۆکیی و ئاڵەنگاریی بکەن و چەقبەستوویی سەدان ساڵەیان بلەرزێنن.



# ئایدیۆلۆژیا؛
## هەوێنی ئازادیی، هەبوون و یەکبوونە

جەمیل بایك

شـەڕی سـێهەمی جیهانیـی بەوپـەڕی دژوارییـەوە لـە کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و هەرێمەکەمـان بەردەوامـە. دەرەنجامـە ڕووخێنەرەکانـی ئـەم شـەڕە، کاریگەرییەکـی قـووڵ لەسـەر هەمـوو مرۆڤایەتیی و بـە تایبـەت لـە سـەر منداڵان، گەنجان، ژنـان، ڕەنجدەران و زەحمەتکێشـان و توێژی بێکاری کۆمەڵگا دادەنێن. ئەو چەکە کیمیاییانە، ئەو ئاگر و سووتانەی لـە ئەنجامی بەکارهێنانی بۆمب و سارووخی بالیستی و چەکی جۆراوجۆر بەرپا دەبن، سرووشـت و ژینگەکەمـان وێران و کاول دەکـەن. لـە قۆناغێکی وادا ڕەنگە چاوەڕوانییەکی وەها هەبێت کـە مـرۆڤ بـۆ تێگەیشـتن لـە دۆخەکـە، زیاتـر لـە سـەر بابەتـی سـەربازیی، هاوسـەنگیی سیاسـیی و سـتراتیژ و تاکتیـک بنووسـێت. ڕەنگـە زۆر نامـۆ بێت ئەگـەر مـرۆڤ لـە کاتێکـی وادا بێـت و لەسـەر ئایدیۆلۆژیا، گرنگیی و کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیا لە سـەر کوردسـتان، کاریگەرییەکانـی ئایدیۆلۆژییـە داگیرکاریـی (کۆلۆنیالیی)ـیەکان لـە سـەر تـاک و کۆمەڵگا، بۆچوونـی مرۆڤی کورد سـەبارەت بە ئایدیۆلۆژیـا و بابەتـی هاوشـێوە بنووسـێت. بـەڵام بـۆ تێگەیشـتنێکی ڕاسـت سـەبارەت بـەم قۆناغـە پـڕ لـە شـەڕ و ئاڵۆزییـە و لـە پێنـاو گرتنەبەری هەڵوێسـتێکی ڕاسـتی شـۆڕشـگێڕانە، دیموکراتیـی و نیشـتمانپەروەرانەدا، پێویسـتە تێگەیشـتنێکی ڕاسـتی ئایدیۆلۆژییمـان هەبێـت. چونکـە لـە بنەڕەتدا، ئـەو فاکتەرانـەی ئاڕاسـتەی هەمـوو ئـەم ڕووداو و پەرەسـەندنانە دیاریـی دەکـەن، هەمـان ئـەو ئایدیۆلۆژیانـەن وا توێـژە جیاوازەکانـی کۆمەڵگا، لـە دەسـەڵاتدارەکانەوە بگرە تـا چینـی ناوەند و چەوسـاوەکان و گرووپـە دینیـی و ئایینییـەکان، خاوەندارییـان لـێ دەکـەن.

هەروەها قەڵەمفرۆشەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە تایبەت دوای هەڵوەشانەوە و ڕووخانی سۆسیالیزمی واقعیی (یەکێتیی سۆڤێت)، بە شێوەیەکی بەربڵاو و بەردەوام هەزاران شێواز و ئامرازی جۆراجۆر بۆ بچووکاندن، سووکایەتیپێکردن، ڕەشکردن و بێخۆ و بێواتا نیشاندانی ئایدیۆلۆژیا بەکار دەهێنن. ئەم هێرشانە تا ئێستاش هەر بەردەوامن. هەربۆیە بە گرنگ و پێویستم زانی لە سەرەتای ئەمساڵدا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەهێز پێشوازیی لە ساڵی نوێ بکەین، نووسینێکی وا بنووسم. بابەتی ئایدیۆلۆژیا گرنگە. شتێک نییە مرۆڤ بتوانێت تەنیا بە نووسینی بابەتێک لە ناو گۆڤارێکدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل گوزارشتی لێ بکات و هەموو ڕەهەندەکانی شی بکاتەوە.

دوای دەرکەوتنی هێزی تیۆریی و ئەبستراکتیی (abstraction) لە مرۆڤدا یاسای "سەرەتا هزر، پاشان کردەوە" پەسەند دەکرێت. واتە، مرۆڤ سەرەتا بیر دەکاتەوە، پاشان بەگوێرەی بیر و هزرەکەی دەجووڵێتەوە. جووڵەی بێ هزر، نەک هەر هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە، زیانیش دەدات. یان مرۆڤ هیچ کاتێک ناگاتە ئەو ئەنجام و ئامانجانەی ئارەزووی دەکات. ئەگەر ئەمە بۆ مرۆڤ ڕاست بێت، ئەو کاتە بۆ گەلان، ژنان، چینە چەوساوەکان و گرووپە باوەڕمەندەکان زیاتر ڕاستە. ئەگەر گەلێک، چینێک، ڕەگەزێک یان گرووپێکی باوەڕمەند سەبارەت بە داهاتووی خۆی نەبێتە خاوەن بیر و هزرێکی هاوبەش و سیستەماتیک، ناتوانێت خۆی لە هەڵوەشانەوە و لەناوچوون ڕزگار بکات. بەم سیستەمەی بیر و هزر دەگوترێت ئایدیۆلوژیا.

بە گشتی ئایدیۆلۆژیا وەک زانستی هزر و بیر پێناسە دەکرێت. لە بواری ڕەگوڕیشەی ئێتیمۆلۆژیدا، ئەم دەستەواژەیە لە یەککگرتنەوەی دوو وشەی "ئایدیا" و "لۆگۆس" پێک هاتووە. تا ئەو جێگایەی دەزانین چەمکی ئایدیۆلۆژیا سەرەتا لەلایەن " دیستوت دی ترەیسی" (Destutt de Tracy) بەکار هێنراوە. ئەم کەسە فەیلەسووفێکی سکۆتلەندییە. پەرتووکێکیشی هەیە بەناوی "پێکهاتەکانی ئایدیۆلۆژیا". لە نێوان ساڵەکانی "١٧٥٤-١٨٣٦" ژیاوە. نووسەرێکی دیش بە ناوی لویس ئاڵتۆسێر (Althusser Louis) پەرتووکێکی نووسیوە بە ناوی "ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت" و ئەم بابەتانەی لەوێ شی کردووەتەوە. ڕەنگە وەک ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، دەستەواژەی ئایدیۆلۆژیی سەرەتا لە سەدەی ١٨ـدا بەکار هێنرابێت. بەڵام ئایدیۆلۆژیا و ڕەگوڕیشەی ئایدیۆلۆژیا هێندەی مێژووی مرۆڤایەتیی کۆن و دێرینە. ئەگەر لە مێژووی ئایدیۆلۆژیا بکۆڵینەوە، ئەمە دەمانباتەوە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەمرۆڤبوون.

مرۆڤەکان سەرەتا نەیانتوانیوە کردەوەکانی خۆیان پێناسە بکەن، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، هەوڵیان داوە کردەوەکانی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر بهێننە زمان و ناوی لێ بنێن. مرۆڤەکان بەو ڕێژەیەی کە توانیویانە، پێداویستییە ڕۆژانەییەکانیان دابین بکەن، دەستیان کردوە بەوەی ئیتر سەبارەت بە سبەڕۆژ و ڕۆژانی پاشتریش دۆخی بەردەمی خۆیان ببینین و سەبارەت بەوەش پلان دابڕێژن. ئەوەی بنەمای هەستی هاوبەش، هزری هاوبەش

و ئایدیۆلۆژیـای هاوبـەش پێـک دەهێنێـت، بەسـەربردنی ژیانـە لـە هەلومـەرج و دۆخـی یەکسـان و هاوبەشـدا.

ڕێبـەر ئاپـۆ هـەر لـە سـەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ بە شـێوەیەکی زۆر ڕژد لـە سـەر بابەتـی ئایدۆیۆلۆژیـا ڕاوەسـتەی دەکـرد. پـەرەدان بـە ئایدیۆلۆژیایـەک کـە ئازادیی گەلێک مسـۆگەر بکات لای ئـەو خـاوەن نـرخ و گرنگییەکـی ژیانیی بـوو. هـەر بۆیـە شـەو و ڕۆژی خسـتبووە سـەر یـەک و لـە سـەر ئـەم بابەتـە خەریکی لێکۆڵینـەوەی چڕوپڕ بوو. بەرەبـەرە، دەسـتی کـرد بـە گواسـتنەوەی ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکانی بۆ ژمارەیەکـی سـنووردار لـە کەسـانی جێمتمانـەی دەوروپشـتی خـوی، ئەوانیشـی ڕاکێشـی هزرانـدن و قاڵبوونەوەیەکـی لـەم چەشـنە کـرد.

ڕێبـەر ئاپـۆ ئـەو پەرتـووک و گۆڤارانـەی لـەو کاتـەدا سـەبارەت بـەم بابەتـە چـاپ و بـڵاو کرابوونـەوە، هەموویانـی خوێنـدەوە و لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر کـرد. ڕێبـەر ئاپـۆ بـە واتـادان بـە ژیانـی گونـد، دۆخـی بنەماڵەکـەی، سـاڵانی قوتابخانـە، ژیانـی شـار، ڕاسـتینەی دەوڵەتـی داگیرکـەر، ژیانـی ئـەو کرێـکارە وەرزییانـەی پەموویـان دەچنییـەوە، کێشـەکانی سـەردەمی خوێنـدن لـە زانکـۆ و هەروەهـا بـە ئەزمـوون وەرگرتـن لـە دیالـۆگ و گفتوگـۆ ئایدیۆلۆژییـەکان، بنەڕەتـی ئایدیۆلۆژییەکـی نوێـی دانـا. ئـەم فاکتەرانـە هەمـوو خـاوەن ڕۆڵێکـی بنچینەیـی بـوون لـە داڕشـتنی ئایدیۆلۆژییدا. پەرتووکـی "ئایدیۆلۆژیا-سیاسـەت چییە؟ چۆن دەرکەوتووە؟"ـی ڕێبـەر ئاپـۆ سـەرەتا لە سـاڵی ١٩٧٨ چـاپ و بـڵاو کرایـەوە، یەکێکـە لـە بەرهەمەکانـی ئـەم لێکۆڵینەوە و خوێندنـەوە و گفتوگۆیانـە. لـەم کتێبـەدا بـە شـێوەیەکی زۆر پوخـت

و بە زمانێکی زۆر سادە، باسی دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیاکان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتداران و داگیرکەران چۆن بە درێژایی مێژوو ئایدیۆلۆژیایان بەکار هێناوە و ئەم ئایدیۆلۆژیایانە چ کاریگەرییەکی ڕووخێنەریان لە سەر کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد داناوە. هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کاریگەرییە ڕووخێنەرانە، گرنگیی و پێویستیی پەرەدان بە ئایدیۆلۆژیای سەربەخۆ، زەرورەت و واتای کارێکی لەم شێوەیە دەخاتە ڕوو و لە سەر پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆژی و سیاسەت و بابەتی هاوشێوە ڕاوەستە دەکات. لەم پەرتووکەدا ئایدیۆلۆژیا بەم شێوەیە پێناسە دەکات: زئایدیۆلوژیا، کۆی ئەو بیر و هزرانەیە وا بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە بەرژەوەندیی یان لە دژی بەرژەوەندیی گرووپێک، چینێک، کۆمەڵگایەک دادەڕێژرێن و پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانە و داهاتوویانەوە هەیە.س ئەمە پێناسەیەکی گشتی ڕێبەر ئاپۆ بوو سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا. هەڵبەت، داهێنان و دارشتنی "کۆی سیستەمێکی هزریی بۆ ژیانی ڕۆژانە و داهاتووی" گەلەکەمان، بە تایبەت لە نیشتمانێکدا کە نکۆڵیی لێ کراوە و تەنانەت ناوهێنانی تاوانە و قورسترین سزای بەدواوەیە، شتێکی ئاسان نییە. چونکە ئەگەر تۆ گرنگییەکی ژیانیی بدەیتە پێویستی هەبوونی ئایدیۆلۆژیا، ئەوا پێویستیش دەکات بە هەمان گرنگییەوە کار بۆ داهێنانی ئایدیۆلۆژیایەکی وەها بکەیت. ئەگەر کەسێک خەمی ئایدیۆلۆژیایەکی نەبێت، خەم لە داهێنان و دارشتنەکەشی ناخوات. بە تایبەت، خۆی لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژیایە و ئەو ئایدیۆلۆژیایەش لەگەڵ خۆی یەکانگیر ناکات و نایکاتە شووناسی خۆی. ئەگەر

کەسێک ئایدیۆلۆژیا دەرخواردی کەسایەتیی خۆی نەدات، واتە کەسایەتیی خۆی بەگوێرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی درووستی کردووە، دانەڕێژێت، نە لە بواری ڕێکخستن و نە لە بواری چالاکییدا ناتوانیت ئەو ئایدیۆلۆژیایە بخاتە واری کردارییەوە. ئەگەریش بتوانێت، ئاستی هەوەسێکی کورتماوە تێپەڕ ناکات. لە مێژوودا نموونەی کەسی وامان زۆرە کە بۆچوونێکی بەم شێوەیەیان سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا هەبووە، بەڵام ڕێبەر ئاپۆ، هەر لە دەستپێکەوە خەمی داهێنانی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕزگاریی هەبووە و هەر لەم پێناوەشدا هاوتەریب و هاوشان لەگەڵ داهێنانی ئایدیۆلۆژیی، کەسایەتیی خۆیشی درووست کردووە و دایڕشتووە.

ڕێبەر ئاپۆ بە سەرنجدان لە ژیانی ناو گوند و بە تایبەت بەسەرهاتی خوشکە گەورەکەی، لە نزیکەوە دۆخی چەوساندنەوە، داگیرکاریی و سووکایەتیی دژ بە ژنانی بینی. لە ساڵانی دواتردا، چ لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییدا بێت چ لە ناو ژیانی حزبیدا، لە قووڵاییەوە دەرک و هەستی بەو کێشانە کردووە وا ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە لە ساڵی ١٩٩٨ بە پەرەدان بە "ئایدیۆلۆژیای ڕزگاریی ژن"، خزمەتێکی گەورەی بە هەموو ژنانی جیهان، بە تایبەت ژنانی کوردستان کرد. ئەو درووشمەی کە ڕێبەر ئاپۆ وەک "ژن، ژیان، ئازادیی" دایڕشت، بوو بە سەرنجڕاکێشترین گوزارشتی گەردوونیی لەم ئایدیۆلۆژیایە.

لە پەرتووکی "ڕێگای شۆڕشی کوردستان"دا، ڕێبەر ئاپۆ هەتا مۆخی ئێسک هەست بەو وێرانکارییانە دەکات کە بیر و

ئایدیۆلۆژیای داگیرکەر لەسەر نیشتمان و گەلەکەمان دایناوە، ئیدی هەڵوێستی شۆڕشگێڕیی بەرانبەر ئەمانە وەردەگرێت.

ڕێبەر ئاپۆ بە تایبەت بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش ئاماژە بە گرنگیی سەربەخۆیی هزریی و ئایدیۆلۆژیا دەکات. دەڵێت: زئایدیۆلۆژیای کەمالیستی تا ئێستاش سەرقاڵی پەرەدانە بە نەتەوەپەرەستیی تورک لە کوردستاندا، تەنیا بە پێگەیاندنی توێژێکی گەنجی نۆکەر و خۆبەدەستەوەدەر بەسەندەی نەکردووە، بەڵکوو بڕیاری کۆتایی داوە دەست بە سەر هەموو نرخ و بەها نەتەوەییەکانی کورددا بگرێت و بیانگۆڕێت بۆ نرخ و بەهای نەتەوەیی تورک. لە کوردستاندا جەماوەرێک هەیە کە بەهۆی ئەوەی لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی داگیرکەردایە، تا ڕادەیەک بێدەنگیی بەرانبەر ئەمە هەڵبژاردووە. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت بە جۆرێک لە بیانووی ئەم جەماوەرە تێبگات کە بۆ کەوتنە ژێر کاریگەرییە هزرییەکان دەیهێننەوە. بەڵام بۆ ئەو هێزانەی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی سەریان هەڵداوە، گرێدراوبوونی هزریی، تەنانەت هێندە نووکی دەرزییەکێش بێت، یەکسان و هاوتایە لەگەڵ ناپاکیی نەتەوەیی. ئەوانەی نەتوانن لە گۆڕەپانی هزرییدا سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، ئەوانەی نەتوانن بۆ ئەو نیشتمانەی لەپێناویدا تێکۆشان دەکەن، هزر و بیر بەرهەم بهێنن، جێگەیان لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستاندا نابێتەوە. ئەو کەسانەی کەمالیزم، سۆسیال شۆڤێنیی، ڕیفۆرمیزم و خۆبەدەستەوەدانی بۆرژوازیی و وردەبۆرژوازیی لەگەڵ خۆیان بهێننە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی

کوردستان، ئەمانە لە هزر و چالاکییدا دوژمنی سەرسەختی ئێمەن. دیارترین ئامانجی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی و ئایدیۆلۆژیی ئێمە ئەوەیە ئەمانە لە گۆڕەپانی هزرییدا لەناو بەرین.

هێشتا لەو ساڵانەدا ڕێبەر ئاپۆ ئایدیۆلۆژیای هەم بۆ خۆی و هەم بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازیی کوردستان وەک بابەتێکی بنەڕەتیی هەڵسەنگاندووە و پێی وابووە مسۆگەر پێویستە چارەیەک بۆ پرسی ئایدیۆلۆژیا بدۆزرێتەوە؛ هەربۆیەش بەردەوام لەمەڕ بابەتی پەرەپێدان و پێشخستنی ئایدیۆلۆژیا قاڵ بووەتەوە. چونکە ئایدیۆلۆژیا بابەتێکە هەم هێزە داگیرکەرەکانی سەر کوردستان و هەم پشتیوانەکانیان لە ناو سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا زۆر بە چڕوپڕیی ڕاوەستەی لەسەر دەکەن. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەم قۆناغە مێژووییەی ئەمڕۆمان بکەین، دەبینین هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ئەگەر لەپاڵ هێزی سەربازییدا، پەرە بە هێزی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی و کەلتووریی خۆیان نەدەن، ئەوا ناتوانن هەژموونی خۆیان بەسەر دنیادا بسەپێنن و بەردەوامیی پێ بدەن. بە هەمان شێوە هێزە داگیرکەرەکانی خاوەن دەسەڵات لە سەر کوردستان بە تایبەتیش تورکیا، ئەوەندەی گرنگیی بە بابەتی سیاسیی و سەربازیی دەدەن، گرنگیی بە بابەتی ئایدیۆلۆژیی و کەلتووریش دەدەن. واتە پاش پاکتاوکردنی هێزی خۆڕاگریی کورد و داگیرکردنی سەربازیی و سیاسیی کوردستان، ئەو بابەتەی زۆرترین گرنگییان پێ داوە، بابەتی هەژموونی ئایدیۆلۆژیی و کەلتوورییە. بۆ نموونە، دەوڵەتی

داگیرکـەر و تەوکـوژی (ژینۆسـایدکەر) تورکیـا پـاش ئەنجامدانـی تەوکوژیـی جەسـتەیی لـە سـەر دێرسـیم، هێشـتا  ئاگـر و دووکەڵـی گونـد و باژێـڕە سـوووتێنراوەکان دانەمرکابـوو، مۆسـتەفا کەمـال بانگـی مامۆسـتایەک دەکات بـە نـاوی سـەدیقە ئاڤـار و پێـی دەڵێـت: "ئەرکی تۆ ئەوەیە پەرە بە تورکێتیی و ئایدیۆلۆژیای فەرمیی تورک بدەیـت، بـۆ ئـەم کارەش سـەرەتا لـە منداڵانـی کچـەوە دەسـت پـێ بکە". چونکە باش دەزانن ئەگەر لە بواری هزریی و دەروونییەوە ڕەوایەتیی بـە دەسـەڵاتی داگیرکەریـی خۆیـان نـەدەن، ئـەوا ناتوانـن بۆ درێژمـەودا لـە دێرسـیمدا بمێننـەوە. هەربۆیـە گرنگییەکـی تایبـەت بـە پرسـی ئایدیۆلۆژیـی و کەلتووریـی دەدەن.

هـەر دەوڵەتێکی داگیرکـەر خـاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی دامەزراوەییە و نکۆڵیی لـە هەبوونـی کوردسـتان دەکات. هەمـوو شـتێک بەگوێـرەی ئـەم ئایدیۆلۆژیـا فەرمییـە پلانـی بـۆ دادەڕێژرێـت و جێبەجـێ دەکرێت. ئارمانجـی ئـەم ئایدیۆلۆژیـا فەرمییانـە لـە بنەڕەتـدا ئەوەیـە تاکـی کـورد و کۆمەڵگای کوردیی لـە مێـژوو، کەلتـوور، زمـان و ئیـرادەی سیاسـیی خـۆی بێگانـە ببێـت، نکۆڵیـی لـە خـۆی بـکات و بگۆڕدرێـت بـۆ ئـەو تـاک و کۆمەڵگایـەی دەوڵەتـی دەسـەڵاتدار دەیەوێـت و ئـارەزووی دەکات. ئەگـەر ئـەم تـاک و کۆمەڵـگای کوردییـە لـە ژێـر هەژموونـی دەوڵەتـی داگیرکـەری تورکدا بێت، پێویسـتە ببێتـە تـورک، ئەگـەر لـە ژێـر هەژموونـی دەوڵەتـی ئێراق و سـووریادا بێت، پێویسـتە ببێتـە عـەرەب و ئەگـەر لـە ژێـر هەژموونـی دەوڵەتـی ئێرانـدا بێـت، ئـەوا پێویسـتە ببێتـە فـارس. هەڵبـەت هـەر دەوڵەتێکی هەژموونگـەر،

بەگوێرەی بارودۆخی خۆی لە شێوازی جێبەجێکردنی ئەم پلانە ئایدیۆلۆژییەدا گۆڕانکاریی دەکات، بەڵام هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئارمانجی هەموویان یەکە.

هەربۆیە دەمانەوێت لە سەر مێژووی پێکهاتن و درووستبوونی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە ڕاوەستە بکەین کە گەلێک و نیشتمانێک لە هەموو تایبەتمەندییە گەوهەرییەکانی بوون بە گەل و بوون بە نیشتمان دادەماڵن و لە خۆی بێگانەی دەکەن. هەڵبەت ئایدیۆلۆژیا بەرهەمی سەدەی ڕابردوو نییە. پێشتریش ئایدیۆلۆژیا هەر هەبووە. هەربۆیە بێ ئەوەی بکەوینە ناو وردەکارییەکانیەوە، با هەوڵ بدەین هێڵە گشتییەکانی مێژووی پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیا ڕاڤە بکەین.

درووستبوونی مرۆڤ ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووییە. لەگەڵ تێپەڕبوون بۆ قۆناخی بەمرۆڤبوون، گرووپە بچووکەکان بەر لە هەموو شتێک کەوتوونەتە لێگەڕینی ئەوەی چۆن خۆیان لە سەرما و گەرما بپارێزن، چۆن خۆیان بەخێو بکەن و چۆن هەژماری خۆیان زیاد بکەن. لەگەڵ بەردەوامیی ژیان و گەشەسەندنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، هێدی هێدی سەبارەت بە ئەزموونە جیاوازەکانی ناو ژیان، بیر و هزر درووست دەبن و ئەم بیر و هزرانە دێنە سەر زمان. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو بیر و هزرانەی سوودیان هەبووە، ئاڕاستەی ژیان دیاریی دەکەن. ئیتر مرۆڤەکان بە خواردن و خواردنەوە، بە پەنا و پاراستن، بە زاوزێ و زیادبوون بەسەندە ناکەن. ئیتر بە دوای شتێکدا دەگەڕێن پاڵنەر و بزوێنەریان بێت، یەکێتیی نێوانیان درووست بکات و مەعنەویاتیان بۆ دابین بکات. ئەم

مەعنەویاتە لە کەڵەکەبوونی ئەم بیر و هزرانەوە بەرهەم دێت. ئەم جۆرە لێگەڕینانە هێدی هێدی دەبنە خاوەنی سیستەم و سامانێک. لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان دەریانخستووە مرۆڤەکان، سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر، کاتێک منداڵەکانیان، ئەندامانی کڵانەکەیان و کەسە گرنگەکانیان ئەسپەردەی خاک کردووە، مەراسیمیان بۆیان ڕێک خستوون و لەگەڵ ئەم مردووانە هەندێک خواردن و ئامێر و کەرەستەشیان ناشتووە. بۆ نموونە؛ لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە تەنیشت ئەو کەسەی لە ئەشکەوتی شانەدەری باشووری کوردستان ٤٥ هەزار ساڵ لەمەوپێش ئەسپەردەی خاک کراوە، بە ڕێوڕەسمێک گیای دەرمان و گوڵیش نێژراوە. لێرەدا دەبینین لەو سەردەمەدا هەوڵدانێک هەبووە بۆ ئەوەی مردن پێناسە بکەن و واتای پێ بدەن. لە هەمان سەردەمدا تەنیا خواردن و گوڵیان لەگەڵ مردووەکاندا نەناشتووە، هەندێک جار چەکی تایبەتمەندیی ئەو سەردەمەشیان لەگەڵیان ناشتووە. ئەگەر بۆ مردووەکان مەراسیم بەڕێوە دەبەن و هێندە شت لەگەڵیان دەنێژن، ئەمە بەو واتایە دێت مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە بڕوایان وا بووە مردووەکان جارێکی دی زیندوو دەبنەوە یان ئەگەر جەستەشیان جووڵە نەکات، گیان و ڕۆحیان زیندووە؛ هەر بۆیە وەک تەگبیرێک بەرانبەر ئەگەری مەترسییەکان، بۆ ئەوەی مردووەکان خۆیان بپارێزن، هەندێک شتیان لا داناون. لە قۆناغەکانی پاشتریش دەبینین تەرمی پادشاکان مۆمیا دەکرێن، یان پارێزوان و هاوڕێکانیشیان لەگەڵیان دەنێژرێن. ڕاستییەکەی ئەم کردەوانە جێبەجێکردنی هەمان ئەو شتانەن وا لە میتۆلۆژییەکانی ئەو سەردەمانەدا هەبوون.

تەوتـەم سـەرەتای ئایدیۆلۆژیایـە، گوزارشـت لـە درگای چوونـەژوورەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا دەکات. هەمـوو کڵانێک سیمبۆلێکی پیـرۆزی هەیـە بـۆ خـۆی. لـە کەسـایەتیی ئـەم سـیمبۆلانەدا، هێـز، سـەرکەوتن، یەکێتیی، بەختەوەریی و باشـیی بـەدی دەکـەن، هەربۆیە پیرۆزییـان پێ دەبەخشـن. ئەگـەر کڵانێک لـە سـەر شـوێنی مانـەوە و پەناگـە، لەسـەر گۆڕەپانی نێچیر یان هـەر شـتێکی دی لەگەڵ کڵانێکی دی بکەوێتـە نێـو شـەڕ و پێکدادانـەوە و لـەم شـەڕەدا بدۆڕێت، ئیتـر بڕوایـان بـە خوداکانـی خۆیـان نامێنێـت. بەرەبـەرە ئەزموونـەکان و هەسـتی خۆیـان لـە چەنـد وێنەیەکی زۆر سـادەدا دەنەخشـێنن یان لـە هەندێـک شـوێندا بـە ڕەنگڕێژیـی گوزارشـتی لـێ دەکـەن. مرۆڤـەکان لـەم ڕێگایـەوە واتـا بـە شـتی دەرەوەی خۆیـان دەبەخشـن. کڵانێـک چەنـدە واتـا بـە خـۆی ببەخشـێت، تەوتەمەکەشـی هـەر ئەوەندەیـە. لـە میزۆپۆتامیـا و شـوێنەکانی دیکـەی دونیـا زۆر وێنـە دەبینرێـت کـە بـەم شـێوەیە نەخشـێنراون. واتابەخشـینی مـرۆڤ یـان کۆمەڵـەی مرۆڤـەکان بـە شـت یـان ماددەیەکـی دەرەوەی خۆیـان یەکێکـە لـە قۆناغەکانـی داهێنانـی ئایدیۆلۆژیـا، گوزارشـت لـەم پرۆسـەیە دەکات.

لەگـەڵ دەرکەوتنـی شۆڕشـی نیۆلیتیک (شۆڕشـی کشـتوکاڵ) پێگەی ژن بۆ ئاستی خوداوەند گەشـە دەسـتێنێت و پیرۆزیی پێ دەبەخشرێت. ئەمـە بـۆ دەوری چارەنووسسـازی ژن لـە نـاو ژیانـدا دەگەڕێتـەوە. تایبەتمەندییەکانـی ژن وەک زاوزێ، بەخێوەکردنـی منداڵان، زانیاریـی لـە سـەر گیـا و ڕووەکـەکان، دەسـتەمۆکردن و ماڵیکردنـی ئاژەڵـەکان و هتـد... وا دەکات ژن بـە شـێوەیەکی سرووشـتیی وەک کەسـێکی

پیرۆز ببینرێت. بەڵام کاتێک ڕۆڵی پیاو لە کاتی نێچیروانیی یان قۆناغەکانی شەڕ و پێکدادانادا زیاتر دەردەکەوێتە پێش، حیساباتی سەر بەرهەمی زیدە وردەوردە بنەمای چینایەتیی دادەڕێژن. لەگەڵ ئەمەش، کەسە بە تەمەنەکان و شامانەکان بە پشتبەستن بەو ئەزموونە کەڵەکەبووەی لایان کۆ بووەتەوە، گەنجەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و لە دەوری خۆیان کۆیان دەکەنەوە. کاتێک پیاوی بەتەمەن ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە موڵکی تاکەکەسیی خۆی، دۆخێک دێتە ئاراوە کە لە بەرژەوەندیی پیاو و دژی پێگەی ژنە. لە بەردەوامیی ئەم پرۆسەیەدا، شامان و ڕاهیبەکان دەردەکەون. کاتێک فەرماندار و پاشاش دێنە نێو پرۆسەکەوە، هەر ئەم سێ توێژە پێکەوە ناوکی دەوڵەت درووست دەکەن. دەبینین لەم قۆناغەدا دیاردەی بەموڵککردن پەرە دەستێنێت. لەگەڵ دەرکەوتنی تیجارەت و بازرگانیی ڕێگە لە بەردەم درووستبوونی چینایەتیی، شارنشینیی و دەوڵەتبوون دەکرێتەوە، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ سەردەمی کۆیلایەتیی. کۆی هەموو ئەم پرۆسەیە گوزارشت لە تێپەڕبوون بۆ سەردەمی شارستانیی دەوڵەتگەرا دەکات.

چینی سەردەست هەروا بە ئاسانیی نەیدەتوانی سیستەمی کۆیلایەتیی بەڕێوە ببات. ئەزموونەکانی ئەم چینە ئەوانی گەیاندە ئەو ئەنجامەی سیستەمی کۆیلەداریی تەنیا بە پشتبەستن بە ستەم بەڕێوە نابردرێت. هەربۆیە بە ئاشکرا دەبینرێت بەڕێوەبەرانی ئەم سیستەمە لە دەستێکیاندا قامچی هەیە و لەدەستی دیکەشیاندا گەزەر (شەکر). بە کورتیی، پێویستە کۆیلەکان و هەموو ئەو

چیـن و توێژانـەی لـە دەرەوەی سیسـتەمی دەوڵـەت و دەسـەڵات ماونەتـەوە، ڕازیـی و ملکـەچ بکرێن. ئـەی باشـە، ئـەم مرۆڤانـە چۆن ڕازیی دەکرێن، بە چ ڕازیی و ملکـەچ دەبن؟ پێویسـت بوو کەسـێک یـان چینێکـی تایبـەت کاری ڕازیکردنـی مرۆڤـەکان ئەنجـام بـدات. ئەمـەش مەگـەر ڕاهیبـەکان بیانکردبایـە. ئـەو زانیاریـی و داتایانـەی ئێسـتا کەوتوونەتـە بـەر دەسـت، ئـەو ڕاسـتییەمان پـێ نیشـان دەدەن کـە ڕاهیبەکانـی سـۆمەر، بـە ئامانجـی ملکەچکردنیـان بـۆ ئـەم سیسـتەمە، کاری ڕازیکردنـی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگا و بـە تایبـەت کۆیلەکانـی دەرەوەی دەسـەڵات-دەوڵەتیان گرتووەتـە ئەسـتۆ. زیگۆراتـەکان شـوێنی ڕێکخسـتن، بەڕێوەبـردن و چاودێریـی ئـەم سیسـتەمەن. واتـە شـوێنی داهێنـان و جێبەجێکردنـی شـێوازی نوێـی ڕازیکردنـی مرۆڤـن، یەکـەم کاری ڕاهیبەکانـی دانیشـتووی ئـەم زیگۆراتانـە، داهێنانـی میتۆلۆژیـی یـان ئەفسـانەیە، هەمـان ئـەو شـتەی دەتوانیـن پـێ بڵێیـن دایکـی ئایدیۆلۆژیـا. لـەم چوارچێوەیـەدا خودا-پاشـاکانیان پێناسـە کـرد و خۆیشـیانیان وەک ئـەو مرۆڤانـە پێناسـە کـرد وا لەگـەڵ خـوداکان چاوپێکەوتـن دەکـەن و تێڕوانیـن و فەرمانەکانـی ئـەوان جێبەجـێ دەکـەن.  وەک دەزانرێـت، پیـاوەکان لـە ئەنجامـی کاری نێچیروانییـدا بـە باشـیی فێـری فێـڵ و تەڵەکەبازیـی ببـوون. لـە خۆیـدا، هەبوونـی ژن لەنـاو ئـەم ڕاهیبانـەدا بـەدی ناکرێـت. ئـەم پیـاوە پیرانـە لـەو سـەردەمەوە کـە گەنجەکانیـان لـە دەوروبـەری خۆیـان کـۆ دەکـردەوە، فێـر ببـوون گەنجـەکان چـۆن و بـە چـی دەخرێنـە ژێـر کاریگەرییـەوە. ئەمـە بـوو بـە ئەزموونێـک بـۆ ئـەوان تـا چـۆن بتوانـن هەمـوو کۆمەڵـگا بخەنـە ژێـر کاریگەریـی

خۆیانـەوە و بەڕێـوەی ببـەن. ئەمانـە بـە کەڵکوەرگرتـن لـە سـادە و ساکاربوونی کۆمەڵـگای سرووشـتیی، دەسـتیان کـرد بـە داهێنانـی ئەفسانە و میتۆلۆژییەکان. ئەم ڕاهیبانـە بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی مرۆڤـەکان لـە ئەبستراکتکردندا (abstraction) لۆژیکی گوتنەکانیان دادەڕێژا، ئەمـەش دەورێکی گرنگی لە ڕازیکردنـی مرۆڤەکاندا هەبوو. نووسـراوی زۆر دۆزراونەتـەوە کە ئەم خاڵە پشتڕاست دەکەنەوە.

لـەم پەیوەندییـەدا پاشـماوەکانی گوندی خەرابەڕەشکێ (Göbekli Tepe) کـە مێژووەکەیـان بـۆ ١٢ هـەزار سـاڵ بـەر لـە زاییـن دەگەڕێتـەوە، ئەوەمـان پێشـان دەدەن بـەر لـە ڕاهیبەکانـی سـۆمەر ڕاهیبـی دیش هەبـوون. هەڵکۆڵیـن و داتاشـینی ئـەو بـەردە مـەزن و قورسانە و گواستنەوەیان لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دی، پێویستی بە هەبوونـی کارێکی زۆر ڕژدی ڕێکخراوەیی هەیە. وا دەردەکەوێت لێرەشـدا بـە هـەزاران مـرۆڤ کاریـان کـردووە، توندوتیژیـی دەوڵـەت بـەکار هێنـراوە، هاوکاتیـش سـەرداکێشـان (ڕازیکـردن) و ملکەچکردنیـش هەبووە. چونکـە وەک دەبینرێت لـە گۆڕەکانـدا لـە پاڵ تەرمـی پاشـاکان، تەرمـی دەیـان کەسـی هـاوڕێ و داروودەستەکەیان هەیـە. ئەمـەش ئـەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخـات، گەشەسـەندنی گوتە و هـزر و دووبارەبوونـەوە و سیستەماتیزەکردنی ئـەم گوتـە و هزرانـە، دەتوانێـت چ کاریگەرییـەک لەسـەر مرۆڤـەکان دابنێـت.

هەمـوو ئەمانـە ئەنجامـی ئـەو ژیریـی و ئەقـڵ و ئەزموونانـەن وا لـە ناخـی کار و کردەوەکانـی ژیانـدا بەرهـەم هاتـوون. بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان، کۆمەڵـگا، ژنـان، گونـدەکان، گوندنشـینەکان بـۆ

پەسندکردنی ئەم سیستەمە ڕازیی بکرێن، پێویستی بە جۆرێک لە ژیریی، لۆژیک، شێواز و ڕێکار هەبوو. ئەمەش پێویستی بە دەستنیشانکردنی هەندێک مرۆڤ دەکرد تواناکاریی تایبەتییان لەم بوارەدا هەبێت. ئەوانەی دەستیان بە سەر بەرهەمی زێدەدا گرت، یەکەم کەس بوون ئەم تواناکارییەیان بەدەست هێنا.

ئەو شتەی پێ دەڵێین میتۆلۆژیی یان ئەفسانە، شێوازی هزر و ڕاڤەکردنی سرووشت، کۆمەڵگا و مرۆڤەکانە. ئەم شێوازی بیر و هزرە یەکەم شێوازی چارەنووسسازی هزراندن و بیرکردنەوە بووە. لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە شێوازێکی تەواو سیستەماتیک لەخۆ دەگرێت. سەردەمی خودا-پاشاکان دەست پێ دەکات. بەڵام ڕێگە نادرێت مرۆڤەکان بە هیچ جۆرێک ئەم خودا-پاشایانە ببینین. لێ نوێنەرەکانی ئەم خودا-پاشایەنە لەسەر زەوی بە جۆرێک وەسفیان دەکەن و دەیانگێڕنەوە کە هەموو کەس بڕوایان پێ بکات. هەموو شتێک لەسەر بنەمای شێوازی گێڕانەوە و ڕاڤەی ڕاهیبەکان دادەڕێژرێت. ئیتر ڕاهیبەکان هەریەکەو دەبن بە ئایدیۆلۆژیستێک.

ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە چۆنێتیی وەرگرتنی ڕەزامەندیی مرۆڤەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی دەوڵەت و شارستانیی سۆمەر و شێوازی ڕەوایەتیدان بە دەوڵەت ئەم خاڵانە دەستنیشان دەکات:

میتۆلۆژیی سۆمەر هەژموونێکی ئایدیۆلۆژیی وەهای درووست کردووە، کە ڕاهیب-پاشاکان بۆ خۆشیان لە بالاترین ئاستدا

پێویستییەکانی ئەم میتۆلۆژییەیان وەک یاسایەکی خودایی بەجێ هێناوە. لە بنەڕەتدا، ئەو شتەی بەرهەم هێنراوە، هەمان ئەو هەژموونی ئایدیۆلۆژییەیە و بەرژەوەندییەکانیان بۆ هەتاهەتایی مسۆگەر بکات. بەڵام بڕواکردن بەمە و بڕواپێکردنی، لە هەمان کاتیشدا بە باشترین شێوە پێشکەشکردنی وەک ڕەنگدانەوەی سیستەمی خودایانی ئاسمان لەسەر زەوی، هونەرێکی مەزن و سەرسوورهێنەری داهێنانی کۆمەڵایەتییە.

لە ٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین تا ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین، دۆخی کۆیلەکان بە تەواوی وەک سێبەر و عەبدە. لەم سیستەمەی لە پەرستگادا بەرهەم هێنراوە، لە ڕاهیب-خوداوە بگرە تا ڕەنجدەرانی ناو کێڵگەکان، هەموو کەسێک بەگوێرەی ئەو پێگەیەی وەک یاسایەک بۆی دیاریی کردووە جموجووڵ دەکات. هەروەک چۆن جموجووڵی ئەستێرەکانی ئاسمان خاوەن سیستەمێکی نەگۆڕە، پێویستە سیستەمی سەر زەویش وەها نەگۆڕ بێت. کەس بۆی نییە بیر لە شتێکی جیاواز بکاتەوە. لە چەمکی ئەم سیستەمەدا واتای هەموو هەستەکان بەگوێرەی ویستی خودایان دیاریی دەکرێت.س

ڕاهیبەکان بە وردیی چاودێریی سرووشت، کۆمەڵگا و مرۆڤیان کردووە و لەم واتایەدا نەخشەی هزر و هەستی مرۆڤەکان و کۆمەڵگایان وێنا کردووە. بەگوێرەی ئەمەش سیستەمێکی هزرییان درووست کردووە تا بتوانێت مرۆڤەکان ڕازیی و ملکەچ بکات و هەست و بیری ئەوان بە بەردەنگ بگرێت. بۆ هەموو شتێک خودایەک درووست کراوە و گەورە خودایەکیش بۆ درووستکردنی هاوئاهەنگی

لەنێوان هەموو ئەم خودایانە بەرهەم هێنراوە. بە مرۆڤەکانیش گوتراوە پێویستە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی ئەم خودایانە بن.

کاتێک کۆمەڵگا ئیدی لە بوارەکانی وەک ڕەوشت، کەلتوور، سیاسەت، دادوەریی، سەربازیی، ئابووریی، بازرگانیی و تەکنیکدا پێشکەوت، ئیتر ئەو ئەفسانە و میتۆلۆژییانەی لە زیگۆراتەکاندا بەرهەم هێنرابوون، تێری ئەوەیان نەدەکرد بە شێوەیەکی بەردەوام باوەڕ بە کۆمەڵگا بهێنن، بەڕێوەی ببەن، چاودێریی بکەن، کاری پێ بکەن و بیرەتێننەوە. چونکە مرۆڤەکان ئیتر توانای ئەوەیان هەبوو ئەو شتانەی دەیبینن و ئەزموونی دەکەن، لەگەڵ ئەو شتانەی پێیان دەگوترێت، بەراوردی بکەن. ئەمەش لەخۆوە دەبوو بە هۆکاری ناکۆکیی و مرۆڤەکانی هان دەدا تا لێپرسینەوە بکەن. هەرچەندە میتۆلۆژییەکان پشت بە جۆرێک لە لۆژیک و ژیریی دەبەستن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمانە هەموویان چیرۆکن؛ مسۆگەر نین و هیچ کامیان نرخ و بەهای یاسایەک یان حقوق و دەستووریکیان نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بوون بە دەسەڵات و گەشەسەندنی ڕێکخراوی دەوڵەت، خاوەنەکانی ئەم دامەزراوەیانە ناچار دەکات تا ڕوو لە داگیرکەریی بکەن و شێواز و فۆرمێکی دی بیر و هزر بەرهەم بهێنن کە بتوانێت کۆمەڵگا بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئەمانە بەڕێوە ببات. دین وەک بەرهەمی پێویستییەکی بەم ڕەنگە دێتە مەیدان. ئیدی سەردەمی چیرۆک بەسەر چووە و مسۆگەرێتیی، فەرمان و یاسای نەگۆڕی زۆرەملێ شوێنەکەی دەگرێتەوە. ئەگەر کەسێکیش بەگوێرەی ئەم یاسایانە هەڵسوکەوتی نەکرد و پێشێلیانی کرد، ئەوا

لـە لایـەن خوداکانـەوە بـە قورسـترین شـێوە سـزا دەدرێـت و لـەو دونیاشـدا قانـوون و ئەشـکەنجە و ئازارەکانـی جەهەننـەم چاوەڕێـی دەکـەن. لـە بنەڕەتـدا، ئـەو خـودا و خودا-پاشـایانە و ئـەو پلەبەندیـی (هیرارشی)ـەی خودایـان لـە میتۆلۆژیـادا بەرهـەم هێنـراون، زەمینـەی پەرەسـەندنی دیـن ئامـادە دەکـەن. ئیـدی پێویسـتە هەمـوو خـوداکان ببنـە شـتێکی ئەبسـتراکت (abstract).

دەوڵـەت و ئیمپراتۆرییـەکان چەنـدە گەشـە بکـەن، ئەوەنـدەش ناوەندگەرایـی فرەتـر دەسـەپێنن. فرەخودایـی پشـت بـە تەوتـەم دەبەسـتێت و لەگـەڵ گەشـەکردنی تەوتەمـدا پـەرە دەسـتێنێت، لـە هەمانکاتـدا ڕێگـە لـە بـەردەم گەشەسـەندنی مەیلـی دوورکەوتنـەوە لـە ناوەنـد (چەقڕەویـن، ناوەندڕەویـن) و جۆرێـک لـە سـەربەخۆیی دەکەنـەوە. ئەمـە لـە کاتێکدایـە دەوڵەت-دەسـەڵات ئەگـەر ناوەندێکـی نەبێـت، ئـەوا ناتوانێـت بەردەوامیـی بـە خـۆی بـدات. لـە دۆخێکـی وەهـادا تاکـە خودایـەک پێویسـتە کـە هەمـوو هـۆزەکان تێپـەڕ بکات و هەموویـان پێکـەوە گـرێ بـدات. دەرکەوتنـی ئایینـە تاکخـودا ئیبراهیمییـەکان زادەی پێویسـتییەکی وەهایـە. دەگوترێـت حەزرەتـی ئیبراهیـم سـەرەتا گاڵتـەی بـە پەیکـەری خودایـان کـردووە. لـەو کاتـە بـەدواوە ئیتـر ناچارکردنـی خەڵـک بـە پەسـندکردنی پەیکـەرەکان وەک خـودا ئەگـەردار (مومکیـن) نییـە. بـەم شـێوەیەش ڕێگـە لـە بـەردەم بەدامەزراوەبوونـی ئایینـە تاکەخوداییـەکان دەکرێتـەوە. لـەم قۆناغـەدا ئیتـر سـەردەمی میتۆلۆژیـی و ئەفسـانە بەسـەر دەچێـت و سـەردەمی ئایینـی تاکخودایـی دەسـت پـێ دەکات.

ئایینــە تاکخودایـیــەکان لــە بنەڕەتـدا وەک پێویسـتییەکی بەناوەندبـوون، یەکلاکردنـەوە، بەردەوامیپێدان و بەدامەزراوەکردنـی دەسـەڵات هاتوونەتـە مەیـدان. چونکـە هێـزە دەسـەڵاتدارەکان ئیتـر لـە بەڕێوەبردنـی کارەکانیـان لـە ڕێـگای پشتبەسـتن بـە میتۆلۆژیـی و ئەفسـانەوە تووشـی دژواریـی و زەحمەتیـی دەبـن. دەرکەوتنـی حەزرەتـی ئیبراهیـم وەک دامەزرێنـەری ئایینـە تاکخودایـیـەکان و دواتریـش درووسـتکردنی ئایینـی یەهوودیـی لەلایـەن حەزرەتـی مووسـاوە، ئایینـی مەسـیحیی لەلایـەن حەزرەتـی عیسـاوە و ئایینـی ئیسـلامیش لەلایـەن حەزرەتـی موحەمـەدەوە، هەموویـان گوزارشـت لـە وەڵامدانـەوەی پێویسـتییەکانی قۆناغـە جیاوازەکانی مێژوو دەکەن. هـەر لەبـەر ئەوەیە پەڕتووکـی پیرۆزی ئیسـلام، واتە قورئـان، هەموو ئایینەکانـی دی بـە ڕەوا دەزانێـت. چونکـە ئەمانـە هەموویـان وەک ئەڵقـە و کەمەکانـی یـەک زنجیـرن.

لـە ڕۆژهەڵاتـی دوور، ئەگەرچـی بـە شـێوەی ئایینـی تاکخوداییـش نەبێـت، ئایینەکانی وەک بوودایی و براهمایی زیاتر گرنگی بە لایەنی فەلسـەفیی و ئەخلاقیـی (ڕەوشـت) دەدەن. لەسـەر ئـەم بنەمایانـە ئەوانیش هەوڵ دەدەن ژیان، سرووشـت، کۆمەڵگا، دەسـەڵات و مرۆڤ ڕاڤـە بکـەن. هەمـوو ئایینـەکان لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی خۆیانـدا وەک وەڵامدانەوەییـەک بـۆ داواکاریـی چەوسـاوەکان بـۆ ئازادیـی و یەکسـانیی دەرکەوتوونەتـە مەیـدان و هەڵسـوکەوتیان کـردووە.

حەزرەتـی ئیبراهیـم دژی نەمروودەکانـی ڕحـا (ئۆرفـا)، حەزرەتـی مووسـا لـە دژی فیرعەونەکانـی میسـر، حەزرەتـی موحەمەدیـش لـە

دژی بـازرگان و سـەرمایەدارانی ئـەو سـەردەمە و دژی ئیمپراتـۆری بیزانس و ساسـانی سـەری هەڵداوە. هـەر هەموویـان، لـە سـەردەمی مێژوویـی خۆیانـدا، لـە دژی زوڵـم و بێدادیـی، دژی بیرەوشـتیی و بێبەزەیـی دەسـەڵاتداران، دژی سـەرمایەداریی و نایەکسـانیی و زێدەڕۆیـی سـەریان هەڵـداوە و داوای داد و یەکسـانیی و ئاشـتییان کـردووە. دە فەرمانـی حەزرەتـی مووسـا، ئینجیلـی حەزرەتـی عیسـا و قورئـان و حەدیسـەکانی حەزرەتـی موحەمـەد، هەموویـان وەک پەیـڕەو و پرۆگرامـی ئازادیخـوازی چەوسـاوەکانن.

فەلسـەفە چەمکێکـە لـە دوو وشـەی یۆنانیـی sophie (ژیریـی، زانست) و phylos (خۆشەویستیی) پێک هاتووە. واتە خۆشەویستیی بـۆ زانسـت. لەگـەڵ دەسـتپێکردنی قۆناغـی بەمرۆڤبـوون، هەمـوو مرۆڤـەکان هەمیشـە و هـەردەم بـە تاسـە و تامـەزرۆ بـوون تـا شـتێکی نـوێ ببینـن، بزانـن و تێبگـەن. هەڵـە نابێـت ئەگـەر بڵێیـن ئـەم دۆخـە لـە خۆشەویسـتی مـرۆڤ بـۆ سرووشـت و تامەزرۆیـی ئـەو بـۆ زانیـن سـەرچاوە دەگرێت، ئـەو مرۆڤـەی هێشـتا خـۆی وەک بەشـێکی سرووشـت دەزانێـت و بێگانـەی نەبـووە. مـرۆڤ هەمیشـە تامـەزرۆی ئـەوە بـووە لـە ئاسـمان و زەوی، لـە ڕووەک و گیـا و ئاژەڵـەکان، لـە بـاران و بەفـر، لـە تاریکیـی و ڕووناکـی و خـۆر، لـە ئەسـتێرەکان، لـە چیـا و ڕووبارەکانـی دەورپشـتی خـۆی، لـە ژیـان و لەدایکبـوون و مـردن و هتـد... تێبـگات. ڕێـک وەک چـۆن منداڵێـک تامـەزرۆی فێربوونـە. کاتێـک مـرۆڤ زۆر پرسـیاری بێوڵام لـە مێشـکیدا کەڵەکـە دەبـن، هەوڵـی زۆرتـری داوە بـۆ ئـەوەی فێـر بێـت و بـەم شـێوەیە

ڕاڤـەی بابەتـەکان بـکات. مرۆڤـەکان یەکـەم جـار هەوڵیـان داوە لـە ڕێگـەی چیـرۆک و میتۆلۆژییـەوە هەمـوو شـتێک ڕاڤـە بکـەن. کاتێـک ئیـتر ئەمـەش تێری نەکردووە، ئایین هاتووەتـە مەیدان. کاتێک ئیـتر ئایینیـش تێـری شـرۆڤەکردنی ڕووداو و دیاردەکانـی نەکـردووە، فەلسـەفە هاتووەتـە گـۆڕێ.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی دەوڵـەت، دەسـەڵات و چینایەتـی و دەرکەوتنی دیاردەکانی وەک شارنشـینیی، بازرگانیی و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، ئیتـر کێشـەکانی نێو کۆمەڵگا قورسـتر دەبنـەوە و میتۆلۆژیـی و ئایین ناتوانـن شـرۆڤەی ڕووداو و پێشـهاتەکان بکـەن. یـان شـرۆڤە و ڕوونکردنـەوە کۆنەکانیـان ئیتـر تووشـی پاشەکشـێ دەبـن و ناتوانـن پەرەسـەندنە نوێیـەکان ڕاڤـە بکـەن. ئەمـە قۆناغێکـی قەیراناوییـە. لـەم قۆناغـە قەیراناوییـەدا فەلسـەفە لـە زۆر شـوێنی دونیـادا تـا ڕادەیـەک بـە شـێوەیەکی هـاوکات دەردەکەوێـت. لـە سـەدەکانی شەشـەم و پێنجەمـی پێش زاییـن لـە میزۆپۆتامیـادا بـە پێشـەنگایەتیی زەردەشـت، لـە یۆنانـدا تالیس، لـە هیندسـتاندا بوودا و لـە چینـدا بـە پێشـەنگایەتی کۆنفۆشـیوس، فەلسـەفە دێتـە مەیـدان.

ئـەم فەیلەسـووفانەی ناومـان هێنـان، درک بـە کێشـەکانی کۆمەڵگا دەکەن و دەسـت بە لێپرسـینەوە لەو تێڕوانینانە میتۆلۆژیک و ئایینیانە دەکـەن وا خودایـان بۆ شـرۆڤەی هەمـوو شـتێک بـەکار دەهێنـا، مرۆڤ و ئیـرادەی مرۆڤیـان نەدەبینـی و نکۆڵییـان لـێ دەکـرد. پـاش ئەمـە ئیتـر ئـەو تێڕوانینانـە دەردەکەونـە پێش کـە مـرۆڤ و ئیـرادەی مرۆڤیـان بـە بنەمـا وەردەگـرت و هەوڵیـان دەدا ڕووداوەکانـی نـاو سرووشـت و

کۆمەڵگا بە پشتبەستن بە هێزی ئەزموون و زانیاریی شرۆڤە بکەن. هەوڵیشیان دەدا بەگوێرەی ئەو فەلسەفەیەی دایانهێناوە، واتا بدەن بە ژیان و ڕێکی بخەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا لە ژیانی خۆیانەوە دەستیان پێ کردووە. ڕێبەر ئاپۆ ئەم دۆخە بە شێوەی "خۆناسین بنەمای هەموو ناسین و زانستەکانە" شرۆڤە دەکات.

بەگوێرەی فەلسەفەی زەردەشت، ئەوەی چارەنووسی تاک و کۆمەڵگا دیاریی دەکات، تێکۆشانە لە نێوان ڕووناکیی و تاریکییدا، لە نێوان باشیی و خراپییدا. زەردەشت بە ئاماژەکردن بەوەی ئەم تێکۆشانە هەمیشە بەردەوام دەبێت، ڕاستی و جوانی و ڕەوشتی باش، ڕێزگرتن و هەڵسوکەوتی یەکسانخوازانە بەرانبەر بە ژن، ڕێزگرتن لە سرووشت و ئاژەڵەکان و خەریکبوون بە کشتوکاڵەوە بەبنەما وەردەگرێت. ئەم ئاستە فەلسەفیی و ئایدیۆلۆژییە کادیر و ڕێکخستنی خۆیشی بەرهەم هێناوە. ئەمە ڕێکخستنێکی وەهایە کە کادیرانی زەردەشتیی، واتە ماگەکان، پاش ڕووخانی ئیمپراتۆری میدیاش توانیویانە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕێکخراوبوونی خۆیان بپارێزن؛ بە شێوەیەک تەنانەت بۆ شکاندنی هەژموونی ئیمپراتۆری پارسیش کەوتوونەتە جووڵە. بەڵام کەموکورتییان لە بواری ڕێکخستندا بوو بە هۆی ئەوەی سەرنجام لەلایەن پارسەکانەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بکوژرێن. دەگوترێت هێرشی پارسەکان تا کوژرانی دوایین ماگ بەردەوام بووە. (لە سەر ئەم زانیارییە مێژووییە هێشتا مشتومڕ هەیە. دەگوترێت بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی لە نێوان ماگەکاندا، ئاوێتەبوونیان بە دەوڵەت و دەسەڵات وای

کردووە بۆ خۆیان پاکتاو ببن. ڕێبەر ئاپۆ لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەمە دەکات). کوردەکان لێرەدا گورزێکی گەورەی ئایدیۆلۆژییان بەر دەکەوێت، ئەمە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ، واتە تا ساڵەکانی ١٩٧٠ و دەرکەوتنی پەکەکە بەردەوام بووە. بێگومان لەم ماوە درێژە مێژووییەدا گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانێت لە بواری ئایدیۆلۆژییدا جارێکی دی گەشە بسەنێت و خۆی بەهێز بکات، کەوتووەتە نێو زۆر لێگەڕین و هەوڵدانی هێژا و بەنرخەوە، بەڵام ئەمانە هێندە بەهێز نەبوون بتوانن خۆڕاگریی بکەن، باوەڕ بە گەل بهێنن و وەک شتێکی هەمیشەیی بمێننەوە.

میتۆلۆژیی و ئایین و فەلسەفە ئەو شێوازانەی هزراندن و بیرکردنەوەن کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا تەریب لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، دەرکەوتوونەتە مەیدان. هەریەکەو لە قۆناغێکی پڕ لە کێشە و تەنگەژەی مێژووییدا هاتوونەتە ئاراوە و پشکێکی گرنگیان لە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، بەڵام لەگەڵ هەرچی زیاتر قووڵبوونەوەی چاودێرییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە سرووشت و کۆمەڵگا و گەشەسەندنی ئەزموونەکانی لە ناو ژیاندا، پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا و زیادبوونی بەرهەم، ئیدی میتۆلۆژیی و ئایین و فەلسەفە نەیانتوانیوە لە بەرانبەر ئەو کێشانەی لە سیاسەت و حقووق و ڕەوشت و بابەتەکانی دیکەی گرێدراوی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا ڕوو دەدەن، ببنە هێزی چارەسەر و لەم بوارەدا تووشی کەموکورتیی بوون. ئیدی دیاردەی شارنشینیی گەشەی سەندووە و تیجارەت و بازرگانیی لە نێوان هەرێمەکان،

وڵاتـان و تەنانـەت کیشـوەرەکان پـەرە دەسـتێنێت. لـە دۆخێکی وەهادا ئیـدی مومکیـن نییـە ئیـش و کار و کێشـەکان تەنیـا بـە فەرمـان و فەرمـوودەی ڕۆتیـن و دووپاتـەی خودا-پاشـاکان، بـە چیرۆکـە میتۆلۆژییـەکان، بـە دۆگمـا ئایینییـەکان، یاخـود بـە فەلسـەفە شـرۆڤە بکرێن، چارەسـەر بکرێن یان گەشـەیان پێ بدرێت. ئیدی مرۆڤـەکان بەریەککەوتنێکـی زیاتریـان لەگـەڵ ڕووداوەکانـی نێـو سرووشـت و کۆمەڵگا هەیە و بەدواداچـوون و لێپرسینەوەیەکی زیاتـر سـەبارەت بـەم ڕووداوانـە دەکـەن.

ئیتر مرۆڤەکان بەبێ ئەوەی بۆ وەڵامی پرسیارەکانیان پێویستییان بـە بیسـتنی دەنگێکـی سـەروومرۆڤ، دەنگێـک لـە هێزێکـی دەرەکیـی یـان دەنگێـک لـە غەیبـەوە بێـت، دەسـت دەکـەن بـە بەدواداچـوون و لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـە هـۆکار و چۆنێتیی دروسـتبوونی کۆمەڵگا، تـاک، سرووشـت و ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان، لـەم بوارانـەدا بـۆ خۆیـان بـە دوای وەڵامـی پرسـیارەکانیاندا دەگەڕێـن. بـە تایبـەت، لێکۆڵینەوەیەکـی ورد و ڕیشـەدار لـە سـەر هـەر سـێ شـێوازی پێشـووتری بیرکردنـەوە و هزرانـدن دەسـت پـێ دەکات و هـەوڵ بـۆ دۆزینـەوەی یاسـاکانی دروسـتبوونی هەمـوو بوونـەوەر و پێکهاتەکانی نـاو سرووشـت و کۆمەڵگا دەدات. لە دنیـای ڕۆژئـاوادا، بە تایبەت بەو درز و کەلێنانەی پرۆتستانیزم لە بواری ئایدیۆلۆژییدا خسـتییە نێـو دەسـەڵاتی کڵێسـە، تـا ڕادەیەکـی زۆر ڕێگـە لـە بـەردەم بیرکردنـەوەی زانسـتیی و شـرۆڤەی ئـازاد کرایـەوە. ئەمـەش وای کـرد ئاسـتەنگەکانی بـەردەم بیرکردنـەوەی زانسـتیی تـا ڕادەیەکـی

زۆر تێپەڕ ببن. ئەم پێشکەوتنانە وایانکرد ئیرادەی مرۆڤ لە ئاستێکی گرنگدا ئازاد ببێت. ئەم قۆناغە وەک ڕیفۆرم، ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری پێناسە دەکرێت، وایکرد هەم لە بەرەی بۆرژواییەکان و هەم لە بەرەی چەوساوەکاندا، قۆناغێ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ئایدیۆلۆژیی بەگوێرەی ئەم دۆخە نوێیە دەست پێ بکات.

## گرنگی ئایدیۆلۆژیا لە نێو تێکۆشاندا

تا ئێستا هەوڵمان دا بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان ئایدیۆلۆژیا شرۆڤە و ڕاڤە بکەین. ئایدیۆلۆژیا قسڵەگڵ و چیمەنتۆی بنەڕەتیی چینێک، ڕەگەزێک، کۆمەڵگایەک، گەلێک یاخود کەلتوورێکە. ئەگەر گەلێک، چینێک، ڕەگەزێک، کۆمەڵگایەک، کەلتوورێک نەبن بە خاوەن زیهنییەت، بیر و هزر یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی هاوبەش، ڕێکخستنی پێویست بە جێبەجێکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دانەمەزرێنن و ئیرادەی پێویست نەنوێنن، هیچ داهاتوویەکیان نییە. ئەمانە چەندە هێزیماددیشیان هەبێت، چەندە خاوەن چەک و جبەخانەش بن، چەندە بە ڕێوڕەسمی جۆراجۆر بەژن و باڵای سوپاکەی خۆیان نمایش بکەن، لەم چارەنووسە ڕزگاریان نابێت. ئەو ئایدیۆلۆژییەی هەیانە واتاکەی خۆی لەدەست دەدات، چونکە ئیتر ناتوانێت ببێتە وەڵام بۆ پێویستییەکانی سەردەم. ئەو ئایدیۆلۆژیایە واتای خۆی لەدەست داوە و وەڵامی بۆ هیچ پرسیارێک نەماوە، ئیدی ناتوانێت یەکگرتوویی کۆمەڵگا و دەوروبەری بپارێزێت. ئەو دەرەنجامەی

چاوەڕوانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەکات، هەڵوەشانەوەیە. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی نەتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە، نەتوانێت لە مێشک و دڵی گەلدا جێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە و ئەم تایبەتمەندییانەی خۆی لەدەست بدات، ئەو گەلەی سەردەمانێک خاوەنداریی لەم ئایدیۆلۆژیایە دەکرد، ئیتر پشتی لێ دەکەن و بەجێی دەهێڵن. کاتێک ئەمە ڕووی دا، ئەوەی دەمێنێتەوە، کۆمەڵێک گوتەی بێناوەڕۆکن و لە کردەوەدا هیچ واتایەکیان نەماوە.

لەم بوارەدا دەتوانین یەکێتیی سۆڤێت وەک نموونەیەکی مێژوویی بهێنینەوە. یەکێتیی سۆڤێت سەردەمانێک نیوەی دونیای خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ببوو بە خاوەنی دووەم هێزی چەکدار و سوپای مەزنی دونیا. بەڵام لە جیاتی ئەوەی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای دیموکراسی دابمەزرێنن، لە سەر بنەمای دەسەڵات و دەوڵەتگەرایی دایانمەزراند؛ خۆیانیان لە زیهنییەتی پیاوسالاریی ڕزگار نەکرد، نەیانتوانی زیهنییەتی دەوڵەت-نەتەوە تێپەڕێنن و گرنگییان بە پرسی ژینگە نەدەدا. هەر ئەمانە بوون بە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت. ئەم کردەوانە وای لە یەکێتیی سۆڤێت کرد وەک ئایینزایەکی سەرمایەداریی بمێنێتەوە و نەتوانێت خۆی لێی ڕزگار بکات. کاتێک یەکێتیی سۆڤێت لە بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی سوسیالیزمی دیموکراتیی دوور کەوتەوە، ئیدی لە ناوەوە تووشی پووکانەوە و داڕزان بوو. پاش حەفتا ساڵ نەیتوانی خۆی لە هەڵوەشانەوە ڕزگار بکات. هەڵوەشانەوە و داخورانی ئایدیۆلۆژیی هەڵوەشانەوە و داخورانی پراکتیکیش

لەگەڵ خۆی دەهێنێت، چونکە ئایدیۆلۆژیاکەی نەیتوانی ڕەوایەتیی خۆی بپارێزێت و باوەڕ بە گەلان، ئایینەکان، ژنان و گەنجانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکات.

با لە دۆخی هەنووکەیی ڕژێمی بەعسی سووریا بڕوانین. ناتوانین داڕووخانی ئەم ڕژێمە تەنیا بە گەلەکۆمە و هێرشی هێزە دەرەکییەکانەوە شرۆڤە بکەین. لەگەڵ ئەوەی گەلەکۆمە و هێرشی هێزە دەرەکییەکان لە داڕووخانی ئەم ڕژێمەدا ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ئەمانە چارەنووسساز نین. دەوڵەت-نەتەوەی سووریا هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستینەی گەلان و ئایینەکانەوە نەمابوو. ئەم ڕژێمە هەر لە سەرەتاوە بە زیهنییەتێکی وەهاوە داڕێژرا و دامەزرێنرا بوو. ئەو درووشمانەی جێی پەسەند و ڕەزای کۆمەڵگا نەبوون، ئەو ڕێوڕەسمە بریقەدارانەی ساز دەکران، نەیانتوانی ڕێگریی لە پووکانەوە و ڕزانی ناوخۆیی ڕژێم بگرن. لە کاتێکدا خاوەنی دەیان هەزار سەرباز و پێشکەوتووترین تەکنولۆژیای سەربازیی بوو، بەڵام لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەبێ ئەوەی بچووکترین خۆڕاگریی و تەقەیەک بکات، پایتەختی وڵاتەکەی ڕادەست کرد و بە شپرزەیی و پەلەپەل هەڵات. بۆ ماوەی ٦٢ ساڵ نە توانییان ئایدیۆلۆژیایەک دابهێنن کە کۆمەڵگا پەسەندی بکات، نە توانیشیان ئەم ئایدیۆلۆژیایە ڕۆژانە و نوێ بکەنەوە. وای لێ هات وەک چەو و لمی بێ چیمەنتۆ داڕووخا و هەڵوەشایەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیای دامەزراوەیی دەوڵەت-نەتەوەی بەعسی ئیتر جێپەسەندی گەلانی سووریا نەبوو. لە دۆخێکی وەهادا ئیدی خەڵک

بۆ چەک هەڵگرن، شەڕ بکەن و مەترسی شەهادەت و یەخسیریی بگرنە بەر چاو؟ ئاشکرا بوو ئەگەری شتێکی وا لە ئارادا نییە، چونکە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی دەوڵەت و دەسەڵات لە سووریا هەر لە بنەڕەتەوە هەڵە بوو، لە کردەوەدا ناکۆک و ناسازگار بوو. ئەمەش وای کردبوو ئەم ئایدیۆلۆژیایە ببێتە جێی مشتومڕ و لێپرسینەوە. ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەک واتای خۆی لای جەماوەر لەدەست دا، ڕەنگە وەک ڕواڵەت بمێنێتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئیدی مردووە.

کاتێک لە شۆڕشە مەزنەکانی دنیا، ئەو شۆڕشانەی مۆرکی خۆیان لە مێژوو داوە، ورد دەبینەوە، ئەو ئایدیۆلۆژیانە بەدی دەکەین کە ڕێنیشاندەری ئەم شۆڕشانە بوون و دەبینین ئەم ئایدیۆلۆژیانە بە چ شێوەیەک کۆمەڵگاکانیان وریا کردووەتەوە و خستوونیانەتە سەر پێ، چۆن سنووری دەوڵەتان و کۆمەڵگاکانیان تێپەڕاندووە و کاریگەرییان لەسەر هەموو دنیا داناوە. کاتێک ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت "هیچ هێزێک ناتوانێت بەر لەو بیر و هزرانە بگرێت وا ئیدی پێگەیشتوون و کاتیان هاتووە" لە بنەڕەتدا ئاماژە بە واتا، گرنگیی و هێزی ئایدیۆلۆژیا دەکات.

ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا دەڵێت: "دەتوانرێت ئایدیۆلۆژیا وەک پاکێجی ئەو بیر و هزرە هاوبەشەی بووە بە ئیرادە، پێناسە بکەین. ناوێکی تری ئایدیۆلۆژیا ڕەوشتی کۆمەڵایەتییە. کارکردی بنەڕەتیی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی مسۆگەرکردنی هەبوونی کۆمەڵایەتییە. هەبوونی کۆمەڵایەتیش تەنیا لە ڕێی خاوەندارێتیی، واتە بوون بە هێزی ئایدیۆلۆژیی، دێتە ئاراوە... سەرکەوتنی

ئایدیۆلۆژیا دایکی هەموو سەرکەوتنەکانە. لێهاتوویی و توانا و زولاڵیی لە بواری ئایدیۆلۆژییدا، سەرەتای ئازادبوونە، بڕیاری ژیانی ئازادە، دڵنیایی ژیانی ئازادە. ئایدیۆلۆژیا تەنیا ڕەوانکردنی هەندێک شت لە ئاستی بیر و هزر یان تێگەیشتن لە هەندێک ڕاستیی نییە. ئایدیۆلۆژیا، لە بنەڕەتدا، بڕیاری ژیانی ئازادە. زولاڵبوون و مسۆگەربوونە لە بابەتی ژیانی ئازاددا."

کەوابوو، لاوازبوون لە ئایدیۆلۆژیادا یان مانەوە بەبێ ئایدیۆلۆژیا، بە تایبەتیش کەوتنە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای دی یان ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارەکان، ڕێک وەک ئەوەیە گەلێک بە دەستی خۆی خۆی بۆ قۆناغی لەناوچوون ئامادە بکات.

لە مێژووی تێکۆشانی ئێمەدا هەڵوێستی ئەو نموونە جەنگاوەرانە و شۆڕشگێڕانەی سەلمێنەری هێزی ئایدیۆلۆژیان، ئەوەندە زۆرن، هەژمار ناکرێن. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین. لە زیندانی ئامەددا ڕێهەڤاڵانی وەک مەزلۆم دۆغان، فەرهاد کورتای، کەمال پیر، محەمەد خەیری دورموش، عاکیف یەڵماز و عەلی چیچەک، وێڕای هەموو ئەشکەنجە و ئازارێکی دڕندانەی دوژمن، بەبێ ئەوەی بچووکترین دوودڵیی بنوێنن و پاشگەز ببنەوە، خۆڕاگرییەکی مێژوییان تۆمار کرد. ئەم هەڤاڵانە تا دوایین هەناسە پێداگرییان لە ئایدیۆلۆژیای پەکەکە کرد. ئەمڕۆش لە دژوارترین هەلومەرجدا، وێڕای بەکارهێنانی چەک کیمیایی و بۆمبی بۆشایی و هەموو تەکنۆلۆژیایەکی سەربازیی پێشکەوتوو لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەر و تەوکوژی تورکیاوە، سەرەڕای هەموو

شـەڕێکی دەروونیی و ئایدیۆلۆژیی، کادیرانی پەکەکە لە تۆنێلەکانی شـەڕدا خۆڕاگریـی دەنوێنـن و بوونەتـە هێمـا و نموونەیەکـی زۆر سـەرنجڕاکێش و بـاڵای هەڵوێـستی شۆڕشـگێڕانە. هەروەهـا چالاکیی گیانبازیـی ڕێهەڤاڵانمـان "ئاسـیە عەلـی" و "ڕۆژگـەر هێلیـن" لـە دژی TUSAŞ، ئـەو ناوەنـدە پێشـکەوتووە تەکنۆلۆژیایـەی لـە باڵاتریـن ئاسـتدا لەلایەن دەوڵەتی داگیرکـەر و تەوکوژی تورکـەوە پارێزگاری لـێ دەکـرا، نیشـاندەر و گەواهـی هێـزی بێسـنووری ئایدیۆلۆژیایـە.

لـە هەمـان کاتـدا، ڕێبـەر ئاپـۆ، کەموکورتییەکانـی گۆڕەپانـی تێکۆشـانی ئایدیۆلۆژیـی بـەم شـێوەیە دەستنیشـان دەکات: ئێـوە تووشـی شـپرزەیی، پشـێویی، ڕاکـەڕاک و هەرایەکـی زۆر بـووون. چییە ئـەم پشـێویی و هەرایـەی ئێوە؟ ئەگـەر هەڵوێـستێکی تۆکمـە و جێگیرتـان هەبووایـە، هێنـدە تووشـی شـپرزەیی و هـەرا نەدەبـوون. ئەگـەر تـا ئێسـتاش لـە سیاسـەتدا، لـە هەڵوێـستی ڕێکخراوەییدا، تا ئەم ڕادەیە تووشـی پشـێویی و تەنانـەت کەموکورتـی دەبنـەوە، مسـۆگەر یـان ئایدیۆلۆژییەکەتـان پاشـماوەی ئایدیۆلۆژیـای دەسـەڵاتدارانە یـان هێشـتا نەبوونەتـە خاوەنـی ئایدیۆلۆژیـا و دۆخـی دژواری بـێ ئایدیۆلۆژییتـان تێپـەڕ نەکـردووە. مرۆڤـی بـێ ئایدیۆلۆژیـا هـەم بـێ ئارمانـج و بـێ پـڕگارە (ڕێپیشـاندەر، قیبلەنمـا)، هـەم بـێ پارێزڤـان و بـێ سـەنگەرە. ئـەم مرۆڤـە ناتوانێـت هەنگاو بنێت و بـڕوات، ئەگـەر هـات و هەنـگاوی نـا و بـە ڕێگـەدا ڕۆیشـت، ڕۆیشـتنەکەی هەڕەمەکییـە، بـێ پلانـە، ناسـەقامگیر و بێبڕیـارە. ئایدیۆلۆژیـا لـە بنەڕەتـدا بڕیـاری ژیانـی ئازادە. زۆڵاڵبـوون و مسـۆگەربوونە لـە بابەتـی ژیانـی ئازاددا.

ئەمـە لـە ئێـوەدا نییـە، تەنانەت ئەگەر هەشـبێت زۆر لاوازە. ئایدیۆلۆژیا پاشـکەوتووەکان هیـچ کاریگەرییەکیان لێ ناوەشـێتەوە. هەرکەسـێک خاوەن ئایدیۆلۆژیـای پاشـکەوتوو بێـت، لەنـاو دەچێـت و پاکتـاو دەبێـت. بێ ئایدیۆلۆژیابـوون هەڵوەشـانەوەیە. لـە سـەر ئـەم بنەمایـە دەڵێـم؛ پێویسـتە ئێـوە بڕوا بـە ئایدیۆلۆژیـا بهێنـن و بـە لێهاتووتریـن شـێوە گوزارشـتیی لـێ بکـەن. ئەگـەر ئەمانـە پشـتگوێ بخەیـن، هـەم وەک گـەل، هـەم وەک کۆمەڵگا، جگـە لـە کۆمەڵکوژیـی و لەناوچـوون، هیـچ چارەنووسـێکی دی چاوەڕوانمـان نـاکات.س ئەگـەر تاکێـک، گەلێـک، چینێـک، کەلتوورێـک، ڕەگەزێـک لـە دۆخێکـی وادا بێـت، ناتوانێـت خـۆی و نیشـتمانەکەی لـە دەسـتی داگیرکـەران ڕزگار بـکات.

## زوڵاڵبوونی دەسەڵاتداران لە ئایدیۆلۆژیای خۆیاندا

لـە شـامان و ڕاهیبەکانـی سـۆمەر بـەدواوە دەسـەڵاتەکانی کۆیلەداریـی، فیوداڵیـی و سـەرمایەداریی لـە پێنـاو ئـەوەی بتوانـن کۆیلـە، گوندیـی، کارگـەر و ڕەنجـدەر و بـە تایبەتیـش ژنـان بـۆ درێژخایـەن لـە ژێـر کۆنتـرۆڵ و چاودێریـی خۆیانـدا بهێڵنـەوە، بـە بەردەوامیی ئایدیۆلۆژیایـان بەرهـەم هێنـاوە. خاڵـی هاوبەشـی هەمـوو ئـەم ئایدیۆلۆژیایانـە ئەوەیـە؛ ئەگـەر ئـەم ژێردەسـتانە تەنانـەت کەیفیشـیان بـەو دەسـەڵاتەی وا دامەزرێنـراوە، نەیـەت، وایـان لـێ بکرێـت مسـۆگەر پەسـەندی بکـەن و بـە شـتێکی ڕەوای بزانـن. بـۆ ئـەم ئارمانجـەش، بـە لەبەرچاوگرتنـی زیهنییەتـی کۆمەڵـگا و دابونەریتـە

سۆسیۆلۆژیی سایکۆلۆژیی ئابووریی و کەلتوورییەکانی، فۆرمیلەی جۆراوجۆری ئایدیۆلۆژیی بەرهەم دەهێنن.

بانگەشەی ئەوە بۆ ئەم چین و توێژانە دەکەن، ئەگەر بەو چارەنووسەی لەلایەن پاشا-خوداوە بۆیان دیاریی کراوە، ڕازیی بن، تەنانەت ئەگەر لەم دنیایەدا تووشی هەندێک ئێش و ئازار و نەهامەتیش ببن، لە دنیای دیکەدا خەڵات دەکرێن و ژیانێکی زۆر ئاسوودە بەسەر دەبەن. بەڵام ئەگەر ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران ببنەوە و ڕەخنەیان لێ بگرن، ئەمە دەبێتە واتای نکۆڵیی لە خودا، کفر و خودادڕیی؛ سزای ئەم گوناهانەش هەزارویەک جۆرە؛ کە لە گوشار و هەڕەشەیەکی ئاساییەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئەشکەنجە و زیندان و لەسێدارەدان. ئەگەر کۆیلە بێت، گوندیی بێت، یاخود ژن بێت، ئەوەیان پێ تەڵقین دەکەن و دەیخەنە مێشکیانەوە کە پێویستە گوێڕایەڵ و ملکەچی دەسەڵاتداران بن و ئەو سنوورانە پێشێل نەکەن وا هەم لە بواری ماف و دادوەریی هەم لە بواری ئایینیی و هەم لە بواری ئایدیۆلۆژیای فەرمیدا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆیان کێشراوە. عیبادەت و ڕاز و نیازیش پێویستە لە سەر ئەم بنەمایە بێت.

بۆ پێکهێنانی ئەم ئارمانجەش لە لانکەوە بگرە تا گۆڕستان، بە بەردەوامیی پەروەردەیان پێ دەدرێت. دەستوورەکان، یاسا و ڕێساکان، پەیڕەو و پرۆگرامەکان چوارچێوەی ئەم پەروەردەیە دیاریی دەکەن. بە تایبەت لەگەڵ هاتنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، میدیا و چاپەمەنیی لە دەستی دەسەڵاتداراندا وەک

ئامرازێـک بـۆ وشـککردنی دڵـەکان، لەکارخسـتنی مێشـکەکان و سـووک و بێبایەخکردنـی هەسـتەکان، بـەکار دەهێنرێت. ئەمـە پوختـە و کورتکـراوەی ئـەو شـتەیە وا ئـەم دەسـەڵاتە بـە کۆمەڵگای دەڵێت: "دوێنـێ لـە بیـری خـۆت ببـەرەوە، بیـر لـە سـبەینێش مەکـەوە، تەنیـا ئـەم ئانوسـاتە و ئەمـڕۆت بژی. ئـەم ژیانـە کورتـە شـیاوی ئـەوە نییـە لـە پێناویدا فیداکاریـی، شـەڕ و تێکۆشـانی گـەورە بکـەی". لەسـەر ئـەم بنەمایـە هێرشـی ڕەوشـت و کەلتـووری مـرۆڤ دەکـەن. هەرکاتێـک کەلێن و درزێک کەوتـە نێو ڕەوشـت و کەلتوورەوە، ئیدی بابەتەکانی دی وەک دۆمینـۆ لەبـەر خۆیانـەوە دادەڕمێن. هـەوڵ دەدەن کۆمەڵگا وەک ڕەوە و مێگـەل لـێ بکـەن و مرۆڤێـش بکەنـە تاکێکـی نێـو ئـەم مێگەلـە. دەسـەڵاتی بایۆدەسـەڵات (biopower) دەرخـواردی هەمـوو بوارەکانـی ژیـان دەدەن؛ تـاک و کۆمەڵگا تووشـی دۆخێـک دەکـەن کـە لـە بەرانبـەر خـۆی، گەلەکـەی، نیشـتمانەکەی و داهاتـووی، هەسـت بـە هیـچ بەرپرسـیارێتییەک نـەکات.

ئیدی تـاک وای لـێ هاتـووە ڕۆژانـە بـە شـێوەیەکی مامناوەنـد ٥-٦ کاتژمێـر لەگـەڵ تابلێـت و تەلەفۆنەکـەی ژیـان بەسـەر دەبـات. ئیـدی ئـەم تابلێـت و تەلەفۆنـە چاودێریـی هەسـت و هـزری ئـەو دەکات، چاودێریـی ناونیشـانەکەی دەکات و بەگوێـرەی ئـەو داتایەنـەش کـە لەسـەری کـۆی دەکاتـەوە، ژیانـی ئـەو ئاڕاسـتە دەکات. ئـەم تاکـە بـۆ قازانجکردنـی پارەیەکـی زۆرتـر، بـۆ ژیانێکی لۆکسـتر، بـۆ ئەوەی ببێتە جێپەسـەند و لایکـی زۆرتـر، شـت نامێنێت نەیکات. دۆخێک هاتووتـە ئـاراوە منداڵان هـەر لـە ٣-٥ سـاڵییەوە تـا تەمەنـی گەنجیی، دەکەونـە

داوی ئـەم گەمارۆیـەوە و بـە تەواویـی بەگوێـرەی ئـەم سیسـتەمە پـێ دەگـەن. ئـەو پیـاو و ژنانـەی بـەم شـێوەیە دەبنـە کۆیلـە و عەبـدی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی، سیسـتەم بەگوێـرەی تایبەتمەندیـی کەسـایەتیی و تواناکانـی ئـەو کەسـە چـی بوێـت بـە سـەریدا دەیهێنێـت. هەرکاتێـک ویسـتی دەیکاتـە سـیخوڕ، دەتوانێـت بیکاتـە لەشـفرۆش، دەتوانێـت بـە ژەهـری ئایدیۆلۆژیـای ڕەگەزپەرەسـتیی و فاشیسـتیی دەرمانخـوارد بکرێـت و بیکاتـە کوژەرێکـی بەکرێگیراو بـۆ هێرشـکردنە سـەر گـەلان، ژنـان و ئازادییـەکان، دەتوانێـت بیکاتە ئامرازێکـی شـەڕی نوێنەرایەتیـی. ئێمـە ڕۆژانـە لـە هەمـوو وڵاتەکانـدا بـە ئاسـتی جیـاواز دەبینـە گـۆڤـان و گـەواهیـدەری هەمـوو ئـەم شـتانە.

چونکـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی تەنیـا لـە ڕێگـەی دەسـەڵاتێکی ئایدیۆلۆژیی-کەلتووریـی لـەم شـێوەیەوە دەتوانێـت بەردەوامیـی بـە هەژموونـی خـۆی بـدات و مانـدەی بـکات. پێویسـتە ئـەوەش بزانیـن هێـزی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لـە چەکەکـەی، هێـزە ئابوورییەکـەی یاخـود تەکنۆلۆژیاکەیـەوە سـەرچاوە ناگرێـت. هێـزی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لەوەدایـە توانیویەتـی هـزر و هەسـتی ئاپـۆڕای جەمـاوەر، واتـە کەسـایەتییەکەیان، دابڕێژێـت. ئەگـەر بمانەوێـت بـە شـێوەیەکی زوڵاڵتـر ئامـاژەی پـێ بدەیـن، ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن هێـزی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە توانیویەتـی لـە مێشـکی مرۆڤەکانـدا هـزری هەڵـە و چەواشـەکارانە لەمـەڕ خـۆی درووسـت بـکات. هەربۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن گەورەتریـن کارەسـات بـۆ تاکێـک یـان کۆمەڵگایـەک ئەوەیـە، پـەروەردەی خـۆی،

بە تایبەت پەورەردەی مێژوویی، لە دوژمنەکانیەوە وەربگرێت و کەسایەتیی خۆی بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای دوژمنەکەی دابڕێژێت. هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و ئەو دوژمنەی دەیەوێت پلانی تەوکوژیی و داگیرکەریی لە سەر کوردستان جێبەجێ بکات، زۆرترین هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئەم کارەساتە بە سەر کورددا بهێنن. هەرجارەو بە شێوەیەک و لە ژێر ناوێکی جیاوازدا ئەم کارە دەکەن. هەندێک جار لە ژێر ناوی سیکۆلاریزم و عەلمانییەت، هەندێک جار لە ژێر ناوی ئایین و تەریقەت، هەندێک جاریش لە سەر ناوی ئەم ئایدیۆلۆژیا و ئەو ئایدیۆلۆژیا. پێویستە بنکۆڵکاریی بۆ هەموو ئەم ئایدیۆلۆژیایانە بکەین و بۆ ڕەواندنەوە و نەهێشتنی کاریگەرییەکانیان لە سەر خۆمان و کۆمەڵگاکەمان، تێبکۆشین، تێکۆشانێکی ڕێکوپێکی هەمەلایەنە، پشوودرێژ، کاریگەر و شێلگیرانە.

## ئایدیۆلۆژیاکانی کورد لە مێژوودا

گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی بۆ یەکەم جار پرۆسەی بەگەلبوون و بوون بە خاوەن ئایدیۆلۆژیای ئەزموون کردووە. ئەگەر هزر و بیرێکی هاوبەش، بڕوای هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش نەبا، ئەوا ئەگەری ئەوە نەبوو ئەم گەلە بتوانێت بە درێژایی ۳۰۰ ساڵ دژی زوڵم و ستەمی کۆیلەداریی ئاشوور خۆی ڕابگرێت. ڕەنگە ئەمڕۆ زانیاریی و بەڵگەی پێویستمان سەبارەت بە چۆنییەتی پەرەسەندن و گەشەسەندنی ئایدیۆلۆژییەکان، هزرەکان

و هەستەکان و کاریگەریی ئەمانە لە درێژایی ئەو ٣٠٠ ساڵەدا، لەبەردەست نەبێت، بەڵام گریمانەکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایەی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە ئەمانەی پێکەوە گرێ داوە، شتێکی زەحمەت نییە. هەریەکە لەمانە ساڵانێکی درێژ بەردەوامییان بە بوونی خۆیان داوە. پێویستە جەخت لەو ڕاستییە بکەینەوە کە کۆمەڵگا پێشینەکانی کورد بە درێژایی ئەم ساڵانە 'چیمەنتۆ'ـیەکیان هەبووە تا بتوانێت هەموویان بە درێژایی ئەم ساڵانە لە دەوری یەک ڕابگرێت. گۆردۆن چایڵد (Gordon Childe) لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی "چی لە مێژوودا ڕووی دا؟" ئاماژە بەوە دەکات کە لەو سەردەمەدا ئەگەر منداڵێک بمردایا، لە سەر مەزارەکەی ئێشکیان دەگرت و خواردن و کەرەستە و ئامێری جۆراجۆریان لا دادەنا و تەرمی مردووەکانیان بە ڕەنگێکی سوور ڕەنگ دەکرد. گۆردۆن چایڵد هەموو ئەمانە وەک ئایدیۆلۆژیایەک هەڵدەسەنگێنیت. کەواتە هەڵە نییە ئەگەر بڵێین دایک و باوکی کوردەکان بە درێژایی سەدان ساڵ سیستەمێکی بەهێزی ئایدیۆلۆژییان دارشتووە.

فەلسەفە و ئایینی زەردەشتی هەم جیهانی ڕۆژئاوا و هەم جیهانی ڕۆژهەڵاتیشی بە شێوەیەکی زۆر قووڵ خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بەگوێرەی بەڵگەکان زەردەشت ئایدیۆلۆگێکی کورد بووە و ئەو شتانەی ئەو سەبارەت بە سرووشت، ژن، کۆمەڵگا، ڕەوشت، ئاژەڵەکان و بەرهەمهێنان گوتوویەتی، دەتوانرێت وەک ئایدیۆلۆژیایەک پێناسە بکرێت. ئەمڕۆش ئەم ئایدیۆلۆژیایە

سیستەمێکی هزریی تایبەت بە دابونەریت و کەلتوور و نیشتمانی کوردە و هێشتاش وەک ڕێپێشاندەرێک ماوەتەوە. ئەو گوتەی زەردەشت کە دەڵێت "بیری باش، گوتاری باش و کرداری باش"، سەرپاک پێناسەکردنی پارادایمێک لەخۆ دەگرێت. دەتوانین بێژین لە سەردەمێکدا کە خودا و پاشاخواکان مێشکی مرۆڤەکانیان داگیر کردبوو و نکۆڵییان لە ئیرادەی مرۆڤ و کۆمەڵگا، بە تابیەتیش ئیرادەی ژن دەکرد، زەردەشت وەک یەکەم فەلسەفە و یەکەم ئایدیۆلۆژیا دەرکەوتووەتە مەیدان. لە بەرانبەر پارادایمێک کە بانگەشەی ئافراندنی مرۆڤی لە پەراسوو یان پیسایی خوداکانەوە دەکرد، زەردەشت پارادیمێک دادەڕێژێت و ئازادیی و سەربڵندیی بە مرۆڤ دەبەخشێت. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین زەردەشت وەک پێشەنگێکی خاوەن ئەم پارادایم و تێڕوانینانە وایکرد دەرگای ئازادیی بە ڕووی میزۆپۆتامیا و لێرەشەوە بە ڕووی هەموو جیهاندا بکرێتەوە. گەورەترین کرانەوەی ئایدیۆلۆژیی زەردەشت، لە بابەتی ژندایە. زەردەشت خاوەنی پارادایمێکە کە ژن وەک مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و هاوتا و یەکسان لەگەڵ پیاو دەبینێت. لەلایەکی تریشەوە، گرنگییەکی زۆری داوە بە ژیان لە ئامێزی سرووشتدا، کارکردن لە سەر خاک و خۆشەویستی بۆ خاک و پاراستنی ئاژەڵ؛ ئەم بابەتانەش بنەمای چەمکی ژینگەپارێزییان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا داڕشتووە. هەروەها زەردەشت تایبەتمەندییە کۆمیناڵەکانی کۆمەڵگای سرووشتیی وەک پرەنسیپی ئەخلاق و ڕەوشت کردووەتە پێوەر؛ پێی وایە چارەنووسی مرۆڤ گرێدراوی شەڕ و تێکۆشانی نێوان چاکە و خراپەیە. پێی وایە ئەهریمەن

گوزارشـت لـە خراپـە دەکات و هورموزیـش گوزارشـت لـە چاکـە. دزیـی، درۆ، کوشـتنی مـرۆڤ، بێدادیـی، دەسـتدرێژیی و هەڵسـوکەوتی لـەم شـێوەیە، وەک خراپـە و بێڕەوشـتیی هەڵدەسـەنگێنێت.

لـە مێـژووی کـورددا ئـەو ڕێبەرانـەی بـە پشـتبەسـتن بـە فەلسـەفەی زەردەشـت، تێکۆشـانیان کـردووە، بەرانبـەر هێـزە داگیرکـەرەکان خۆڕاگرییـان نوانـدووە و ئایدیۆلۆژیـای ئـەم خۆڕاگرییەیان ئافرانـدووە. بـەڵام ئـەم ڕێبەرانـە نەیانتوانیـوە کۆمەڵـگای سـەردەمی خۆیـان بـە شـێوەیەک ڕێـک بخـەن، کـە ئـەم خۆڕاگرییانـە بـە شـێوەیەکی هەمیشـەیی بـەردەوام بێـت.

لـە پەڕتووکـی "مـەم و زین"ـی ئەحمـەدی خانـی لـە سـەدەی حەڤدە، مـرۆڤ دەتوانێـت ئایدیۆلۆژیایـەک بـەدی بـکات کـە لـە گەوهـەردا پشـت بـە یەکێتیـی نەتەوەیـی کـورد دەبەسـتێت و ئامانجەکـەی ئەوەیـە دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی بـۆ کـورد درووسـت بـکات. ئەحمـەدی خانـی بـە وریایـی و ناسـکبینی و وردبینییەکـی هونەرمەندانـەوە ئـەم ئایدیۆلۆژیایـەی لـە نێـو داسـتانێکدا جێگیـر کـردووە. لـە پێشـەکی پەڕتووکەکـەدا ئامـاژە بـە هـۆکاری نووسـینی مـەم و زیـن دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەرد و خەمی ئەو گێڕانەوەی خۆشەویستیی نێـوان مـەم و زیـن نییـە، بەڵکـوو هێنانەزمانـی پێویسـتی یەکگرتـووی کـوردان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردییـە. ئەحمـەدی خانـی ئازادیـی کـورد لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کوردییـدا دەبینێتـەوە. لـەم واتایـەدا دەتوانیـن بڵێیـن ئەحمـەدی خانـی توانیویەتی بە شـێوەیەکی پێشـوەختە ئایدیۆلۆژیایەکـی سـەردەمییانەی نەتەوەیـی بـۆ کـورد بئافرێنێـت.

لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠دا، زۆر پێشەنگ و ڕێبەر سەریان هەڵداوە و پێشەنگایەتی سەرهەڵدانی هۆزێک، پارتێک یان گرووپێکیان کردووە. هەروەها ئەو چین و توێژە چەوساوانەی لە ژێر کاریگەریی شرۆڤەی سوونەی ئایینی ئیسلامدا بوون، هەستیان بەوە کردووە نەیاران دەیانەوێت پاشەکشێ بە ناسنامەی کوردیی بکەن و لەناوی بەرن؛ هەربۆیە پشتبەست بە تەریقەتەکان پەرەیان بە جۆرە بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژیی داوە و لەم ڕێگەیەوە هەوڵیان داوە ناسنامەی کوردیی بە زیندوویی بهێڵنەوە. لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠شدا، بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستیی دەئافرێنرێت.

## کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای هێزە داگیرکەرەکان لە سەر کۆمەڵگای کوردستان

لە مێژوودا، داگیرکەریی لەگەڵ بەدەوڵەتبوون دەستی پێ کردووە. بە کورتیی و بە پوختیی، دەتوانین دەوڵەت وەک ڕەنگدانەوەی داگیرکەریی ناوخۆیی بۆ دەرەوە پێناسە بکەین. هەرکاتێک هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناو دەوڵەت وا هەست بکەن ئیدی هەژموون و داگیرکەریی ناوخۆیی تێریان ناکات، چاو دەبڕنە دەوڵەمەندیی، خاک و مرۆڤی گەلی دراوسێ. ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی کۆیلەداریی بەم جۆرەیە. ئەو بەڵگانەی دۆزراونەتەوە، زۆر شت لەبارەی سەرەتای دەرکەوتنی داگیرکەریی لە میزۆپۆتامیا ئاشکرا دەکەن. داگیرکەران

بۆ هەر وڵاتێک ڕۆشتبن، یەکەم کاریان ئەوە بووە خۆڕاگریی ئەو وڵاتە بشکێنن. پاش شکاندنی خۆڕاگریی ئەو وڵاتە، دەستیان کردووە بە تاڵان و بەدەستخستنی کۆیلەکان؛ پاش ئەمەش پەرەیان بە درووستکردنی پەرستگا داوە. بۆ ئەوەی داگیرکاریی بکەنە شتێکی هەمیشەیی، سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی-سیاسیی، سەربازیی، ئیداریی، ئابووریی، حقوقیی، پەروەردەیی و باجیان دامەزراندووە. بێگومان هەموو ئەم کردەوانە بە ئامانجی هەمیشەییکردنی هەبوون و هەژموونی وڵاتی داگیرکەر ئەنجام دراون، ئەو وڵات و گەلەشی داگیرکاریی بە سەردا سەپێنراوە، تووشی زیان بووە.

پاش ئەوەی دەوڵەتی ماد لەبەر ناپاکیی ناوخۆیی پاکتاو بوو، ئیدی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتە قۆناغێکی سەربەرەوژێر. مەترسیدارترینی ئەم سەربەرەوژێرییەش، لە بواری ئایدیۆلۆژییدا دەستی پێ کرد. هەرچەندە لە جیاتی هەژموونی مادەکان، هەژموونی پارسەکان دامەزرێنرا، مادەکان توانییان لە ناو ئیمپراتۆریای پارسەکاندا وەک گەلی دووەم درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە ئەوەی بووە خاوەن دەسەڵات و هەژموون، بۆ بەردەوامیی هەژموونی خۆی، ئەوەی پێویست بێت، کردوویەتی.

ماگەکان، واتە کادیرەکانی زەردەشت، هەژموونی پارسەکانیان پێ قووت نەدەدرا و نەیاندەتوانی پەسەندی بکەن. ئەم ماگانە بەگوێرەی ئەخلاق و ڕەوشتی ئازادیخوازانەی زەردەشت کەسایەتیی خۆیانیان دارشتبوو، لەبەر ئەوەی هەژموونی پارسەکانیان پێ هەرس نەدەکرا،

دەستیان کرد بە ڕێکخستن و خۆڕاگریی. پاش ماوەیەک بۆ ئەوەی بتوانن بەڕێوەبەرایەتیی بەدەست بخەنەوە، دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. تەنانەت دەگوترێت توانیویانە بۆ ماوەیەکی کورت دەست بە سەر دەسەڵاتدا بگرن، بەڵام دەسەڵاتدارانی داگیرکاریی پارس، ئەم ڕاپەڕینەیان کردە بیانووی کوشتوبڕی هەموو ماگەکان، بەم شێوەیە کادیرە ئایدیۆلۆژییەکان و ڕێکخراوەبوونی مادەکانیان بە تەواویی پاکتاو کرد. ئەمە کۆمەڵکوژییەکی هەروا ئاسایی نەبوو. بەم کۆمەڵکوژییە کوردیان لەو کەسانە بێبەش کرد وا دەیانتوانی نوێنەرایەتیی ئایدیۆلۆژیی کورد بکەن و جارێکی دی ئایدیۆلۆژیا بەرهەم بهێننەوە. بەمجۆرە دەسەڵاتدارانی پارس بوونە خاوەن ئیمکانی ئەوەی بتوانن لە بواری هزر و بیردا کوردەکان بکەنە کۆیلەی خۆیان.

پاش لەشکرکێشیی ئەسکەندەری مەزن بەرەو ڕۆژهەڵات، ئیمپراتۆری پارس، کە بەرانبەر ئەم پەلامارە خۆڕاگریی کرد، پاکتاو بوو، بەم شێوەیەش فەرهەنگ و ئایدیۆلۆژیای هێلینیزم لە هەرێمەکەدا بڵاو بووەوە. کوردیش بە شێوەیەک لە شێوەکان کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم فەرهەنگە. لە سەردەمی ڕۆم و ساسانییەکاندا کوردستان ببووە مەیدانی شەڕی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە. لەم سەردەمەدا کورد جارێک دەکەوتە ژێر هەژموونی ساسانییەکان و جارێکیش دەکەوتە ژێر هەژموونی ڕۆمەکان. گەورەترین برینێک لەم سەردەمەدا بەر جەستەی کورد کەوت، ئەوە بوو دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانی کورد بۆ جاری یەکەم لە مێژوودا لەگەڵ هێزە هەژموونگەراکان بوون بە یەک، جا بۆ

ئـەوەی لای دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان جێگایـەک بۆ خۆیـان پەیدا بکەن، بـوون بـە نۆکـەری خۆبەخشـی ئـەم دەوڵەتانـە. گەلیش پەنایـان بردە چیاکان و لـە شـوێنی دوور لـە شـار، بـە ئایدیۆلۆژیـا و کەلتـووری خۆیـان ژیانیـان بەسـەر دەبـرد و هەوڵیـان دا وەک گـەل درێـژە بـە هەبوونـی خۆیـان بـدەن.

بنەڕەتیتریـن دابڕانـی کـورد لـە ئایدیۆلۆژیـای خـۆی، لەگـەڵ هاتنـی دەسـەڵاتی ئیسـلامییەت بـۆ کوردسـتان هاتـە ئـارا. لێرەشـدا جارێکـی دی چینـە سـەردەسـت و دەسـەڵاتدارەکانی کـورد هەمـان ئـەو شـتەیان کـرد وا پێشـتر لـە سـەردەمی ڕۆمـەکان، پارسـەکان و یۆنانییـەکان کردبوویـان، تەنانـەت بـە شـێوەیەکی قووڵتریش بـوون بـە بەکرێگیـراوی دەسـەڵاتی ئیسـلامیی. چاوپۆشـییان لـە زمـان و کەلتـووری خۆیـان کـرد؛ بـە کورتیـی، ئـەو نـرخ و پیرۆزییانـەی پێکهێنـەری ناسـنامەی کوردیـی بـوون، بـە جارێـک هەموویـان وەلا خسـت. هەوڵیـان دا بەرگـی ناسـنامەی زاڵـی عەربـی بپۆشـن. لێرەدا، عەرەبانـدن و فیوداڵیـزم و ئیسـلامیبوون شانەوشـان پەرەیـان سـەند.

ڕێبـەر ئاپـۆ، بـەم شـێوەیە باسـی کاراکتـەری بەکرێگیـراو و خەیانەتـکاری چینـی باڵادەسـتی کـورد دەکات: چینـی باڵادەسـت هەمیشـە بـە باشـترین شـێوە خـۆی لەگـەڵ هێـزی داگیرکاریـی بێگانـە و داگیرکـەردا گونجانـدووە، کەلتـووری خۆیـی قەبیلە-گـەل ئیدی لای ئـەوان وەک شـتێکی بێکەڵکـی لـێ هاتـووە و خراوەتـە پلـە دووەمـەوە، تەنیـا لـە پەیوەندییـە ناوخۆییەکانـدا بـە شـێوەیەکی زۆر سـنووردار بەکاریـان هێنـاوە. [ئـەم چینـە باڵادەسـتە] لـە دامەزراندنـی

شارستانییەتەکاندا دەوریان هەبووە یان بۆ خۆیان شارستانییەتیان دامەزراندووە، بەڵام بۆ باڵادەستبوونی زمان و کەلتووری خۆیان، هیچ هەوڵێکیان نەداوە، یان زۆر کەم هەوڵیان داوە. لە گۆتییەکانەوە تا سەردەمی ئەیووبییەکان، هەر بەم شێوەیە بووە. ئەم چینە باڵادەستە شارنشین و دەوڵەتییە دەورێکی وەها نەرێنییان بەرانبەر دابونەریت و هەبوونی کەلتووری کورد گێڕاوە، کە لە هیچ کۆمەڵگایەکی دیکەدا نموونەی نییە. بێگومان لێرەدا بەرژەوەندیی باڵای بنەماڵەیی و چینایەتیی وەک هۆکاری توانەوە لە زمان و کەلتووری بێگانە، دەورێکی چارەنووسسازیان لەم دۆخە نەرێنییەدا گێڕاوە. بەم شێوەیە، کەلتووری قەبیلەیی و بنەماڵەیی 'کورتی چیایی' [واتە، کوردی چیایی] و چینە ژێردەستەکانی [کورد] کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بە سەردا نەهاتبوو، خۆیان گۆشەگیر کرد و تەنیا لە ڕێگەی دوورەپەرێزییەوە توانیان بە درێژایی هەزاران ساڵ خۆیان لە توانەوە ڕزگار بکەن و خۆیان بگەیەننە ڕۆژگاری ئەمڕۆ. دروستبوونی چیایەک جیاوازیی و کەلێن لە نێوان ئەم دوو چینە کەلتوورییەدا، ڕێگەی لە بەردەم جیابوونەوەیەکی ڕیشەداری نێوان 'کوردی ڕاستەقینە' و 'زڕەکورد'دا کردووەتەوە. ئەم ڕاستییە مێژووییە هۆکاری بنەڕەتیی درووستنەبوونی بۆرژوازییەکی بەهێزی نەتەوەیی کوردە لە سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا."

بەرانبەر ئەم دۆخەی چینی باڵادەست و بەکرێگیراو، هۆشیاریی کوردبوون، چەندە کەموکورتیشی تێدا هەبێت، لە نێو گەلدا هەر بەردەوام بووە. پێکهاتە عەشیرەیی و قەبیلەییەکان لەم بابەتەدا

بۆ پارێزگاریی لە کەلتووری ڕەسەنی کوردیی، ڕۆڵی قەڵغانێکیان گێڕاوە. ئەم خۆڕاگرییەی کۆمەڵگای دیموکراتیی کە بە تایبەت لە پەناگەی چیاکاندا بەردەوام بووە، لەم سەردەمەی ئێستادا بناغەی نەتەوایەتیی کورد دادەڕێژێت.

بێگومان وا نەبووە لەو سەردەمەدا هیچ ڕێگەچارەیەک لە بەردەممناندا نەبووبێت جگە لە عەرەباندنی چینە سەردەستەکانی کورد و پەسەندکردنی ئیسلام بەبێ هیچ خۆڕاگرییەک. لە هەمان سەردەماندا، گەلانێک هەبوون کە ئایینی ئیسلامیان بەگوێرەی دابونەریتی خۆیان پەسەند دەکرد، یان ئیسلامیان لە شێوەی مەزهەبێکدا دادەڕشتەوە و بەم شێوەیە خۆڕاگرییان بەرانبەر ئیسلام دەنواند. بەڵام چینە باڵادەستەکانی کورد لە جیاتی ئەوەی ئەم ڕێبازانەی خۆڕاگریی بگرنە بەر، هاتن و بەبێ هیچ خۆڕاگرییەک ئیسلامیان پەسەند کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە کوردستان، لە ناو بنکەی جەماوەر و گەلدا، مەزهەبی عەلەویی توانی پەرە بە خۆی بدات. هەروەها تەریقەتی جۆراوجۆر بە شێوەی نهێنیی هەوڵی خۆڕێکخستنیان دا. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکاندا دەتوانین ئەم خۆڕاگرییانە وەک خوڕاگریی سوننە لە ناو سوننەدا پێناسەی بۆ بکەین. لیرەدا، کوردەکان لە سەر بنەمای پەرەدان بە مەزهەبی عەلەویی و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانی تەریقەت توانییان خۆیان لەسەر پێ ڕابگرن. چونکە ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەک، باوەڕێک یان تێڕوانینێک نەبێت گرووپ و کۆمەڵگا لە دەوری یەکدی کۆ بکاتەوە و قانع و ملکەچیان بکات تا پێکەوە بن و ئەمەش بۆ

ناو ژیانی کۆمەڵایەتی شۆڕ نەبێتەوە، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە ژیانێکی درێژخایەنی نابێت. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە، دەتوانین بڵێین ئەو بیر و هزرە جیاوازانەی دژی هەژموونی ئیسلام لە ناو کورددا پەرەیان سەند و بوونە خاوەن چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیی، توانیان هەبوونی گەلی کورد مسۆگەر بکەن.

تا سەدەی نۆزدە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا میرنیشینی سەربەخۆ دامەزرێنرابوون. لە هەر میرنشینێکی سەربەخۆشدا بیر و هزرێک هەبوو کە هەموو پێکهاتەکانی ئەم قەوارانەی لە دەوری یەک کۆ دەکردەوە. لە نێو ئەم میرنیشینانەدا تەمەنی هەندێکیان ١٠٠ ساڵ و هەندێکی تریشیان زیاتر لە سەد ساڵی خایاند. بەڵام ئەمانە زیاتر گرێدراوی ئیمپراتۆرێک و گرێدراوی ئایدیۆلۆژیای ئیسلام، واتە گرێدراوی خەلیفە ژیانیان بە سەر بردووە. لێرەدا هەندێک میرنشینی وەک بەتلیس، بۆتان، مەروانیی، بابانیی و هتد... لەگەڵ ئەوەی گرێدراوی دەرەوە، واتە گرێدراوی خەلیفە یان گرێدراوی تورک و فارس و عەرب بوون، بەڵام لە خۆیاندا هەمیشە ویست و ئاراستەیەکی ئازادیخوازییان هەبووە. بەڵام ئەو کەسانەی وەک سەرۆکی ئەم میرنیشینانە دەستنیشان کرابوون، دژی ویستی ئازادیخوازی گەل هەڵوێستیان وەرگرتووە و نەیانهێشتووە ئەم مەیلە لە ناو کورددا بڵاو ببێتەوە. هەوڵ و لێگەڕینەکانی ئەحمەدی خانی بۆ یەکێتیی و ئازادیی لە چوارچێوەی پاشایەتییەکی ناوەندییدا وەڵامێکی ئەوتۆیان وەرنەگرت. دابەشبوونی کورد لە نێوان ئیمپراتۆرییەکانی سەفەویی و عوسمانیی (پەیمانی قەسری

شـیرین) لـە هەمانکاتدا شکسـتێکی تـری گـەورەی ئایدیۆلۆژیـی بـوو.

ئیمپراتـۆری عوسـمانیی یـاووز سـوڵتان سـەلیم، بۆ ئـەوەی لەگـەڵ کـورد هاوپەیمانیـی پێـک بێنێـت، داوایـان لـێ دەکات لـە نێـو خۆیانـدا نوێنەرێـک هەڵبژێـرن. دەسـەڵاتدارانی ئـەو کاتـەی کـورد بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە نـاو خۆیانـدا گفتوگـۆ دەکـەن، بـەڵام ناتوانـن نوێنەرێـک دەستنیشـان بکـەن. هەربۆیـە پـاش ماوەیـەک لـە وەڵامـی ئیمپراتـۆری داگیرکـەری عوسـمانیدا دەڵێـن: ئێمـە نەمانتوانـی لەنـاو خۆمانـدا نوێنەرێـک هەڵبژێریـن. وەرە تـۆ لەنـاو ئێمـەدا کەسـێک دەستنیشـان بکە. هەر کەسـێکت دەستنیشـان کرد، ئێمەش جێگەی پەسـەندمانەس. ئەمـە سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە لـە پـاش ڕووخانـی مادەکانـەوە تـا ئێسـتا، چینـە دەسـەڵاتدارەکانی کـورد ئایدیۆلۆژیـای خۆیانیـان لەدەسـت داوە و بـە ئاسـانیی ڕوو لـە ئایدیۆلۆژیـای بێگانـە دەکـەن. ئەگـەر ئایدیۆلۆژیایەکـی چینـی دەسـەڵاتداری کـورد هەبووبێـت، بێگومـان خیانـەت و بەکرێگیراویی بـووە بـۆ داگیرکـەرەکان، ئەویـش لـە پێنـاو بەرژەوەندیـی درێژخایەنـی خۆیـان.

سـەدەکانی ١٩ و ٢٠ سـەدەی دروسـتبوونی دەوڵەت-نەتەوەکانـن. لـە هەندێـک وڵاتـدا، چینـی ناوەنـد، سـەرۆک عەشـیرەتەکان، چینـی بـۆرژوا یـان ڕۆشـنبیرەکان، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان هەوڵیـان بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەت-نەتـەوەی خۆیـان داوە و تـا ڕادەیەکیـش سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـاوە. چینـە سـەردەسـتەکانی کوردیـش لـەم قۆناغـەدا کەوتوونەتـە نـاو لێگەڕیـن و تەنانـەت ڕاپەڕیـن و سەرهەڵدانیشـیان کـردووە. بـەڵام زۆربـەی ئـەم سـەرهەڵدانانە

ئامانجێکی وەک سەربەخۆییان نەبووە، بەڵکوو زیاتر بۆ ئەوە بووە ئیمپراتۆرییەت هەندێک ئیمتیازات و بەشی زیاتریان بداتێ یان ئەوەی سەردەستیی و دەسەڵاتی خۆیان زیاتر مسۆگەر بکەن. ئەگەر جگە لەمانە هەندێک هەوڵی هەڵاواردراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی سەربەخۆش هەبووبێت، ئەمانەش لە ئەنجامی خیانەتی ناوخۆیی یان پشتیوانی هێزە ئیمپریالیستەکان بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی، نەیانتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

ئەو هەلومەرجەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم و جەنگی جیهانیی یەکەم هاتە گۆڕێ، دەرفەتی گونجاوی بۆ بەدەستخستنی سەربەخۆیی ڕەخساند. بەڵام چینە سەردەستەکانی کورد لە زیهنییەتدا بەکرێگیراو بوون، توانای ئەوەیان نەبوو بە شێوەیەکی سەربەخۆ بیر بکەنەوە، پشتیان بە هێزی خۆیان نەدەبەست و لەجیاتی ئەمە لە لێگەڕینی ئەوەدا بوون پاڵ بە هەندێک هێزی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە بدەن، هەربۆیە جارێکی دی مەحکومی شکست بوون. بە تایبەت، وێڕای ئەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی وەک سۆسیالیزمی زانستیی ڕێنیشاندەری شۆڕشی سۆڤێت لە بەردەستدا بوو، ئەمانە لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی زیهنییەتی تەنگی عەشیرەتیی تێپەڕێنن و بە ئاسۆیەکی فراوانەوە بیر بکەنەوە، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. ئەو میر و پیر و شێخانەشی سەرۆکایەتیی چەندین سەرهەڵدانیان کرد، فکر و ئایدیۆلۆژیاکەیان لەو ئاستەدا نەبوو بتوانن هەموو نەتەوەکە لە باوەش بگرن، بەڵکوو تەنیا بە عەشیرەت و هەرێمی خۆیانەوە سنووردار مانەوە. لە

بەر ئەم هۆکارەش نەیانتوانی ئاستی نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی تێپەڕ بکەن. ئەم ڕاستییەش ئاستی ئەو کاریگەرییە ئایدیۆلۆژیی و کەلتوورییە نیشان دەدات وا دەسەڵاتی بێگانە لە سەر کۆمەڵگا و چینە سەردەستەکانی کورد داینابوو.

لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێککەوتنەکانی وەک سایکس-پیکۆ، لۆزان و ئەنقەرە و کۆنفرانسی قاهیرە، بڕیارێکی ڕیشەداریان لە سەر ژینۆسایدی کورد دا. هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ئەگەر بیانەوێت لە کیشوەرێکدا، لە هەرێمێکدا، یان تەنانەت لە وڵاتێکدا، سەبارەت بە هەر پێکهاتەیەکی ئەتنیکیی یان ئایینیی بڕیار بگرن، لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان ئەنجام دەدەن، پاشان بڕیار وەردەگرن. پاش ئەوەی بڕیاریشیان وەرگرت، بەبێ ئەوەی هیچ پێوانێکی مرۆڤایەتیی، ئەخلاقیی و حقوقیی ڕەچاو بکەن، پلانەکەیان لە کردەوەدا بەجێ دەهێنن.

دەوڵەتانی وەک تورکیا، ئێران، ئێراق و سووریا لە سەر بنەمای دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە دارێژران، بە شێوەیەکی فەرمیی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوەیان بە بنەما وەرگرت. لەم ئایدیۆلۆژیایەشدا، یەک دەڵەت، یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک کەلتوور، یەک ئاڵا وەک ئایەتی قورئان پیرۆزییان پێ دەبەخشرێت. واتە هەموو ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی دامەزرێنران، نکۆڵییان لە کورد و کوردستان کرد. کوردستانیان کردە گۆڕەپانی عەرەباندن و تورکاندن فارساندن و گۆڕەپانێک بۆ بڵاوبوونەوەی نەتەوایەتیی عەرەب و تورک و فارس. ڕەنگە لە شێوازی پێکهێنانی ئەم

سیاسـەتەدا جیاوازییـان هەبێت، بـەڵام سـتراتیژەکەیان هەمـان شـتە. هـەر بۆیـە لـە سیاسـەت و کردەوەدا کورد بە نەبوو هەژمـار دەکـەن، نکۆڵیی لـە کوردسـتان دەکـەن، زمـان و کەلتـووری کوردیـی ڕێبەنـد دەکـەن و سـووکایەتی پێ دەکـەن. سیسـتەمی پـەروەردەش، هـەر لـە دایەنگـەوە بگـرە تـا زانکـۆ، لـە سـەر بنەمـای ئایدیۆلۆژیـای فەرمیـی داگیرکـەران دادەڕێژرێـت و بەڕێـوە دەبردرێـت. بـە شـێوەیەک، کـە هـەر منداڵێکی کـورد ناچـار دەکرێت سـروود و دروشـمی نەتەوەیی دەوڵەتـە داگیرکـەران بـە شـێوەیەکی ڕۆژانـە وەک ڕێوڕەسـمێکی ئایینیی دووپات بکاتـەوە. تـا دێت منداڵی کـورد، گەنجی کـورد، ژن و پیـاوی کـورد، لـە نرخـە نەتەوەیـی، کەلتووریـی، زمانیـی و ئایینییەکانی خۆیـان دادەبڕێـن و ئیـدی هـەر یەکـەو لـە ڕێـگای فارسـبوون، عەرەببـوون و تورکبوونـەوە دەسـت بـە پێشـکەوتن دەکـەن. قۆناغـی خۆتواندنەوە (auto-assimilation) و تێکەڵبوون و یەکانگیربوون لەگـەڵ کۆمەڵگای داگیرکـەر بـە خێرایـی بـۆ پێشـێ مـل دەنێت.

پـاش سـەرهەڵدانەکانیش، ئـەم دەوڵەتـە داگیرکەرانـە بـە تـرس و سەرلێشـێواوییەکی زۆرەوە دەسـت بـۆ کـردەوەی تەوکوژیـی و سـەرکوتکردن و تۆقاندن دەبەن؛ بە شـێوەیەک، هەموو پیرۆزییەکانی گەلـی کـورد پێشـێل دەکرێـن و سـووکایەتییان پـێ دەکرێـت. پـاش ئەمـەش ئـەو کـوردەی شـکۆی شـکێنراوە و کەسـایەتییەکەی وردوخـاش بـووە، وەک هەویرێکـی لـێ دێت بـۆ شـێلان. ئیـدی دەسـت پـێ دەکـەن، لـەم هەویـرە تـورک، فـارس، یـان عـەرەب بەرهـەم بهێنـن. هەمـوو سیاسـەتە ئابوورییـەکان بەگوێـرەی ئـەم ئامانجـە دادەڕێژرێن.

بەڕێوەبەرایەتیی، پاراستن و هەواڵگریی بە تەواوەتیی بەگوێرەی ئەمە ڕێک دەخرێن. ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی، هونەر و کەلتوور بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە دیزاین دەکرێن. ئیدی نەتەوەیەک بە ناوی کورد و نیشتمانەکەشی، کە ناوی کوردستانە، ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە. بە تێپەڕبوونی کات ئیدی کەس ناوی کورد و کوردستان و نرخ و پیرۆزییەکانی کورد ناهێنێتە سەر زمان، یان بە ترس و دڵەڕاوکێوە دەیهێنێتە سەر زمان. لە دۆخێکی وەهادا چینە سەردەستەکانی کورد جارێکی دی لە بواری ئایدیۆلۆژییدا دەچنە ڕیزی داگیرکەرانەوە. وا نیشان دەدەن لە تورک تورکتر، لە فارس فارستر و لە عەرەب عەرەبترن. هەروەک چۆن لە نموونەی کرمی داردا دەبینرێت، داری کورد لە ناوەوە ئەکرۆژرێت و تووشی ڕزاندن دەکرێت. ئیدی تاکی کورد وای لێ دێت، تەنانەت لە هزر و بیری خۆیشیدا لە نیشتمان و زمان و کەلتووری خۆی هەڵدێت. ئاپۆڕای مەزنی خەڵک ئیدی ئارەزووی تورکبوون، فارسبوون یان عەرەببوون دەکەن. وەک ئەوانبوون، وەک ئەوان جلوبەرگ پۆشین، وەک ئەوان قسەکردن و وەک ئەوان هەستکردن. لە خۆی هەڵدێت، شەرم لە خۆی دەکات، بەم شێوەیە لە کوردبوون و کوردستانیبوون دادەبڕێت. هەموو ئەم پلان و سیاسەتانە ڕاستییەکی بەم شێوەیە لە نێو کورددا دەهێننە ئاراوە.

ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: "ئەم گوشار و داگیرکەرییە دەرەنجامی ئەو سیاسەتە تەوکوژییەیە وا دەیەوێت کورد لە ڕاستیینەی نەتەوەیی، نیشتمانیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و کەلتوورییەکەی خۆی دوور

بخاتـەوە. ڕاسـتیینەی کۆمەڵایەتیـی و سۆشـیالی کـورد کەوتووەتـە بـەر سیاسـەتێکی وەهـای خاپوورکـردن کـە لـە دنیـادا نموونـەی نییـە. تـا ئـەو کاتـەی سرووشـتی ئـەم سیاسـەتانە شـی نەکرێنـەوە، تێگەیشـتن لـە دیاردەی کـورد نەکردەنییـە، تێگەیشـتنێکیش هەبێـت، پڕ دەبێـت لـە هەڵـە و کەموکورتیـی. دەرەنجامـی ئەمـە کوردێکە لە خۆی دەترسـێت، لـە خـۆی هەڵدێـت، نکۆڵیـی لـە خـۆی دەکات، پێـی وایـە چەنـدە نکۆڵیی لـە خۆی بکات، هێنـدەش دەبێتـە خاوەن ناسـنامەیەکی مۆدێـرن، غافـڵ و بێهۆشـە، سـاختەکارە، جاهیـل و نەزانـە، لەخۆباییـە، بێشـەرم و ڕووهەڵماڵـراوە، مافخـوراوە، لـە سیاسـەت بێئاگایـە، نائاسـاییە، هیـلاک و مانـدووە. مـرۆڤ دەتوانێـت ئەمـە وەک کـوردی پەراوێزخـراو (مارژینـاڵ)ـیش ناودێـر بـکات. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوەی هێشـتا هیـچ نـۆرم و شـێوەیەکی لەخـۆ نەگرتـووە، وەک دیاردەیەکـی لـێ هاتـووە تەنانـەت ناتوانرێـت پێناسـەش بکرێـت".

گەلی کوردیـان تووشـی دۆخێـک کـردووە ئیدی لـە مێشـکی ئـەودا داگیرکاریـی، واتـە تورکێتیـی، فارسـێتیی و عەرەبچێتیـی، هەروەهـا کۆمـاری تورکیـا، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، کۆمـاری عەربیـی سـووریا و کۆماری ئێراق ڕەوا بووە. ڕێبـەر ئاپۆ لەو مانیفێسـتۆیەی سـاڵی ١٩٧٨ نووسـی، ئامـاژە بـەوە دەکات "هیـچ هێزێـک ناتوانێـت ئـەو داگیرکارییـە بڕووخێنێـت وا لـە مێشـکەکاندا ڕەوایەتـی پـێ دراوە". ڕاسـتییەکەی ئـەو داگیرکارییەشـی دەوڵەتـی تورکیـا لـە کوردسـتان مەبەسـتی بـوو، داگیرکاریـی مێشـک بـوو. ئامانجـی بنەڕەتیی ئـەوان ئـەوە بـوو شـوێنەواری ئایدیۆلۆژیـا لـە مێشـکی گەلی

کورددا نەهێڵن. هیچ سیاسەتێکی تەوکوژیی و ژینۆساید هێندەی ئەم سیاسەتی بەمانکورتکردنە (mankurt-کۆیلەی بیمێشک) دڕندانە نییە. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتانەدا ئیدی وای لێ هاتووە تەنانەت ئەگەر گوشاری دەوڵەتیش نەبێت، کورد لە نێو ماڵ و عەشیرەتەکەی خۆیدا بە تورکیی و فارسیی و عەرەبیی قسە دەکات، ئەمەش وەک پێشکەوتوویی و سەردەمیانەبوون دەبینێت. ئیدی چەمکی نیشتمانپەروەریی پەیوەندیی بە کوردستان و خاکی کوردانەوە نامێنیت. بەڵکوو لە شێوەی نەتەوەپەرەستیی تورک، نەتەوەپەرەستیی یان نیشتمانپەروەریی نەتەوەی گەورەی فارس یان عەرەب گوزارشت لە خۆی دەکات.

لەگەڵ دەستپێکردنی تێکۆشانی ئازادیخوازیی پەکەکە و لە ماوەی ٥٠ ساڵ کار و خەباتدا، گۆڕانکاریی زۆر گرنگ لەم بوارەدا هاتوونەتە گۆڕێ، بەڵام هێشتاش کاریگەرییەکانی سیاسەتی داگیرکەریی لە سەر کەسایەتیی کورد بە شێوەیەکی ڕژد بەردەوامە. بینینی ئەم کاریگەرییانە لە ناو خەباتی سیاسیی و کەلتووریی، تەنانەت لە ناو تێکۆشانی شۆڕشگێڕییشدا جێی داخێکی گەورەیە، هاوکات ئەوەشمان بە بیر دەهێنێتەوە، هێشتا زۆر ئەرکی گرنگ و گەورە ماون کە پێویستە جێبەجێیان بکەین. بۆ نموونە؛ هێشتاش بۆچوونی وەک پشتبەستن بە هێزی خۆ، دوودڵیی لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای سەربەخۆ، پشتبەستن بە هێزی دەرەکیی، چاوەڕوانیی چارەسەر و هاوکاریی لە هێزی دەرەکییدا بەدیار دەکەون.

هەروەهـا هەندێـک کەسـایەتیی هێشـتا لـە بـواری ئایدیۆلۆژیـدا پێداگریـی لـە سـەر ئـەو بۆچوونـەی خۆیـان دەکـەن گوایـە کێشـەی کورد بە چەند هەمووار و ڕیفۆرمـی سادە و سنووردار چارەسـەر دەکرێـت، یـان 'سیاسـەتکردن' بـەوە تێدەگـەن مـرۆڤ بتوانێـت لـەو قازانجـەی داگیرکەرەکانـی سـەر کوردسـتان لـە ژێـر نـاوی سـەرمایەگوزاریی و لـە ئەنجامـی تـاڵان و وێرانکردنـی سرووشـت و ژینگەکەمـان دەسـتیان کەوتـووە، بەشـێکی دەسـت بکەوێـت.

چینـی ناوییـن و ئـەو چیـن و توێژانـەی لـە کۆمپێـرادۆری فیوداڵییـەوە تێپـەڕی چینـی بـۆرژوا بـوون، لـە کوردسـتان دەسـتیان بـە نواندنـی کوردچێتییەکـی سـاختە کـرد و لـە سـەر بنەمـای وەبیرهێنانـەوەی کوردبوونـی خۆیـان، سیاسـەت دەکـەن. ئـەم توێژانـە لـە گەوهـەری خۆیانـدا گرێـدراوی داگیرکەرانـن، بـە مێشـک و دڵ و گـەدە گرێـدراوی ئەوانـن. ئـەوەی بانگەشـەی بـۆ دەکـەن ئەدەبییاتـی کوردچێتییەکی سـاختە و دەسـتکردە. تاکە ئەرکی ئەوان ڕەوایەتیدانە بـە داگیرکـەران. بـە تایبـەت پـاش ئـەوەی هێزەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی و داگیرکـەران لـەوە تێگەیشـتن وێـڕای هەموو هێرشـە گڵاو و چەپەڵەکانیان، ناتوانین بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردسـتان پاکتـاو بکـەن، دەسـتیان کـردووە بـە پێدانـی تەنـدەر (tender) و قەرز (credit) و جۆرەهـا دەرفەتـی ئابووریـی بـەم چیـن و توێژانـە.

ئـەو سیاسـەتەی نکۆڵیی لـە هەبوونـی کورد کـە لەلایـەن تورکێتیی سـپی پشـتقایم بە CHP جێبەجـێ دەکرا، ئیدی تووشـی شکسـت ببوو، هـەر بۆیـە ئـەو هێزانـەی لـە تورکیـا لـە ژێر ناوی ئیسـلام سیاسـەتیان

دەکرد، لە سەر بنەمای سەنتێزی تورک-ئیسلام دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەم هێزانە هەوڵ دەدەن ئایدۆلۆژیای تورک-ئیسلام لە کوردستان پەرە پێ بدەن. لەبەر ئەوەی زۆرینەی گەلی کورد موسوڵمانن، ئەم هێزانە دەیانەوێت ئیسلام بکەنە پاڵپشتی ئایدیۆلۆژیای داگیرکەریی و بەم شێوەیە دواپین بەختی خۆیان لە کوردستاندا تاقی بکەنەوە. دەسەڵاتی AKP-MHP هەوڵ دەدات لە ژێر ناوی HÜDA-PARدا ڕەوایەتیی بدەن بە هەندێک پیّرِ و تاقمی پاشەڵپیسی وەک حزب-الکۆنترا و بەرگی یاساییان لە بەر هەڵکێشن. بە تایبەت لەم هەڵبژاردنەی دواییدا ئەم گرووپەیان هێنایە ناو "هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttifakı)"، بەم ڕەنگە دەیانەوێت لە سەر بنەمای پاکتاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان پێگەی ئەمانە هاوشێوەی حەماس لە کوردستاندا بەهێز بکەن. ئەم حزب-الکۆنترایە دەستی بە خوێنی هەزاران مرۆڤی نیشتمانپەروەر و دیموکرات سوورە، لە سەر بنەمای پلانێکی ستراتیژیی جووڵەی پێ دەکرێت.

بنەماڵەی ناپاکی پارتی-بارزانیش بە پێشوازیی و میوانداریی حزب-الکۆنترا لە هەولێر، هەم لە بواری ئابووریی و داراییدا پشتیوانیی لە سیاسەتی تەوکوژیی حکومەتی فاشیستی -AKP MHP دەکەن، هەم بە چاوپۆشیی لە کارنامەی دڕندانەی حزب-الکۆنترا لە بواری کۆمەڵکوژیی مرۆڤە نیشتمانپەروەرەکاندا، هەوڵ دەدەن لە ناو گەلی کورددا ڕەوایەتیی سیاسی بدەنە ئەم حزبە. ئەمانە دەیانەوێت ئایدیۆلۆژیای چینە ئیسلامییە دەسەڵاتخواز و

دەوڵەتگەراکان لەگەڵ تورکچێتیی یەکانگیر بکەن و بەم شێوەیە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی پارادایمی گەلی کورد بدەن، کە پارادایمی دیموکراتیی، ئیکۆلۆژیی و ئازادیی ژنە. کاکڵە و کرۆکی ئایدیۆلۆژیاکە تورکچێتییە، بەڵام هەوڵ دەدەن لە ڕێی بەکارهێنانی ئایینی ئیسلامەوە پەردەپۆشی بکەن و ڕەوایەتیی پێ ببەخشن.

لەم قۆناغەی ئێستاشدا، لەگەڵ ئەوەی دان بە هەبوونی کێشەی کورددا دەنێن، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیانەوێت کێشەکە بە شێوەیەکی دیموکراتیی چارە بکەن، هەوڵ دەدەن پەکەکە پاکتاو بکەن، بەم شێوەیەش دەیانەوێت لە سەدەی داهاتووشدا بەردەوامیی بە هەمان بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی خۆیان بدەن. بە پاڵپشتیی کردەوە خیانەتکارانەکانی پەدەکە-بنەماڵەی بارزانیی نەک تەنیا لە باکوور و باشوور، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش، هەوڵ دەدەن پاشەکشێ بە ڕێبازی ئازادیخوازیی کورد بکەن و بێکاریگەری بکەن.

ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەتی داگیرکەریی ئێران شیعەیە. هەروەها ئەم دەوڵەتە لەبەر ئەوەی میراتگری ئیمپراتۆریەتێکە، پڕە لە گەل و ئایینی جیاواز و فرەڕەنگ. هەربۆیە، دەوڵەتی ئێران، هەرچەندەش وەک دەوڵەت-نەتەوەیەک داڕێژراوە، بەڵام لەبەر ئەم پێکهاتە سۆسیۆلۆژییەی خۆی، وشک و سەختگیر نەبووە، تەنیا فارسی بە بنەما نەگرتووە و هەوڵی نەداوە هەموو گەل و نەتەوەیەک بکاتە فارس. ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوەی ئێران بە ڕووکەش فارس بە بنەما دەگرێت، بەڵام ناڵێت ئازەریی نییە، کورد نییە،

بەلووچیی نییە و سیاسەتی نکۆڵیی لە هەبوونی گەلە جیاوازەکانی ئێرانی نەگرتووەتە بەر، ئەم نکۆڵییەی وەک ئایدیۆلۆژیای فەرمیی نەسەپاندووە. بەڵام هاوکات هەوڵی داوە بە نەرمیی، بە وردیی و درێژیی سیاسەتی فارساندن بەڕێوە ببات. ڕێگە بە پەروەردەی زمانی دایک نادرێت. خۆسەریی هەرێمیی و فیدراسیۆن ڕێگەپێدراو نییە. پێکهاتەی ناوەندیی دەوڵەت بە بنەما وەردەگیردرێت. کورد و کێشەی کورد تەنیا لە چوارچێوەی هەبوونێکی کەلتوورییدا دەبینێت و هەوڵ دەدات لە درێژخایەندا، لە نێو کەلتووری فارسدا بیتوێنێتەوە. پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩، سیاسەتی ڕادەستبوون و شکاندنی ئیرادەی ئازادی کورد تاوێک بە فشار و توندوتیژیی، تاوێکیش بە نەرمیی هەر بەردەوام بووە. بە گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی زۆر ناسک و پڕ لە وردەکاریی کوردیان دابەش کردووە. بە گوتنی 'ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کورد نییە، دژی کورد شەڕ ناکەین، لە بنەڕەتدا، ئێمە دژی کوفر دەجەنگێین (ما با کفر می‌جنگیم، نە با کرد)' لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ هەموو بزووتنەوە کوردییەکانیان پاکتاو کرد. دەوڵەت-نەتەوەی ئێران هێشتا دانی بە ئیرادەی ئازادی کورددا نەناوە. تەنیا دانانی ناوی ئەیالەتی کوردستان لە سەر چەند شارێکی کوردیی، نایەتە واتای ئەوەی دانی بە هەبوونی کوردستاندا ناوە. ناوی کوردستان هەیە، بەڵام ئیرادەی سیاسیی نییە. بەم شێوازە زۆر نەرم و پڕ لە وردبینییە، هەوڵ دەدەن بەردەوامیی بە هەژموونی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی خۆیان بدەن.

ئـەم ڕێکخسـتنە کوردییانـەی ڕۆژهـەڵات کـە پاکتـاو کـران، لەبـەر بۆچـوون و تایبەتمەندیـی کەسـایەتیی وردەبورژوایـی، یـان ژیانـی پەنابەرێتیـی ئەورووپـا و ئەمەریـکا و کەنەدایـان هەڵبـژارد یـان ژیـان لـە ژێـر چەتـری پاراسـتن و بەڵێنەکانـی بنەماڵـەی بارزانیـی-پەدەکـە. لەجیاتـی ئـەوەی پشتبەسـت بـە هێـزی خۆیـان بـۆ شـۆڕشـی ئازادیـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان تێبکۆشـن، پشتبەسـت بـە ئەمریـکا و ئەورووپـا و لەژێـر پەڕوباڵـی بنەماڵـەی بارزانیـی، لـە چاوەڕوانـی دەسـتێوەردانێکی دەرەکیـی بـۆ سـەر ئێـران، ژیـان بەسـەر دەبـەن.

لـە باشـووری کوردسـتان، چینـە سەردەسـتەکانی کوردسـتان ویسـتیان بـە پاڵپشـتیی ئینگلیـز دەوڵەت-نەتەوەیـەک درووسـت بکـەن، بـەڵام لەمـەدا سـەرکەوتوو نەبـوون. پـاش شـەڕی جیهانیـی یەکـەم ئینگلیـزەکان و پـاش شـەڕی جیهانـی دووەمیـش ئەمریکییـەکان، بـە ئامانجـی دەستبەسـەرداگرتنی نـەوت، مسـۆگەرکردنی پاراسـتنی ئیسـرائیل، لـە هەمووشـی گرنگتـر بەکارهێنـان و کۆنتـرۆڵ و لـە کاتـی پێویستیشـدا پاکتـاوی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان، بنەماڵەی بارزانییان وەک ڕێکخستنی سیخوڕ بەکار هێنا. بنەماڵەی بارزانیی، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، وەک ڕێکخستنێکی نەتەوەپەرەستیی سـەرەتایی، لـە پێنـاو بەرژەوەندیـی تەنگی بنەماڵە، عەشـیرەتی بارزان و هـەرێمـی بـارزان، دەرکەوتووەتـە مەیدان. لـە بـواری ئایدیۆلۆژییدا، سـەرمایەداریی بـە بنەمـا وەردەگرێت، نەتەوەپەرەسـتیی سـەرەتاییە، دەوڵەتگەرایـە، دوژمنـی ژنـە، بنەماڵەپەرسـت و عەشیرەتپەرەسـتە، ئایینپەرەسـتە، بـڕوای بـە خـۆی نییـە و بـۆ ڕزگاریـی کـورد چـاوی

لە دەستی هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە. ئەمانە وەک لق و مەڵبەندێکی پاشڤەڕۆ و کۆنەپەرەستیی جموجۆڵ دەکەن. ئەم بنەماڵەیە پاشڤەڕۆترین و دەسەڵاتخوازترین و دەوڵەتخوازترین شرۆڤەیان بۆ ئایینی ئیسلام هەیە، بە ئەم مەبەستەش چەندین ڕێکخستنی ئیسلامگەرایان دروست کردووە و پاڵپشتی دارایيان لێ دەکەن. هەربۆیە پشتبەست بە هێزە داگیرکەر و هەژموونگەراکانی سەرمایەداریی، دژی سەرپاکی ئەو بزووتنەوە دیموکرات و ئازادیخواز و بەئیرادە و شۆڕشگێر و سۆسیالیستانەی پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن، شەڕیان کردووە، هەم لە هزر و هەم لە کرداردا، هەبوون و مانەوەی خۆیانیان بە پاکتاوی ئەم هێزە ئازادیخوازانەوە گرێ داوە. ئەمانە هەوڵیان داوە کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش پەلکێشی هەمان ڕێبازی ناپاکیی بکەن، تا بەم شێوەیە ئەو ئەرکەی لەلایەن ئەربابەکانیانەوە بۆیان دیاریی کراوە، پێکی بهێنن و وەک گرێ و لوویەکی شێرپەنجەیی لە نێو جەستەی کوردستاندا درێژە بە بوونی خۆیان بدەن.

لەگەڵ ئەم ڕابردووەی تۆماریان کردووە، لە ٥-٦ ساڵی دواییشدا هەندێک ڕووداو هاتوونەتە ئاراوە کە دنیای ئایدیۆلۆژیی و زیهنییەتی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە بە باشترین شێوە دەخەنە ڕوو. بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە دژی تێکۆشانی ئازادیخوازیی کوردستان چوونەتە ڕیزی دەوڵەتی داگیرکەر و داگیرکەریی تورکەوە و شەڕێکی خائینانە، بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە، بەڕێوە دەبەن. بۆ ئەوەی داگیرکەرانی تورک بتوانن گەریلاکانی ئازادیی کوردستان شەهید

بکەن، هەموو ئاسانکارییەک دەکەن: دەستبەجێ زانیاریی بە سوپای داگیرکەری تورک دەدەن، ڕێگا بۆ تانک و زرێپۆشی داگیرکەران درووست دەکەن تا خۆیان بگەیەننە سەنگەرەکانی بەرگری گەریلا، کۆسپ دەخەنە سەر هەموو ڕێگایەکی ناردنی خواردەمەنیی و چەک و جبەخانە و پشتیوانیی لە گەریلا، هەرکاتێک بۆیان بلوێت خۆیان گەریلا شەهید دەکەن، هەموو جۆرە پێداویستییەکی هاتووچۆ، لۆجستیک  و خواردەمەنیی بۆ دوژمن دابین دەکەن، وەک ڕێزان دەکەونە پێش سەربازانی سوپای داگیرکەر، ڕێگریی لە ئاشکرابوونی چەکی کیمیایی و هەموو ئەو تاوانانەی شەڕ دەکەن وا لەلایەن سوپای تورکیاوە ئەنجام دەدرێن، کوژراو و برینداری دوژمن دەگوازنەوە، ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی یەکێتیی نەتەوەیی دەسازێنن، لە ڕێی میدیایەکی کۆنترا و چەتەوە هەموو چەشنە چەواشەکاریی و گێرەشێوێنییەک دەکەن، ئەو نیشتمانپەروەرانەی یارمەتیی گەریلا دەدەن، بە قورسترین شێوە ئەشکەنجەیان دەدەن، سزای قورسی زیندانییان بەسەردا دەسەپێنن، تەنانەت بە شێوازی جیاواز شەهیدیان دەکەن. هەموو ئەم کردەوانە ئایدیۆلۆژیا و دنیای هزر و زیهنییەتی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەخەنە بەر چاوان.

ئەم ئایدیۆلۆژیا و زیهنییەتە نە پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوە بە بنەما دەگرێت، نە بەرژەوەندیی نیشتمان. تەنیا لە هەوڵی مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی تەنگی بنەماڵەییدایە و لە سەر بنەمای پاکتاوی بزووتنەوەکانی بەشەکانی دی کوردستان درێژە بە

هەبوونی خۆی دەدات. لەبەر ئەم تایبەتمەندییە، وەک شمشێرێکی تیژی لێ هاتووە و بە دەستی ئەم هێز یان ئەو هێز، هەموو کاتێک ئامادەیە بۆ لێدان لە تێکۆشەرانی ئازادیی کوردستان بەکار بهێنرێت. چونکە هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی هەرێمەکە بەگوێری نەزمی نوێی جیهانیی (New World Order)، پشتبەست بە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە، پاشڤەرۆترین شرۆڤەکانی ئیسلامی سوننە و نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی کورد، دەیانەوێت بارەگایەکی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە هەرێمەکەدا درووست بکەن. لە ڕێگەی ئەم ناوەند و بارەگایەوە دەیانەوێت ڕێگریی لە پێشکەوتنی ئەو پارادایمە بکەن کە ئازادیی ژن، نەتەوەی دیموکراتیی و ژینگەپارێزیی بە بنەما وەردەگرێت. سەرچاوەی ئەمەش ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە وا بنەماڵەی بارزانیی بە کاکڵە و توێکڵەوە پەسەندیان کردووە و پەرەی پێ دەدەن.

ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژیایە وەک چۆن لە ڕۆژهەڵات و لە باشووری کوردستان ڕێگەی لە بەردەم پاکتاوی بزووتنەوە نێشتمانپەروەرەکان کردەوە، ئێستاش لە پێناو سەرکوتکردنی ئیرادە و هەڵوەشاندنەوە و پاکتاوی بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەرچییەکی لە دەست بێت، بەبێ هیچ کەموکورتییەک ئەنجامی دەدات. لەم ساڵانەی دواییشدا، گرووپێکی وەک ENKS بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان پەرتەوازە بکات و

بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزمەت بە ئامانجەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک بکات.

لە ڕۆژئاوای کوردستان، ڕژێمی بەعس (پارتی سۆسیالیستیی ژیانەوەی عەرەب) بە درێژایی ٦٠ ساڵ، سیاسەتێکی داگیرکاریی لە سەر ئەم بەشەی کوردستان پەیڕەو کرد. دەوڵەت-نەتەوەی سووریا وەک دەوڵەت-نەتەوەیەکی عەرەبیی خۆی ڕێک خستبوو، وێڕای ئەوەی لە بواری ئایدیۆلۆژییدا پارێزگاریی لە یەکێتیی و ئازادیی و سۆسیالیزمی عەرەب دەکرد، دژی ڕۆژئاوای کوردستان دەستی بە سیاسەتی پشتێنەی عەرەبیی کرد. بۆ عەرەباندنی کورد و پەرەدان بە ئایدیۆلۆژیای پینەوپەڕۆی بەعسیی، سیستەمی قوتابخانەی کردەوە، بە بیانووی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، بەردەوام باری نائاسایی درێژ دەکردەوە، بەم شێوەیەش هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی دیموکراتی ڕێبەند دەکرد. بە نکۆڵیکردن لە هەبوونی هاووڵاتییانی کورد و هەموو مافەکانیان، تاکی کوردی لە گشت دەرفەتێک بێبەش دەکرد.

لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەستی نیشتمانپەروەریی کورد هەمیشە بە زیندوویی ماوەتەوە. خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵەی "خۆیبوون" لە لوبنان و سووریا، تێکۆشانی عوسمان سەبریی، کار و خەباتی کەسایەتییەکی وەک جگەرخوێن، ئارام و نووریی دێرسیمیی لە بواری زمان و مێژوو و ئەدەبییاتدا وای کردووە، هزر و هەستی نیشتمانپەروەریی بە زیندوویی بمێنێتەوە. بەڵام پاش سالآنی ١٩٥٠، بە دەستێوەردانی بنەماڵەی بارزانیی،

بۆچوونی نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی بەرەبەرە خۆی نیشان دەدا. هەم کاریگەرییە ئایدیۆلۆژییەکانی بەعس هەبوو، هەم کاریگەریی ڕیفۆرمیستیی و ڕیاڵ سۆسیالیستیی پارتی کۆمۆنیستی سووریاش. مرۆڤ دەتوانێت هەموو ئەمانە وەک ڕەوت و کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان هەڵبەسەنگێنێت.

تا سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ ئەم ئایدیۆلۆژییانە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەرییان لە سەر ڕۆژئاوای کوردستان دادەنا. بەڵام پاش ئەوەی ڕێبەر ئاپۆ دوای ساڵی ١٩٧٩ چووە کۆبانێ، کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی-ڕێکخستن و سیاسیی پەکەکە لە ماوەیەکی کورتدا پەرە دەستێنێت. لێرەدا، ڕێبەر ئاپۆ لە بواری ئایدیۆلۆژیی، ڕێکخستن و سیاسییەوە کار و خەباتی زۆر گرنگ و چارەنووسسازی ئەنجام دا. ڕێبەر ئاپۆ خۆی لە ناو گەلدا کاری دەکرد، خۆی سەرپەرەشتیی کاری دانە بە دانەی کۆمیتەکانی دەکرد. ئەم هەوڵانەی ڕێبەر ئاپۆ کاریگەرییەکی چارەنووسسازیان لە سەر شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان هەبوو.

## بۆچوونەکان سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا لە باشووری کوردستاندا

هەڵوێستی خیانەتکارانەی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەی دژی ڕێبەر ئاپۆ ئەنجام درا. شەڕی یەکەمی کەنداو هاوکات سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی سێهەمی جیهانییە. لەم ساڵانەدا بوو بۆ یەکەم جار ئەو

شتەی پێ دەڵێن نەزمی نوێی جیهان (New World Order) کەوتە سەر زاران. دوای داڕووخانی سۆسیالیزمی واقعیی (یەکێتیی سۆڤێت)، هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی پەکەکەیان وەک یەکێک لە گەورەترین دوژمنەکانی خۆیان و لەم چوارچێوەیەشدا وەک گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم نەزمی نوێی جیهانیی (New World Order)دا دەستنیشان کرد. هەربۆیە هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢ لە ڕێی بەکارهێنانی پەدەکەوە هێرشیان کردە سەر پەکەکە. بەگوێرەی ئەم هێزانە پاش پاشەکشێپێکردنی ڕژێمی ئێراق بۆشاییەک هاتبووە ئارا و پێویست بوو ڕێگە نەدرێت پەکەکە وەک هێزێکی جێگرەوە کە پێداگریی لە سەر سۆسیالیزم دەکات، ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک دەیانزانی بە هێرشی ڕاستەوخۆی خۆیان بۆ سەر پەکەکە، ناتوانن ڕێگریی لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لەلایەن ئەم هێزەوە بکەن، هەربۆیە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکەیان هێنایە مەیدان. لەم ڕێگەیەوە ویستیان گورز لە پەکەکە بوەشێنن و پاشەکشێی پێ بکەن و لە شوێنی پەکەکە ڕێگە لە بەردەم بنەماڵەی ناپاکی بارزانیی-پەدەکە بکەنەوە. بەڵام ئەم پلانە لەو قۆناغەدا سەرکەوتوو نەبوو. هەربۆیە لە ڕێکەوتی ١٥ـی شوباتی ١٩٩٩ ڕێبەر ئاپۆ بە پیلانگێڕیی هێزە هەژموونگەراکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، دەستگیر کرا.

پاش ئەوەی تێگەیشتن پەکەکە پاکتاو ناکرێت و لەناو ببردرێت، ویستیان بە درووستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی ساختە بۆ کورد،

بـە ئەنجـام بگـەن. ویسـتیان بـە پاکتـاوی ئایدیۆلۆژیـای سـەربەخۆ و ڕێبـازی سیاسـیی و کەلتووریـی هەڵقـوڵاوی ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە، لـە ژێـر نـاوی دەوڵەتێکـی فیـدراڵ لـە باشـووری کوردسـتان، کۆمەڵگایەک درووسـت بکـەن کـە سـەرپاک لـە ژێـر هەژموونـی ئایدیۆلۆژیـا و کەلتـوور و شـێوازی ژیانـی لیبراڵـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی و ئایینپەرەسـتیی پاشـڤەڕۆدا بێـت. واتـە، بـە هێرشـکردنە سـەر ئایدیۆلۆژیـا و سیاسـەت و کەلتـووری بەرهەمهێنـراوی پەکەکـە، ویسـتیان لە کەسـێتیی باشـووری کوردسـتاندا، پێکهاتە و کەلتوورێکی بێ ڕەگوڕیشـە و سـاختە درووسـت بکەن و لە هەموو کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پـەرەی پێ بدەن؛ کەلتوورێـک، کـە چاولێکـەر و ئارەزوومەنـدی بێگانەیـە، لـە ناسـنامەی خـۆی هەڵدێـت، ملکـەچ و کاسـەلێس و گوێڕایەڵـی داگیرکەریـی تورکـە، لـە هـزر و هەسـتدا کەلتـووری هـەرزە و تڕۆکـەر و ئابڕووبـەری ئەمریـکا بـە بنەمـا دەگرێـت. بـە سیسـتەمی پـەروەردە، دراماکان، تابلۆکانـی ڕیکلامـی نێـو بـازاڕ، شـێوازی جلوبـەرگ، بۆچوونـی هەڵـە سـەبارەت بـە ژن، نەشـتەرگەریی جوانکاریـی، هۆتێـل، هۆڵـی لەشـجوانیی، ڕیـکلام و پەرەدان بە کەلتووری بەکاربەریی کۆمەڵگای باشـوری کوردسـتانیان گەمـارۆ داوە. خـەون و خەیاڵـی گەنجـان سـەردەمانێک ئـەوە بـوو لـە خوێندنگـە و کۆلێـژ و زانکۆکانـی پێـڕی گولـەن بخوێنـن، ئێسـتاش هەمـان خـەون و خەیـاڵ بۆ زانکۆی ئەمریکیی و زانکۆی ئـەم وڵات و ئـەو وڵات دەبینن. سـاڵانی ١٩٩٠ بـە هـەزاران گەنجی باشـووریان بـردە ئەمریـکا، بـە شـێوەیەکی تایبـەت پەروەردەیـان کـردن و پاشـان گەڕاندنیانـەوە بـۆ باشـوور.

هەروەهـا هەژماریەکـی بەرچـاوی خەڵـک لـە لێگەڕینـی ئـەوەدان کورتترین ڕێگا بۆ دەوڵەمەندبوون و بەدەستخستنی پارە بدۆزنەوە. هەربۆیە لـە سیخووڕیی بۆ هەمـوو هێزە دەرەکییەکان، بە تایبـەت بۆ هەواڵگریی دەوڵەتی داگیرکـەری تـورک سڵ ناکەنـەوە.

دەوڵەتـی تـورک لـە چیاکانـی باشـووری کوردسـتاندا بـە سـەدان بـارەگای لـێ داوە و لـە نـاو شـارەکانیش بـە سـەدان ماڵـی شـاراوەی هەیـە و کۆمەڵگەیەکـی پێکهاتـوو لـە هـەزاران سـیخووڕی درووسـت کـردووە. بەرانبـەر پارەیەکـی زۆر کـەم، زانیاریـی لـە سـەر گەریـلا و وڵاتپارێزانـی باکـووری کوردسـتان دەدەن بـە دوژمـن. ئەگـەر دژی ئـەم کردەوانـە تێکۆشـانێکی ڕژد و بەردەوامـی ئایدیۆلۆژیـی، سیاسـیی و ڕێکخراوەیی بەڕێـوە نابرێـت و کاردانەوەیـەک لەگـۆڕێ نییـە، ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە بەزیـن و داڕزانێکـی زۆر پێکـۆڵ هەیـە، هەمـوو ئەمانـەش وەک دۆخێکـی ڕەوا و ئاسـایی دەبینرێـن. لـەوە دڵنیـام گەلـی باشـوور لـە دڵ و دەروونـی خۆیانـدا لـەم کردەوانـە تـووڕەن، چونکـە ئـەم گەلـە لـە پێنـاو ئازادییـدا خۆڕاگرییەکـی زۆری نوانـدووە، خوێنـی خـۆی ڕشـتووە، ئەنفـال و هەڵەبجـەی بەسـەردا هاتـووە. جاروبـار، کەسـایەتییەکان، ڕۆژنامەنووسـان، نووسـەران، ڕۆشـنبیران، کەسـانی ئەکادیمیی، گرووپـی بچووکـی گەنجان و ژنـان و هەندێـک لـە بەڕێوەبەرانـی پارتـە سیاسـییەکان، دژی ئـەم کردەوانـە دەنـگ هەڵدەبـڕن و خاوەندارییـی لـە شـەهیدان دەکـەن، بـەڵام کاتێـک بەراوردێـک لـە نێـوان ئـەم کاردانەوانە و قەبارەی هێرشـەکان دەکەین، دەبینیـن زۆر کەموکورتیـی هەیـە. هەڵبـەت حزبـە دەسـەڵاتدارەکان، بـە

تایبـەت زیهنییـەت و سیاسـەت و کردەوەکانـی بنەماڵـەی بارزانیـی-پەدەکـە، ڕۆڵێکـی گرنگییـان لـە هێنانەئـارای ئـەم دۆخـەدا هەیـە.

گەنجـەکان یـان چاویـان لـە دەرەوەیـە، چـوون بـۆ ئەورووپـا و ئەمریـکا ڕەچـاو دەکـەن یـان لـە دەوری حزبـە دەسـەڵاتدارەکان کـۆ بوونەتەوە و خۆیانیان ڕادەستی ئایدیۆلۆژیا و زیهنییەت و کەلتووری ئـەم حزبانـە کردووە. ئـەم گەنجـەی گەوهـەری خـۆی لەدەست داوە و بـە کوردایەتیـی و نەتەوەپەرەسـتییەکی سـاختە دەرمانخـوارد کـراوە، لـە دەرەوەی بەسـەربردنی ژیانێکـی ڕۆژانـە، خـاوەن هیـچ لێگەڕینێکـی دی نییـە. لـە کاتێکدا بەشـێکی مەزنـی خاکـی باشـووری کوردسـتان لـە ژێـر داگیرکاریـی دەوڵـەتی داگیرکـەر و تەوکـوژی تورکدایـە، نەبوونـی هەڵوێسـتی کرداریـی نیشـتمانپەروەرانە دژی ئـەم داگیرکارییـە، کێشـەیەکی زۆر ڕژدە. لـە خۆیـدا، ئەمـە هەمـان ئـەو کۆمەڵـگا و ئـەو گەنجەیـە وا هەژموونـی سـەرمایەداریی دەیەوێـت بەرهەمـی بهێنێـت.

پێوانـی ئازادیـی یـان پێشـکەوتوویی کۆمەڵگایـەک، بۆچوونـی ئـەو کۆمەڵگایەیـە سـەبارەت بـە ژن. دەگوترێـت لە باشـووری کوردسـتاندا، بە سـەدان، تەنانەت بە هەزاران مەزاری بێناونیشـان و بێکەسـوکاری ژنـان هـەن. کـەس نازانێـت ناویـان چییـە و کـەی و لەلایـەن کێـوە کـوژراون. هیـچ دیـار نییـە. لـە هـەر کوێ هێنـدە ژن کۆمەڵکوژ بکرێت، هێنـدە دوژمنایەتیـی ژن بکرێـت و زیهنییەتـی پیاوسـالاریی زاڵ بێـت، کەلتـووری دیموکراتیـی و هەڵوێسـتی دیموکراتیـی بـە هیـچ شـێوەیەک گەشـە ناکـات. لە باشـووری کوردسـتاندا، ڕێ لە بەردەم پەرەسـەندنی هەمـوو جـۆرە بیرەوشـتیی، ژیـان و کەلتـوور و هەڵسـوکەوتی

نامرۆڤانە تا دوایی کراوەتەوە، ئەویش بەو مەرجەی زیان لە بەرژەوەندیی حزبە دەسەڵاتدارەکان نەدات. ئەم دۆخە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە لیبراڵیزم بە شێوەیەکی چەندە قووڵ و ڕیشەدار دەرخواردی کۆمەڵگا، گەنجان و ژنان دراوە. هەربۆیە، مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بۆ ئەوەی بەرانبەر پەکەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ساڵی ١٩٩٢، تەنانەت پێش ئەوەش، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکەی هان دا تا هێرش بکاتە سەر پەکەکە. ئامانجەکەیان ئەوە بوو لەپێناو زاڵکردنی ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزمدا پەکەکە پاکتاو بکەن، ئەگەریش بە تەواوی پاکتاو نەکرا، پاشەکشێی پێ بکەن. ئەمەشیان کرد. هەربۆیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو کاریگەرییانەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە سەر ژنان و گەنجان دایانناوە، پێویستە بە پشوودرێژیی و پێداگرییەکی زۆرەوە، بە بڕوایەکی تەواو بە سەرکەوتن، تێکۆشانێکی ئایدیۆلۆژیی زۆر ڕژد بەڕێوە ببردرێت. بۆ ئەمەش پێویستە سۆسیۆلۆژیا و مەعنەویاتی هەنووکەیی باشوور، واتە ئەو خاڵە گشتییانەی دنیای زیهنییەتی باشوور کە لە پەراگرافەکانی پێشتردا دەستنیشانمان کردن، تێپەڕێنین و زیاتر لە بابەتەکە قاڵ ببینەوە. ساڵی ١٩٩١ بە دوا، واتە بە درێژایی ٣٤ ساڵ، گۆڕانکاریی زۆر ڕیشەدار لە باشووری کوردستان هاتووەتە ئارا. پێویستە چۆنێتیی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لە سەر کۆمەڵگای باشووری کوردستان، بە تایبەتیش کاریگەریی لە سەر دنیای زیهنییەتی کۆمەڵگا، باش شی بکەینەوە.

بنەماڵـەی بارزانیـی دەسـتی بـە سـەر هەمـوو کەرتەکانـی ژیانـدا گرتـووە، بـە تایبـەت کەرتەکانـی وەک نـەوت، بـاج و گومـرک، بـە ملیـاران دۆلار داهاتـی هەیـە. ئـەم داهاتانـەش بـۆ دروسـتکردن و بەردەوامیـدان بـە سیسـتەمێکی وا خـەرج دەکرێـن. پێویسـتە ڕەهەندەکانـی ئـەم سیاسـەتە بـاش شـی بکرێنـەوە و بـۆ ڕای گشـتیی ئاشـکرا بکرێـن. لـە هەموویـان گرنگتـر، کاتێـک لـە ئەنجامـی ناپاکیـی و سـیخوڕیی لەڕادەبـەدەری بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکـە بـۆ دەوڵەتـی تەوکـوژ و داگیرکـەری تـورک بـە سـەدان گەریـلای ئازادیـی کوردسـتان شـەهید دەبـن، دەبینیـن کۆمەڵـگای باشـوور، گەنجـان، ژنـان و ڕۆشـنبیران بەرانبـەر ئـەم کردەوانـە بێدەنگیـی هەڵدەبژێـرن و تەنیـا تەماشـاکەرن، ئەگـەر کاردانەوەیەکیش هەبێت، زۆر سـنووردارە. ئەمـە نیشـاندەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە سیاسـەتی بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکە بە چ شـێوەیەک تایبەتمەندییە باشـەکانی کۆمەڵگای باشـووری وێران کردووە، تایبەتمەندیی وەک ئەخـلاق و ویژدان و پشـتیوانیی چەوسـاوەکان. سـەرچاوە و هۆکاری ئەم دۆخە ئـەوە نییـە خەڵکی باشـوور خـراپ بێت یـان زۆر خـراپ بێت. بەڵکوو ئـەم دۆخـە دەرەنجامـی ئـەو هەژموونـە ئایدیۆلۆژیایەیـە وا دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان، سیسـتەمی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی و پارتـە دەسـەڵاتدارەکانی هەرێـم بـە سـەر گەلـی باشـووردا سـەپاندوویانە. ئەمـە وێنەیەکـە. ئـەوەی ئـەم وێنەیـەی نەخشـاندووە، بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکەیـە. ئەگـەر بـە تێگەیشـتنێکی قـووڵ لـەم ڕاسـتییانە خەباتێکـی ئایدیۆلۆژیـی بەهێـز بەڕێـوە بچێـت، بێگومـان گەلـی باشـووری کوردسـتان دەگەڕێتـەوە سـەر گەوهـەرە مێژووییەکـەی

خۆی و بەرانبەر هەر چەشنە داگیرکارییەک،  داگیرکاریی و تەوکوژییەک چالاکیی سەرکەوتووانە ئەنجام دەدات.

ئەو خاڵانەی دەستنیشانمان کردن، هاوکات ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی کۆمەڵگای باشوور، ڕەنجدەران، ژنان، گەنجان و ڕۆشنبیرانیش دەستنیشان دەکات. چونکە ئەگەر مرۆڤ تۆزێک لە سەر دۆخی کۆمەڵگای باشوور قاڵ ببێتەوە، ئەوا ئاستی لەخۆناموبوون و کەوتنە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا و زیهنییەتی بێگانە دیار دەکەوێت. لە کاتێکدا ئەم خاڵانە دەستنیشان دەکەین، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە باشووری کوردستاندا نیشتمانپەروەری مەزن، شۆڕشگێڕی مەزن، ڕێبەرانی مەزنی ژنان، ڕێبەرانی گەنجان و سەرکردەی مەزنی شەڕ هەڵکەوتوون. شەهید ڤیان سۆران، شەهید ئارام، شەهید دکتۆر سیروان، شەهید مامەڕیشە، شەهید هەڵمەت، شەهید لەیلا قاسم، شەهید گەنجۆ گەرمیانیی، شەهید دکتۆر خالد، شەهید خاڵە شەهاب، شەهید ئەنوەر، شەهید عەلی عەسکەریی نموونەی سەدان شۆڕشگێڕی مەزنن کە شوێنپەنجەیان لە مێژووی تێکۆشانی ئازادیخوازی باشووردا دیارە. ئەگەر بە خاوەندارێتیی لە بیرەوەرییەکانی ئەم شەهیدە مەزنانە تێکۆشانێکی ئایدیۆلۆژیی مەزن بەڕێوە ببردرێت، ئەوا دەتوانین ئەم قۆناغە تێپەڕ بکەین. هەلومەرج و دەرفەتەکان بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە لەبارن.

## تێکۆشانی ئایدیۆلۆژیی دژی لیبراڵیزم و مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی

بنەمای ئایدیۆلۆژیی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە سەر سێ کۆڵەکە بەندە: سیستەمی پیشەسازیی (industrialism)، دەوڵەت-نەتەوە (nation-state) و زۆرترین قازانج (profit maximization). مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بۆ ڕەوایەتیدان بە خۆی بە دووروودرێژیی باسی ئەوە دەکات ئەم سێ بنەمایە چەندە پێویستییەکی ژیانیین بۆ کۆمەڵگا، پێویستە بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییانە چ کارێک بکرێت، چۆن کار بکرێت، تاک و کۆمەڵگا چۆن لە ڕێی پشتبەستن بەم سێ کۆڵەکەیەوە پێشکەوتن تۆمار دەکەن و دەگەنە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی؛ هەروەها ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییە چین و پێویستە چۆن تێپەڕ بکرێن. هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم هەلومەرجانەوە لیبراڵیزمیش بە گوتنی "ڕێگر مەبن، بهێڵن با تێپەڕ بن، بهێڵن با کار بکەن" فۆرمیلە دەکرێت. گەوهەری ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزم ئەوەیە لە ناوخۆدا ڕەوایەتی دەدات بە گوشار تا ئاستی داگیرکەریی و فاشیزم، لە دەرەوەشدا دەیەوێت داگیرکاریی بە سەر هەموو وڵاتانی دونیادا بسەپێنێت و هەموو سەرچاوە و دەوڵەمەندییەکانی ئەم وڵاتانە بباتە ناوەند، ئەم داگیرکاریی و تاڵانە بە ماف و ئەرکی ڕەوای خۆی دەزانێت و بە سەر هەموو کەسێکیشدا دەیسەپێنێت و ڕازیی و ملکەچیان دەکات. هەرچەندە

لە ئالای لیبرالیزمدا یەکسانیی، ئازادیی، برایەتیی و دیموکراسییش نووسرابێت، بەڵام لە گەوهەری ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا نە یەکسانیی هەیە، نە برایەتیی و نە ئاشتیی، نە دیموکراسیی و نە ئازادیی. ئەم نرخ و بەهایانە بە ناو هەن، بەڵام لە ناوەڕۆک داماڵراون.

لەم سیستەمەدا، هەموو دەسەڵات و مافەکان دەدرێت بە پەرلەمان (یاسادانان) و دەوڵەت (بەڕێوەبردن) و دادوەریی. لە دەستووره بنەڕەتییەکاندا زۆر بانگەشەی ئەوە دەکرێت هەموو کەسێک بەرانبەر یاسا یەکسانە، ئازادییەکان و مافی مرۆڤ پارێزراون. بەڵام لە کردەوەدا دۆخێک هەیە ڕێک پێچەوانەی ئەم بانگەشەیانەیە. لە دەرەوەی دەسەڵات و تاقمێکی قۆرغکار، هەموو کەسێک دەکەوێتە نێو کێبڕکێی بەبازاڕکردنی ڕەنجی خۆی، بەم شێوەیەش بنەما ڕەوشتییەکان بۆ خەرەندی لەناوچوون سەرەولێژ دەبنەوە. مسۆگەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بۆ ئەوەی بتوانێت بە ملیاران مرۆڤی ڕەنجدەر، هەژاران، بێکاران، ژنان و گەنجان جڵەو (کۆنترۆڵ) بکات، بەر لە هەموو شتێک دامەزراوە و پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکان ڕێک دەخات و جووڵەیان پێ دەکات. هەموو ئەم میکانیزمانە ٢٤ کاژێر کار دەکەن و بە کۆکردنەوەی زانست و تەکنۆلۆژیای گەیاندن و میدیای بینراو و نووسراو و بیستراو، هەموو لە یەک تەلەفۆندا، هەوڵ دەدرێت پەیوەندیی و گەیاندن بە خێراییەک لە ئاست خێرایی ڕووناکیدا دابین بکرێت. ئیدی ژیریی دەستکرد هاتووەتە مەیدان.

کۆمەڵگا بە شێویەک لە زیندانی شارستانیی ماددیی ئاخنراوە و هیچ شتێک بە ناوی ڕەوشت و مەعنەویات نەماوە. بەم شێوەیە لە نێو ئەم ڕاکەڕاکە چڕوپڕەدا، مرۆڤەکان بەرهەمدارترین ساتەکانی ژیانی خۆیان لەسەر تەلەفۆن و تابلێت بەسەر دەبەن و لە هەوڵی ئەوەدان 'با ئەم ڤیدیۆیەش، ئەو سایتەش، ئەم ڕۆژنامەیەش، ئەو گۆڤارەش، ئەم پەیجەش، ئەو پەیجەش سەیر بکەم'. لە کۆتاییدا خۆشیان لە بیریان دەچێتەوە بۆ چی گەڕاون و سەیری چییان کردووە. لە ناو ئەو بژاردانەی تەلەفۆنێکی بچووک پێشکەشیان دەکات، دێن و دەڕۆن، تیایاندا ون دەبن، ماندوو دەبن و ڕۆژی پاشتریش دیسان لە دووبارەکردنەوەی هەمان شت سڵ ناکەنەوە، سەرەنجام کەسایەتییەکی گیرۆدەی تەلەفۆن درووست دەبێت. کەسایەتییەکی وەها ئیدی خەمی گرێدراوێتیی بە نرخ و بەها بنەڕەتییەکانەوە نییە. ئەگەر گرێدراوێتییش بمێنێت، کاتی ئەوەی نامێنێت خۆی پێوە خەریک بکات. چەمک و زیهنییەتەکەی تا ئەو ڕادەیە گۆڕاوە بڵێت: "ئەگەر ئەم نرخ و بەهایانە بمێنن، خۆ باشە، بەڵام ئەگەریش نەبن، هەر ئاساییە". فۆکۆیاما هەروا لە خۆڕا نەیگوتووە "لیبراڵیزم ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕێت". ئەم ڕاستییە سۆسیۆلۆژییەی بینیوە بۆیە وای گوتووە.

دەوڵەت-نەتەوە و هێزە هەژموونگەراکان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەست لە درووستکردنی شەڕکەری

وەکیل و بەڕێوەبردنی شەڕی نوێنەرایەتیی هەڵناگرن، هەربۆیە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرەستیی بە توندیی لەئامێز دەگرن. ئیدی نەتەوەپەرەستیی وەک ئایینێکی لێ هاتووە. ئایینپەرەستیی یەکێکە لەو ئامرازە ئایدیۆلۆژییە کاریگەرانەیەی بە ئامانجی ڕازیی و ملکەچکردنی کۆمەڵگا بۆ سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بەکار دەهێنرێت. بە تایبەت لە ناو دنیای ئیسلامدا ڕێکخستنی وەک ئەلقاعیدە و داعش لە ژێر ناوی الله و قورئاندا، پیرۆزیی و قودسیەت بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەبەخشن و جارێکی دی بەرهەمی دەهێننەوە. ئەمانە لە گەوهەری خۆیاندا بەرهەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییین، بەڵام سۆسی ئایینپەرستییان بەسەردا ڕژێنراوە. هەر ئەوەندە.

هەڵاواردنی ڕەگەزیی (ڕەگەزگەرایی) یەکێکی ترە لەو بۆچوونانەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی پەرەی پێ داوە. سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی پیاوسالارە، شکۆ و هێز دەدات بە پیاو و ئامانجی ئەوەیە تا دواڕادە سووکایەتیی بە ژن بکات. بەڵام وێڕای هەموو ئەم ڕاستییانە، ژن دەکەوێتە نێو ئەو خەیاڵەی گەیشتووەتە ئازادیی و بە وەهمی "ئیدی ئازادم" دەبێت بە هەرزانترین هیزی کاری مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و مەکینەی زاوزێ و وەچەخستنەوە بۆ بەردەوامییدان بەم سیستەمە و ئامرازێک بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو. وێڕای هەموو ئەم

ڕاستییانە، ئەم سیستەمە بە دروستکردنی وەهمی ئازادیی ژن لە ژێر ناوی مافی ژنان، یەکسانیی ڕەگەزیی، یەکسانیی ژن و پیاو بەرانبەر یاسا و هتد... کۆیلایەتیی ژن قووڵتر و قووڵتر دەکاتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو ژنانەی هەموو ساڵێک لە سەرانسەری دنیادا دەکوژرێن، هەراسان دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، دەبینین مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی نەک بەهەشت، بەڵکوو دۆزەخە بۆ ژنان.

زانست و زانستپەرەستیی دوو شتی لێک جیاوازن. زانست بەرهەمی ڕەنجی هەموو مرۆڤایەتییە، نرخ و بەهای هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتییە. مێژووی زانست دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستبوونی مرۆڤایەتیی. زانستپەرەستیی یەکێکە لە چوار ئایدیۆلۆژیا بنچینەییەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی. پشت بە دیاردەگەرایی (phenomenalism) و زانستی پۆزیتیڤیزم دەبەستێت. زانستپەرەستیی گوزارشت لە بۆچوونێک دەکات کە هەوڵ دەدات ژیانی کۆمەڵایەتیی بەگوێرەی یاساکانی زانستی سرووشتیی؛ وەک کیمیا و فیزیا و زیندەوەرناسیی شرۆڤە بکات. زانست لە ئەخلاق و فەلسەفە جیا دەکاتەوە. واتە، زانستێکی دابڕاو لە کۆمەڵگا. تەنیا لە خەمی ئەوەدایە زانست و تەکنەلۆژیا لە پێشکەوتندا بن، ئیدی گوێی لێی نییە داخۆ ئەم زانستە بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایە یان نا؟ بەگوێرەی ئەخلاق و فەلسەفەیە

یان نا؟ زیانی بۆ سرووشت هەیە یان نا؟ ئەگەر سەرەنج بدەین، دەبینین هەر کاتێک بابەتەکە خۆپەرەستیی زۆرترین قازانج (profit maximization) و سەرنجڕاکێشیی لەڕادەبەدەری هەژموون و دەسەڵات بێت، دەسەڵاتدارەکان هەموو جۆرە ڕەوشت و ویژدان و فەلسەفەیەک پێشێل دەکەن. تاکپەرەستیی، فشار و گوشار لە سەر کۆمەڵگا، تەوکوژیی، پەرەسەندنی بەرەڵایی سێکسیی، مەسرەفی لەڕادەبەدەر، کاولبوونی سرووشت و کۆنترۆڵکردنی بێسنووری کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەموویان لە زانستپەرەستییەوە سەرچاوە دەگرن.

مرۆڤ دەتوانێت باسی زۆر ڕەوتی تری ئایدیۆلۆژیی بکات، بەڵام دەتوانرێت هەموو ئایدیۆلۆژییەکان لە ژێر ناوی ئەم چوار سەردێڕەدا کۆ بکرێنەوە. مرۆڤ دەتوانێت لە سەر هەر ڕەوتێکیش چەندین پەرتووک بنووسێت. لێرەدا تەنیا بە چەند پێناسەیەکی کورت بەسەندە دەکەین.

فۆکۆیاما لە پەڕتووکی 'کۆتایی مێژوو، دواهەمین مرۆڤ' کاتێک دەڵێت "ئیدی ڕکابەرێکی پێکۆڵ بۆ دیموکراسیی لیبراڵ نەماوە"، لە بنەڕەتدا ئاهەنگی سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزم دەگێڕێت. کاتێک دەڵێت؛ ئیدی سەردەمی ئایدیۆلۆژییەکان بەسەر چووە، لە بنەڕەتدا سیستەمێکی سەرتاپا ئایدیۆلۆژیی بە سەر مرۆڤایەتییدا دەسەپێنێت. دەیەوێت بڵێت: زئەگەر دەتانەوێت بژین، ناچارن ئەمە

پەسەند بکەن، ڕێچارەیەکی ترتان لە بەردەمدا نییە". گوتەکانی فۆکۆیاما چەندە لە گوتە میتۆلۆژییەکانی ڕاهیبەکانی سۆمەر دەچێت! ئەمە هێرشێکی ئایدیۆلۆژیی زۆر ڕژدە. مرۆڤایەتیی، ڕۆژهەڵاتی ناوین و کورد کەوتوونەتە بەر هێرشێکی ئایدیۆلۆژیی. ئەگەر ئەو هەرێمانەی لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری تورکەوە داگیر کراون، هەروەها هەرێمەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی ئێراق و هەرێمە ئازادەکان (مەبەست هەرێمەکانی پاراستنی میدیایە- وەرگێڕ)ی لێ دەر بکەین، باشووری کوردستان تەنیا چەند شار و شارۆچکەیەکی لێ ماوەتەوە. بەڵام دەبینین لە مەزنترین دەوڵەتەکانی دنیاوە بگرە تا بچووکترینیان، هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان مسۆگەر پەیوەندیی تایبەتیان بە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکەوە هەیە. ڕۆژ نییە سەرۆکوەزیرێک، وەزیرێک، سەفیرێک، کونسوڵێک یان سەرۆکێکی هەواڵگریی سەردانی ئەمانە نەکات. تاکە ئامانجی هەموو ئەم پەیوەندیی و سەردانانە ئەوەیە باشووری کوردستان بکەنە ناوەندێکی دژەشۆڕش بۆ پاکتاوی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیش بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان.

ئەم دۆخە پێویستیی تێکۆشانێکی ئایدیۆلۆژیی سیستماتیک بەرانبەر ئایدیۆلۆژییەکانی لیبراڵیزم، واتە هەڵاواردنی ڕەگەزیی، نەتەوەپەرەستیی، ئایینپەرەستیی و زانستپەرەستیی، دەخاتە ڕوو.

سـەرکەوتنی ئـەم تێکۆشـانەش پێویسـتی بـە کەسـایەتییەک هەیـە تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و کاریگەرییە ئایدیۆلۆژییەکانی لەسـەر دنیـا و ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، بـە تایبەتیش لـە سـەر کوردسـتان، بکاتـە خـەم و ئامانجـی سـەرەکیی خـۆی. ئەگـەر خەمێکـی وامـان نەبێت، ئامانجێکی وامان نەبێت، ئەو شتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، هیـچ واتایەکیـان نامێنێت. ئـەو شـتانەی لـەم نووسـراوەیەدا ئاماژەمـان پـێ کـردن، کاتێـک واتـا پەیـدا دەکـەن، خـەم لـەو کێشـانە بخۆیـن وا مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لە نیشـتمانەکەمان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و هەمـوو دنیـا درووسـتی کـردووە و بـۆ تێپەڕیـن لێیـان سـەرەتا لـە خۆمانـەوە تێکۆشـانی هزریـی و ئایدیۆلۆژیـی دەسـت پـێ بکەیـن و لـە نـاو هەمـوو چیـن و توێژەکانـدا پـەرەی پـێ بدەیـن، جـا لـەم چوارچێوەیـەدا واتـا بدەینـە ژیانـی خۆمـان.

سیسـتەمی پیاوسـالاریی دەسـەڵاتپارێز-دەوڵەتپارێزی مۆدێرنیتەی سـەرمایەداریی ڕۆڵێکـی چارەنووسسـازی هەیـە لـە هێنانەئـارای هەمـوو ئـەو کێشـانەی ڕووبـەڕووی نیشـتمانەکەمان، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و هەمـوو دنیـا بوونەتـەوە. دەسـت بـۆ هـەر کێشـەیەک ببەیـن، دەبینیـن دواجـار لـە بنەڕەتەکەیـدا هەژموونـی ئایدیۆلۆژیـی ئـەم سیسـتەمە هەیـە. هەمـوو ئـان و سـاتێک، هەمـوو ڕۆژێـک، کاریگەرییـە وێرانکەرەکانـی ئـەم هەژموونـە ئایدیۆلۆژییـە دەبینیـن. ئـەم سیسـتەمە بـۆ ئـەوەی بەردەوامیـی بـە هەژموونـی خـۆی بـدات،

پێویستی بە ئامرازی وەک توندوتیژیی، ئابووریی، حقووق، سیاسەت و کەلتووره. لێرەدا مەبەستمان کەمکردنەوەی گرنگیی ئەم دامەزراوانە نییە، بەڵام پێویستە بزانین لە ناوەندی ئەو هێزەی هەموو ئەمانەی دروست کردووە و ئاڕاستەیان دەکات، ئایدیۆلۆژیا هەیە. ئەم ئایدیۆلۆژییە لە سۆنگەی بەکارهێنانی هەزار و یەک ئامراز خۆی دەکاتە جێگای پەسندی هەمووان. هێزی سیستەم لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. کەوابوو، پێویستە ئیمەش بەرانبەر ئەم ئایدیۆلۆژیایەی هەموو ڕۆژ و ئان و ساتێک کاریگەریی نەرێنیی لە سەر کۆمەڵگاکەمان دادەنێت، تێکۆشانێکی پێداگر، پشوودرێژ و بەردەوام بەرێوە ببەین.

★★★



# سووریا:
# لە چەپۆکسالارە سکۆلارەکانەوە تا پۆپۆلیستە ئیسلامگەراکان

سەعید ڕەهنما

کەوتنی دەرەباوەڕ و برووسکەئاسای ڕژێمی ئەسەد، دەرگای پێڤاژۆیەکی تازەی لە ژیانی ئەم وڵاتە لە کێشە هەڵژەنراوە، خستە سەر پشت. سووریا لە داتاشینییەوە تا ئێستا، هەرگیز ئۆخەی نەکردووە، نەتەوە و پێڕی بێهەژماری هەمەچەشنی ئایینیی، لەم پاشماوە کەونارەی شارستانییەتی دێرینەدا یان لە ژێر چەپۆکی حکومەتی کۆڵۆنیاڵیست و ئیمپریالیستدا یان لە ژێر قەپاڵی دیکتاتۆرە سەربازییەکاندا ناڵاندوویانە. بێ چاوخشاندن بە مێژووی بەئێشی ئەم وڵاتە، تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی هەنووکە، کارێکە، نەکردەنی.

لە بەرەتای سەدەی شانزەی زایینییەوە تا دەمەدەمی هەڕۆژانی، ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیی، سووریای ئەمڕۆ و چواردەوری لەژێر جڵەو بوو، ئەم هەرێمە لە چەند ویلایەتێک پێک دەهات. ساڵی ١٩١٨ و لە سۆنگەی ڕێککەوتنێکی نهێنیی ئیمپڕاتۆریای بەریتانیا لەگەڵ «شەریف حسێن »ی والی مەککە، کە ئاڵای شۆڕشی دژی عوسمانییەکان هەڵبڕی بوو، بە دەساوێژی پاڵپشتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی تازەدەرکەوتووی عەرەبیی، فەیسەڵی کوڕی تەخت و بەختی سووریای کەوتە نێو لەپ، لێ ئەم کارە لەگەڵ داگیرکارییەکانی فەڕەنسا تەریب بوو. تووڕەیی دژەفەڕەنسیی ڕووی لە هەڵکشان بوو. بۆ ماوەیەک «پاشای عەرەبیی سووریا» پاوەجێ کرا، لێ بەردەوام نەبوو. سەرەنجام لە سەرەنی ڕێککەوتنی نهێنیی جووتە ئیمپریالیستیی ئینگلیز و فەڕەنسا، ئەم ناوچەیە بە فەڕەنسا بەخشرا. ساڵی ١٩٢٠ هێزی سەربازیی فەڕەنسا فەیسەڵیان کەلا خست. زۆرینەی ڕۆشنبیرانی سووریی سەری خۆیان هەڵگرت. سووریا

بوو بە کۆلۆنیی فەڕەنسا. جا تا ساڵی ١٩٤٦ و «سەربەخۆیی»، لەژێر چەپۆکی دڕی ئیمپریالیزمی فەڕەنسییدا دەیزریکاند.

تێگەشتن لە هەلومەرجی سیاسیی سووریا بەندە بە تێگەشتن لە ڕەهەندە فرەپەل و ئاوێتەکانی وەک: ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و بناژۆخوازیی ئیسلامیی و چەپۆکسالاریی سەربازیی و نیولیبرالیزمی عەرەبیی و دۆزی ئیسرائیل/فەلەستین. لێرەوەڕا پوختەی هەریەک لەم ڕەهەندانە پەنجەنما دەکەین.

## ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی

فەڕەنسا کاتێک سووریای وەرگەڕاندە سەر کۆلۆنیی خۆی. بە دەساوێژی جیاوازیی و ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، پەڕوپۆی بە دەسەڵاتگەریی خۆی دەدا. بۆ نموونە بەپێی دابەشبوونی ئاییننیی پۆلێنی ناوچەکانی ڕاستەوپاستە کرد، بەم پێودانگە بۆ عەلەوییەکان نزیکەی ١٢٪، درووزەکان٣٪ و دەسەڵاتی هەرێمیی جیاوازیان چێ کرد. (٧٤٪)ی زۆرینەسوونە و (نزیکەی ١٠٪)ی مەسیحیی یەکپارچەیی سووریایان گەرەک بوو. لێ ئەوێ دەمێ عەلەوییەکان فرەتر لادێنشین بوون، لە بێبەشترینی چینی کۆمەڵ بوون، سا زۆرینەیان لەو کێڵگانەی سووننەکان خاوەندارییان لێ دەکرد، پشکیان هەبوو، سەبارەت بە یەکپارچەیی وڵات، مێش میوانیان نەبوو. لەگەڵ پێکداپژانە سەرەتایی و پەرتوبڵاوەکان، پشتیان بە فەڕەنسییەکانەوە دا.

فەڕەنسا زۆرینەیانی خستە ڕیزی سوپا و دامەزراوە کارگێڕییەکان، ئەویش بەو ئامانجەی؛ گەر ڕۆژێک دەوڵەتی سووریا لەسەر بنەمای ئەم کەمینەیە ڕەنگڕێژ کرا، ئەوا بۆ هەمیشە پێویستیان بە پاڵپشتی فەڕەنسا دەبێت. (ئەمەش هەمان سیاسەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی بوو لە ئێراق، کاتێک کەمینەی سووننەی کردبووە فەرمانڕەوای سەر ڕاسەری شیعەکان)، کاتێک ساڵی ١٩٤٦ فەڕەنسا سووریای جێ هێشت، زۆینەی ئەفسەرانی سوپا و کارگێڕانی دەوڵەت عەلەویی و دروز کوردانی سوننە بوون. دەوڵەتانی پاش سەربەخۆیی سووریا، فرەتر عەلەویی بوون، گرنگترینیان ماڵباتی ئەسەد بوو. ئاشکرایە ئەم پرسە تا ئاستێکی باڵکێش زەمینەی بۆ تووڕەیی و نارەزایەتیی ئەو زۆرینە سوونییەی وا تانوپۆی ناسیۆنالیزمی سوننیان چنی بوو، خۆش کرد. مەسحییانی سووریی پێچەوانەی مەسیحییانی لوبنانی نزیک لە فەڕەنسا، هاوهەستی ئەم تووڕەییەیان بوون.

ساڵی ١٩٢٨ هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجام درا و ڕەشنووسێک بۆ دەستوور ئامادە کرا. فەڕەنسا پەرچی دایەوە و چەندین شۆڕش دژ بە فەڕەنسییەکان بەرپا کران. ساڵی ١٩٣٦ فەڕەنسا ملی بۆ سەربەخۆیی سووریا خەواند، لێ چەپۆکی سەربازیی خۆی بە سەر ڕاسەری سووریاوە هێشتەوە.

بابەتێکی تری گرنگ بڕیارێکی فەڕەنسا بوو لە ساڵی ١٩٣٩، ئەویش بەخشینی ئەسکەندەروونە بوو بە تورکیا، ئەمە ناوچەیەکی زۆر گرنگی کەناراوی دەریای ناوەڕاست و بەشێک لە ویلایەتی

حەڵـەب بـوو. ئەمـە لـە کاتێکـدا ڕێـژەی تورکـی ئـەو ناوچەیـە ١٠٪ بـوو، زۆرینـەی خەڵکـی وێنـدەر سـووریی بـوون. تورکیـا ناوەکـەی گـۆڕی بـۆ «هاتـای». لەدەسـتچوونی ئـەم ناوچـە گرنگـە، خرۆشـی ناسیۆنالیستیی سووریای وەک پێشەنگی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی، گڕ تێ بـەردا. پێشـتر زەمینـەی نەتەوەگەراییی لە سـەردەمی عوسـمانیی، بـە تایبـەت پـاش هاتنەسـەرکاری تورکـە لاوەکان لـە سـاڵی ١٩٠٨ و سـەپاندنی زمانـی تورکیی، خۆش بووبوو. سـا لەگـەڵ هەڕۆژانـی تاج و تەختـی فەیسـەڵ، بەگوڕتـر بـوو.

پـاش ڕووداوەکـەی ئەسـکەندەروونە، لاوە ناسیۆنالیسـتەکان تانوپـۆی هەڵڕەنگانـی پارتـی «بەعسـی عەرەبیی»ـیان چنـی. ئـەم پارتـە پاشـتر و سـاڵی ١٩٤٦ بـە فەڕمیی دامـەزرا. سـاڵی ١٩٥٢ لەگـەڵ «پارتـی سۆسیالیسـتی عەرەبیـی»، کـە سـاڵی ١٩٤٧ دامـەزرا بـوو، یەکـی گـرت. بـەم ڕەنگـە هەرچەنـدە سـووریا نزیکـەی ١٠٪ کـورد و نزیکـەی ٣٪ درووز بـوون، بـەڵام «کۆمـاری عەرەبیـی سـووریا» دامـەزرا، لـە دەسـتووردا دەسـەڵاتێکی تایبـەت بـە حزبی بەعس درا و بـە کردەیـی سـووریای وەرگەڕانـدە سـەر وڵاتێکـی تاکحزبیـی.

## دیکتاتۆریی سەربازیی و بناژۆخوازی ئیسلامیی

پـاش سـەربەخۆیی، ڕیزێـک دەوڵەتـی لـەرزۆک و کودەتـای پەیدەرپـەی چـێ بـوون. سـاڵی ١٩٥٨ چەندیـن بارگـۆڕان لـە ناوچەکـە ڕوویـان دا. گرنگترینیـان هەڵگێڕانـەوەی تەخـت و بەختـی سیسـتەمی

پاشـایەتیی ئێراق بـوو. پێـش ئەمـەش لـە میسـرٍ ئەفسـەرانی نەتەوەپەرەست بوون بە جێگرەوەی سیستەمی پاشایەتیی، جەمال عەبدولناسرٍ لـە سـۆنگەی خۆماڵیکردنـی کەناڵـی سوێسـەوە، بـووە گرنگترین کەسایەتیی عـەرەب. دەوڵەتـی تازەدامـەزراوی سووریا بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ ناسـرٍ «کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبیی»ـی پێـک هانی، ئـەم ڕێککەوتنـە ئەوەندۆچکەیـەک خێـری بۆ سـووریا نەدایەوە. ڕاسـتەوخۆ سـووریای کـردە ژێردەسـتەی میسـرٍ و بـە چەشـنێکی دیکتاتۆرانـە هەڵـی دەخولانـد. نەتەوەپەرەسـتە سـوورییەکانی وەک حزبی بەعس، کـە خۆیان لایەنگریی ئەم یەکێتییە بوون، ڕێچارەیەکی تـری پێشـنیار کـرد. سـاڵی ١٩٦١ پیڕێـک لـە ئەفسـەرانی سـووریی دەسـەڵاتی سیاسـییان خسـتە ژێـر چەپۆکـی خۆیـان و کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبییـان هەڵوەشـاندەوە. سـاڵی ١٩٦٣ ئەفسـەرە بەعسـییەکان کودەتایەکی تریان ڕێک خست. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی بەعس سـاڵی ١٩٦٦ کودەتایەکـی تـری لـێ کەوتـەوە. بەزینـی سـووریا لـە جەنگـی ١٩٦٧ـی لەگـەڵ ئیسـرائیل، ژینگـەی ناکۆکیی تری سـاچاند. سـاڵی ١٩٧٠ حافز ئەسـەدی وەزیری بەرگریی، لـە وای کودەتایەکی ناوخۆییـەوە، دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت.

هەڵکشـانی دەسـەڵاتی ئەسـەد، کۆتایی نائارامیی ڕژێم و سـەرەتای دیکتاتۆرییەتـی بێئەمـلاولا بـوو. هەرچەنـدە ئەویـش وەک زۆرینـەی ڕابەرانـی پـاش سـەربەخۆیی، عەلەویـی بـوو، بـەڵام ڕژێمێکـی سکۆلاری داسـەپاند. بەپێی یەکـەم دەسـتووری سـاڵی ١٩٣٠، گـەرەک بـوو سـەرکۆمار موسـڵمان بێـت، ئـەم دەسـتوورە چەندیـن جـار

دەستکاریی کرا. بەڵام ئەسەد ساڵی ١٩٧٣ ئەم مەرجەی دەستووری لا برد، جا پزیسکەی گرژیی ئیسلامگەراکان دژ بە ئەسەد تاوی سەند. تیرۆری بەردەوام و توندوتیژیی نێوان ئەم بزووتنەوانە و ڕژێم، ئاوی کردە ئاشی زەبروزەنگ لە کۆمەڵی سووریيدا. ئەمە کەڵەپشکۆی شەڕی ناوخۆی گەشاندەوە. ئیخوان موسلیمین پێشتر پێی لە جڤاکی زۆرینەسوونەی سووریا هەڵژەندبوو، لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئێران و هاتنەسەرتەختی ئیسلامگەراکان، چالاکییەکانی خۆی لەو شارانەی زۆرینە سوونەن، فرەتر کرد. لەگەڵ ڕێبەندکردنی چالاکییەکانی ئەم بزووتنەوە ئایینییە و هەڵهاتنی ڕابەرەکانی، سەرکوتکارییەکان خوێناوڵتر بوون. سوپا ساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵکوژییەکی تۆقێنەری لە خۆپیشاندەرانی ئیخوان موسلیمین لە حەمما کرد. هەمان ساڵ، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هێزانەی سووریا کە تا ئەودەمە لە لوبنان بوون، گێژی گێژاوەکەیان سەربەگێژتر کرد.

## «کرانەوە» نیولیبراڵیزمی عەرەبیی

لە سووریای پاش سەربەخۆییدا، لەبەر ئەوەی چینێکی سەرمایەدار خەتوخاڵی نەدابوو، بەڵکوو تەنێ بۆرژوای بازرگان و ژمارەیەک خاوەنپیشە ڕسکا بوون، سیاسەتی ئابووریی سەرەتا سەرپاک سەرمایەداریی دەوڵەت بوو، جا ئەویش بە بەرگێکی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانیی بە ناوی سیاسەتی «سۆسیالیستی».

لە دەیەی حەفتا و لە ژێر حوکمی ئەسەددا، کەمکەم بە پاڵپشتیی وڵاتانی عەرەبیی خەلیجی فارس، سیاسەتی دەروازەی کراوە لە ژێر ناونیشانی «کرانەوە» پەیڕەو کرا، ئەویش لە وێنەی بەرنامەکانی پاش ناسر لە میسر، ئەنوەر سادات ئەمەی جێبەجێ دەکرد. جا بە دەوروخولی ڕژێمدا چینێکی بۆرژوا فرچکی گرت. لەگەڵ هەڵایسانی جەنگی ئێران و ئێراق، سووریا پشتیوانیی ئێرانی کرد. سا وڵاتانی عەرەبیی لاتراسکەیان لە سووریا بەست. یارمەتییەکانی ئێرانیش، وەک؛ دابینکردنی نەوتی هەرزان و یارمەتی ئابووریی، سەرمایەی شیاویان بۆ گەشەی ئابووریی دابین نەدەکرد، ڕژێمی ئەسەد بە چەندین ڕێکاری وەک بەرهەمهێنان و هەناردەی ماددەی هۆشبەر، وڵاتی بەڕێوە دەبرد. ساڵی ١٩٩١ دەوڵەت سیاسەتی کرانەوەی نوێی جێبەجێ کرد، ڕاستییەکەی ئەمە نیولیبراڵیزمی عەرەبیی بوو، ئەم کارە پەرچەکردار بوو دژ بەو فشارانەی چینی بۆرژوای نەونەهاڵ لە ناوەوە دەیانخستە سەر دەوڵەت. ئەمانە پتر کوڕ و شازادەی پلەدارانی سەربازیی و دەوڵەت بوون، لە هەمان سەردەمدا سەرمایەداریی تایبەتیی دەستی سەرمایەداریی دەوڵەتیی شکاندەوە. وەک تێکڕای دەوڵەتانی تر، گەشەی خێرای چینی ناوینی نوێ، پێکهاتەی چینایەتیی جڤاکی سووریای هەڵەوژوور کردەوە، بۆ نموونە؛ ئەم پێڤاژۆیە خەرەندی چینایەتیی نێوان سەرمایەداران و چینی ناوینی نوێ و چینی کرێکار و جووتیارانی پانوپۆڕتر کرد.

پاش مەرگی ئەسەد لە ساڵی ٢٠٠٠، بەشار ئەسەد دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو نە کەڵکەڵە و نە توانای ڕێبەرێتیی سیاسیی

هەبوو، سیاسەتی نیولیبراڵیی بەردەوام بوون و ئەو چاکسازییانەی سەرەتا بانگەشەیان بۆ دەکرا، بەئاکام نەگەیشتن. کۆشش بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمریکا لە دەمەدەمی جەنگی «دژەتیرۆر» و هاوکاریی سووریا لە بەرنامەی لێپێچینەوە و ئەشکەنجەی زیندانیانی ئیسلامگەرا، گۆڕانکارییەکی وای نەهێنایە گۆڕێ. لەگەڵ پزیسکە و گرپەی «بەهار عەرەبیی» و سەرکوتی تۆقێنەری ڕابوونی ئاشتییانەی خەڵک، تەنگەژە ڕامیاریی و ئابوورییەکان بۆ چڵەپۆپە هەڵکشان. پتر لە دەساڵ شەڕی ناوخۆ و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا، سووریایان شڕ کرد. هەژاریی و چەرمەسەریی نەپساوە هەراسیان لەبەر هەڵگرت، ئەمە پشکۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی بەگوڕی خەڵکی دەگەشاندەوە.

## پێهەڵژەنین لە کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین

هەر لە سەرەتاوە سووریا لە وڵاتانی عەرەبیی دراوسێی ئیسرائیل پتر دەرگیریی کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین بوو. لە بەرەتای جەنگی عەرەب-ئیسرائیل (١٩٤٧-١٩٤٩) سووریا چەندین ناوچەی گرنگی کەناراوی ڕووباری تەبەریی و ڕووباری ئوردنی لەدەست دا.

ساڵی ١٩٦٧یش بەرزاییەکانی جۆلانی دۆڕاند. کاتێک ئیسرائیل ساڵی ١٩٨١ بە پاڵپشتیی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی جۆلانی پاوان کرد، چ لەبەر بەرزاییە هەزارمەترییە

ستراتیژییەکەی و چ لە ڕووی ئابوورییەکەی، گورزێکی کەمەرشکێنی لە سووریا دا. ئەم ناوچەیە لە ڕووی کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارییەوە فرە دەوڵەمەندە و سەرچاوە ئاوییەکانی، کە پێشبینیی دەکرێت نزیکەی سێهەزار لیتر بێت لە چرکەیەکدا، گرنگییەکی باڵکێشیان هەیە. ئیسرائیڵ پاش داگیرکردنی بەرزاییەکان، ١٧٠ هەزار گوندنشینی سووریایی دەرپەڕاند و تەنیا ڕێی بە ١٥ هەزار درووز دا تا لەوێ بمێننەوە. هاوکات لە سۆنگەی دەستبەسەراگرتنی زەوییە بەپیتەکانەوە، دەستی کرد بە ڕۆنانی شاری یەهوودینشین، جا ژمارەیەکی زۆری یەهوودیی بۆ وێندەر گواستەوە، ساڵی ١٩٧٣ لە جەنگی ڕۆژی کیپۆر، سووریا توانی بەشێک لەم ناوچەیە چنگ بخاتەوە و وەک ناوچەی ئارام ناودێر کرا. هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێ جێگیر کرا. بەم دواییانە و لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، ئیسرائیڵ دیسانەوە داگیری کردەوە.

سووریای ژێر چنگی ئەسەد، لە وێنەی وڵاتە عەرەبییە دژبەرەکانی ئیسرائیل، بە گشتیی کێشەی فەڵەستینی بۆ پێشخستنی سیاسەتەکانی خۆی بە پاساو دەگرت، سا کێشەی ڕزگاریی فەڵەستین لای سووریا هەر پرس نەبوو. بۆ نموونە هەنگێ ساڵی ١٩٧٠ مەلیک حسێن فەڵەستینییەکانی لە ئوردن کۆمەڵکوژ کرد، 'سەلاح جەدید'ی ڕابەری باڵی چەپی پارتی بەعس و کەسی یەکەمی وڵات بوو، داوای لە حافز ئەسەد کرد تا ئەو فەڵەستینیانەی وا بەرەو سووریا هەڵدەهاتن، بپارێزێت، حافز ئەسەد ئەودەمە هێزە ئاسمانییەکانی لە ژێر دەست بوو، بەڵام

ئەو دیشکەمی لەم داوایە کرد. (پاش ئەمەش حافز ئەسەد بەهۆی ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکانییەوە، لە سۆنگەی کودەتایەکی ناوخۆییەوە، دەوڵەتی سەرەوژێر کردەوە و سەلاح جەدیدی لە زیندان پەستاوت. پاش ٢٣ ساڵ لە زیندانیدا مرد.) حافز ئەسەد تەنانەت بۆ دژبەرێتیی و لاوازکردنی ڕێکخراوی فەتح، گرووپێکی فەڵەستینی بە ناوی «الصاعقە» دامەزراند. کاتێکیش پێی لە گێژاوی ناوخۆیی لوبنان هەڵژەند، دژ بە هاوپەیمانیی چەپ و فەڵەستینییەکان و لە ڕێی پشتگیریی ڕاستڕەوە مارۆنییەکانەوە[i]، خۆی تکاندە نێو جەنگەکە. کەڵکەڵەی ئەوەی لە سەر دەگەڕا بەم ڕەنگە ئەمریکا و ئیسرائیڵ ناچار بکات تا بەرزاییەکانی جۆلانی پێ بدەنەوە. سووریا لە سەردەمی هەردوو ئەسەدەکە و تەنانەت پاش پێکداپژانەکانی ساڵی ڕابردووی حەماس و ئیسرائیلیش، ڕێزەڵەیەکیش پشتی فەڵەستینییەکانی نەگرت، لێ پێکدادانی یەکبینی لەگەڵ ئیسرائیڵ و هەڵکشانی باڵکێشی تێچووی بەرگریی، بە واتای دوورکەوتنەوە بوو لە ئەگەری ئارامبوونەوەی هەلومەرجی خەڵکی سووریا.

---

i–پێڕێکی نەتەوەیی–ئایینیی مەسیحیین و یەک لە سەر چواری لوبنان پێک دێنن، ناوی خۆیان لە سەن مارۆنیی مەسیحیی–ئاشوورییەوە وەر گرتووە. و. ک

## پێشاژۆی هەرۆژانێکی بەپرتاو

ئاماژەمان بۆ ڕیزێک لەو هۆکارانە کرد وا لە پێشاژۆیەکی دووردرێژدا نەختەنەختە ڕژێمی ئەسەدی لە خەڵکی سووریا دوور خستەوە. جا لە ناوەوە خرۆماندی و لە ڕەوایەتیی داماڵی، ڕژێمی بەشار ئەسەد تا پتر لە خەڵک دوور دەکەوتەوە، ناچار دەما زیاتر باوەش بە جووتە هاوپەیمانیی ڕووسیا و ئێراندا بکات. ئەم دوو هاوپەیمانەشی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆیان، سوودیان لە سووریا دەدیت. ڕووسیا لە دەمەدەمی سۆڤێتی پێشووەوە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سووریا هەیە. ئەوە ڕووسیا بوو ساڵی ٢٠١٥ بە دەساوێژی هێزی سەربازیی و هەماهەنگیی ئێران، بەشار ئەسەدی لە سەر تەخت هێشتەوە. سووریا گرنگییەکی ستراتیژیی بۆ ڕووسیا هەیە. بۆ نموونە کاتێک بنکە دەریاییەکانی سۆڤێت لە میسر نەمان، سووریا تاکە بژاردەی گەلەکەشتییەکانی سۆڤێتی پێشوو و ڕووسیای دواتر بوو لە دەریای ناوەڕاست. هاوپەیمانێکی تری سووریا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، هەر لە سەرەتاوە، چ لە لایەنی ئایینیی و چ لە لایەنی ستراتیژیی، لەبەر لوبنان و حیزبوڵا، لە سووریا نزیک بوو. جا پاڵپشتییەکی پانوپۆڕی سەربازیی و ئابووریی پێشکەشی سووریا دەکرد.

ڕووداوە دەرەپێشبینییەکانی ناوچەکە و ئەو هەرێمانە، تەنێ ئەم دوو هاوپەیمانە پێکۆڵەی سووریای ڕووبەڕووی ئاڵانگاری کردەوە. هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و ڕووبەڕوونەوەی ناتۆ، هاوڕێ لەگەڵ گەمارۆ فراوانەکان، توانای ئابووریی و سەربازیی ڕووسیایان

داچەکاند. جا ناچار یارمەتیی و ئامادەیی سەربازیی لە سووریا داکشاند. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش پاش هێرشی تیرۆریستیی حەوتی ئۆکتۆبەر و کاردانەوە و کۆمەڵکوژییە وێرانکەرەکانی ئیسرائیڵ و پێکدادانی نوێی ئیسرائیل لەگەڵ حیزبوڵا و کاریگەرییە فراوانەکانی، هەروەتر جەنگیی هاژەکیی ئێران و ئیسرائیل پاش تیرۆرەکانی ئیسرائیڵ، تەڵەزگەی فرەتری بۆ سازا، بەردەوامیی گەمارۆکان و تێکچڕژانی گێژاوە ناوخۆییەکان ئەگەری یارمەتیی بەرچاویان بۆ سووریا سنوورکێش کرد. لەگەڵ داکشانی یارمەتییە دەرەکییەکان، ڕژێمی ئەسەد تەنیاباڵ برِستی پاراستنی دەسەڵاتی لێ برِا.

هێزە دژبەرەکانی ئەسەد کەمکەم بەشێکی گرنگی وڵاتەکەیان خستە ژێر جڵەوی خۆیان. لە سۆنگەی تێگەیشتن لە لاوازیی ڕژێمی ئەسەد، پێیان بۆ پێشڕەویی لێ هەڵکوتا، چاوخشاندن بە ڕاپۆرت و نووسراوە باوەڕپێکراوەکانی ئەم بەستێنە، کەوتنێکی پلەڕیز دەنوێننەوە. «بەرەی ئازادیی شام» باسکی بەرماوە و پریشکی قاعیدەیە و بە یەککگرتن لەگەڵ پێڕە بناژۆخوازە ئیسلامییەکانی تر، لە ٢٧ـی نۆڤەمبەر ملی پێشڕەوییان پێوە نا. بەرەیەکی تر «سوپای نیشتمانیی سووریا»ـیە، ڕاستییەکەی ئەمە دەستکێشی دەوڵەتی تورکیایە، سەراپا ئاوێتەیەکە لە زیندانیانی ئیسلامگەرا، جا بە مەرجی بەشداریی لە هێرشە سەربازییەکانی سووریا، لە زیندانەکانی تورکیا ئازاد کراون. تورکیا مەشق و ڕاهێنانی پێ کردوون و تا پەڕەکەی گوێ لە چەکی هەڵکێشاون. برێک ناوچەشیان وا لە ژێر چەپۆک. تورکیا بەدەر لە ناکۆکییە مێژووییەکانی لەگەڵ سووریا، هەست

دەکات ڕووبەڕووی دوو ئالانگاریی گەورە بووەتەوە: نزیکەی سێ ملیۆن ئاوارەی سووریی لە تورکیا و هەرێمی خۆسەریی کوردەکان لە بەشێکی گرنگی باکووری سووریا و سنووری تورکیا. مسۆگەر گڵۆپی سەوزی بۆ هەردوو بزووتنەوە بناژۆخوازەکە هەڵکردووە، یەکەمیان بووکەڵەی خۆیەتی و ئەوی تریش پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا هەیە. بەرەی سێیەم لەم دوانە جیاوازە، «هێزەکانی سووریای دیموکرات»، ئاوێتەیەکە لەو هێزە کوردییانەی وا بە شێوەی خۆبەڕێوەبەریی و هەرەوەزیی «ڕۆژئاوا» بەڕێوە دەبەن. باسکە سەربازییەکانی، بۆ نموونە باسکی ژنان، پاڵەوانانە دژ بە داعش جەنگان. پاڵپشتیی و ئامادەیی هێزەکانی ئەمریکا لەم هەرێمە کۆسپی سەرەڕێی هاشاوڵی سوپای سووریا و تورکیا بووە بۆ سەریان. ئەم بەرەیە دواتر چەند ناوچەیەکی لە باشووری ناوچەکانی خۆی، لە دێرەزوور و بەشی ڕۆژئاوای، هەروەتر ئەوبەری ڕووباری فووڕات، خستە بن جڵەوی خۆی.

یەکەمین پەرچەکرداری ڕژێمی ئەسەد ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی بوو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن. دەمودەست ڕووسەکانیش لووتیان لە گۆڕەپانەکە هەڵژەند و ڕیزاوڕیز بنکەیان بۆ بۆمباران دەکردن. لەگەڵ پزیسکەی پێکداهەڵپژانەکان لە باشووری سووریا و ناوچەی درعای ناوەندی سەرهەڵدانی خۆنیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١١ و دەستپێکی شەڕی ناوخۆ لە نزیکی سنوورەکانی ئوردن، دژبەرانی سەربەخۆ لە هەردوو بەرەی بناژۆخواز و بەرەکانی تریش، ڕووبەڕووی سوپای سووریا بوونەوە و دەستیان بە سەر

ناوچەکەدا گرت. شانەوشانی بەردەوامیی پێکدادانەکان، سەربازانی سووریا لە سەرجەم بەرەکان ئەنگێزەیەکی گەرمیان بۆ شەڕ نەبوو، ئەمەش بەهۆی نارەزایی لە گوزەرانیان، بڕیاری بەپەلەی ڕژێمی ئەسەدییش بۆ زیادکردنی مووچەکانیان شتێکی وای لە بابەتەکە نەگۆڕی. تەنانەت دەستەیەک بە خۆیان و چەکەکانیانەوە خۆیان ئامدیوی ئێراق کرد و ڕادەست بوون. سا پێشڕەویی ئۆپۆزسیۆن بەبێ بەربەست بەردەوام بوو، سەرەنجام دەستیان بە سەر زۆر شاری سووریادا گرت.

ئەم پێشاژۆیە سەرەولێژبوونەوەیەک نیشان دەدات، ئەویش کەوتنی ڕژێمی ئەسەدە لە یانزە ڕۆژدا، ئەمەش پێچەوانەی زۆرینەی بانگەشەکان بوو گوایە پیلانگێڕییەکی نەخشەکێشکراوی هێزە دەرەکییەکانە. کاتێک ئەسەد «هاواری خەڵک!» دەبیستێت و تێ دەگات سوپا ناجەنگێت و هاوپەیمانەکانیشی ناتوانن بیپارێزن، پەیامی دەستکێشانەوە دەدات، ڕووسەکانیش هەر بەم بەرەنجامە دەگەن. لەم نێوەندەدا کەس نازانێت کێ و چۆن پەیوەندیی بە ڕایەدارانی بەرەی ئازادیی شامەوە دەکات و پێیان دەڵێت؛ ئەسەد دەڕوات و هێرش و کاولکاریی پایتەخت و دامەزراوەکانی حکومەت پێویست نییە. ڕووسەکان ئەسەد و بنەماڵەکەی دەرباز دەکەن، سەروەزیرانی ڕژێمی ئەسەد بۆ ڕێککەوتن و واژی گواستنەوەیەکی نەرمی دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆن، دەمێنێتەوە. ئەزموونی تۆقینەری ئێراق و سیاسەتی «بەعستارێن»[i] کە داگیرکەرانی ئەمریکیی لەو

i-تاراندن و ڕاماڵینی ئایدۆلۆژیای بەعسیزم

وڵاتە پیادەیان دەکرد. بووە شاهۆکاری ڕسکانی داعش، تێکشکانی دەسەڵات سەرەولێژبوونەوەی حکومەتەکان و دامەزراوە دەوڵەتیی و تایبەتییانی لەگەڵ خۆی هانی، جا هەردوولایان ناچاری ئەم سازشە کرد. ئەحمەد شەرعیی ڕابەری ئۆپۆزسیۆن و ناسراو بە جۆلانیی، فێڵبازانە و بە دیموکراتیییەکی کلێشەیی بەڵێنی «هەموومان پێکەوە» و ڕێزگرتن لە مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و مافی پۆشینی ئازادانەی جل بۆ ژنان، هەروەتر ڕێزگرتن لە مافی خاوەندارێتیی و ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا، هاتە گۆڕەپانەکە، جا ڕایگەیاند ڕووسەکانیش دەتوانن بنکەی ئاسمانیی حمیمین و بنکەی دەریایی تەرتووس بەکار بهێنن.

گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناویین بەم بەڵێنانەی کاتی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی فرە ئاشنان. ئێستاش هاوڕێ لەگەڵ بانگەشەکانی ڕابەری نوێ و ڕەنگدانەوەی لە چاپەمەنیی ڕۆژئاواییدا؛ گوایە ئەم بزووتنەوە بناژۆخوازە نەرم بووەتەوە، هەندێک تۆڕی کۆمەڵایەتیی گرتەی تۆقێنەری کوشتار و هەڵواسینی سەر شەقامەکان بڵاو دەکەنەوە. مسۆگەر کەوتنی ڕژێمی ئەسەد ساتەوەختێکی گرنگی مێژووی سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. تەنانەت ڕەنگ و ڕەوتی گواستنەوەی دەسەڵاتیش بێوێنەیە. خرۆشی زۆرینەی خەڵکی سووریاش لە سۆنگەی دەربازبوون لە دیکتاتۆرییەتی دڕندە و بێبەزەیی و سەرکوتی ئازادیی سیاسیی و دیموکراسیی، سەرپاک مایەی تێگەیشتنە.

لێ مژاری گرنگ و ئاڵۆز ئەو چەشنە پەرگاڵە ڕامیارییەیە وا بە کردەوە نەک قسەی سەر زاران، دەبێتە جێگرەوەی دیکتاتۆرییەتیی تاکەکەسیی، بەڵام ڕاستینەی خەمهێن ئەوەیە شابازووی ئەم ڕژێمە تازەیە بناژۆخوازە ئیسلامگەراکان دەیڕەنگێنن. جا لەگەڵ پاوەجێبوونی حکومەتەکەیان، سیاسەتەکانیان بە پارسەنگی باوەڕی ئایینیی بناژۆخوازانە دەکێشن و پەیڕەو دەکەن. هێزی سکۆلار و پێشکەوتنخوازی سووریا بەهۆی دەیان ساڵ سەرکوت و کوشتار و دەرپەڕاندن، فرە سست و پەرشوبڵاوە. جڤاکی سووریی ڕووبەڕووی زۆر ئاریشەی ناوخۆیی و دەرەکیی بووەتەوە. ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەکان باڵکێشن. ئابووریی پشتی شکاوە و لەگەڵ گەڕانەوەی ملیۆنان ئاوارە بۆ وڵات، تەنگوچەڵەمەکان هەڵدەکشێن.

پاڵەپەستۆ و ترسەکانی دەرەوەش کەموزۆر بەردەوام دەبن. ئیسرائیڵ درێژە بە فراوانخوازییەکانی خۆی دەدات. هەنووکەش بێشەرمانە هەلەکە دەقۆزێتەوە و بە ناوی پاراستنی ئاساییشی خۆیەوە، ناوچەی ئارامی لە بەرزاییەکانی جۆلان داگیر کردووەتەوە. بەمزووانە دەبینە گۆڤانی دەرپەڕاندنی گەلانی چەشناوچەشنی ئەم ناوچەیە. لەوەش شەرمەزارکەرتر دەستەپاچەیی ١١٠٠ هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناوچەی ئارامە، هاوکات ئیسرائیڵ دەستی کردووە بە بۆمبارانێکی بێئامان و وێرانکردنی بنکە دەریایی و سەربازییەکانی سووریا و هێزوپێزی بەرگریی ئەم وڵاتە کەرتوپەت دەکات. لە گاڵتەجاڕییەکی سیاسییدا ئەمریکا چاوەڕێیە

بزانێت داخۆ ئەم ڕابەرە تازەپیاکەوتووەی پێشتر خەڵاتی دە ملیۆن دۆلاری بۆ سەری دادەنا، دەبێتە ڕابەرێکی «باش» و گوێلەمست یان نا. بەم ڕەنگە بە شێوەیەکی دەرەباوەڕ سووریا بانگهێشتی کۆڕی یارانی «پەیمانی ئیبراهیم» دەکرێت، جا بە هەڵڕژانی پارە و سەرمایەی سعوودییە و ئیمارات و قەتەر و دەستپێکی کرانەوەی عەرەبیی-ئەمریکیی، دەبێتە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، لێ گەر ئەم خواستە وەدی نەیەت و سووریا تەرێز لە ئەمریکا بگرێت، ئەوا بە دەساوێژی گەمارۆی هەناوتەکێن و گەر پێویستیش بکات هێرشی سەربازیی، خاک و خوێنی وڵاتەکە ئاوێتەی یەکتر دەکات. ڕووسیاش چارەنووسی ڕوونە و ئامادەی هەموو سازش و دانوستانێکە لەگەڵ رژێمی ئەسەد، تا بنکەکانی خۆی بپارێزێت و چەکی پێ بفرۆشیت. جا ئەمە بەدەر لەوەی ئەم ڕژێمە چ شێوە و کرۆکێکی سیاسیی دەپۆشێت. چینیش بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی دەوڵەتی نوێی سووریا چی دەکات، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی گەشەی بیستوچەندساڵە ڕادەگەیەنێت. لەم نێوەندەدا چارەنووسی کۆماری ئیسلامیی لە هەمووان تەمومژاویتر دەبێت. پاش ئیسرائیل تورکیا براوەی سەرەکیی ڕووداوەکانی ئەم دواییەیە. گرووپە دەستکێشەکانی لە هەلێک دەگەڕێن تا لەگەڵ کشانەوەی ٩٠٠ سەربازی ئەمریکایی هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ژێر جڵەوی هێزەکانی سووریای دیموکرات. ئێستاش دەستیان پێ کردووە و چەند ناوچەیەکیان لە دەست ئەم هێزانە ڕاپسکاندووە. بەڵام سەیر ئەوەیە کاتێک هێزە کوردییەکان بۆ

خۆپارێزیی لە هێرشی بەکرێگیراوانی تورکیا ئاودیوی ڕووباری فورات بوون، فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا دەمودەست داوای لێ کردن لەوێندەر بکشێنەوە، ئەگەرنا هێزەکانی ئەمریکا دەستبەرداری پاراستنی کوردان دەبن.

واقعی تاڵی سیاسیی ئەوەیە؛ لەگەڵ بڕانەوەی پتر لە نیوسەدە دیکتاتۆرییەتی بنەماڵەی ئەسەد، کەچی هێشتا سووریا یەخەگیریی ڕیزێک ئاڵانگاریی پێچەڵپێچە. تایەفەگەریی ئایینیی زۆرینەی تازەپیاکەوتووی سوونەی دژبەری عەلەویی و ئارتەدۆکسیی یۆنانیی و ئەرمەنیی و ئیسماعیلیی و درووز، هەروەتر نەتەوەپەرەستیی زۆرینەی عەرەب دژ بە کورد و تورکمان و ئاشووریی و چەرکەس، هێشتانەکێش شاکۆسپی سەر ڕاستەڕێی دیموکراسییە لە سووریا.

واقعێکی تریش، ئامادەیی بناژۆخوازە ئیسلامییەکانە لە نێو دەوڵەتدا. وەرگرتنەوەی بەرزاییەکانی جۆلان، ڕووداوێکی سادە نییە، چونکە نەک تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئابوورییشەوە گرنگییەکی باڵکێشی بۆ سووریا هەیە. پێکدادانی بەردەوام لەگەڵ ئیسرائیل، بە تایبەت لەگەڵ دەسەڵاتی زیاتری ڕاستڕەوە ئایینییەکان لەو وڵاتەدا، بەتاوتر دەبێت. دەستێوەردانی تورکیا و هەوڵدان بۆ لاوازکردن و گورزوەشاندن لە کوردان، شاکۆسپیکی تری سەر ڕاستەڕێی دیموکراسییە لە سووریا. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە شێوەیەکی چەشناوچەشن بەردەوامیی بە دەستێوەردانەکانی خۆی لە سووریا دەدات.

سووریاش وەک وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بە دەوڵەتێکی سکۆلار و دیموکرات و فیدراڵ و پێشکەوتووخوازە. جا لەگەڵ سەرپاکی ڕەشبینییەکانی ئەم نووسینە، گەر ئۆپۆزسیۆنە سکۆلارەکانی دژبەری ئەسەد لەم قۆناغە و پێش داکوتانی ڕەگی ڕژێمی نوێ، بە یەکگرتوویی بجووڵێنەوە، ڕەنگە بتوانن دەسەڵاتی ئێستا ناچار بکەن تا پێبەستی ئەو بەڵێنانە بن وا ئەم ڕۆژانە ڕابەرەکەیان بانگەشەی بۆ دەکات.

## سەرچاوە:

سوریە: از دیکتاتوریهای سکولار تا پوپولیسم اسلامگرا / سعید رهنما، نقد اقتصاد سیاسی

★★★



# جـــەنگ وەک چارەنووسی مرۆڤ

شارا تاهیر

''سیستمی سەرمایەداریی لە ئەورووپا خۆی لە خۆیدا مێژووی نەتەوەبوونی قەومەکان و هاتنەئارای دەوڵەت-نەتەوەیە.''

**عەبدوڵا ئۆجالان**

لە دەستپێکی سیمینارێکی تریدا کە لە بەرواری چواری شوباتی ساڵی (١٩٧٦) ڕێک خراوە، فۆکۆ وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو دەداتەوە و دیارە پاش سیمیناری یەکەمی ئاڕاستەی کراوە، تا ڕادەیەکیش پرسیارەکە ڕەخنەئامێزە، ئەویش چۆن فۆکۆ مێژووی ڕاسیزم دەباتەوە بۆ سەدەی شانزە و حەڤدە، هەر لەوێشدا دەیبەستێتەوە بە پرسی دەوڵەت و سەروەرییەوە؟ لە کاتێکدا ئاشکرایە مێژووی ڕاسیزمی ئایینیی و بە تایبەت ڕاسیزمی دژەسێمیتیزم، درێژترە و بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیش، فۆکۆ بە وردیی باسی ئەوە دەکات ئەو بە هیچ چەشنێک هەوڵی دیاریکردنی مێژووی ڕاسیزمی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو نەداوە، بەڵکوو قسەکانی زیاتر ڕوونکردنەوەی هەندێ ڕەهەندی ڕەخنەیی، مێژوویی و ڕاڤە سیاسییەکانی چەمکی دەوڵەتە لە خۆرئاوا: دەوڵەت وەک دامەزراوە و میکانیزمەکانی هێز. بە ڕای فۆکۆ خودی ئەم ڕاڤە و شیکارانە سرووشتێکی دیالێکتکییان هەیە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناویاندا بە شێوەیەکی هەرەمیی و هیرارکیی درووست نەبوون، وەک چۆن ئەمانە بۆ خۆیان زادەی بونیادێکی

یەکانگیـر و تۆکمـە نیـن. بەڵکووو خـودی پەیوەندییـەکان لـە سـەر بنەمـای دوو گـروپ دروسـت بـوون، گـەر بـە وردیـی لێیـان بکۆڵینەوە، ئـەوا بۆمـان دەردەکەوێت لەگـەڵ یەکتـر جیاواز نیـن، لێ هـاوکات لـە نـاو ئـەم گرووپانـەدا ناکۆکیی و گرفتـی تـەواو بەرچـاو هـەن. ئـەوەی لـە شـیکارییەکەی فۆکـۆدا گرنگـە، ئەوەیـە خـودی ئـەو سرووشـتە گرفتئامێزەی لـە نێـوان دوو گروپەکـەدا وا لـە گـۆڕێ، هـەر ئەوەیـش دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکان و خـودی دروسـتبوونی دەوڵەتیـش، ڕاسـتییەکەی ئەمـە خـۆی جەنگـە گـەورە و ڕاسـتەقینەکەیە، ئـەو جەنگـەی بەشـێکە لـە جەنگـە بەردەوامەکـە.

فۆکـۆ سـەبارەت بـە دەوڵـەت دەڵێت: (دەوڵـەت هیچ نییە جگە لە جەنگی نێـوان دوو گرووپەکـە، ئـەو جەنگـەی تەنانـەت لـە کاتـی سـەقامگیریی و ئاساییشـدا بـە شـێوەیەکی ئاشـتیی بەردەوامـە...) پرسـیارە جەوهەرییەکـە لێـرەدا بـۆ ئێمـە و فۆکۆیـش دەبێـت هـەر ئـەوە بێـت کـە چـۆن چەمکـی دەوڵـەت بـە شـۆڕش و هیـوا و ئاواتەکانـی شـۆڕشـەوە گـرێ بدەیـن، واتـە سیاسـەتی شـۆڕش و یاخیبوون[i]؟ یاخیبوون وەک دیوەکەی تری شـەڕە ئەزەلیەکەی مرۆڤ دژی چەوسانەوە و ستەمکاریی. چونکە بە ڕای فۆکۆ هـەر کات باسـی پەیوەندیی هێـز و دەسـەڵات دەکەیـن، ئـەوا بمانەوێت یان نـا، دەچینـەوە سـەر پرسـی مـاف، سـەرەوەریی، بـۆ ئـەوەی قسـەش لـە سـەر ئەمانـە بکەیـن، پێویسـتە باسـی سـتەمکاریی و چەوسـانەوە بکەیـن.

i – هەڵبـەت لێرەدا فۆکو جەخـت لـە سـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە ئـەو باسـی کێشـەی ڕاسـیزم و کێشـەی ئایینیی نەکردووە، بـە تایبـەت پرسـی ئەنتی سـێمیتیزم، بـەو مانایـەی خوی ئـەم کێشـانە لـە سـەدەی نۆزدەوە سـەریان هەڵدا... ئـەو کاتـەی دەوڵـەت ئەرکـی سـەرەکی پاراسـتنی کەیـان و بـوون، بێگەردیی ڕەگـەزی خـۆی بـوو دژی ئـەو ڕەگەزانـەی تر کـە دەبوونـە هەڕەشـە.

## فۆکۆ باسی تێزەکانی هۆبز لەمەڕ هێز و جەنگ دەکات.

بەو واتایەی هۆبز زۆر ڕادیکاڵانە قسە لە سەر جەنگی درێژخایەن و بەردەوامی پیاو لەگەڵ پیاو دەکات. ئەو جەنگەی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەت لە سپێدەی ڕۆژێکدا، ئەو ڕۆژە خۆی هەم هەقیقەتە و هەم خەیاڵ، بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەیە وا لیڤیتیانەکەی هۆبزی تێدا لەدایک دەبێت. لێ بە ڕای هۆبز ئەو کاتەیش وا دەوڵەت دێتە ئارا، ئاسایش بەرقەرارە، بەڵام هەمیشە هەڕەشە و کەڵکەڵەی جەنگێک لە سنوورەکانیدا هەیە. فۆکۆ ئاماژە بە نموونەکانی هۆبز سەبارەت بە بەردەوامیی جەنگ دەکات، کە ئەمانەن:

یەکەم: تەنانەت لە دەوڵەتی شارستانییدا، کاتێک پیاوێک دەڕوات بۆ سەفەر، ئەوا دەرگاکانی کلۆم دەدات و باش دایدەخات، چونکە باش دەزانێت دزەکان لە جەنگێکی هەمیشەیدان لەگەڵ ئەوانەی دزییان لێ دەکەن.

دووەم: لە جەنگەڵەکانی ئەمریکا تا ئێستایش کۆمەڵە خەڵک و گرووپێک هەن دژی یەکتری و لەگەڵ یەکتری شەڕ دەکەن.

سێیەم: ئەم نموونەیەی بەم پرسیارە دەست پێ دەکات: ئەی داخۆ پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان چییە؟

لە دەوڵەتانی ئەورووپاییش، مەگەر هەر وا نییە، کۆمەڵەپیاوێک، لوولەی تفەنگەکانیان بەرانبەر یەکتر داناوە و چاویان بڕیوەتە یەکتر.

پاش باسکردنی ئەم نموونانە، فۆکۆ دەپرسێت، ئەگەر تەنانەت لە

دۆخـی ئاسـایش و ئاشتیشـدا هەمیشـە کەڵکەڵـە و هەڕەشـەی جەنگێک بەڕێوە بێت و بە گوێماندا بچرپێنرێت! ئەی مەگەر ئەمە بۆ خۆی مانای ئەوە نییە دەوڵەت لە دوای دروستبوونیشی لە ڕووی تیۆرییەوە هەمیشـە مەحکومـە بـە کۆتاییهێنـان و لەدەسـتچوون؟ هەمدیس ئـەو جەنگە کامایـە وا دەوڵـەت دەباتـەوە بۆ پێش مێژوو، دەیباتـەوە بەرەو بەربەرییـەت، دەیخاتـەوە سـەر سنوورەکانی ئەفسـانە؟ ئـەی خـودی ئـەم جەنگە چۆن ڕێ بـە دروسـتبوونی دەوڵـەت دەدات؟

بۆ ئێمـەی کـورد ئـەم پرسـیارەی سـێیەم گرنگـە، بـە تایبـەت ئێسـتا جەنگێکی ئاڵۆز لـە ناوچەکـە بەرپا بـووە، هەمـوو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێـن؛ دەرئەنجامـی ئـەم جەنگـە هاوسـەنگیی و هارمۆنیـی هێـز جارێکـی تـر لـە ناوچەکـەدا ڕێـک دەخاتەوە. یاخود قسەوباسـی ئەوەی لـە سیسـتمی نوێـی جیهانییـدا کـورد پشـکی شـێری دەبێـت، چونکـە خـودی ڕاگواسـتنەکە بـەرەو ئـەو سیسـتمە نوێیـە بەبـێ تێپەڕبـوون بـە نـاو کوردا وەک هێزێکی باوەڕپێکراو دانپیانـراو نابێت، هـەر بۆیـە پرسـیاری جەوهەریـی ئەوەیـە داخـۆ ئـەم جەنگـە هـەل و ئەگـەری دروسـتبوونی دەوڵەتـی کوردی لەگـەڵ خۆی هێناوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ فۆکۆ و هۆبز بـەردەوام دەبین، لە هەر شوێنیکیشـدا پێویسـتمان بـە ئاپۆ بێت، ئامـاژەی پـێ دەدەیـن. چونکـە بـە ڕای ئاپۆ پلانـی کـورد پێویسـتە ئـەوە بێت دەسـتی لـە دەوڵـەت گیر بێت، هێندە فـراوان بیر بکاتـەوە چۆن بتوانێت ببێتـە دەوڵـەت، پرسـیار لـە خۆی بـکات کـە چـۆن بەدەسـتی بێنێـت؟ دیـارە لەگـەڵ ئـەم ئاماژەیشـدا مـن بەئـاگام لـەوەی ئـەم قسـانەی ئاپـۆ لـە قۆناغـی پیـش ئیمڕاڵیـی

و سـاڵی (١٩٩٦) گوتـراوە، ئـەودەم بـاوەڕی تـەواوی بـە دەوڵـەت-نەتەوەیـە وەک تاکـە چارەسـەر بـۆ کیشـەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. دواتـر لـە ئیمرالیـی شـیکار و تێزەکانـی سـەبارەت بـە چەمکی دەوڵەت-نەتـەوە دەگۆڕێت بۆ (کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک-نەتـەوەی دیموکراتیـک ) وەک چارەسـەر و ئەڵتەرناتیـڤ نـەک هـەر بۆ کورد بە تەنها، بەڵکووو بۆ هەمـوو ناوچەکە، لە بەشێکی تردا دێمـەوە سـەر ئـەم باسـە، بەڵام با لێرەدا بگەڕێینـەوە سـەر فۆکۆ و ڕاڤەکانـی لەمـەڕ هۆبـز سـەبارەت بـە دۆخـی جەنـگ.

فۆکۆ لـە درێژەی باسـەکەیدا دەڵێت؛ کەواتـە با بزانین ئـەو جەنگە کامەیـە وا دەکەوێتـە بـەر لـە دروسـتبوونی دەوڵـەت و دواتریـش دەبێتـە بەشـێک لـە بنیـاد و دامەزراوەکانـی. ئـەو جەنگـە: جەنگی بەهێزەکانـە دژ و بەرانبـەر لاواز و بێهێزەکان، جەنگی توندوتیژەکانـە بەرانبـەر شـەرمن و پەژمـوردەکان، جەنگی ئازا و بوێرەکانە بەرانبەر ترسـنۆکەکان، جەنگی دەسـەڵاتدارانە بەرانبـەر خەڵکی بێدەسـەڵات، جەنگی گورگەکانـە بەرانبـەر مـەڕەکان. پرسـیارەکە بۆ فۆکۆ ئەوەیـە داخـۆ ئـەم جەنگـە خـۆی لـە دەوری جیاوازیـی سرووشـتیی نێـوان مرۆڤـەکان ناخولێتـەوە؟

فۆکۆ لـە وەڵامـی پرسـیارەکەی خۆیدا دەڵێت؛ ئێمـە دەزانین هۆبـز بـەم شـێوەیە تەماشـای جەنگی نەکـردووە. بەڵکـووو بـە ڕای هۆبـز ئـەو شـەڕە هەمیشـەییە، کـە شـەڕی پیـاوە لـە دژی پیـاو، شـەڕی هەمـوو پیاوێـک لـە دژی هەمـوو پیاوێـک زادەی جیاوازییەکانـی نێوانیـان نییـە، بەڵکـووو خـودی ئـەو جەنگـە لـە یەکسـانیی نێـوان

پیاوەکانەوە خولقاوە. پیاو لە دژی پیاو ناجەنگێت لەبەر ئەوەی جیاوازیی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، بەڵکوو شەڕە گەورەکەیان لە سەر چوونیەکیی و یەکسانیبیانە لەگەڵ یەکتر، یان گەر زۆر دوور بڕۆین، لە سەر جیاوازییەکی زۆر کەمە لە نێوانیاندا.

هۆبز دەڵێت: (ڕاستییەکەی گەر جیاوازییەکی دیار و بەرچاو لە نێوان پیاواندا هەبێت، ئەوا دەستبەجێ شەڕەکە دەوەستێت یان هەر لە سەرەتاوە ناکرێت). بەو مانایەی گەر جیاوازییەکی دیار و بەرچاو لە هێز و دەسەڵاتی نێوان پیاوەکاندا هەبێت، واتە گەر یەکێکیان زۆر بەهێز بێت و ئەوی تریان زۆر لاواز و نەکردە، ئەوا هەر زوو ئەوەی بەهێزە، دەزانێت دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە کوێدایە، ئەوەی لاوازیشە سنوورەکانی بێدەسەڵاتیی و نەکردەیی خۆی دەزانێت و درکی پێ دەکات. ئەو کاتە شەڕەکە بە سەرکەوتنی بەهێزەکە بە سەر لاوازەکەدا تەواو دەبێت، بەبێ بەرپابوونی هیچ شەڕێک، چونکە ئەوەی شەڕەکە یەکلایی دەکاتەوە، خودی ئیدراکە بە سنووری دەسەڵات و هەژموونی یەکتر. بە مانایەکی تر، نەبوونی جیاوازیی واتە ئاشتیی و ئاسایش، تا ئەو شوێنەی جیاوازیی نییە شەڕیش نییە.

ئەی چی ڕوو دەدات ئەو کاتەی بڕێک لە جیاوازیی هەیە یان جیاوازییەکە هێندە کەم و نەبینراوە، کە لە نەبوونی جیا ناکرێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارەیش لە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی تێزەکەی هۆبزدایە و بەم چەشنە دایڕشتوە:

کاتێک پیاوێک تۆزێک لاوازتر و بێدەسەڵاتر بێت لە پیاوێکی تر، وا خۆی دەبینێت کە ئەویش دەتوانێت و لە باریدایە هەمان دەسەڵات و هێزی پیاوەکەی تری هەبێت، هەر بۆیەیش پێویستی بەوە نییە خۆی بەدەستەوە بدات، دان بە لاوازیی و بێدەسەڵاتیی خۆیدا بنێت. وەک چۆنیش لەملاوە پیاوە بەهێزەکە هێندە بەهێز و بە دەسەڵات نییە تا باوەڕ بە هێز و هەژموونی خۆی بکات، هێزی خۆی وەک هەقیقەتی بوونی خۆی ببینێت. هەر بۆیە ئەم دووانە لە شەڕدا دەبن تا یەکێکیان بە سەر ئەوی تردا سەردەکەوێت. بە واتایەکی تر، نەبوونی جیاوازیی سرووشتیی دەبێتە هۆی نادڵنیایی و ناسەقامگیریی، بینینی هەڕەشەکان و نادڵنیایی، ئەمەیش بۆ خۆی واتە هەڵگیرسانی شەڕ لە هەردوولاوە. واتە هەم لە لایەنی لاوازەکە و هەمیش لە لای کەسە بەهێزەکەوە، چونکە نە بەهێزەکە هێندە بەهێزە تا هێز و هەژموونی خۆی ببێتەوە بە هەقیقەت پێش هەمووان بۆ خۆی، ئینجا دواتر بۆ بەرانبەرەکەی، وەکچۆنیش بێهێز و لاوازەکەیش هێندە لاواز نییە تا باوەڕ بە بێدەسەڵاتیی و لاوازیی خۆی بکات. بە ڕای هۆبز هەر ئەمەیشە بنەما سرووشتییەکەی پەیوەندیی هێز درووست دەکات و دۆخی شەڕ-جەنگ دەخولقێنێت.

گەرچی تەواوی تێزەکەی هۆبز قسەکردنە لە سەر شەڕی پیاو بەرانبەر پیاو، لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەی بە ژن و ڕۆڵی ژن لە شەڕی پیاوەکاندا نەکردووە، وەلێ بەرلەوەی بچینە سەر پرسیاری ئەوەی دۆخی جەنگ کامەیە؟ ئەوا لە جێی خۆیدایە لێرەدا گەر

بـە کورتییـش بێـت، ئامـاژە بـە شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئازادیـی ئاپـۆ بکەین. چونکە بە ڕای من ئاپۆ زۆر بە وردیی کاری لە سەر ئەم دیدە هۆبزییە کردووە و درکی تەواوی بەوە کردووە کە شەڕی پیاوەکان لەگەڵ یەکتر شەڕێکی ئەزەلییە و تەواو نابێت، پیاو بە مێژووی دروستبوونی خۆی وەک هێز و هەژموون شەڕی کردووە، بەڵام ئاپۆ لە گەڕانەوەی بە مێژووی شەڕ و شەڕخوازیی پیاو دژی پیاو، ڕۆڵی ژنی لە بیر نەکردوە، نەک ئەوەیش بەڵکوو لە دیدی ئاپۆوە یەکەمین جەنگی پیاو بەرانبەر ژن دژی بوونی ژن بووە، پیاو بۆ ئەوەی ئەو جەنگەیەیش بباتەوە، هەموو تواناکانی خۆی لە درۆ، فێڵ، تەڵە، توندوتیژیی و پیلانگێڕیی بەکار هێناوە. بە ڕای ئاپۆ ئەوەی ئەم شەڕە یەکلایی دەکاتەوە و مرۆڤایەتیی لە چنگی شەڕەنگێزیی پیاو ئازاد دەکات، ژن و ئازادبوونی ژنە. لێ دەبێت ژن خۆی ئەم شەڕە بۆ ئازادبوونی هەم خۆی و هەم کۆمەڵگەیش بەرپا بکات. ئەم جەنگەیش بە تەنها هەر بۆ ئازادبوونی ژن نییە وەک ڕەگەز،بەڵکوو خودی ئازادیی ژن گرێدراوی ئازادیی مرۆڤایەتییە. ئازادی ژن زامنکەری بوونی ژیانە لە سەر زەوی بە هەموو ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیی، ئێکۆلۆژیی و سیاسییەکەیەوە ... هتد. هەڵبەت دەزانین هەموو ڕەخنەکان لە ئاپۆ کاتی خۆی و ئێستایشی لەگەڵ بێت سەبارەت بەژن و ئازادیی ژن بەو ئاقارەدا بوو، پێیان وابوو دید و بۆچوونە ئایدۆلۆژییەکانی بە ئەندازەیەک ئەفسانەیین، هەندێک جار دەگۆڕێن بۆ یۆتۆپیا و لە مەحاڵ نزیک دەبنەوە، لێ ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی و بە تایبەت بوون و سەنگی ژن لە ڕۆژئاوا، سەرکەوتنیان لە ڕابەڕایەتیی و ئیدارەی خۆسەریی

وەک نموونەیەکی دانسقە، هەڵەی ئەو ڕەخنەگرانەی ڕاست کردەوە کە بایی ئەوەندە نەیانتوانیوە ڕووبەرێکی گەر بچووکیش بێت لە ئامادەیی، بە یۆتۆپیا لە ناو ئایدۆلۆژیادا ببەخشن. مەبەستم لەوەیە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نییە لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی یۆتۆپییانەی نەبێت. کەواتە گەڕانەوەی ئاپۆ بۆ ئەو وێنەیەی چاخی بەردینی ژن و ڕۆڵەکانی  وەک بەرهەمهێنەر و دابەشکەر و ... هتد، بەو ئامانجەیە تا سەرلەنوێ ئەو تایبەتمەندییانەی کارەکتەری ژن زیندوو بکاتەوە و بیداتەوە بە خودی ژن خۆی، کە پیاو دواتر لە گەشەی قۆناغی ڕاو و بوونیدا بە ڕاوچیی و نێچیرەوان و چەلەنگ و دلێر، لێی دزیوە و لێی بێبەری کردوون. بە مانایەکی تر، سوودوەرگرتنەوە لەو وێنەیەی ژن ڕەنگە بە دیوێکدا جۆرە مۆرکێکی ئەفسانەیی و یۆتۆپی ببەخشێتە ئایدۆلۆژیای ئاپۆ، بەڵام بە دیوەکەی تریشدا دەبێت بزانین سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ژنە و بەخشینەوەی ئەو تایبەتمەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییانەی خۆیەتی وا پیاو لە چنگی دەرهێناون و ئامادە نییە پێی بداتەوە و دان بە ژندا بنێت وەک بوونەوەرێکی هاوماف و هاوتوانا.

**کەواتە با  بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوو؛ دۆخی جەنگ کامەیە؟**

وەڵامی هۆبز بۆ ئەم پرسیارەیش لە شیکردنەوەی پەیوەندی هێزە لە نێوان پیاوی بە دەسەڵات بەرانبەر پیاوی لاواز. بەو مانایەی ئەو کاتەی پیاوی لاواز و بێدەسەڵاتە دەزانێت و درک

بـەوە دەكات كـە لـە باريدايـە هاوشـێوەی پياوەكـەی دراوسـێی بێت، دەتوانێـت وەک ئـەو بەهێـز و خاوەندەسـەڵات بێـت، ئـا لـەو كاتـەدا بيرۆكـەی شـەڕ دنـەی دەدات و ئامادەگيـی تـەواوی هەيـە، چونكـە لەملايشـەوە ئـەوەی بەهێـزە، دەزانێـت بـۆی هەيـە و ڕێـی تێدەچێـت ئەويش وەک ئـەوی تـر لاواز بێـت، دوودڵيـی و ترسـی ئـەوەی ڕۆژێـک بێـت ئەويـش دەسـەڵات لەدەسـت بـدات. هـەر بۆيـە هيچيـان بيرۆكـە و كەڵكەڵـەی شـەڕ وەلا نانێـن و دەسـتبەرداری نابـن، تەنهـا لـە يـەک كاتـدا نەبێـت، ئەويـش ئـەو كاتەيـە وا جەنـگ دژی يەكتـری بەرپـا بكـەن. پارادۆكسـی ئـەم جەنگـە لەوەدايـە هـەر بـە تەنيـا ئـەو كاتـە دەكرێـت كـە بـە هەمـوو شـێوەيەک يەكێكيـان ئـەوە پيشـان بـدات كـە دەتوانێـت بجەنگێـت، دەتوانێـت جەنگێكـی يەكلاكـەرەوە هەڵبگرسـێنێت، جەنگـی بردنـەوەی هێـز، خوليـای جەنـگ و بردنـەوەی جەنـگ بـە شـێوەيەک لـە كاروكردەوەكانيانـدا بـۆ دەسـتبەردارنەبوونی بيرۆكـەی جەنـگ خـۆی نمايـش دەكات كـە تـەواو ڕاسـتەقينە دەردەكەوێـت، هێنـدە ڕاسـتەقينە كـە وا لـەوی تـر دەكات دوودڵ بێـت و گومانـی لـە توانـا و هێـزی خـۆی بـۆ بردنـەوەی شـەڕەكە هەبێـت. هـەر بۆيـە كاتێـک قسـە لـە سـەر هێـز و پەيوەنديـی هێـزە، ئـەوا بـە ڕای هۆبـز پێويسـتە ڕەچـاوی ئـەم سـێ پێـوەرە بكرێـت:

يەكـەم: نمايشـێكی ورد و پێـوراو: واتـە نمايشـيكی ورد و فيتـی ئـەوی تـر بـۆ هێـز و دەسـەڵاتی مـن، هاوكات نمايشـێكی ورد و ڕوونـی خـۆم بـۆ هێـز و دەسـەڵاتی خـۆم و ئـەوی تريـش.

ئـەم خاڵـە بـۆ ئێمـەی کـورد زۆر گرنگـە، بەبێ وردبوونـەوە لـە دەسـەڵات و هەژمونـی خۆمـان وەک هێـز و هـاوکات وردبوونـەوە لـە نمایشـی هێز و دەسـەڵاتی ئـەوی تـر وەک هەژمـوون کـە چـی لـە بارداـیە و دەتوانێـت چـی بـکات، ئـەوا ئەگـەری بردنـەوەی جەنگەکـە دەخاتـە مەترسـییەوە. ئێسـتا کاتێـک دەنگـۆی ئـەوە هەیـە تورکیـا لاوازە بۆیـە پەنـای بـۆ دانوسـتان و ئیمراڵـی بـردووە، شـتێک نییە ئێمە هـەر وا سـەیری بکەیـن و بـە هەسـت و سـۆز مامەڵـەی لەگـەڵ بکەیـن، چونکـە کـورد ئـەو کاتـە خاوەنـی دەسـەڵات و هێـز و هەژموونـی خۆیەتـی کـە بتوانێـت شـەڕەکە بەبێ خـودی شـەڕ بباتـەوە، ئـەو کاتـە براوەیـە بتوانێـت وا لـە ئـەوی تـر بـکات دەسـتبەرداری بیرۆکـەی جەنـگ بێـت، چونکـە درکـی بـەوە کـردوە کوردیـش لەمـەولا خاوەنـی هێـز و ئیرادەیەکـە و دەتوانێـت جەنگەکـە یەکلایـی بکاتـەوە.

دووەم: گوزارشـتکردن لـە ئیرادەی شـەڕکردن، واتـە تـۆ بەوپـەڕی ئیرادەوە جەنـگ بەرپـا دەکەیـت، توانـای خـۆت بـۆ بردنـەوەی جەنگەکـە نمایـش دەکەیـت. بـە مانایەکـی تـر، نیـوەی بردنـەوەی جەنگەکـەت لـە سـەر گوزارشـتکردنی خـۆت وەسـتاوە بـۆ دەسـتبەردارنەبوون لـە بیرۆکـەی جەنـگ و شـۆڕش.

ئۆجـالان لەمبارەیـەوە دەڵێـت: گـەر ئەمجارەیـش نەگەیـن بـە دەوڵەت، ئـەوا دەسـتەبەرداری شـۆڕش نابیـن. کاتێکیـش دەڵێـت شـۆڕش مەبەسـتی گەیشـتنە بـە ئازادیـی، ئـەو خـۆی دەڵێـت: (شـۆڕشـی پانتـۆڵ، شـۆڕشـی شـەپقە، شـۆڕشـی خواردنـەوە، شـۆڕشـی مەسـتوبوون، بـە کورتیـی هەمـوو ڕۆژێـک شـۆڕشـێک، ئەوانـە فڕیـان بـە شـۆڕشـەوە نییە،

لە مێژووی شۆڕشەکان بڕوانن، شۆڕشێکی بەو شێوەیە نییە[i]).

سێیەم: بەکارهێنانی تاکتیکی بێلایانە، ئەمەیش پێویستە ئەقڵی ورد و ڕوونی لەگەڵ بێت، کەی ئەم تاکتیکانە و بە چ شێواز و گوتارێک بەکاری دەهێنێت. چونکە لێرەدا تۆ باس لە ترس و دوودڵیی خۆت  بۆ هەڵگیرسانی جەنگ دەکەیت، لێ بە شێوەیەک ئەو ترسە نمایش دەکەیت، ئەوی تری بەرانبەر لەوە تێبگات تۆ تەنیاوتەنیا ئەو کاتە هەست بە دڵنیایی دەکەیت و لە بەرپابوونی شەڕەکە ناترسیت کە لانی کەم ئەوی تر هێندەی تۆ ترس و دڵەڕاوکێی لە هەڵگیرسانی شەڕ بێت، گەر بکرێت لە تۆیش زیاتر لە بەرپابوونی شەڕ بترسێت، جا ئەو کاتە تۆ دەتوانیت دەستبەرداری خودی بیرۆکەی جەنگ بیت.

هەمیسان گەر لەم دیدە هۆبزییەوە تەماشای ئێستای کورد بکەین بە تایبەت لە ڕۆژئاوا و پێشنیارەکانی ڕێبەر ئاپۆ لە ئیمرالییەوە لەمەڕ دۆخی شەڕ و ئاشتیی، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کرۆکی قسەکانی ئاپۆ مانای دەستبەرداربوون لە شۆڕش  و دانانی چەک نییە لە بەردەم دوژمن وەک ئەوەی زۆرێک پێیان وایە، بەڵکوو ئاپۆ بە وردیی شەڕی ئیرادە دەکات، شەڕی خولقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو ئەوی تردا دەکات بۆ دەستبەرداربوونی بیرۆکەی جەنگ، بەمەیش کورد نەک نادۆڕێت، بەڵکوو دەبێتە هاوهێز و هاودەسەڵات. ئاپۆ دڵنیایە لەوەی شەڕی یەکلاکردنەوەی هێز و هەژموونی هێز، بە ئاشتیی و لە کاتی ئاشتییدا دەکرێت.

i-لە  پەڕتووکی کوشتنی پیاوەتیی- گفتوگۆی ماهیر سایین لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجالان

گـەر بگەڕێینـەوە سـەر دیـدی فۆکـۆ سـەبارەت بـە پێوەرەکانـی هۆبز، ئـەوا پێی وایـە سـەرەڕای هەمـوو ئـەم قسـانەیش سـەبارەت بە هێز و پێوەرەکانی، وەلێ ئەمـە مانـای ئەوەیـە نییـە سرووشـتی ئـەو دەوڵەتـەی هۆبـز پێناسـی دەکات، تۆقینـەر و دڕندانـە بێـت بـەو واتایـەی هەمـووی پەلامـاری هەمـووی بـدات. بەڵکـوو بـۆ هۆبـز دۆخـی سـەرەتایی جەنـگ بـە واتـای بەریەککەوتـن، ڕووبەڕووبونەوە، پێکـدادان بـە چـەک و شـەڕی دەسـتەویەخە و مسـتەکۆڵەی نێـوان پیـاوەکان نییـە، وەکچۆنیـش لـە نێـوان ئـەو هێـزە دڕندانـەدا نییـە وا بەر دراون و سـەربەخۆن. چونکە ئـەوەی جێی سـەرنجە لـە دۆخـی شـەڕە سـەرەتایی و پریمیتڤەکـەی هۆبـزدا شـتێک بـە نـاوی مەیدانـی جەنـگ لەگۆڕێ نییـە، نـە خوێـن هەیـە و نـە لاشـەی کوژراو، بەڵکـوو ئـەوەی هەمانـە، بـۆ خوێندنـەوەی ئـەو شـەڕە بـە تەنهـا بریتییـە لـە:

نمایش، مانیفێسـت، ئامـاژە و هێمـا، گوزارشـتکردن بۆ ئیرادە، تەڵە و دژەکـەی، نادڵنیایـی و بـە بەرگـی دڵنیاییـەوە خـۆی دەنوێنێـت. بـە مانایەکـی تـر، ئێمـە لـە بـەردەم شـانۆیەکداین و نمایـش و ئاماژەکانـی نمایشـەکەش خۆیـان ئاڵوگـۆڕ دەکـەن. ئـەم ئاڵۆگۆڕکردنەیـش پەیوەندیـی بـە تـرس و نادڵنیاییـەوە هەیـە. لـەم شـانۆیەدا شـتێک نییـە بـە نـاوی کات، چونکـە ڕاسـتییەکەی ئێمـە لـە شـەڕەکە نەگلاویـن. واتـە ئـەوەی هۆبـز دەیەوێـت پێمـان بڵێـت ئەوەیـە؛ تایبەتمەندییـە دڕندانـە و ئاژەڵییەکانـی مـرۆڤ هـۆکاری سـەرەکیی دۆخـی شـەڕ نیـن، بەڵکـوو دۆخـی شـەڕ بـۆ هۆبـز پەیوەندیـی تـەواوی بـە دیبلۆماسـییەتی ناکۆتـای _(Unending Diplomacy) - نێـوان ڕکابەرەکانـەوە

هەیـە، کـە ئەمـان بـە سرووشـتی خۆیـان لەگـەڵ یەکتـری یەکسـانن و جیاوازییـان نییـە.

پرسـیارەکە بۆ فۆکۆ و بۆ ئێمەیش ئەوەیە چۆن لە ناو شـانۆیەکدا کە تیایدا بە تەنها ئاماژە و نمایشـەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، نمایشـێک بێ  شـەڕ و پێکدادان، کە بۆ خۆیشـی دۆخی جەنگە، دەبێتە هـۆی لەدایکبوونـی  سـەرەوەریی، لیڤیتـان، (State) دەوڵـەت؟

وەڵامـی هۆبـز بـۆ ئـەم پرسـیارە، کاتیگۆریزەکـردن و دابەشـکردنی چەمکـی سـەرەوەرییە بـۆ دوو بـەش، ئەوانیـش ئەمانـەن: سـەرەوەریی لـە ڕێـی دامـەزراوەکان و سـەرەوەریی لـە ڕێـی دەسـکەوتەوە. هەرخۆیشـی دواتـر جـۆری سـەرەوەریی سـێیەم بـاس دەکات کـە بریتییـە لـە سـەرەوەریی  وەک هێـز و هەژمـوون لـە ڕێکخسـتنی ئـەو دوو سـەرەوەرییەی تـردا.

ئـەوەی گرنگـە لێرەدا ئەوەیـە تـۆ لـە لایـەک سـەروەت و سـامانێکت بەهـۆی دامەزراوەکانتـەوە هەیـە، لـە لایەکـی تریشـەوە سـەروەت و سـامانێکت بەهـۆی دەسـتکەوتەوە هەیـە.

فۆکـۆ بـۆ زیاتـر ڕوونکردنـەوەی ئـەم تێزەی هۆبـز دەڵێـت: بـا وای دەنێـن پرسـیار لـە خۆمـان دەکەیـن، تـا بزانیـن چـی ڕوو دەدات کاتێـک تـۆ دۆخـی جەنگـت هەیـە، لـێ کۆتایـی بـە دۆخـی جەنـگ دێنێـت؟

فۆکـۆ جەخـت لـەوە دەکاتـەوە و دەڵێـت: دووبـارەی دەکەمـەوە، مەبەسـتم دۆخـی جەنگـە بەبـێ بوونـی خـودی جەنـگ، واتـە  ئـەو

کاتەی بە تەنها نمایش و هەڕەشەی جەنگ لە ئارادایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیش ئەوەیە پیاو لەم دۆخانەدا بڕیار دەدات، لێ کام بڕیارە؟ هەڵبەت بە هیچ شێوەیەک بڕیارەکە ئەوە نییە تۆ واز لە مافی خۆت بێنیت و بیدەیتە دەست ئەوانی تر. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، لەم کاتانەدا بڕیاری ئەوە دەدەیت کەسێک ڕاسپێریت، یان کۆمەڵەکەسێک ڕادەسپێریت تا نوێنەرایەتییت بکەن. ئا لێرەیشدا مانای سەرەوەر جارێکی تر خۆی پێناسە دەکاتەوە، چونکە ئەوە سەروەرە دەتوانێت ڕابەرایەتیی و نوێنەرایەتیی ئەو کەسانە بکات وا هەر لە سەرەتاوە هێز و دەسەڵاتی خۆیانیان داوەتێ تاوەکو ئەویش یان ئەوانیش، نوێنەراتی خەڵکەکە بکەن. دووبارە پێویستە ئەوە بزانین کە سەرەوەر ئەو کەسە نییە وا ماف و هەقی کەسەکان بۆ خۆی بەرێت، بەڵکوو ئەوەیە وا دەچێتە شوێنی ئەوان و هەموو هێز و دەسەڵاتی ئەوان بۆ خۆی دەبات تا بتوانێت بڕیار لە باشە و چاکەی ئەوان بدات. هۆبز لە مبارەیەوە دەڵێت: (سەرەوەر بوونی کەسەکان هەڵدەگرێت). بە ڕای هۆبز هەر کاتێک ئەم خستنەبرییە لە نێوان خەڵک و سەروەردا ڕووی دا، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو خەڵکانەی خۆیان داوەتە دەست سەروەر لە ناو کەس یان کەسانی سەروەردا ئامادەگی و بوونیان هەیە. هەر لەبەر ئەوە سەرەوەر هەرچیەک بکات و بڵێت، واتە ئەوانیش وەک خەڵک دەیڵێن و دەیکەن، چونکە ئەوان خۆیان هەر لە سەرەتاوە سەروەریان درووست کردوە و مافی نوێنەرایەتیی و ڕابەرایەتییان داوەتە دەستی، هێزی سەرەوەر لە خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەڵکانەی لە سەرەتاوە داویانەتە دەستی و

ڕادەستی ئەویان کردووە. بە مانایەکی تر، سەروەر مۆدێلێکی تری کەسەکانە، خەڵکە، مۆدێلێک، کە دەتوانین بڵێین هەم کەسایەتییەکی دەستکردی هەیە، چونکە زادەی ئەوانەیە وا درووستیان کردووە، هەم مۆدێلێکی ڕاستەقینەشە، چونکە توانای بڕیاردانی بە سەر ئەوانەدا هەیە وا خۆیان درووستیان کردووە. تەنانەت لەو کاتانەیش سەروەر بە سرووشتی خۆی وەک پاشا و مۆنارک لە دایک دەبێت و دێتە دونیاوە، لێ هێشتا هەر بە دیوێکیدا کەسایەتییەکی دەستکردی هەیە. سەروەر وەک کەسایەتیی دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەشی کۆمیتەیەک پاڵپشتیی بڕیارەکانی دەکەن.

ئەم وەسفەی سەرەوە بۆ تێگەیشتن بوو لەو سەروەت و سامانەی لە ڕێی دامەزراوەوە کەڵەکە و درووست دەبێت. هەر بۆیە لێرەدا ئەوەی سەرەوەر ڕێکی دەخات و بەڕێوەی دەبات، ئەم سێ شتەن: نمایش، ئیرادە، هاوکات ئەو پەیمانەیەشی لەگەڵ سەروەر بۆ ڕێکخستن و بڕیاڕدان دەبەسترێن.

شێوازەکەی تری سەروەت و سامان کە لە ڕێگەی دەسکەوتەوەیە، تەواو جیاوازە، چونکە ئەمیان لە سەر پەیوەندیی هێز درووست بووە، بنەوان و بنیادەکەشی مێژوویی و هەقیقیی خێرا و بەدەستوبردە.

بۆ ئەوەی لە میکانیزمەکانی ئەم جۆرەی سەروەریی تێبگەین، ئەوا باسی دۆخی پریمتیڤی جەنگ ناکەین، بەڵکوو قسە لە سەر گۆڕەپانی ڕاستەقینەی جەنگ دەکەین، ئەو جەنگەی خوێنی تیا

دەڕژێت. بۆ شیکاری ئەمەش فۆکۆ دەڵێت؛ بۆ ئەوەی لەم مۆدێلەیان بگەین؛ ئەوا پێویستە بچینەوە سەر مۆدێلی یەکەم کە مۆدیلی دامەزارەوەیە، واتە تۆ لە سەرەتاوە دەوڵەتێک و سەروەرێک هەیە کە بە مۆدێلی یەکەم، واتە مۆدێلی دامەزراوە درووست بووە. گریمان ئەم دەوڵەتە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی جەنگێکی ڕاستەقینە و پێویستی بە بڕیاری یەکلاکەرەوە و پێکۆڵی سوپایە. جا با وایدانێین یەک لەو دەوڵەتەی بەم شێوەیە درووست بووە بەرانبەر ئەوی تر دەدۆڕێت، سوپاکەی دەشکێت و سەروەرییەکەیشی نغرۆ دەبێت، جا دوژمن وڵاتەکە داگیر دەکات و خێرو بێریشی دەکەوێتە ژێر چنگ. فۆکۆ دەڵێت؛ ئەمە ئەوەیە وا ئێمە هەر لە سەرەتاوە لێی دەگەڕێین و دەمانەوێت باسی بکەین، ئەویش جەنگی ڕاستەقینە و شەڕی مان و نەمان و گۆڕەپانی جەنگی ڕاستەقینەیە، ئەو جەنگەی پەیوەندیی هێزی ڕاستەقینە، سەرکەوتوو و دۆڕاو هێڵکێش دەکات. جەنگێک کە دۆڕاوەکان دەکەونە ژێر ڕەحمەتی براوە و سەرکەوتووەکانەوە. ئەگەر وایدانێن دۆڕاو و بەزێنراو دەکەونە ژێر دەستی براوە و سەرکەوتووان، دەکوژرێن، جا دەوڵەتەکە خۆی سەروەریی خۆی لەدەست دەدات، چونکە ئەوانەی سەروەریی دەوڵەتەکە بوون کوژران و لەناو چوون، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەی چی ڕوو دەدات گەر دۆڕاوەکان نەکوژرێن و بمێنەوە، چی ڕوو دەدات کاتێک براوەکان بڕیارِی ئەوە دەدەن شتێک لە ژیان بە دۆڕاوەکان ببەخشنەوە؟

لەم ڕەوشەشدا بە ڕای فۆکۆ ئەم دوو شتە ڕوو دەدەن؛ یان

ئەوەتـا ئەوانـەی مـاون دژی بـراوەکان یاخیـی دەبـن و شـۆڕش هەڵدەگیرسـێنن، بـە مانایەکـی تـر، جەنگێکـی نـوێ  بەرپـا دەکـەن تـا جارێکـی تـر  پەیوەندیـی هێـز ڕێـک بخەنـەوە، واتـە دەچنـەوە سـەر شـەڕەکەی یەکـەم جـار، کـە تیایـدا  لانیکـەم بـە ڕای خۆیـان دۆڕانەکەیـان لـە شـوێنێکدا وەسـتاوە و دەتوانیـن بـە بەردەوامیـی شـۆڕش و خەبـات و بردنـەوە و سـەرکەوتن چنـگ بخـەن. کەواتـە یـان بـە تـەواوی ژیانـی خۆیـان دەخەنـە مەترسـیی و لـە شـۆڕش بـەردەوام دەبن، یاخـود هیـچ شـەڕێک بەرپا ناکـەن، بەڵکوو  مل بـۆ دۆڕانەکـەی خۆیـان دەخەوێنـن و ملکەچـی بـراوەکان دەبـن، کاریـان بـۆ دەکـەن، خۆیـان و وڵاتەکەیـان ڕادەسـتی بـراوەکان دەکـەن، نـەک ئەوەیش بەڵکوو بـاج و سەرانەیەشیان دەدەنـێ تـا زامنـی مانـەوەی خۆیـان و ئـەو بـڕە لـە ژیـان بکـەن کـە ئەوانـی تـر پێیـان دەبەخشـن.

لـەم تێڕوانینـەوە جارێکـی تـر دێینـەوە سـەر پرسـی ستەمکاریی و داگیرکاریـی. سـتەمکاریی وەک دەرئەنجامـی داگیرکاریـی و شـەڕی ڕاسـتەقینە، سـتەمکاریی وەک پەیوەندیـی هێـز لـە نێـوان بـراوە و دۆڕاودا، فۆکـۆ دەڵێـت: پـرس و پەیوەندیـی سـتەمکاریی بـە هێـزەوە نـەک بـە سـەروەریی، لێ لەملایشـەوە هـەر خـۆی  بیرمـان دەخاتـەوە کـە هۆبـز بـەم شـیکارییە ڕازیـی نابێـت، بەڵکوو بە ڕای هۆبـز مژارەکە هێشـتا پەیوەندیـی بـە خـودی سـەروەریی و هەژموونی هێزەوە هەیە.

## ئـەی داخـۆ هۆبـز چـۆن بیـر لـە پەیوەندیـی سـەروەریی بـە هێـزەوە دەکاتـەوە؟

فۆکۆ لـە درێژەی قسـەکانیدا سـەبارەت بـە سـەرەوەریی لـە دیدی هۆبـزەوە دەڵێـت: بـە ڕای هۆبـز کاتێـک دۆڕاوەکان خولیـای ژیـان و ملکەچیی خۆیـان بۆ بـراوە و سـەرکەوتووەکان پیشـان دەدەن، ئـەوا دیسانەوە سـەرەوەریی خۆیـان هەڵدەبژێرنـەوە، سـەروەرێکی تـر بۆ جێگرتنـەوە و لـە بـری ئـەوەی لـە جەنگەکـەدا کـوژرا. هـەر بۆیـە ئـەوە دۆڕاوەکان نین بـە شـێوەیەکی تۆقێنـەر و دڕندانـە کۆمەڵگەیـەک لـە سـەر بنەمـای سـتەمکاریی کۆیلایەتیـی و خزمەتکاریـی بنیـاد دەنێـن، ئـەوەی لـە کاتـی دۆڕاندنـی جەنگـەدا ڕوو دەدات، یـان کاتـی جەنگەکـە، یاخـود دوای تەواوبوونـی دۆڕاندنەکـە، خـودی ترسـە، یـان یەکگرتنـەوەی ترسـەکانە، یاخـود کەڵکـە و هەڕەشـەی مـەرگ و لەناوچوونـە. بـە ڕای هۆبـز ئـەم تـرس و هەڕەشـەی مردنەیـە ئێمـە دەباتـەوە بـەرەو نەزمـی سـەرەوەریی، واتـە ڕژێمـی یاسـایی دەمانباتـەوە سـەر خاڵـی سـفری هێـزی ڕەهـا.

کارە گەورەکـەی هۆبـز کاتێـک دێتـە سـەر پرسـی سـەروەریی ئـا لێرەدایە، لەم بەشـەدایە ئێمە بەر سێگۆشـەی سـەرەوەریی، کە بریتییە لـە ئیرادە-ترس-سـەروەریی لـە خاڵـی سـفردا، دەکەویـن. چونکـە هۆبز باسـی جۆرێکی تـری سـەروەریی دەکات یان با بڵێین جۆری سـێهەم بۆ سـەروەریی دامـەزراوە و سـەرەوەریی دەسـتکەوت زیاد دەکات، ئەمـە هاوشـێوەی ئەوانـە، لێ ئـەم جۆرە لـە سـەروەریی پاش جەنـگ و بـە تایبـەت دوای دۆڕاندنـی جەنـگ دروسـت دەبێـت. مـن

ئـەم جـۆرەی سـەروەریی بـە سـەروەریی هـۆگریـی نـاو دەبـەم، چونکە هـۆبز لـە وەسـفی ئـەم سـەروەرییەدا دەڵێت: (ئـەو جـۆرە پەیوەندیی و ڕایەڵەیـەی منـاڵ لەگـەڵ دایـک و باوکـی هەیەتـی، بـە تایبـەت لـە گـەڵ دایکـی. هـۆبز دەڵێت تەماشـای منالێکی تازەلەدایکبوو بکـەن، دایک و باوکـی (باوکـی لـە کۆمەڵگەیەکـی شارسـتانیی، دایکیشـی بـە نەزمـی سرووشـتیی) ئـەم دایـک و باوکـە ڕێ نـادەن منالەکەیـەن بمرێت.

منـاڵ بێ دایـک و باوکـی، بـە تایبـەت بەبێ دایکـی ناتوانێت بژی و گەشـە بکات، گریـان و کوڕوزانـەوە وەک ئاماژەیـەک بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکانی بـەکار دەهێنێـت، بـۆ چەندیـن سـاڵ منـاڵ خاوەنـی ئیـرادەی خـۆی نییـە، بەڵکـوو ئیـرادەی دایـک و باوکـی جێبەجـێ دەکات، چونکـە ئـەوە ئەوانـن مافـی مانـەوەی دەسـتەبەر دەکـەن. دایـک سـەرەوەریی خـۆی بـە سـەر منالەکەیـدا دەنوێنێـت. بـە ڕای هـۆبز ملکەچیـی و گوێڕایەڵیـی منـاڵ بـۆ دایکـی بـۆ ئەوەیـە تـا ژیـان و بوونـی خـۆی دەسـتەبەر بکات. بـە ڕای هـۆبز ئـەم ملکەچییـەی منـاڵ بـۆ دایکـی هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ ئـەو ملکەچییـەی دۆڕاوەکان بـۆ بـراوەکان نییـە کاتێـک جەنگەکـە تـەواو دەبێـت.

فـۆکـۆ دەڵێـت دەبێـت هـەر بـەم شـێوەیە لـەم شـیکارییەی هـۆبـز بگەیـن کـە ئـەو دەیەوێـت ئەوەمـان بـۆ نیشـان بـدات کـە فاکتـەرە جەوهەریـی و بڕیاردەرەکانـی دروسـتبوونی سـەروەریی پەیوەندیـی بـە جـۆری ئیـرادە، یاخـود شـێوازی دەربڕیـن و گوزارشـتکردنەوە نییـە، بـە مانایەکـی تـر، سـەروەر ئـەو کاتـە درووسـت نابێـت کـە ئێمـە چەقۆمـان لـە سـەر مـل بێـت، یـان بـە ڕاسـتەوخۆ بزانیـن چیمـان

دەویێت تا داوای  بکەین. بەڵکوو بۆ ئەوەی سەروەریی بێتە بوون، ئەوا پێویستمان بە ئیرادەیەکی ڕادیکاڵ هەیە بۆ ژیان، ئیرادەیەکی ئەوەندە تۆکمە کە هێزی ژیانمان بداتێ، ئەگەر چی ئەمەیش ئەستەمە ئەگەر ئەوی تر مافی ژیانت نەداتێ.

ئەو هێزەی ئارەزووی ژیانمان دەداتێ هێزی مانەوە لە بری مردن، هەر ئەو هێزەیە سەروەریی جارێکی تر دەدۆزێتەوە و پێناسەی دەکاتەوە. سەروەرییەک، کە بەها یاسایی و شەرعییەکەی  هێندەی ئەو سەروەرییە مانادارە وا لە ڕێی  دامەزراوە و هاوپەیمانییەوە دروست بووە. فۆکۆ لێرەدا بە پاڵپشتیی هۆبز دیسان دەڵێتەوە کە ئەوەی لێرەدا سەنگی مەحەکە و شتەکان ڕێک دەخات، خودی جەنگەکە نییە، بەڵکوو ترس و هەڕەشەی بەرپابوونی جەنگە، واتە ئەوەی سەرەوەریی تۆ وەک دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە، ترس و هەڕەشەی جەنگە نەک خودی جەنگ خۆی. ڕەنگە لێرەدا نموونەی وڵاتی سوید لەم گۆڕانکارییانەی ئێستا بە تایبەت لەگەڵ ڕوودانی شەڕی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا نمونەیەکی باش بێت بۆ ڕوونکردنەوەی تێزەکەی هۆبز و شیکارییەکەی فۆکۆ. ئەوەی سویدی لەرزان و وای لێ کرد ببێتە بەشێک لە  هێزی ناتۆ بۆ پاراستنی سەرەوەریی خۆی، هەڵگیرسانی جەنگ نەبوو دژ بە وڵاتەکەی، بەڵکوو هەڕەشە و ترسی بەرپابوونی پەلامار و ئەگەری جەنگی ڕووسیایە دژ بە سوید.

بـۆ ئـەوەی کۆتایـی بـە تێزەکـەی هۆبـز سـەبارەت بـە جەنـگ و پەیوەنـدی هێـز بێنیـن، ئـەوا دەڵێیـن گەڕانـەوە بـۆ چەمکـی جەنـگ بـە یارمەتیـی تێزەکانـی هۆبـز گەڕانەوەیەکـی سـەرپێیی نییـە، بەڵکـوو پیشـاندانی ڕەگوڕیشـە دێرینەکانی ئەم چەمکەیە بە درێژایی مێژووی سیاسـەت. قسـەکردنی هۆبـز لـە سـەر جەنـگ وەک چارەنووسـێکی حەتمیـی مـرۆڤ بـۆ پیرۆزکردنـی جەنـگ و کەڵکەڵـەی هەڵگیرسـانی جەنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی هۆبز کاری لە سـەر کردووە، سنوردانانە بـۆ داگیرکاریـی و سـتەمکاریی، هەڵبـەت بـۆ ئـەو لـە کاتـی خۆیـدا داگیرکرنـی نیشـتمانەکەی خـۆی. هـەر بۆیـە گەڕانـەوە بـۆ مێـژووی جەنگ و ئاکامەکانـی ئەوەمـان بۆ پشتڕاسـت دەکاتـەوە کاتێک ئێمە باسـی پەیوەندیی هێز و دەسـەڵات دەکەین، ئەوا ناتوانین باسـی ماف و دادپەروەریـی بکەیـن، واتـە هەمـوو قسـەکردنێک لـە سـەروەریی و چەمکـی دەوڵـەت قسـەکردنە لـە سـەر خـودی داگیرکاریـی و سـتەمکاریی. چونکـە گـەر بـەم شـێوەیە تەماشـای داگیرکاریـی نەکەین وەک بەرهەمـی پەیوەنـدی هێـز و دەسـەڵات، ئـەوا هەرگیـز لـە چنگـی داگیرکاریـی و سـتەمکاریی قوتارمـان نابێـت. بـە ڕای فۆکـۆ گـەر لـە چنگـی داگیرکاریـی ڕزگارمـان نەبێـت، ئـەوا لـە خـودی مێـژووی سـتەمکارییش ڕزگارمـان نابێـت. کەواتـە دەبێـت هـەر بـەم شـێوەیە لـە گوتـاری فەلسـەفە سیاسـیی و یاسـاییەکەی هۆبـز بگەیـن کـە ئـەو بـە هەمـوو شـێوەیەک دەیەوێـت دابڕانێـک لـەم مێژووەگەراییـە سیاسییەی وا لـە کێشمەکێشی سیاسـیی سـەدەی حەڤدەدا زۆر کارا و ئاکتیـڤ بـوو، درووسـت بـکات.

## ئاپۆ لە نێوان ئیمان و بێئیمانی بە دەوڵەتدا

ئێستاکە مقۆمقۆی درووستبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ وا لەگۆڕێ، هەمووی باسی نەخشەی تازە و نوێ بۆ ناوچەکە دەکەن، هەمووی قسە لە سەر ئەمەریکا و دەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە درووستبوونی و نەخشەندانی ئەم نەخشە نوێیەدا دەکەن، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم گۆڕانکارییانە بەرەو پێشەوەمان دەبات و ڕزگارمان دەکات یاخود دەمانباتەوە دواوە؟ یان ئەمە خۆی خاڵی بنبەست و چەقبەستنە لە ناو گێژەڵۆکەی هێز و هەژموونی زلهێزەکانی دونیادا؟ یان هێشتا ئەمەیش ڕوون بەرچاو نییە، هەر بۆیە زۆرێک لە سیاسییەکان بە دۆخی خۆڵەمێشیی و دۆخی گواستنەوەی قۆناغێک بەرەو قۆناغێکی تر ناوی دەبەن.

بە گەڕانەوە بۆ دیدوبۆچوونەکانی ئاپۆ سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئەوا پێشوەخت پێویستە پێناسەیەکی ڕاست و درووستی چەمکی دەوڵەت بکەین، چونکە هەموو ئەم تەمومژ و ناڕوونییەی لە دەوری ئەم قۆناغە نوێیە هەیە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە بوێریی ئەوەمان نیە بە ڕوونیی بچینەوە سەر مێژوو و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت و پێناسەی دەوڵەت وەک خۆی بکەین. ئاپۆ ئاماژە بە (باکۆنین) دەکات وەک بیرمەندێکی ئانارشیست کە باوەڕی وایە دەوڵەت بریتیە لە (خراپەی ڕەها و موتڵەق) ئەو خراپەیەی زەرورەتە و بوونی پێویستییەکی جەبرییە بۆ هەموو میللەت و نەتەوەیەک. دەوڵەت بوونێکی هێندە جەبریی و زەروورییە بۆ هەموو نەتەوەیەک

کـە تەنانـەت مارکسـیش نەیانتوانیـوە چەمکـی دەوڵـەت تێپەڕێنێـت بـە قۆناغیکـی زەروریـی و ئیجبـاری بینیویەتـی. وەلـێ ئـەوەی ئاپـۆ لـە مارکس جیا دەکاتـەوە، ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە دەوڵەت نییە، چونکە خـودی دەوڵـەت هـەر لـە سـەرەتاوە ئامـڕاز و دەسـاوێژی کارەسـاتی گـەورەی مرۆڤایەتیـە، دەوڵـەت بەبـێ داگیرکاریی و سـتەمکاریی ئەوانـی تـر درووسـت نەبـووە و درووسـتیش نابێـت، بـەم مانایـەش بێـت دەوڵـەت نـە زەرورەتـە و نـە ئیجباریشـە، ئاپۆ ڕاشـکاوانە دەڵێت: (ئەگەر منیـش پێشـتر خلیسـکابێتمە نـاو گەمـەی باوەڕبـوون بـەوەی (ئازادیـی پێویسـتی بـە هەژموونـی دەوڵەت)ـە، ئـەوا تاوانێکـم کـردووە، خـودی تاوانەکـەم لـە ڤایرۆسـی شـەڕ و هەژموونـی دەسـەڵاتەوە هاتـووە، باوەڕ و یەقینـم بەوەیـە چارەسـەری هەمـوو کیشـەکان لـە درووسـتبوونی دەوڵەتدایـە، ئـەو دەوڵەتەیش بە شـەڕ درووسـت دەبێت و بە شـەڕ و جەنـگ سـنوورەکانی دیاریـی دەکرێـت، ئـەم بـاوەڕە بـۆ ئێمەیـش وەک قسـەی قورئـان وابـووە، ئـەم ئیمـان و یەقینـە نـەک هـەر بـۆ مـن بەڵکوو نەخۆشـییەکە بـە زمـان و سـەروێرد و زهنـی هەمـوو سـەرکردەی چەوسـاوەکانەوەیە، منیش وەک سـەکردەیەک لـەم نەخۆشـییە بـەدەر نەبـووم، هـەر بۆیـە دەڵێـم تاوانبـارم.)

چونکـە ئەزمونەکانـی دەوڵەتبـوون لـە یەکـەم دەوڵەتـەوە، کـە مێژووەکـەی بـۆ سـۆمەرییەکان دەگەڕێتـەوە، تـا دەوڵەتـی ئێسـتای سـەرمایەداریی، کـە ئەمەریـکا ڕابەرایەتیـی دەکات، ئەوەمـان بـۆ پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە دواتـر هەمووی دەبێت بـە چەتـە و ڕێگـر لـە بەردەمـی ئەوانـی تـر، دەوڵـەت بـێ چەوسـانەوە و داگیرکردنـی ئەوانی

تر وەک بوونێکی تۆکمە و پیرۆز، ناتوانێت خۆی ڕابگرێت و درێژە بە خۆی بدات. هەر بۆیە بۆ ئاپۆ پێناسەی دەوڵەت نەک نابێتەوە بە زەرورەت و پێویستییەکی ئیجباریی، بەڵکوو بە وەرهەمێکی خراپ و کوشندەی مرۆڤایەتی ناوی دەبات و پێی وایە دەبێت ئەم وەرهەمە لە ڕەگوڕێشەوە ببڕیتەوە. بۆ ئەوەی ڕەگوڕیشەیشی بزانین ئەوا دەبێت بچینەوە سەر مێژووی درووستبوونی یەکەمین دەوڵەت کە دەوڵەت سۆمەریی و ڕاهیبەکانە. هەڵبەت لێرەدا ئاپۆ مەبەستی لە دەوڵەتە وەک ئادات و ئامرازی دەسەڵاتگەرایی و چەوسانەوە و ستەمکاریی، لێ بەشەکەی تری دەوڵەت کە پەیوەستە بە بەرهەمی گشتیی و ئاسایش و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی، ئەوا ئاپۆ باسی دیموکراتی دەکات وەک ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەوڵەت، واتە دیموکراتی لە ناو بونیادی دەوڵەتدا نا، بەڵکوو خودی دیموکراتی لە بری ئەو بوونەی پێی دەوترێت دەوڵەت.

جێی سەرنجە ئەم تێزە لە ڕابەر و سیاسیەکی وەک ئاپۆ بێت، ئاپۆ وەک یەکێک لە هەرە سەرکردە لێهاتووەکانی کورد، کورد وەک گەورەترین میللەتی دونیا کە تا ئێستایش خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، هەر بێ دەوڵەتیی و لەتبوونی لە چوار دەوڵەتی ناوچەکە کردوویەتی بە پاروویەکی ئاسان بۆ هەر لایەک بیەوێت زەفەری پێ ببات! ئێمە وەک کورد چۆن بتوانین ئەم تێزەیەی ئاپۆ قبوڵ بکەین کە ئەم تێزە بۆ خۆی دژەتێزی ئاپۆ خۆیەتی لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە هەڵوەشانەوەی خەونی ملیونەها کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ درووستبوونی

دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ، خەونێکـی دێریـن بـۆ ئازادبـوون لـە چنگـی داگیرکاریـی تـورک و عـەرەب و فـارس. هـەر بۆیـە بۆ ئـەوەی لـە خۆمانـەوە ڕمڵـی تانـە و ڕەخنـە لـە ئاپـۆ نەدەیـن و هەوڵەکانـی بۆ ئاشتی بە کـەم نەگرین، بۆ ئـەوەی لـە یـەک کاتدا لـە ئیمـان بێ ئیمانـی ئاپـۆ بـە دەوڵـەت بگەیـن، ئـەوا لانـی کـەم پێویسـتە زۆر بـە وردیـی پارادیمەکـەی و سـتراتیژی پارادیـم و کـۆی تێزەکـەی، بـە وردیـی بخوێنینـەوە.

بـە ڕای ئاپـۆ هەمـوو ئـەو کۆمەڵنـاس و عارفانـەی دەسـتیان بـۆ پرسـی دەوڵـەت بردووە و تیوریزەیـان کـردووە، هـەر هێنـدەی ڕاهیب و کاهینـە سـۆمەرییەکان لـەم چەمکـە گەیشـتوون. لێرەیشـدا ئامـاژە بە مارکس دەکات، بەو پێیـەی ئاپۆ هـەر لە سـەرەتاوە زۆر لە ژێر کاریگەریـی مارکسـدا بـووە.

بـە ڕای ئاپـۆ دەکـرا چارەنووسـی سـەرمایەداریی سـەرکەوتن و گەشەسـەندن نەبێـت وەک گەورەتریـن زلهێـزی دونیـا کـە هیـچ نەماوەتـەوە هەڵـی نەلووشـێت و ڕاینامەڵیـت. وەک ئـەوەی مارکس پێـی وابـوو سـەرمایەداریی و هەمـوو سیسـتەمە چینایەتییەکانی تریش هێڵێکـی ئیجباریـی و زەرورەتێکـی مێژوویـی بـوو و نەدەتوانرا خۆمانی لـێ لادەیـن، بـەم دیدەیشـی مارکـس باشـترین یارمەتیـی و پاڵپشـتی سیسـتەمی سـەرمایەداریی کـردووە، سـەرەڕای هەمـوو هەوڵـە جدییەکانـی دژی سـەرمایەداریی، دواجـار بـە قازانجـی سـەرمایەداریی و سیسـتمەکە شـکاوەتەوە، چونکە کاتێک ئێمە باسـی یاسـا و قانوونی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و ئەخلاقیـی دەکەیـن، ئـەوا ئـەم یاسـایانە لـە

جەوهـەری خۆیانـدا شـلیی و نەرمییەکیـان تێدایـە و ناکرێـت هەمـان شـێوەی یاسـای فیزیـا و کیمیـا و بایەلۆژیـا یاسـای ئیجباریـی و زەرورەتـی بوونیـان بـە سـەردا جێبەجێ بکەیـن. واتـە ناکرێـت  ئێمـە باوەڕمـان بـەوە بێـت گۆڕانکارییـەکان بـە خـەت و هێڵێکـی ڕاسـت و ڕێکدا دەڕۆن، بەڵکوو خودی گۆڕان لـە هەنـاوی کایـۆس و گێژاوەوە دێت، ئـەوەی ئێمـە باوەڕمـان بـە حەتمیـەت و قـەدەری ئـەو ڕاسـتتیە بێـت کـە شـتەکان بـە خەتێکـی ڕاسـتدا دەڕۆن، ئـەوا ئـەم بـاوەڕە لـە جەوهەریـدا دیدێکـی دینیـی لەخـۆ دەگرێـت و سـەرەتاکەیشـی هـەر دەگەڕێتـەوە بـۆ دروسـتبوونی یەکـەم دەوڵـەت و کرۆکـی دەوڵـەت وەک پیـرۆزی ڕەهـا و هیـچ هەلێـک بـۆ هەڵبـژاردن ناهێڵێتـەوە.

ئاپـۆ پێی وایـە ئێمـە پێویسـتمان بـە زانسـتێکی نوێـی سۆسـۆلۆژییە تـا هەڵەکانـی کـۆن ڕاسـت بکەینـەوە و بوێریـن شـتەکان وەک خۆیـان نـاو ببەین. پێویسـتە بگەڕێینەوە سـەرەتای زۆر سـەرەتا، ئاماژەکردن بـە کۆمەڵگـەی مەشـاعیی و سـەرەتایی بـە تەنهـا وەک کۆمەڵگەیەکـی سـەرەتایی، کـە وەک جەبـر و زەروورەتـی مێـژوو بەجێمـان هێشـتووە، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا بەردەوامیـی  و درێژەپێدانـە بـە کرۆکـی سـتەمکاریی، چەوسـانەوە، دەسـەڵاتگەرایی دەوڵـەت... بـە ڕای ئاپـۆ ئێمـە دەبێـت وەک یەکـەم خانـەی سـەرەتایی دروسـتبوونی کۆمەڵگـە تەماشـای کۆمەڵگـەی سـەرەتایی بکەیـن، نـەک ئەوەیـش بەڵکـوو پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەم سـەرەتایە  و هـەر لەوێشـەوە دەسـت پـێ بکەینـەوە، تـا بتوانیـن لـە هەژمـوون و دەسـەڵاتی دەوڵەتـی سـەرمایەداریی ڕزگارمـان بێـت، کـە لـە ئێسـتادا ئەمەریـکا سـەروەریی

و نوێنەرایەتیی دەکات، کۆمەڵگەی سەرەتایی وەک ڕەحم و دایکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، لێرەیشدا ئاپۆ جەخت لە دایک و وێنای دایک وەک خوداوەند دەکاتەوە.

هەمدیسان بۆ ئاپۆ ئەوەی لە نێو مێژووی مرۆڤایەتییدا مەزن و مەزنتر دەبێت، ئەوەی تا بێت هەڵدەئاوسێت و گەورە دەبێت، بە جۆرێک ئیتر خۆی لە نێو خۆیدا جێی نابێتەوە، هەژموون و دەسەڵاتی دیموکراتیی نییە، بەڵکوو دەسەڵاتگەرایی، ستەمکاریی، چەوسانەوەیە، ئەمەیش بە پاڵپشتیی دەسەڵات و جەنگ کراوە، بە بەردەوامیش دەکرێت، تەماشاکردنی دەسەڵات و هەژموونی شەڕ بە واتا تەسکەکەی ئەقڵ و ئیدراک، خولیای گەورەبوون لە ناو بنیادی دەوڵەتدا بە بیانووی دەسەڵات بۆ گەشەسەندنی ئیجباریی و زەروریی دەوڵەت، خۆی جەوهەری کێشەکانە. هەر بۆیە ئێمە پێویستمان بە جیاکردنەوەی هونەری سیاسەتە لەگەڵ عەسکەرتاریەت، هونەری سیاسەت بۆ بەڕێوەبردن و ئاسایشی گشتیی. بە ڕای ئاپۆ ئەوەی تۆزێک ئیدراکی هەبێت لەم جیاکردنەوەیە تێدەگات، چونکە دەرئەنجامی جودانەکردنەوەی ئەم دووانە لەیەکتر، دەرەنجامی کارەستباری بۆ مرۆڤایەتیی لێ کەوتووەتەوە، هێشتا هەر بەردەوامیشە، گەر خۆمانی لێ دەرباز نەکەین، ئەوا بە کۆتایی مرۆڤایەتی کۆتایی دێت.

واتە جیاکردنەوەی ئیدارەی دیموکراتیی لە ئیدارەی ستەمکاریی جەوهەری تێگەیشتنمانە لە چەمکی دەوڵەت. بۆ ئەوەی ئەم جیاکردنەوەیە بکەین، ئەوا پێویستمان بە زەمینەسازییە لە هەردوو

ئاستی تیۆری و پراکتیکییدا، هەڵبەت لە هیچ شوێنێکی تێزەکەی ئاپۆ ئەوە نەهاتووە کە تۆ وەک  ئیدارەیەکی دیموکراتیی خاوەنی هێز و میلیتاری خۆت نەبیت وەک میللەت، لە کاتی جەنگدا دەستەوسان بوەستیت تا کۆمەڵکوژت بکەن.

ئەم گەڕانەوە پاشەوپاشەی مێژوو بۆ ئاپۆ قسەکردنێکی سەرپێیی و هەنووکەیی نییە، بە تەنها  زادەی کاریگەریی چەوسانەوەی خۆی وەک زیندانیەکی سیاسیی بۆ زیاد لە بیست و پێنج ساڵ لە دوڕگەی ئیمراڵی نییە، کە زۆرێک لە کاڵفامی خۆیان پێیان وایە ئێمە نابێت گوێ بۆ ئاپۆ بگرین و تێزەکانی بە هەند وەربگرین وەک کورد وەک میللەتێکی بێ دەوڵەت، چونکە ئاپۆ ئەم قسانەی لە ژێر کاریگەریی زیندانە تاکەکەسییەکەی خۆیدا کردووە.

بۆ هەر کەسێک بایی مسقاڵەزەڕەیەک ئاشنای خوێندنەوە و فیکر بێت، ئاگای لە تیۆرییە فکریی و فەلسەفییەکان بێت، ئەوا دەتوانێت درک بەو ڕاستییە بکات کە هەموو ئەو نووسینانەی ئاپۆ لە زیندان نەک زادەی ئەزموونی تەنیایی جەبریی و چەوسانەوەی تایبەتیی خۆی نییە، بەڵکوو زادە و بەرهەمی ئیدراک، ڕامان، خوێندنەوەی قووڵ و ورد، زادەی هەرسکردنی میراتێکی مێژوویی لە خودی مێژووی مرۆڤایەتییە، زادەی مێژووی چەوسانەوە و سەرکوتکردنی مرۆڤایەتیی بە گشتیی و ژن و دایکە بە تایبەتیی. سڕینەوەی تەواوی مێژووییەکە کە ئێمە لێوەی هاتووین و تاکە چارەیەکیشمان هەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرەتایە، تا لەوێوەوە دەست پێ بکەینەوە، جا ئەمە ئەگەر هەلێک بۆ دەستپێکردنەوە مابێت.

هـەر بۆیـە بـۆ مـن نـەک پێویسـتە ئاپـۆ بخوێنینـەوە و وەک فەیلەسـووفێکی دەگمـەن لـە گەڵـی بڕۆیـن، بەڵکـوو پێویسـتە لـە سـەر نووسـینەکانی بوەسـتین و ڕاڤـە و شـرۆڤەی ڕژد و قووڵـی بـۆ بکەیـن، ئـەو کاتـە لـە ئاپـۆ تـێ دەگەیـن کـە لـە چنگـی سیاسـەت و چەمکـی ( شـەڕ-ئاشـتی) نێـوان تـورک و کـورد، دەری دەهێنیـن و جارێکـی تـر نـەک بـە تەنهـا بـۆ کـورد، بەڵکـوو بـۆ مرۆڤایەتیـی سـوودی لـێ وەردەگریـن، وەک سـەرەتایش دەگەڕێینـەوە سـەر ئـەو چـوار ئاسـتەی تێزەکـەی.

قۆناغـی یەکـەم: کـە قۆناغـی دارمـان و شکسـتی بێشـوماری هێـز و هەژمونـی شـەڕگەراییە. هەمـوو فەتحکەرانـی مێـژوو، هەمـوو ئەوانـەی بـە سـەرکەوتنەکانیان بانگەشـەی ئەوەیـان کـردووە ڕووداوی مێژوویـی ئاوارتـە و گـەورەی سـەربازییان ئەنجـام داوە، نـەک ئەوەیـش بەڵکـوو سـەپاندنی ئـەم سـەرکەوتنانە وەک سـەروەریی لـە مێژوودا، وەلـێ ڕاسـتییەکەی ئەمـە نـەک ڕاسـتینە و هەقیقەتـی ئـەو مێـژووە نییـە، بەڵکـوو ڕاسـتییەکەی سیسـتەمێکی کۆیلایەتییـان سـەپاندوە، چونکـە دواتـر هەمـوو شـتەکان، هەمـوو مرۆڤـەکان، یـان وردتـر بڵێیـن دۆڕاوەکان لـە ژێـر چوارچێـوەی هێـز و هەژموونـی یاسـادا بـوون، کـە یاسـا و هەژموونـی فەتحکـەران و براوەکانـی شـەڕەکە بـوون. لێرەیشـدا هیـچ بـوار و هـەل و شـوێنێک بـۆ نارەزایەتـی و دژایەتیـی نامێنێتـەوە، تەنانـەت لـە سـەر ئاسـتی دەروونیـی و زهنیـش ناتوانیـن بیـر لـە شـتێکی جیـاواز بکەینـەوە، دوا جـار بـە یاسـای ئـەوان هەڵدەکەیـت، دەژیـت و هـەر بـە یاسـای ئەوانیـش دەمریـت. لێرەیشـدا ئاپـۆ ئاماژە بـە هەمـوو سیسـتمە تۆتالیتارییەکانـی مێـژووی مرۆڤایەتیـی دەکات،

بە تایبەت سیستەمە ئیمپراتۆریی و فاشییەکان، هەڵبەت سیستەمی مۆنارکیش لەمە نەک بەدەر نەبووە، بەڵکوو بەرجەستەی تەواوی ئەم قۆناغەیە. لێرەیشدا هەژموون و دەسەڵاتی دین و فتوحاتە دینییەکانمان بیر نەچێت.

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە بە پێچەوانەی ئەوەی یەکەمەوە بریتییە لە سیستەمی ژیانی ئازاد بۆ کۆمەڵگە بە هەموو چین و ئاستە جیاوازەکانییەوە لە خێڵ، کلان، گەلانی جیاواز، لێرەدا گرووپ و چینە جیاوازەکان دەتوان بە زمانی خۆیان بدوێن و بنووسن، دەتوان پارێزگاریی لە کەلتووری خۆیان وەک ئەوەی هەیە بکەن و بپارێزن، ئەم سیستەمە دژ بە سیستەمی تالانچێتیی و شەڕانگێزییە کە لە ژێر پەردەی دەوڵەتی هەرەمیدا خۆی شاردووەتەوە... ئەمەی لێرەدایە سیستمێکە گوزارشت لە هەڵسوکەوتی خەڵکی خۆڕاگر و بەئەمەک دەکات، خەڵکانێک کە شکستیان نەهێناوە. هەموو ئەو جۆرە نەتەوانەی لە دڵی بیابان، شاخ و جەنگەڵەکاندا ماون، بە هەمیشەیی بەرەنگاری هێرش و دڕەندی هێزی شەڕ دەبنەوە، ئەوانە دەتوانین چاویان لێ بکەین، بە مانایەکی تر هەموو ئەو گرووپ و خەڵکانەی لە سەر بنەمای سیستەمی یەکەم و لە کێشمەکیشی شەڕدا درووست نەبوون، دەتوانین وەک نموونەی ئەم سیستەمە ببینین، چونکە جەوهەری ئەم سیستەمە ئازادیی، سەربەخۆیی، یەکسانی دادوەرییە بۆ هەمووان. لێرەدا دەتوانین جارێکی تر بەر ئەشق بەر ئەدەب و مانای هونەریش بکەوینەوە.

قۆناغـی سـێهەم: لـە سیسـتمی کۆمەڵایەتییدا ئـەم جـۆرە پێـی دەوترێـت دەوڵەتـی (ئاشـتی و سـەقامگیری)، لـە سـەرەتاوە ئـەم دۆخـە لـە ئاسـتی هاوسـەنگی نێـوان هـەردوو هێزەکـەدا درووسـت بـووە، لـێ لـە هەمـوو ئاسـتە جیاوازەکانـدا جیاوازیـی لـە نێوانیانـدا هەیـە، چونکـە ڕوونـە دۆخـی شـەڕ و پێکدادان بـە هەمیشـەیی و بـە بەردەوامـی بـوون و کەینونـەی کۆمەڵگـە دەخاتـە ژێـر هەڕەشـەی گـەورە و لەناوچوونـەوە، ئەوانـەی لـە دۆخـی شـەڕی بەردەوامـدان، ڕەنگـە پـەی بـە گرنگیی و زەروورەتـی بەرژەوەندیی هاوبەش نەبەن، هـەر بۆیـە بەپێـی پەیمانـی (ئاشـتیی و سـەقامگیریی) و بـە ڕێگـەی جیـاواز بـەرەو ئاشـتەوایی دەڕۆن. لێرەیشـەوە ڕێکەوتـن و پەیمانـی ڕێکەوتـن بـۆ ئاشـتیی و سـەقامگیریی، وەک مەرجێکـی حەتمـی بـۆ مانـەوەی هـەردوولا دەبێتـەوە بـەردی بناغـە بـۆ ئاشـتەوایی. ئـەو کاتانەیـش هەنـدێ جـار گـەر هەمـوو ئـەو مەرجانەیـش جـێ بەجـێ نەبێت، وا هـەردوولا ئیشـیان بۆ کردووە و ئاواتەخـوازن پێـی بگـەن، ئـەوا دۆخەکـە لـە شـەڕی موتڵەقـەوە بـۆ یەکلاکردنـەوەی دۆزەکان دەڕوات بـۆ نیمچەشـەڕ تـا هەڵگیرسـانی شـەڕیکی تـر، ئـەم دۆخـە بـۆ خـۆی لـە شـەڕ سـەخترە، چونکـە لـە نێـوان بەرخودانـی گـەلان و دەسـەڵاتە نەدۆڕاوەکەیـان کـە لـە بنـی دەسـەڵاتەکەی سـەرەوەیە، هەمیشـە کەڵکەڵـەی شـەڕێک بـە ڕێوەیـە، هـەر بۆیـە دەتوانیـن ئـەم دۆخـی هاوسـەنگییە لـە چوارچێـوەی شـەڕ و ئاشـتیدا بـە (نیـوەی شـەڕ) وەسـف بکەیـن.

قۆناغـی چـوارەم: ئەمەیـش دوا قۆناغـە و بـۆ ئاپـۆ دۆخـی خاڵیبوونەوەیـە لـە کێشمەکێشـی نێـوان هێـز و هەژموونـی شـەڕ-ئاشـتی. ئـەم قۆناغـە لەدایـک نابێـت و نایەتـە دی ئەگـەر هـەردوولا نەگەنـە خاڵـی ناوەڕاسـت بـۆ دەسـتبەرداربوون لـە شـەڕ. ئاپـۆ هەمدیسـان دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگـەی سـەرەتایی، دەکرێـت ئاشـتی و ئاشـتەوایی لـە کۆمەڵگـەی مەشـاعیی سـەرەتایی گەشـەکردوودا بـاڵ بکێشـێت و بـەردوام بێـت، یـان بـەوەی هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەم کۆمەڵگەیـە دووچـاری کێشمەکێشـی نێـوان شـەڕ و ئاشـتی نەبـووە، یـان ئەوەتـا خـودی سیسـتمی شـەڕ-ئاشـتی تێدەپەڕێنێـت. هـەر لە ڕێی خـودی کۆمەڵگـەی مەشـاعییەوە، چونکـە لـەم کۆمەڵگانـەدا جێگـەی شـەڕ-ئاشـتی نەبـووە، جـا گـەر شـتێک هـەر لـە سـەرەتاوە بوونـی نەبێـت، ئـەوا ئێمـە پێویسـتمان بـە خـودی چەمکسـازیی و قسـەکردن بەگرفتکردنـی نییـە... بـە گەڕانـەوە بـۆ مێژووی کۆمەڵگـەی هەرەمیـی و دەوڵـەت، ئێمـە ئـەم جیاوازییـە دەبینیـن وا شـەڕ-ئاشـتی لەگـەڵ درووسـتبوونی دەوڵـەت و هەیمەنـە و هەژموونـی دەوڵـەت و پیرۆزی دەوڵـەت درووسـت دەبێـت.

★★★



# ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای لیبراڵ

ئالێن دێ بێنوا
لە ڕووسییەوە: عەلی ئەحمەد

لیبراڵیـزم، بەهـۆی ئـەوەی ئەنجامـی کاری تاکـە مرۆڤێک نییـە، هەرگیـز ڕێبـاز (دۆکترین)ـێکی یەکانگیـر نەبـووە. نووسـەرانی ئـەم ڕێبـازە بـە شـێوازی زۆر جیـاواز و هەندێـک جـار دژواز باسـیان کـردووە. سـەرەڕای ئـەوەش، ئەوەنـدە خاڵـی هاوبەشـیان هەیـە کـە بیانکەیـن بـە بەڵگەیـەک بـۆ ئـەوەی هەموویـان وەک لیبـراڵ پۆلێـن بکەیـن. هەروەهـا ئـەم خاڵـە هاوبەشـانە وامـان لـێ دەکـەن بتوانیـن لیبراڵیـزم وەک فێرگەیەکـی تایبەتـی بیرکردنـەوەی سیاسـیی پێناسـە بکەیـن. لیبراڵیـزم، لـە لایەکـەوە، دۆکترینێکـی ئابوورییـە و هـەوڵ دەدات مۆدێلـی بـازاڕی خۆڕێکخـەر بکاتـە پارادایمـی هەمـوو واقیعـی کۆمەڵایەتیـی: ئـەو شـتەی بـە لیبراڵیزمـی سیاسـیی نـاو دەبرێـت، تەنـێ یەکێکـە لـە شـێوازەکانی جێبەجێکردنـی ئـەو پرەنسـیپانەی لـەم دۆکترینە ئابوورییەوە بۆ ژیانی سیاسـیی دەرهێنراون. ڕێک هەر ئەم دۆکترینـە مەیلـی ئـەوەی هەیـە، تـا دەتوانێـت، ڕۆڵ و پانتایی سیاسـەت سـنووردار بـکات. فیتاوفیـت لـەم واتایـەدا دەتوانیـن بێژیـن، زاراوەی «سیاسـەتی لیبـراڵ» لـە خۆیدا پێکدژ و ناکۆکـە. لـە لایەکی دیکـەوە، لیبراڵیـزم دۆکترینێکـە لەسـەر ئەنترۆپۆلۆژیای تاکگەرایی بەنـدە، واتـە مـرۆڤ وەک بوونەوەرێـک لـە بنەڕەتـەوە ناکۆمەڵایەتیی دەبینێت. ئەم دوو تایبەتمەندییـە، کـە لایەنـی وەسـفیی و پێوانەیـی (نۆرماتیڤ)ـیان هەیـە (تاکەکـەس و بـازاڕ لێرەدا هـەم وەک ڕاسـتییەکی هەبوو و هـەم وەک مۆدێلێـک سـەیر دەکرێـن)، ڕاسـتەوخۆ دوژمنایەتـی ناسـنامەی دەسـتەجەمیی (بەکۆمـەڵ، کۆلێکتیـڤ) دەکـەن.

ناسنامەی دەستەجەمیی مەحاڵە بە شێوازی کورتکردنەوە شیکار بکرێت، وەک ئەوەی بڕی سادەی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە بێت کە تاکەکەسەکانی ئەم کۆمەڵگە هەیانە. ئەم ناسنامەیە ئاماژە بە هۆشیاریی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەکات بەرانبەر بوونی دەستەجەمیی خۆیان، واتە ناسنامە هاوبەشەکەیان بەرهەمی ئەم پێکهاتەیە. لیبراڵیزم، بەو پێوەرەی لەسەر تاکگەرایی دامەزراوە، مەیلی بۆ پچڕانی هەموو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە هەیە وا لە چوارچێوەی تاکەکەس دەردەچن. سەبارەت بە کارکردی ئازادانەی بازاڕ، پێویستە هیچ کەس و شتێک نەبێتە ئاستەنگ لە بەرانبەر جووڵەی کاڵاکان و خەڵکدا، واتە سنوورەکان نەبن و بە گشتیی بەها و بونیادە هاوبەشەکان هەڵبوەشێنەوە و نەمێنن. بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە لیبراڵەکان هەرگیز ناتوانن بەرگریی لە بەها و ناسنامە دەستەجەمییەکان بکەن، بەڵکوو بەو کارەیان دەکەونە ناکۆکیی لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.

لویس دیومۆن بە باشیی ڕۆڵی مەسیحییەت لە تێپەڕبوونی ئەورووپا لە کۆمەڵگەی گشتگەرایی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تاکگەرایی مۆدێرن نیشان داوە. مەسیحییەتی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە مرۆڤی وەک بوونەوەرێک وێنا کردووە کە پێش هەر پەیوەندییەک، پەیوەندییەکی ناوەکیی لەگەڵ یەزداندا هەیە، بەم شێوەیەش بەهۆی بڵندبوونەوەی کەسییەوە دەتوانێت هیوای ڕزگاربوونی هەبێت. لەم پەیوەندییە لەگەڵ یەزداندا، جەخت لەسەر بەهای مرۆڤ وەک تاکەکەسێک دەکرایەوە و بەهای جیهانیش

کـەم دەکرایـەوە. جگـە لـەوەش، تاکەکـەس وەک هەمـوو کەسـەکانی دیکـە ڕۆحێکـی تاکەکەسـیی هەیـە. بـەم ڕەنگـە، یەکسـانخوازیی و گشتگەرایی ئاستێکی سـەروو جیهانیـان هەبوو: ئـەو بەهـا ڕەهایـەی کـە ڕۆحی تاکەکـەس لـە پەیوەندییـە مناڵییەکانییـەوە لەگـەڵ یەزدانـدا وەری دەگـرت، بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتیـی هاوبـەش بـوو.

مارسـێل گۆشـێ بـاس لـە بابەتی پەیوەندییەکی هۆکارەکیی نێوان دەرکەوتنـی خودایەکـی کەسـیی و لەدایکبوونـی مرۆڤێکـی ناوەکیـی (inner man) دەکات، کـە چارەنووسـی ئـەم مرۆڤـە لەودنیـا تەنیـا بەنـدە بـە کـردەوە تاکەکەسـییەکانی و سـەربەخۆییەکەیشـی لەنێـو پەیوەندیـی بـە خـوداوە شـایەنی باسـە، واتـە پەیوەندییـەک کـە تەنیـا خـودا بەشـداریی تێدا دەکات. «تـا زیاتـر یـەزدان لەنـاو بێکۆتاییەکەیدا دوور بێـت، پەیوەندیـی لەگەڵیدا زیاتردەبێتـە کەسـیی پەتیـی و بەبـێ هـەر نێوەندگیرێکـی دامەزاوەیـی دەبێـت. سـوبێکتی ئیلاهیـی کـە تـا ڕەهایی بـەرز بووەتـەوە، جگـە لـە ئامادەبوونێکی گیانیبەگیانیی هیـچ شـەرعیەتێکی زەمینیـی نییـە. بـەم شـێوەیە، پانتایـی ناوەکیـی سـەر دەکێشـێت بـۆ تاکەکەسـێتیی ئایینیـی»[i].

دۆکترینـی پۆڵسـی پایەبـەرز گرژییەکـی دوالیسـتیی ئاشـکرا دەکات، کە لـە مەسـیحییەتەوە، لـە پەیوەندییەکـەی بە خوداوە، «تاکەکەسـێکی ئەودنیایـی» دێنێتـە کایـەوە: بـوون بـە مەسـیحیی، بـە شـێوازێک لـە شـێوازەکان واتـای وازهێنانـە لـە دنیـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ڕەوتـی

i-Marcel Gauchet, La désenchantement du monde. Gallimard, 1985, p. 77.

مێـژوودا تاکەکەسـی «ئەودنیایـی» وردەوردە دەسـت دەکات بـە داگیرکردن و پیسکردنی ژیانی دنیایی. ئـەو تاکەکەسـەی خۆی بۆ جیهێشـتنی دنیـا ئامـادە دەکات، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە بتوانێـت هێـزی پەیـدا بـکات بـۆ ئـەوەی ژینگـەی دەوروبـەری لەگـەڵ بەهاکانیـدا بگونجێت، ئیدی بەرەبەرە دەگەڕێتەوە بۆ جیهـان، کاری تێدا دەکات و بـە تەواویـی دەیگۆڕێت. ئـەم پرۆسـەیە لـە سـێ قۆناغـی سـەرەکییدا ئەنجام دەدرا. لە سـەرەتاوە وازیان لە ژیانی دنیایی نەدەهێنا، بەڵکوو بـە لایانـەوە ڕێژەیـی بـوو (وەک تیۆریـی دوو شـار ــ شـاری زەمینیـی و شاری ئاسمانیی ـ لای ئۆگەستین). لە قۆناغی دووەمدا سیستەمی پاپا هێزی سیاسیی بەدەست دەهێنا و دەبووە دەسـەڵاتێکی دنیایی (عەلمانیـی). لـە کۆتاییـدا، دوای ڕیفـۆرم و چاکسـازیی، مـرۆڤ بـە تەواویی خۆی بۆ جیهان تەرخان دەکرد، تێیدا کاری بۆ شکۆمەندیی خودا دەکرد و سـەرکەوتن و سـامانە ماددییەکەشـی وەک بەڵگەیەکی بەهێـزی هەڵبژاردنەکـەی لێـک دەدایـەوە.

بـەم ڕەنگـە ئـەو بنەمـای یەکسـانیی و تاکەکەسـییەی لـە سـەرەتاوە تەنـێ بـە پێوەندیـی پەیوەندیـی مـرۆڤ و یـەزدان هەڵدەخـولا و لەگـەڵ ئـەو بنەڕەتـە ئۆرگانیـی و پلەبەنـدە هاوبـوون بـوو کـە جیهانـی مشـتوماڵ دەدا، وردەوردە داکشـێنرایە سـەر زەوی، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ئـەو تاکگەراییـە مۆدێرنـەدا بتوێتـەوە کـە نوێنەرایەتیـی دیـدە دنیاییەکـەی دەکات. ئـالان ڕێنـۆ، بـە ئاوڕدانـەوە لـە تێزەکانـی لویـس دیومـۆن دەنووسـێت: «بـۆ ئـەوەی تاکگەرایـی مۆدێـرن لەدایـک بێـت، پێویسـت بـوو ئـەو پێکهاتـە تاکگەرایـی و گشـتگەراییانەی لـە ئایینـی مەسـیحییدا

هەبوون، ئاوێتە ژیانی مۆدێرن بن، دوالیزمی سەرەتایی بزر بێت و ژیان وەک بەهای باڵا تەماشا بکرێت». لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەدا «تاکەکەسی ئەودنیایی بوو بە تاکەکەسێکی مۆدێرنی دنیایی»(i).

پاشان کۆمەڵگەی ئۆرگانیی لە جۆری گشتگەرایی بزر بوو. گەر بە زمانی سەردەمەکەمان بێژین، گواستنەوەیەک لە کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵگە ڕووی دا، واتە بۆ فۆرمێک لە ژیانی هاوبەش کە وەک پێکەوەبوونێکی سادە لەسەر بنەمای گرێبەستێک بیری لێ دەکرێتەوە. بەم شێوەیە، چیتر فاکتەری کۆمەڵایەتیی بە پلەی یەکەم نایەت، بەڵکوو تاکەکەسەکان، خاوەن مەفە کەسییەکان دێن و بەپێی پابەندبوون بە پەیمان (گرێبەستەکان) لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە کەسییەکان پێکەوە بەستراون.

زەمەنی گرنگی ئەم پەرەسەندنە سەدەی چواردەیەمی نۆمینالیزم (ناوگەرایی)ـی ویلیامی ئۆکام بوو، کە پێی وابوو لە بوونی بەشەکیی کۆنکرێتیی بترازێت هیچ شتێکی دیکە نییە. چرکەساتێکی گرنگی دیکە دێکارتگەرایی (Cartesianism) بوو، کە لە ڕووی فەلسەفییەوە چەمکی تاکەکەسی دامەزراند، دواتر ئەم تاکەکەسە لە ڕوانگەی یاساییەوە دەبێتە خاوەنی مافەکانی مرۆڤ و لە ڕوانگەی فکریی و ڕۆشنبیریشەوە دەبێتە سوبێکتێکی زانەری چەرخی ڕۆشنگەریی. لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە لە ڕوانگەی گشتییەوە ڕزگاربوونی تاکەکەس لە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان

i-Alain Renaut, L'ère de l'individu. Contribution à une histoire de l'individualité. Gallimard, 1989, p. 76–77.

وەک نیشـانەی پەیوەسـتبوونی مرۆڤایەتیـی بـە «تەمەنـی پێگەیشتن»ـەوە لێک دەدرایـەوە. مۆدێرنیتـە کە بە ئەنگێزە و پاڵنەری تاکگەرایـی جـۆش دەدرێـت، بـە پلـەی یەکـەم وەک پرۆسـەیەک پێک هـات و لـە ئەنجامـدا گرووپەکانـی خزمایەتیی، دراوسـێتیی و هەروەها تاقـم و کۆمەڵـە فراوانـەکان وردەوردە لەپێنـاو ئـەوەی «تاکەکـەس ئـازاد بکـەن» هەڵدەوەشـێننەوە، بـەم شـێوەیەش هەمـوو پەیوەندییـە ئۆرگانییەکانـی هاوکاریـی و هاوخەمیـی دەپچڕێـن.

مـرۆڤ لـە هـەر کۆنـەوە هەوڵـی داوە خـۆی هـەم وەک کەسـێک و هـەم وەک بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتیـی بسـەلمێنێت: ڕەهەنـدی تاکەکەسـیی و ڕەهەنـدی دەسـتەجەمیی یـەک ناسـنامە نیـن، بـەڵام پێکەوە گرێدراون. لە ڕوانگەی گشـتگەرایییەوە، مرۆڤ لەسـەر بنەمای پێـدراوە کەسـییەکان و لەنـاو بەسـتێنە کۆمەڵایەتیی-مێژووییەکانـی خۆیـدا کـە بـە میـرات بـۆی ماونەتـەوە، گەشـە بـە خـۆی دەدات. جـا ڕێـک هـەر ئـەم مۆدێلـە هاوبەشـەی مێـژووە کـە ئـەو تاکگەراییـە دژایەتـی دەکات وا خـۆی بەرهەمـی کۆمەڵگـەی ڕۆژئاوایـە. تاکگەرایـی بـە واتـا مۆدێرنەکـەی ئـەم زاراوەیە فەلسـەفەیەکە تاکەکەس وەک تاکە ڕاسـتەقینە و پێـوەری هەمـوو بەهـاکان دەزانێت. ئـەم تاکەکەسـە وەک شـت لـە خۆیـدا دەبینرێـت و لـە هـەر چوارچێوەیەکـی کۆمەڵایەتیـی و کەلتوورییەوە دەرخراوە و ئەبستراکت کراوە. لەو کاتەی گشـتگەرایی (holism) گوزارشـت لـە بەرجەسـتەبوونی کۆمەڵگەیـەک دەکات کـە پەیوەسـتە بـەو بەهـا میراتییانـەی لەنـاو ئەندامەکانیـدا هاوبەشـن، تاکگەرایـی بەبـێ پشتبەسـتن بـەو کۆمەڵگەیـەی مـرۆڤ تێیـدا دەژیـت،

جەخت لەسەر بەهاکانی خۆی دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە دان بە هیچ دۆخێکی ئۆتۆنۆمی پێکهاتە و کۆمەڵەکان، گەلان، کەلتوورەکان یان نەتەوەکاندا نانێت، بەڵکوو وەک کۆبوونەوەی ئەتۆمە ئازادەکان (تاکەکەسییەکان) دایاندەنێت کە تەنێ بەهایان بۆ لیبراڵیزم هەیە.

ئەم سەردەستەی تاکەکەس بە سەر کۆمەڵەوە لە هەمان کاتدا وەسفیی، پێوانەیی، میتۆدۆلۆژیی و ئاکسیۆلۆژیی (بەهاناسیی)ـە. وا دادەنرێت تاکەکەس لە پێش هەموو شتێکەوە بێت، بەو پێیەی لە ڕوانگەی ئەفسانەییەوە بۆ «پێشمێژوو» (دۆخی سرووشتیی) دەکەوێتە پێش کۆمەڵگەوە، یان بە سادەیی پێشینە و باڵادەستییەکی پێوانەیی هەیە (تاکەکەس ئەوەیە بەهای زیاتری هەیە). جۆرج باتای جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە «لە بنەڕەتی هەموو بوونەوەرێکدا پرەنیسیپی ناکامیی هەیە». لێ تاکگەرایی لیبراڵ، بە پێچەوانەوە، بانگەشە بۆ تێربوونی تەواوەتیی تەنیا تاکەکەس دەکات. لیبراڵیزم مرۆڤ لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەی نێو کۆمەڵایەتیبوونی سەرەکیی و لاوەکییدا ڕادەگەیەنێت. سوبێکتی (بکەر)ی ئۆتۆنۆم خاوەنی خۆیەتی، تەنێ بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەجووڵێت، ئەو بە پێچەوانەوەی کەسێتییەوە، وەک بوونەوەرێکی «ئەخلاقیی، سەربەخۆ، ئۆتۆنۆم یان لە بنەڕەتەوە ناکۆمەڵایەتیی»[i] پێناسە دەکرێت.

---

i-Louis Dumont, Homo Aequalis. Genèse et épanouissement de l’idéologie économique (Paris: Gallimard, 1977), p. 17.

لە ئایدۆلۆژیای لیبراڵدا ئەم تاکەکەسە خاوەنی ئەو مافانەیە کە «لە سرووشتی ئەودا هەن»، ئەم سرووشتەش وابەستەی هیچ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نییە. حکومەتەکان گەرەکە ئەم مافانە گەرەنتی بکەن، بەڵام نابێت درووستیان بکەن. بەهۆی ئەوەی پێش هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیی دەکەون، خۆبەخۆ پەیوەندییان بە ئەرکەکانەوە نابێت، چونکە ئەرکەکان ئەو واتایە دەدەن کە پێشتر لە سەرەتاوە ژیانی کۆمەڵایەتیی بوونی هەیە: هیچ ئەرکێک بەرانبەر کەسانی دیکە نییە ئەگەر ئەوانی تر نەبن. تاک خۆی سەرچاوەی مافە کەسییەکانی خۆیەتی و لە سەرەتاوە لە مافی مامەڵەکردنی ئازادانەوە بەپێی حیساب و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەست پێ دەکات. بەم شێوەیە، تاکەکەس لەگەڵ هەموو تاکەکەسەکانی دیکەدا لە دۆخی شەڕدایە، چونکە ئەوانیش هەمان مافیان هەیە و ناچارن لە کۆمەڵگەیەک یان جیهانێکدا کە وەک گۆڕەپان و بازاڕێکی ململانێ و کێبڕکێ بیری لێ دەکرێتەوە، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بە هەمان شێوە مامەڵە بکەن.

ڕەنگە تاکەکەسەکان بتوانن لەگەڵ کەسانی دیکەدا کۆمەڵەی هاوبەش پێک بهێنن، لێ ئەم کۆمەڵەیە مەرجدار، ڕاگوزەر و کاتییە، چونکە لەسەر بنەمای کۆدەنگیی تاکەکەسەکانە و هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە جگە لە باشترین تێربوونی ئارەزووەکانیان. بە واتایەکی دیکە، ژیانی کۆمەڵایەتیی لە پانتایی کاروباری بڕیارە تاکەکەسییەکان و بژاردە ئارەزووکراوەکان بترازێت هیچی دیکە نییە. مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی ڕەفتار دەکات، نەک لەبەر ئەوەی ئەمە

سرووشـتی ئـەوە، بەڵکو لەبـەر ئـەوەی قازانجەکـەی لەمەدایـە. ئەگـەر قازانجی نەبێت، ئـەوا لانی کـەم لـە ڕووی تیۆرییـەوە، دەتوانێت پەیمانی کۆمەڵایەتیی بشـکێنێت. ڕاسـتییەکەی ئـەم پچـڕان و جیابوونەوەیـە بـە باشـترین شـێوە گوزارشـت لـە ئازادییەکـەی دەکـەن. بـە پێچەوانـەی ئازادیی لـە کۆنـدا، واتـە ئیمکانی بەشـداریی مـرۆڤ لـە ژیانـی گشـتییدا، ئازادیی بـۆ مرۆڤـی مۆدێـرن (les Modernes) پێش هەمـوو شـتێک مافـی کشـانەوەیە لـە ژیانـی گشـتیی. هـەر لەبـەر ئەمەشـە لیبراڵـەکان هەمیشـە هـەوڵ دەدەن ئازادیـی وەک هاوواتـای سـەربەخۆیی پێناسـە بکـەن[i]. بینیامیـن کۆنسـتانت ستایشـی «چێژێکـی تایبەتـی بێکێشـە و سـەربەخۆی تاکەکەسـیی» دەکات و ئەوەشـی بـۆ زیـاد دەکات کـە «مرۆڤەکان بۆ ئـەوەی بەختـەوەر بن، پێویسـتیان بە هیچ شـتێک نییە جگـە لـە سـەربەخۆیی تەواوەتیـی لـە پیشـە و شـوێنی کارەکانیـان و کایـەی چالاکیی و خەونەکانیـان». ئـەم «چێژە بێکێشـەیە» گەرەکە وەک مافـی جیابوونـەوە، مافـی وازهێنـان لـە هـەر وابەسـتەییەک تێبگەیـن کـە ببێتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم «سـەربەخۆیی تایبەتیی»ـدا[ii].

---

i–بـەڵام هەندێـک نووسـەری لیبـراڵ هـەوڵ دەدەن جیاوازیـی لـە نێـوان ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆییدا بکـەن، هەروەهـا لـە نێوان سـوبێکت و تاکەکەسیشـدا، یـان تەنانـەت لـە نێـوان تاکگەرایی و نارسیسـیزمدا. بە پێچەوانـەی سـەربەخۆییەوە، ئۆتۆنۆمی لەگەڵ ملکەچبوون بۆ ڕێسـا سەرووتاکەکەسـییەکان دەگونجێت، تەنانـەت ئەگـەر لـە پێودانگی خۆزەمینەسازیشـەوە سـەرچاوە بگرن. بۆ نموونـە، ئەمـە ئـەو ڕوانگەیە کە ئالان ڕینوت بەرگریی لێ دەکات (هەمان سـەرچاوە، ل. ٨١–٨٦). ئۆتۆنۆمی لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە سـەربەخۆیی. بەڵام پرسـەکە ئەمە نییە. پرسیاری سـەرەکیی ئەوەیە کە لـە ڕوانگەی لیبراڵـەوە چ شـتێک تاکەکـەس پابەند و ناچار دەکات ڕێز لە سنووردارکردنی ئازادییەکەی خۆی بگرێت، کاتێک ئەم سنووردارکردنە لەگەڵ بەرژەوەندییەکەی خۆیدا ناکۆک بێت.

ii– De la liberté des Anciens comparée à celle des Modernes (1819).

لیبراڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بکرێنە قوربانی بەرژەوەندیی کۆمەڵ، چاکەی گشتیی، یان پاراستنی کۆمەڵگە (ئەو چەمکانەی ئەوان بە نەبوونیان دەزانن). ئەم دەرەنجامە لەو بیرۆکەیەوە دێت کە تەنێ تاکەکەسەکان مافیان هەیە، لە کاتێکدا گرووپەکان کە تەنیا وەک کۆبوونەوەی تاکەکەسەکان بوونیان هەیە، نابێت مافیان هەبێت. ئاین ڕاند دەنووسێت: «لەبەر ئەوەی تەنێ تاکەکەسێک مافی هەیە، دەربڕینی «مافە تاکەکەسییەکان» بێواتایە»[i]. بنیامین کۆنستانت ئاماژە بەوە دەکات کە «سەربەخۆیی تاکەکەسی بنەڕەتترین پێویستیی مۆدێرنەیە. هەرگیز نابێت بکرێتە قوربانی ئازادیی سیاسیی»[ii]. پێش وی جۆن لۆک ڕایگەیاندبوو «منداڵ وەک سوبێکتی هیچ وڵاتێک یان حکومەت لەدایک نابێت. کاتێک دەگاتە تەمەنی گەورەساڵ، ئینجا بە ئازادیی حکومەتێک هەڵدەبژێرێت یان خۆی دەلکێنێت بە جەستەیەکی سیاسییەوە کە هەڵبژاردنی خۆیەتی»[iii].

لە ڕوانگەی ئازادیی لیبراڵەوە تاکەکەسەکان دەتوانن خۆیان لە ڕیشە، ژینگەی دەوروبەریان، لەو بەستێنەی تێیدا دەژین، واتە لە هەر شتێک کە ئەوان دەکات بەوەی لە کەسانی دیکە نەچن، داماڵن و ئەبەستراکت بکەن. بە واتایەکی دیکە، بەپێی ئازادیی لیبراڵ، وەک

i- La vertu d’égoïsme. Belles lettres, 1993.

ii- Constant, De la liberté des Anciens.

iii- John Locke, Second Treatise of Civil Governm ent (1690), ch. VIII, in Two Treatise s of Governm ent , ed. Peter Laslett (Cambridge: Cambridge University Press, 1988), 347.

جۆن ڕاوڵز دەبێژێ، تاکەکەس پێش چارەنووسی خۆی دەکەوێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە تاکەکەس وەک سوبێکتێک وێنا دەکرێت کە لە هەر وابەستەیەک ڕزگاری بووە، لە هەر قەدەرباوەڕییەک ئازاد بووە. هیچ شتێک وەک ئەمە گەواهی لەسەر ئەوە نادات کە تاکەکەس لە هەموو بارودۆخێکدا ئازادیی لە هەر چاکەیەکی دیکە پێ باشترە. لە ڕێگەی ئەم چەمکەوە ئەو وابەستەبوون و پابەندبوونانەی مرۆڤ پشتگوێ دەخرێن کە کورت ناکرێنەوە بۆ پێوەری ئەقڵانیی. ئەمە سەرومڕ چەمکێکی فۆرماڵە و وا دەکات ئەستەم بێت تێبگەین کەسی واقیعیی چییە.

بیرۆکەی گشتیی ئەم چەمکە ئەوەیە: تاکەکەس مافی هەیە هەموو ئەو شتانە بکات وا دەیەوێت، بە مەرجێک ڕەفتاری وی ئازادیی کەسانی دیکە سنووردار نەکات. بەم شێوەیە ئازادیی وەک گوزارشتێکی پەتیی لە ئارەزوویەک پێناسە دەکرێت کە لە ڕووی تیۆرییەوە هیچ سنوورێکی نییە جگە لە ئارەزووی هاوشێوەی ئەوانی تر. تێکڕای ئەم ئارەزووانەش بە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئابوورییەوە نێوەندگیریی دەکرێت. ئەمە ئەوەیە کە گرۆتیۆس، تیۆریستی مافی سرووشتیی، لە سەدەی حەڤدەیەمدا جەختی لەسەر دەکردەوە: «کارکردن بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی دژی سرووشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی نییە، بە مەرجێک مرۆڤ بەو کارەی زیان بە مافی کەسانی دیکە نەگەیەنێت»[i]. بەڵام لەم پێناسەیەدا تا ڕادەیەک زیادەڕۆیی کراوە: لە پراکتیکدا هەموو کردەوەکانی

i- Hugo Grotius, Du droit de la guerre et de la paix (1625).

مـرۆڤ بـە جۆرێـک لـە جۆرەکان لەسـەر حیسـابی ئازادیـی کەسـانی دیکـە ئەنجـام دەدرێت، جگـە لـەوەش زۆر سـەختە ئـەو سـاتە دیاریـی بکرێـت کـە ئـازادی ئێمـە ئازادیـی کەسـانی دیکـە بەربەسـت دەکات.

ئازادیی لیبراڵەکان پێش هەموو شتێک بریتییە لە ئازادیی خاوەندارێتیی. ئـەم ئازادییـە ڕەگاژۆیـە نـەک لـە بوونـدا، بەڵکـوو لـە هەبوونـدا. مـرۆڤ بـەو ئەندازەیـە ئـازادە کـە خاوەنـدار بێـت - پێـش هـەر شـتێک، خاوەنـی خـۆی بێت. ئـەو بیرۆکەیـەی کـە خاوەندارێتیی خـود لـە بنەڕەتـەوە ئازادیی دیاریـی دەکات، دواتـر لەلایـەن مارکسـەوە وەرگیـراوە[i].

ئالان لۆران ئازادیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «جیابوونەوەیەکی

---

i- مارکس بـەو پێوەدانگـەی کـە بەهایەکـی ئیپیسـتیمۆلۆژیی بنەڕەتیـی بـە ئایدۆلۆژیـای لیبـراڵ دەدات، سـەر بـە مێتافیزیکێکـی تاکەکەسـە، ئەمـەش وا لـە میشـێل هێنـری دەکات بـە «یەکێـک لـە بیرمەنـدە پێشـەنگە مەسـیحییەکانی ڕۆژئـاوا» هەژمـاری بـکات.

(Michel Henry, Marx [Paris: Gallimard, 1991], vol. 2, 445)

واقیعـی ئـەو تاکگەراییـە مارکسـییەی وا لـە پشـتەوەی کۆمەڵگەرایـی خـۆی حەشـار داوە، لەلایـەن زۆرێـک لـە نووسـەرانەوە جێگیـر بـووە، ئەمـەش لـە لویـس دیومۆنـەوە دەسـت پـێ دەکات. پییێـر ڕۆزانڤالـۆن دەنووسـێت: «دەتوانیـن سـەرپاکی فەلسـەفەی مارکـس وەک هەوڵێـک بـۆ بەهێزکردنـی ئایدۆلۆژیـای تاکگەرایـی تێبگەیـن. چەمکـی ململانێـی چینایەتیـی تەنـێ لـە سـۆنگەی تاکگەراییـەوە بـۆ کۆمەڵگـە واتـای هەیـە. لـە کۆمەڵگـەی نەریتییـدا هیـچ مانایەکـی نییـە».

(Le libéralisme économique. Histoire de l'idée de marché , [Paris: Seuil, 1989 }, 188- 89).

بێگومـان مارکـس ئەندێشـەی مرۆڤـی ئابووریـی ڕەت دەکاتـەوە کـە لـە سـەرەتای سـەدەی هەژدەیەمـەوە پـەرەی سـەندبوو، بـەڵام تەنیـا لەبـەر ئـەوەی بـۆرژوازی بـەکاری دەهێنێـت بـۆ نامۆکردنـی تاکەکـەس و تەنیـا دەیبەسـتێتەوە بـە کایـەی بەرژەوەندیـی ئابوورییـەوە. بـۆ مارکـس ئـەم بەرژەوەندییـە سـەر دەکێشـێت بـۆ نامۆکردنـی تاکەکـەس لـە ژیانـی واقیعیـی (دەتوانیـن ئـەم ڕاگەیاندنـە وەک باشـترین بـەش لـە کارەکەیـدا ببینیـن). وەکتـر ئـەو لـە هیـچ شـوێنێکدا باسـی پێویسـتیی شـوێنکەوتنی چاکـەی گشـتیی نـاکات. تەنانـەت شـوێنێک بـۆ بەرژەوەندییـە چینایەتییەکانیـش نییـە.

ئۆنتۆلۆژییە، کە ئامانجی سەرەکییەکەی بریتییە لە گەڕان بەدوای بەختەوەریی تایبەتدا»[i]. بۆ نووسەرانی لیبراڵ «گەڕان بەدوای بەختەوەرییدا» هەمیشە وەک ئازادییەکی بێسنوور بۆ زیادبوونی باشترین بەرژەوەندیی تایبەت پێناسە دەکرێت. بەڵام کێشەکە لەوەدایە چۆن لە «بەرژەوەندیی» تێبگەین. لایەنگرانی ئەم چەمکە زۆر بەدەگمەن قسە لەسەر سەرچاوەکەی دەکەن، یان بەدەگمەن باسی پێکهاتەکانی دەکەن. هەروەها لەمەڕ ئەوە قسە ناکەن ئایا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بە یەک بەرژەوەندیی دەجووڵێن یان بەرژەوەندییەکانیان هاوڕێژە و هاوتەبان. نووسەرانی لیبراڵ زۆرجار پێناسەیەکی بێبایەخ بەو زاراوەیە دەدەن: بۆ وان «بەرژەوەندیی» هاوواتای ئارەزوویەک، پرۆژەیەک، کردارێکی ئاڕاستەکراوە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو. هەر کردەیەک دەکرێت وەک «بەرژەوەندیی» پێناسە بکرێت. تەنانەت بێبەرژەوەندیترین و خۆبەخشترین کردەش دەکرێ وەک خۆپەرستیی (ئیگۆیستیی) یان بەرژەوەندیی لێک بدرێتەوە، چونکە ویست یان ئارەزووی بکەر (سوبێکت)ـەکەی تێر دەکات. هەرچەندە لە واقیعدا ڕوونە کە بۆ لیبراڵەکان بەرژەوەندیی پیش هەموو شتێک قازانجێکی ماددییە، بۆ ئەوەی بەهای هەبێت، گەرەکە بژمێردرێت و بپێوردرێت، واتە لە هاوتایەکی گشتگیردا – کە پارەیە گوزارشتی لێ بکرێت.

بۆیە پێویست ناکات سەرسام بین بەوەی کە بڵاوبوونەوەی لیبراڵیزم لە سەرەتاوە هاوکاتە لەگەڵ تێکشکاندنی ئەو بنیادە

i- De l'individualisme. Enquête sur le retour de l'individu. PUF, 1985, p. 16.

ئۆرگانییانـەی وا تایبەتمەندیـی کۆمەڵگـەی گشـتگیرن، پاشـان لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، دواجاریـش لەگـەڵ دۆخـی ڕێژەیـی پاشـاگەردانی کۆمەڵایەتیـی. ئەمـەی کۆتایـی خـۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاکەکان تا دێت زیاتر لە یەکتر دوور دەکەونەوە و نامـۆ دەبن و تەنانـەت دەبنە دوژمنـی سـەرسـەختی یەکتـر. ئەمـەش بەشـێکی دانەبڕاوە لـە ڕووخساری مۆدێرنی «شـەڕی هەمـووان دژی هەمـووان» و بـە کێبڕکێـی گشـتیی نـاو دەبرێت. ئەمـە ئـەو کۆمەڵگەیـە، کـە تۆکڤیـل باسـی دەکات و تێیدا هـەر ئەندامێک «وەک ئـەوەی بـەوی تـر نامـۆ و بێگانـە بێـت، لەوانـی تـر دوور دەکەوێتـەوە». تاکگەرایـی لیبـراڵ لـە هەمـوو شـوێنێک هـەوڵ دەدات ئـەو کۆمەڵایەتیبـوون و شووناسـە دەستەجەمییە تێک بشکێنێت کە ماوەیەکی زۆر ڕێگرییان لـە سـەرهەڵدانی تاکەکەسـی مۆدێـرن دەکـرد. پییێـر ڕۆزانڤالـۆن دەنووسـێت: «لیبراڵیـزم تـا ڕادەیـەک لـە بێشووناسـکردنی جیهانـەوە هەلومەرجـی ئازادیـی و پێشـکەوتن دەئافرێنێـت»[i].

سـەرەڕای ئەوەش لیبراڵیزم ناچارە دان بە هەبوونی کۆمەڵایەتییدا بنێت. بـەڵام لیبراڵـەکان بایـەخ بـەو پرسیارە نادەن کـە بۆچی کۆمەڵگە بوونـی هەیـە، بەڵکـوو ئـەوە گرنگـە چـۆن دادەمەزرێـت، پاڵپشـتی دەکرێت و چۆن کار بکات. جگـە لـەوەش، کۆمەڵگـە بۆ وان بریتییـە لـە تێکڕای سـادەی ئەندامەکانی (گشـت هیـچ نییـە جگـە لـە چەندێتیی بەشـەکانی خـۆی). کۆمەڵگـە بەرهەمـی ئیـرادە تاکەکەسـییەکانە، کۆبوونەوەیەکـی سـادەی ئـەو تاکەکەسـانەیە کـە هـەوڵ دەدەن

i- Rosanvallon, Le libéralisme économique , vii.

بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان بپارێزن. ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵگە بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕ. دەکرێ کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرە، یان وەک ئاکامی کردەیەکی خۆویستانەی سەرەتایی (گرێبەستی کۆمەڵایەتیی) تێبگەین، یان وەک ئەنجامی گەمەیەکی سیستەماتیکی گشتیی چالاکوانە تاکەکەسییەکان. هاوکات ئەم گەمەیە لەلایەن «دەستێکی نادیار»ـی بازاڕاوە ڕێک دەخرێت کە کۆمەڵایەتیی وەک ئاکامێکی بێمەبەستی چالاکییە مرۆییەکان «بەرهەم دەهێنێت». شیکاری لیبراڵ بۆ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان یان لەسەر «ڕێبازی گرێبەست» (لۆک)، یان لەسەر «دەستی نادیار» (سمیس)، یاخود لەسەر بیرۆکەی نەزمی خۆڕسک کە ملکەچی هیچ مەبەستێک نابێت (هایک)، دادەمەزرێت.

لیبراڵەکان گەشە بە بیرۆکەی باڵادەستی ڕێکخستن لەلایەن بازاڕاوە دەدەن کە بە کاریگەرترین و ئەقڵانیترین و دادپەروەرانەترین ڕێکخەری ئاڵوگۆڕەکان دادەنرێت. پێش هەر شتێک بازاڕ وەک «تەکنیکی ڕێکخستن» وێنا دەکرێت (هێنری لیپاژ). لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بازاڕ لە یەک کاتدا شوێنێکە تێیدا کاڵاکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، هەروەها قەوارەیەکی مەجازییە تێیدا بە باشترین شێواز هەلومەرجەکانی ئاڵوگۆڕ - واتە هاوسەنگی خواست(demand) و خستنەڕوو (supply) و ئاستی نرخەکان شێوەگیر دەبن.

بەڵام لیبراڵەکان بایەخ بە «ڕیشە»ی بازاڕ نادەن. بازاڕ

بۆ وان مۆدێلێکی «سرووشتیی» پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. لەمەوە ئەو ئەنجامەیان دەرخست کە بازاڕ خۆیشی هەبوونێکی «سرووشتیی»ـە، ئەمەش نەزمێک پێش هەر قسە و بڕیارێک دیاریی دەکات. بازاڕ وەک فۆرمێکی ئاڵوگۆڕ کە زیاتر لەگەڵ سرووشتیی مرۆییدا دەگونجێت، لە سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئامادەیی هەبووە. لێرەدا ڕووبەڕووی مەیلی هەموو ئایدۆلۆژیایەک بۆ «سرووشتیکردنی» پێشمەرجی خۆی دەبینەوە، واتە وێناکردنی خۆی نەک وەک پێکەوەنانێکی ڕۆحی مرۆڤایەتیی، بەڵکو بە شێوەیەکی سادە وەک نەزمێکی سرووشتیی. لە هەمان کاتدا بیرۆکەی ڕێکخستنی سرووشتیی کۆمەڵگە لەلایەن بازاڕاوە دەوڵەت وەک قەوارەیەکی دەستکرد ڕەت دەکاتەوە.

ئادەم سمیس بە تێگەیشتن لە نەتەوە وەک بازاڕێک، بە شێوەیەکی بنەڕەتیی جیاکاریی دەخاتە نێوان چەمکەکانی دەوڵەت و قەڵەمڕەوییەوە (territory). بە دابڕان لەو نەریتە بازاڕگەرییەی هێشتا هاوتای قەڵەمڕەوی سیاسیی و شوێنی ئابووریی بوو، ئەو نیشانی دەدات کە بازاڕ نابێت بە سنوورێکی جوگرافیی کۆنکرێتیی سنووردار بکرێت. لە ڕاستییدا بازاڕ زیاتر لە شوێنێک، تۆڕێکە. ئەم تۆڕە بڕیار وایە تا کۆتایی زەوی درێژ بێتەوە و تاکە سنوور بۆ ئەو تەنێ توانای ئاڵوگۆڕە. ئادەم سمیس لە بڕگەیەکی بەناوبانگدا دەنووسیت: «بازرگان بە دڵنیاییەوە مەرج نییە هاووڵاتی هیچ وڵاتێکی دیاریکراو بێت. بۆ وی جیاوازیی نییە لە هەر شوێنێک کە پێی خۆشە بازرگانی خۆی بەڕێوە ببات، هەروەها سەرمایە و

بەرهەمەکەی بۆ هەر وڵاتێک بگوازێتەوە»[i]. ئەم دێڕە پەیامبەرانە پاساو بۆ داوەریی پیێر ڕۆزانڤالۆن دەهێننەوە کە ئادەم سمیس وەک «یەکەم ئینتەرناسیۆنالیستی هەمیشەیی» ناو ببات. ڕۆزانڤالۆن ئەمەشی بۆ زیاد دەکات: «کۆمەڵگەی مەدەنیی، کە وەک بازاڕێکی ڕژۆک وێنا دەکرێت، بەسەر هەموو خەڵکدا دەڕژێت و ڕێگەیان دەدات بەسەر جیاوازیی وڵات (نەتەوە) و ڕەگەزدا زاڵ بن».

سوودی سەرەکیی چەمکی بازاڕ ئەوەیە - ڕێ بە لیبراڵەکان دەدات چارەسەری ئەو کێشە ئاڵۆزە بکەن کە چۆن پابەندبوون بکەن بە بەشێک لە پەیمانی کۆمەڵایەتیی. دەتوانین بازاڕ وەک یاسایەک تێبگەین کە بەبێ یاسادانەرێک نەزمی کۆمەڵایەتیی ڕێک دەخات. بازاڕ کە لەلایەن کردەی «دەستی نادیارەوە» ڕێک خراوە، بە سرووشتی خۆی بێلایەنە، چونکە لە تاکەکەسە کۆنکرێتییەکاندا بەرجەستە نەبووە. بازاڕ شێوازێکی ئەبستراکتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی پاوەجێ دەکات، ئەم شێوازەش لەسەر ئەو یاسا ئوبێکتییانە دامەزراوە کە پەیوەندییە تاکەکەسییەکان بەبێ بوونی هیچ فۆرمێکی ژێردەستەیی یان ملکەچیی ڕێک دەخەن. نەزمی ئابووریی گەرەکە نەزمی کۆمەڵایەتیی جێگیر بکات، بەڵام هەردوو نەزمەکە وەک دیاردەی نادامەزراوەیی بیریان لێ دەکرێتەوە. میلتۆن فریدمان دەنووسێت: «نەزمی ئابووریی بریتییە لە دەرئەنجامی بێمەبەست و نەخوازراوی کردەی ژمارەیەکی زۆری

i- Adam Smith, An Inquiry into the Nature and Causes of the Wealth of Nations , 2 vols.

خەڵک کە تەنیا بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەجووڵێن». ئەم بیرۆکەیە بە قووڵیی لەلایەن هایکەوە گەشەی پێ دراوە و ئیلهامی لە ئادەم فێرگسۆن (١٧٦٧) وەرگرتووە کە دەنووسێت: «فاکتە کۆمەڵایەتییەکان دەرئەنجامی کردە و چالاکییەکانی مرۆڤن، نەک نیەت و مەبەستەکانیان»[i].

زۆر کەس فۆرموڵە بەناوبانگەکەی سمیس لەمەڕ «دەستی نادیار» دەزانێت: «لە بازرگانییدا، تاکەکەس مەبەستی تەنێ قازانجی خۆیەتی و ئەو بەمە، وەک چەندان حاڵەتی دیکە، لەلایەن دەستێکی نادیارەوە بەرەو کۆتاییەک (ئامانجێک) ئاڕاستە دەکرێت کە هەرگیز بەشێک نەبووە لە مەبەستی وی»[ii]. ئەم مێتافۆرە زۆر زیاتر لەو تێبینییە باوە دەڕوات کە ئەنجامی کردەوەکانی مرۆڤ زۆرجار جیاوازە لە چاوەڕوانییەکەی (ماکس ڤیبەر ئەمەی بە «پارادۆکسی ئاکامەکان» ناو برد). سمیس لە ڕوانگەیەکی گەشبینانەوە دەڕوانێتە ئەم تێبینییە و دەنووسێت: «هەموو تاکەکەسێک بەردەوام بەدوای بەسوودترین بەگەڕخستندا دەگەڕێت بۆ ئەو سەرمایەی لەبەر دەستیدایە. ڕاستە ئەوەی دەیدۆزێتەوە، قازانجێکە بۆ خۆی، نەک بۆ کۆمەڵگە؛ لێ گرنگیدان بە قازانجی تایبەتیی بە شێوەیەکی سرووشتیی یان زیاتر وەک پێویستییەک، پاڵی پێوە دەنێت بۆ بەگەڕخستنی ئەو سەرمایەی باشترین و بەسوودترینە بۆ کۆمەڵگە». زیاتر لەوەش:

---

i- Adam Ferguson, An Essay on the History of Civil Society , ed. Fania Oz-Salzberger (Cambridge: Cambridge University Press, 1995), third part, section II, p. 119.

ii- Smith, The Wealth of Nations , vol. 1, book IV, ch. ii, p. 456.

«ئـەو بـە پابەندبـوون بـە بەرژەوەندیـی تایبەتـی خۆیـەوە زۆرجـار کاریگەرتـر پاڵپشـتی بەرژەوەندیـی کۆمەڵگـە دەکات، بەبێ ئـەوەی بـە ڕاسـتیی مەبەسـتی بێـت پاڵپشـتیی بـکات».

ئامـاژە تیۆلۆژییەکانـی ئـەم مێتافـۆرە ڕوونـن: «دەسـتی نادیـار» تەنـێ بەرجەسـتەبوونێکی سـێکولاری پـەروەردگارە. هـەروەهـا پێویسـتە ئـەو هەڵـە بـاوە ڕەت بکرێتـەوە کـە گوایـە ئـادەم سـمیس میکانیزمـی بـازاڕ و «دەسـتی نادیـار» ئاوێتـە دەکات. ڕاسـتییەکەی، ئـەو دووەمیـان تەنـێ بـۆ وەسـفکردنی ئەنجامـی کۆتایـی ئاڵوگـۆڕە بازرگانییـەکان بـەکار دەهێنێـت. جگـە لـەوەش، ئـادەم سـمیس هێشـتا ڕەوایەتیـی بـە دەسـتوەردانی گشـتیی دەدات کاتێـک کـردەوە تاکەکەسـییەکان نابنـە هۆکارێـک بـۆ چاکـەی گشـتیی. بـەڵام ئـەم هەلومەرجـە هـەر زوو نامێنێـت. ئێسـتا نیولیبراڵـەکان بـە تەواویـی گومـان لـە هەبوونـی چاکـەی گشـتیی دەکـەن. هایک لـە بنەڕەتەوە هەر ڕێبازێکـی گشـتگیر بـۆ کۆمەڵگـە ڕەت دەکاتـەوە: هیـچ دامەزراوەیـەک، هیـچ دەسـەڵاتێکی سیاسـیی نابێـت دەسـتوەردان لـە میکانیزمەکانـی کارکردنـی «نەزمـی خۆڕسـک»ـدا بـکات. لـەم ڕوانینـەوە تاکـە ڕۆڵ کـە زۆربـەی لیبراڵـەکان دەیخەنـە ئەسـتۆی دەوڵـەت، گەرەنتیکردنـی ئـەو مەرجانەیـە وا پێویسـتن بـۆ گەمـەی ئازادانـەی ئەقڵـی ئابووریـی لـە بـازاڕدا. دەوڵـەت ناتوانێـت ئامانجێکـی خـۆی هەبێـت. بـۆ ئـەوە هەیـە کـە گەرەنتـی مافـە تاکەکەسـییەکان، ئاڵوگـۆڕی ئـازاد و ڕێزگرتـن لـە یاسـا بـکات. دەوڵـەت کـە زیاتـر بـە سـیفەتەکان نـەک بـە ئەرکەکانـی دەناسـرێت، دەبێـت لـە هەمـوو بوارەکانـی دیکـەدا بێلایـەن بمێنێتەوە و

خستنەڕووی مۆدێلێکی «ژیانی باش»[i] ڕەت بکاتەوە.

دەرەنجامەکانی تیۆری «دەستی نادیار» یەکلاکەرەوەن، بە تایبەتیی لە بواری ئەخلاقدا. لە هەندێک بڕگەدا ئادەم سمیس هەر ئەو فۆرمانەی ڕەفتار دەبوژێنێتەوە کە لە سەدەکانی پێشوودا هەمیشە بەر نەفرەت دەدران. سمیس بە ملکەچکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تاکەکەس، خۆپەرستی (ئیگۆیزم) دەکاتە باشرین شێواز بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر. کاتێک هەوڵ بۆ زۆرترین بەرژەوەندیی خۆمان دەدەین، ئەوا نائاگاییانە و زۆرجار بەبێ ئارەزوو بۆ بەرژەوەندیی ئەوانی تر کار دەکەین. ناکۆکیی ئازادانەی بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکان لە بازاڕدا وا دەکات «بە شێوەیەکی سرووشتیی یان زیاتر وەک پێویستییەک» بە یارمەتیی «دەستی نادیار»ـەوە بیانگونجێنێت (هاڕمۆنیان بکات). ئەم «دەستە» ناچاریان دەکات بۆ گەیشتن بە باشترین ئاستی کۆمەڵایەتیبوون کێبڕکێ بکەن. هیچ شتێکی نائەخلاقیی لەوەدا نییە لە سەرەتاوە بەرژەوەندیی تایبەت بدۆزرێتەوە، چونکە لە کۆتاییدا کردەی خۆپەرستیی هەموو کەسێک، وەک ڕێککەوتێک، سەر دەکێشێت بۆ بەرژەوەندیی هەمووان. فریدریک باستیا ئەمە لە فۆرمەلەیەکدا پوخت دەکاتەوە: «هەر کەسێک کاتێک بۆ خۆی

---

i– ئەمە باوترین هەڵوێستی لیبرڵەکانە. لیبراڵە (ئەنارشیست–کەپیتاڵیستەکان) لەوەش زیاتر دەڕۆن. ئەوان تەنانەت «کەمترین دەوڵەت»ـیش ڕەت دەکەنەوە کە ڕۆبێرت نۆزیک پێشنیاری کردووە. بە بۆچوونی وان دەوڵەتێک کە هێزی کار بەکار دەهێنێت، بەڵام سەرمایە بەرهەم ناهێنێت، دەوڵەتێکی «چەتە»ـیە.

کار دەکات، بۆ هەمووانیش کار دەکات»[i]. بەم ڕەنگە، خۆپەرستیی هیچ نییە جگە لە خۆبەخشییەک کە بە شێوەیەکی درووست فام دەکرێت. بە پێچەوانەوە، نەخشەڕێگەی دەسەڵاتە گشتییەکان شایەنی ئەوەیە وەک «نائەخلاقیی» ئیدانە بکرێت کاتێک بە ناوی هاوکارییەوە دژی خواستەکانی ئەو تاکەکەسانە دەوەستنەوە کە تەنیا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان مامەڵە دەکەن.

لیبراڵیزم تاکگەرایی و بازاڕ پێکەوە گرێ دەدات و ڕایدەگەیەنێت کە کارکردی ئازادانەی دووەم گەرەنتیی ئازادیی تاکەکەسییشە. بە مسۆگەرکردنی خولانەوەی ئاڵوگۆڕەکان، بازاڕ گەرەنتیی سەربەخۆیی هەر سوبێکتێکی ئابووریی بازاڕ دەکات. بە شێوەیەکی ئایدیاڵیی، ئەگەر هیچ شتێک ڕێگری لە کارکردنی بازاڕ نەکات، ئەوا ئەگەری هەیە کۆمەڵێک هاوسەنگی تایبەتیی بێنە ئاراوە کە بە تێکڕا هاوسەنگی گشتیی مسۆگەر بکەن. بازاڕ کە لەلایەن هایکەوە وەک «کاتالاکسی» (catallaxy) پێناسە کراوە، نەزمێکی خۆڕسک و ئەبستراکت پێک دەهێنێت و پێشمەرجەکانی ئازادیی تایبەت دەڕەخسێنێت. بەم شێوەیە بازار نەک تەنیا نوێنەرایەتیی ڕەزامەندی ئایدیاڵێکی ئابووریی گونجاو دەکات، بەڵکوو نوێنەرایەتیی تێربوون لە هەموو ئەو شتانەش دەکات وا تاکەکەسەکان وەک سوبێکتی ئازاد ئارەزووی دەکەن. لە ئەنجامدا، بازاڕ لەگەڵ خودی دادپەروەرییدا تێکەڵ بووە، ئەمەش وا لە هایک دەکات وەک «یارییەک کە چانسی

i- Harmonies économiques (1851).

ئەمە ئەو تێزە بەناوبانگەیە کە ماندیڤیل لە پەڕتووکی «ئەفسانەی هەنگەکان»: «گوناهە تایبەتەکان، چاکەی گشتیی»دا بەرگریی لێ دەکات.

هەموو یاریزانەکان زیاد دەکات» پێناسەی بکات. پێویستە ئەوەش زیاد بکەین کە دۆڕاوەکانی ئەم یارییە تەنیا دەتوانن خۆیان سەرزەنشت بکەن. دواجار بازاڕ لە بنەڕەتەوە «ئاشتیخوازە»، چونکە بە بنەماگرتنی «بازرگانیی نەرم»، پێکداپژان دەگۆڕێت بۆ دانوستان، بەمەش ڕکابەریی و ئیرەیی بێکاریگەر دەکات.

جێی ئاماژەیە، هایک لە ڕوانگەی پەرەسەندنەوە بیری لە تیۆری «دەستی نادیار» کردووەتەوە. لە ئەنجامدا هایک پەیوەندیی لەگەڵ هەر چەشنە ڕامانێکی دیکارتگەرایی دەبچڕێنێت، بۆ نموونە، ئەندێشەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی کە (لە سەردەمی هۆبزەوە) ئاماژە بە دژایەتیی نێوان دۆخی سرووشتیی و کۆمەڵگەی سیاسیی دەکات. بە پێچەوانەوە، بە درێژەدان بە هێڵەکەی داڤید هیوم، ئەو ستایشی دابونەریت و خوو دەکات لە دژی «کۆنستروکتیڤیزم». بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە دابونەریت کاریگەرترین و ئەقڵانیترین ڕێساکانی ڕەفتار هەڵدەبژێرێت، واتە ئەو ڕێسایانەی لەگەڵ بەهاکانی بازاڕدا زۆر گونجاون و دەبنە هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێسایانەی لە «نەزمی خێڵەکیی» یان لە «کۆمەڵگەی کۆن»ـدا پەسەند کراون. هەر لەبەر ئەمەشە ئەو ڕەخنە لە بەها نەریتییەکان دەگرێت و لە بنەڕەتەوە هەر ڕوانینێکی ئۆرگانیکیی بۆ کۆمەڵگە سەرکۆنە دەکات. لە ڕاستییدا بۆ هایک تەنیا ئەو بەها نەریتییانە قەبووڵ کراون کە دەتوانرێت وەک خۆڕسک، ئەبستراکت، ناکەسیی و بێشوێن پێناسە بکرێن. فیتاوفیت هەر ئەم کارەکتەرە هەڵبژێردراوەی دابونەریت ڕوونی

دەکاتــەوە کــە چــۆن بــازاڕ وردەوردە ســەپێنراوە. هایــک پێــی وایــە، هــەر نەزمێکــی خۆڕســک لــە بنەڕەتەکــەی خۆیــدا «دادپــەروەرە»، هــەر وەک چــۆن داروێــن ســەرکەوتووەکانی «لــە ململانــێ لەپێنــاو ژیــان و مانــەوەدا» بــە «باشــترین» دادەنــا. بــەم شــێوەیە، نەزمــی بــازاڕ نەزمێکــی کۆمەڵایەتیــی پێــک دەهێنێــت کــە هــەر هەوڵێــک بــۆ چاکســازیکردنی ئــەم نەزمــی بــازاڕە قەدەغــە دەکات.

لێــرەوەڕا مــرۆ ئــەوە دەبینێــت کــە چەمکــی بــازاڕ لای لیبراڵــەکان زۆر فراوانتــرە لــە بــواری ئابووریــی. بــازاڕ وەک میکانیزمێکــی گونجــاو بــۆ دابەشــکردنی ســامانە بەنرخــەکان و ڕێکخســتنی ســووڕی بەرهەمهێنــان و بەکاربــردن، بــە پلــەی یەکــەم دەبێتــە چەمکێکــی کۆمەڵایەتیــی و سیاســیی. ئادەم ســمیس خۆی تا ئەو ڕادەیەی مەیلی ئــەوەی هەبــوو بــازاڕ وەک باشــترین ڕێکخــەری نەزمــی کۆمەڵایەتیــی ببینێــت، پەیوەندیــی نێــوان مرۆڤــەکان بەپێــی مۆدێلــی پەیوەندیــی ئابووریــی، واتــە کاڵاکان تێدەگەیشــت. بــەم ڕەنگــە ئابووریــی بــازاڕ بــە شــێوەیەکی سرووشــتیی ســەر دەکێشــێت بــۆ کۆمەڵگــەی بــازاڕ. پییــێر ڕۆزانڤالــۆن دەنووســێت: «بــازاڕ بــە پلــەی یەکــەم شــێوازێکی نوێنەرایەتیــی و بنیادنانــی پانتایــی کۆمەڵگەیــە؛ تەنــێ بــە شــێوەیەکی لاوەکیی ڕێکخســتنێکی ناناوەندییــە بــۆ چالاکیــی ئابووریــی بــە ڕێگــەی سیســتەمی نرخەکانــەوە»[i].

بــۆ ئــادەم ســمیس بــازاڕ دەرەنجامێکــی ڕاســتەوخۆی دابەشــکردنی

i- Rosanvallon, Le libéralism eéconomique, p. 124.

کارە: «هەموو کەسێک بەشداریی ئاڵوگۆڕی بازاڕ دەکات؛ بەم جۆرەش هەموو کەسێک بە شێوازی خۆی دەبێتە بازرگان، کۆمەڵگەش دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی بازرگانەکان»[i]. لە ڕوانگەی لیبراڵەوە بازاڕ پارادایمێکی باڵادەستە لە کۆمەڵگەیەکدا کە تا دێت زیاتر خۆی وەک کۆمەڵگەی بازاڕ ڕادەگەیەنێت. کۆمەڵگەی لیبراڵ تەنێ گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕی ئازاد و بەسوودی نێوان ئەو تاکەکەس و گرووپانەیە وا تەنێ بەگوێرەی ئارەزووی زۆرترین بەرژەوەندیی خۆیان دەجووڵێن. ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگەیە کە تێیدا هەموو شتێک بۆ فرۆشتن و کڕینە، یان بازرگانێکە، یان خاوەنێکە، یان بەرهەمهێنەرێکە، لێ پێش هەر شتێک بەکاربەرێکە. پییێر ڕۆزانڤاڵۆن دەنووسێت: «باڵاترین مافی بەکاربەر بۆ سمیس هەمان ئیرادەی گشتییە بۆ ڕۆسۆ».

لە سەردەمی مۆدێرنەدا شیکاری ئابووریی لیبراڵ هێدی هێدی باڵ بە سەر هەموو فاکتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکێشت. خێزان وەک کارگەیەکی بچووک دادەنرێت، زارۆک وەک کاڵایەکی بەکاربردن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک تۆڕێک لە ستراتیژی کێبڕکێی بەرژەوەندییە تایبەتەکان، ژیانی سیاسیی گۆڕاوە بۆ بازاڕێک کە تێیدا دەنگدەران دەنگی خۆیان دەفرۆش بەو پارتانەی زۆرترین بانگەشە دەکەن. مرۆڤ وەک سەرمایە درک دەکرێت. لۆژیکی ئابووریی بە سەر سەرپاکی ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەسەپێنرێت. بەم ڕەنگە وەک جێراڵد بێرتو دەنووسێت: «گەرەکە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای تیۆرییەکی فەرمیی کردەی ئامانجدار و بەرژەوەندیخوازدا لەبەرچاو

---

i- Adam Smith, The Wealth of Nations , vol. 1, book I, ch. iv, p. 37.

بگیرێت. بەم شێوەیە پەیوەندیی خەرج-قازانج ئەو پرەنسیپەیە کە جیهان بەڕێوە دەبات»[i]. هەموو شتێک دەبێتە فاکتەری بەرهەمهێنان و بەکاربردن؛ هەر شتێک بە نەزمی خۆڕسکی خواست و خستنەڕوو ڕێک دەخرێت. هەر شتێک شایەنی بەهای ئاڵوگۆڕی خۆیەتی و بە نرخەکەی دەپێوردرێت. سەرەنجام، هەر شتێک نەژمێردرێت یان نەپێوردرێت، بە بێبایەخ یان ناڕاستەقینە دادەنرێت. لێرەوە پراکتیکە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان بە گوتارێکی ئابووریی پشتڕاست دەکرێنەوە. جا ئەم گوتارەش بە ڕەهایی نامۆیە بە هەر شتێک نرخی بازاڕی نەبێت. ئەم گوتارە، بە بچووککردنەوە و کورتکردنەوەی هەموو ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ جیهانی شتە پێوانەکراوەکان، دواجار خودی مرۆڤەکانیش دەگۆڕێت بۆ شت؛ شتگەلێک کە بە پارە جێگۆڕکێ دەکرێن و دەگۆڕدرێنەوە.

ئەم ڕوانینە ئابوورییە توندە بۆ کۆمەڵگە لێکەوتەی باڵکێشی هەیە. دوای تەواوکردنی پرۆسەی عەلمانیکردن و «داڕزاندن»ی جیهان، کە تایبەتمەندیی مۆدێرنەن، ئەم گوتارە ئابوورییە سەر دەکێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی گەلان و پووکانەوەی سیستەماتیکی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان. لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، پێشخستنی ئاڵوگۆڕی ئابووریی دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بە سەر بەرهەمهێنەر، خاوەنکار و چینە بێبەرهەم و نامۆکان (کە پێشتر ئەرستۆکراسی بوون). ئەم پرۆسەیە لەلایەن زۆرێک لە

i- Gerald Berthoud, Vers une anthropologie générale. Modernité et altérité (Genève: Droz, 1992), p. 57.

نووسـەرانەوە سـتایش کـراوە، کارل مارکسـیش بـەدەر نەبـوو. لـە ڕووی خەیاڵـی کۆمەڵـەوە، ئـەم پرۆسـەیە سـەر دەکێشـێت بۆ گۆڕینی تەواوەتیی بەهـاکان، لـە هەمـان کاتدا بەها بازرگانییـەکان دەگەیەنێتە بەرزترین ئاسـت کـە پێشـتر لـە هەمـوو سـەردەمەکاندا وەک نزمترین دەبینـران، ئاخـر ئەوانـە تەنیا بابەتـی پێویسـتی ژیان بـوون. لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە، ئـەم پرۆسـەیە ئـەو ڕۆحـەی پێـوەری بەرژەوەندیـی تایبـەت و ڕەفتـاری خۆپەرسـتیی زینـدوو دەکاتـەوە کـە لـە هەمـوو کۆمەڵگـە نەریتییەکانـدا هەمیشـە بـەر نەفـرەت دەدرا.

سیاسـەت لـە ڕوانگـەی لیبراڵـەوە وەک مەترسـییەکی بنەڕەتیـی هەسـتی پـێ دەکرێت، چونکـە دەرفـەت بۆ جێبەجێکردنـی دەسـەڵاتێک دەڕەخسـێنێت کـە سرووشـتێکی «نائەقڵانیـی» هەیـە. بـەم شـێوەیە لیبرالیـزم، تەنیـا بـە ڕێگـەی شـارەزایی تەکنیکییـەوە، سیاسـەت بـۆ گەرەنتیکردنـی مافـەکان و بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـە کـورت دەکاتـەوە. ئەمـە فانتازیایەکـە لەمـەڕ «کۆمەڵگەیەکـی شـەفاف»، کۆمەڵگەیـەک کە یەکانگیـر و هاوتایـە لەگـەڵ خۆیـدا و لـە دەرەوەی هـەر ئاماژەیەکـی ڕەمزیـی یـان نێوەندگیرییەکـی کۆنکرێتییـە. لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە سـەرپاک بەپێـی یاسـاکانی بـازاڕ بەڕێـوە دەچێـت و لەسـەر بنەمـای خۆسـەریی «کۆمەڵگـەی مەدەنیـی» دامـەزراوە، مسـۆگەر دەوڵـەت و دامـەزراوە پەیوەندیدارەکانـی نامێنـن، هـەر وەک ئـەو کۆمەڵگـە بێچینـەی مارکـس خەیاڵـی کـردووە. لۆژیکـی کۆمەڵگـەی بـازاڕ، وەک ئـالان کایلـێ نیشـانی دەدات، پەیوەسـتە بـە یەکسـانییەکی گشـتییەوە کـە لـە توانـای ئاڵوگـۆڕی نێـوان مرۆڤەکانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت

(ئەویش بە ڕێگەی دینامیکێکەوە کە لە بەکارهێنانی مۆدێرنەی دراودا بەدی دەکرێت). بە گوتەی ئالان کایلێ: «کردەی فرۆفیڵی ئایدۆلۆژیای لیبراڵ لە هاوشوناسبوونی دەوڵەتی یاسایی لەگەڵ دەوڵەتی بازاڕگەریی پێک دێت. لە ئەنجامدا داواکاریی ئازادیی تاکەکان بۆ هەڵبژاردنی ئامانجەکانی خۆیان لە واقیعدا دەگۆڕێت بۆ ئەرکێک کە تەنێ ئامانجی بازاڕ و بازرگانیی هەبێت»[i].

پارادۆکسەکە ئەوەیە، لیبراڵەکان بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بازاڕ زۆرترین چانسی هەر تاکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دەڕەخسێنێت، لە کاتێکدا ئامانجی بازاڕ خۆیشی ناتوانرێت پێشوەختە دیاریی بکرێت. چۆن دەتوانین بێژین بازاڕ باشترین و گونجاوترین ئامانج بەدی دەهێنێت، ئەگەر نەزانین ئەم گونجاوترینە چییە؟ لە ڕاستییدا، دەتوانین بێژین، بازاڕ چەندین جار ئامانج (داواکاریی) تاکەکان زیاد دەکات، بەڵام ئامرازەکانی تێرکردنی ئەو ئامانجانەیان بۆ دابین ناکات، ئەمەش نابێتە هۆی زیادکرنی ڕەزامەندیی و تێربوون، بەڵکو دەبێتە هۆی زیادکردنی ناکامیی و ناڕازیبوونیان بە مانا تۆکڤیلییەکەی وشەکە.

جگە لەوەش، ئەگەر تاکەکەس بەگوێرەی پێناسەکە، باشترین دادوەری بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت، ئەوا چ شتێک ناچاری دەکات پابەندی ئەو ڕێسا و نۆڕمانە بێت کە لە کۆمەڵگەدا قەبووڵ کراون؟ بەپێی دۆکترینی لیبراڵ، ڕەفتاری ئەخلاقیی چیتر دەرئەنجامی هەستکردن بە ئەرکەکان

---

i- Alain Caillé, Splendeurs et misères des sciences socials. Esquisse d’une mythologie. Droz, Genève, 1986, p. 347.

یان ڕێسا ئەخلاقییەکان نییە، بەڵکوو لە سەر بەرژەوەندییەکی تایبەت وەستاوە کە بە ڕاستی دەزانین. بە نیشاندانی ڕێزگرتن لە ئازادیی کەسانی دیکە، من ئەوە مافەم دەبێت ڕێز لە ئازادیی خۆم بگرم. ترس لە پۆلیس گرنگیدانە بەوانی تر. بەڵام ئەگەر لە پێشێلکردنی یاسایەکدا ترسم لە سزادانی خۆم نەبێت و هەست بە گرنگیی و نزیکایەتیی کەسانی دیکە نەکەم، ئەوا چ شتێک ڕێگریم لێ دەکات سەرپێچیی لە یاسا و ڕێساکان بکەم؟ ڕوونە، هیچ شتێک. بە پێچەوانەوە، ئەگەر تەنیا بەرژەوەندیی خۆم لەبەرچاو بگرم، ئەوا تا دەتوانم ئەو کارە دەکەم.

ئادەم سمیس لە «تیۆری هەستە ئەخلاقییەکان»ـی خۆیدا (١٧٥٩) بە ڕاشکاویی دەنووسێت: «تەنانەت ئەگەر لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا خۆشەویستیی و هاوسۆزیی نەبێت، کۆمەڵگەش، هەرچەندە کەمتر بەختەوەر و خۆشگوزەران بێت، مەرج نییە هەڵبوەشێتەوە. کۆمەڵگە دەتوانێت لە نێوان مرۆڤەکاندا بوونی هەبێت، وەک چۆن لە نێو بازرگانەکاندا لەسەر بنەمای قازانجی یەکتر و بەبێ خۆشەویستیی و هاوسۆزیی بوونی هەیە؛ ئەگەر هیچ کەسێکیش بچووکترین پابەندبوون یان کەمترین سوپاسگوزاریی بۆ کەسێکی دیکەی کۆمەڵگە نەبێت، ئەوا هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە بە ئاڵوگۆڕی هاوبەش و بەهاکانی کاڵاکان کە مرۆڤەکان لە سەریان ڕێک دەکەون، خۆی دەپارێزێت»[i]. واتای ئەم پێشاژۆیە ڕوونە. کۆمەڵگە دەتوانێت لەسەر هەر فۆرمێکی کۆمەڵایەتیی ئۆرگانیی

i- Adam Smith, The Theory of Moral Sentim ents (Oxford: Oxford University Press, 1976), p. 86.

خەریکی ئابووریی بێت و واز لە کۆمەڵگەبوونیش نەهێنێت. ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگەی بازرگانەکان، کە تێیدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ «سوود» و«ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیخوازانەی خزمەتگوزاریی و کاڵاکان»ـدا تێکەڵ دەبێت. کەواتە، بۆ ئەوەی تۆ مرۆڤ بیت، ئەوەندە بەسە بەشداریی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی (کاڵاکان)دا بکەیت و مافی خۆت بۆ زۆرترین بەرژەوەندیی تایبەتیی بەکار بهێنیت. بێگومان سمیس ئەوە دەڵێت کە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە «کەمتر بەختەوەر و خۆشگوزەران» دەبێت، بەڵام ئەم جیاوازییە بچووکە هەر زۆر زوو لەبیر دەکرێت. هەروەها دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ئایا بۆ هەندێک لە لیبراڵەکان تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بە مرۆڤبوون ئەوەیە کە وەک بازرگانەکان ڕەفتار بکرێت؟ واتە ئەوانەی پێشتر لە جیهانی نەریتییدا پێگەیەکی بچووکیان هەبوو، وەک بەسوود و تەنات پێویست سەیر دەکران، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەڕێزترین ئەندامی کۆمەڵگە نەبوون، چونکە لە دیدگای ئەوان بۆ جیهان بەهۆی ئەم بەهای سوودەوە سنووردار بوو. هەروەها دەتوانین دەربارەی ئەو کەسانە پرسیار بکەین کە بەهۆی نەبوونی حەز یان ئامرازەوە بەم شێوەیە ڕەفتار ناکەن. ئایا ئەوانەش مرۆڤن؟

لە ڕاستییدا لۆژیکی بازاڕ وردەوردە خۆی سەپاند، ئەمەش لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بووەوە، واتە لەو کاتەوە کە بازرگانی نێونەتەوەیی و بازرگانی ناوخۆیی لە چوارچێوەی بازاڕە نیشتمانییەکاندا و لەگەڵ دەرکەوتنی

دەوڵەت-نەتەوەکانـدا دەسـتیان پـێ کـرد. ئیـدی لـەو کاتـەوە دەوڵەت-نەتـەوەکان بـۆ مەبەسـتی دارایـی هـەوڵ بـۆ پارەدارکردنـی ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگە دەدەن کە پێشـتر تایبەتمەندیی بازاڕیان نەبووە. لـە سـەرەتاوە بازاڕ هێشـتا فاکت یان ڕاسـتییەکی جیهانیی نەبـوو، بەڵکـو دیاردەیـەک بـوو کـە بـە توندیـی لـە شـوێن و کاتـدا لۆکاڵیکراو بوو. ئەم دیاردەیە بە هیچ شێوەیەک خۆڕسک نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانـەوە، دامەزراوەیی بوو. لـە فەڕەنسـا، هەروەهـا لـە ئیسـپانیاش، بـازاڕ نـەک لـە دژی دەوڵەت-نەتـەوە، بەڵکـوو لـە سـایەی ئـەوەوە درووسـت بـوو. دەوڵـەت و بـازاڕ پێکـەوە سـەرهەڵدەدەن و پێکـەوەش پێـش دەکـەون، هـاوکات یەکەمیـان دووەمیـان پێـک دەهێنێت. ئـالان کایلیێ دەنووسێت: «پێویسـتە دەوڵـەت و بازاڕ نـەک وەک دوو هەبوونـی بنەڕەتیـی جیـاواز و دژبـەر، بەڵکـوو وەک دوو لایەنـی یـەک پرۆسـە سـەیر بکەیـن. لـە ڕووی مێژووییـەوە، بـازاڕی نەتەوەیـی و دوڵەتە-نەتـەوە لـە یـەک کاتـدا دەردەکـەون و یەکێیـان بەبـێ ئـەوی تریـان نادۆزرێتـەوە»[i].

ڕاسـتییەکەی، هەردووکیـان بـە یـەک ئاڕاسـتەدا گەشـە دەکـەن. بـازاڕ جووڵـەی دەوڵـەت بەگوڕتـر دەکات. دەوڵەتیش بۆ بەهێزکردنـی دەسـەڵاتەکەی لـە ڕووی میتۆدییـەوە هەمـوو فۆرمەکانـی کۆمەڵایەتیبوونـی ناوەندیـی وا لـە جیهانـی فیوداڵییـدا پێکهاتـەی ئۆرگانیکیـی تـا ڕادەیـەک سـەربەخۆ بـوون (کڵانـە خێزانییـەکان، هـەروەزی گونـدەکان، سـەندیکاکانی پیشـەگەریی، دۆسـتایەتیی و

i- Caillé, Splend eurs et misères, p. 333-34.

هتد) تێک دەشکێنێت. چینی بۆرژوازیی و ئەو لیبراڵیزمەی لەگەڵیدا سەری هەڵدا، ئەم ئەتۆمکردنەی کۆمەڵگەیان بەردەوامی پێ دا و گرژتر و خراپتریان کرد و ئەو ڕزگارکردنەی تاکەکەسیان لەخۆیان هەڵگرتبوو کە هەموو ئەو فۆرمانەی هاوکاریی یان وابەستەیی تێک دەشکێنێت وا ڕێگریی لە فراوانبوون و جووڵەی بازاڕ دەکەن. پییێر ڕۆزانڤاڵۆن تێبینی دەکات: «لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەت-نەتەوە و بازاڕ ڕەنگدانەوەی هەمان فۆرمی کۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانە لە پانتایی/شوێندا. ئەوان تەنیا لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگە ئەتۆمکراوەی تاکی تێدا سەربەخۆیە، بیریان لێ دەکرێتەوە. بەم شێوەیە، دەوڵەت-نەتەوە و بازاڕ، بە هەردوو مانا کۆمەڵناسیی و ئابوورییەکەی ئەم زاراوانە، مەحاڵە لەو شوێنەدا بوونیان هەبێت کە تێیدا کۆمەڵگە وەک هەبوونێکی کۆمەڵایەتیی جیهانیی گەشە دەکات»[i].

بەم شێوەیە، ئەو فۆرمە نوێیەی کۆمەڵگە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەری هەڵدا و وردە وردە بنیاد نرا، لە تاکەکەس، نۆڕمە ئیتیکیی و سیاسیی و هەروەها بەرژەوەندییەکانی ئەم تاکەکەسەوە دەستی پێ کرد، هێدی هێدی ئەو یەکێتییەی کایەی سیاسیی، ئابووریی، یاسایی و تەنانەت زمانەوانیی هەڵوەشاندەوە کە کۆمەڵگەی کۆن هەوڵی پاراستنی دەدا. تا سەدەی حەڤدەیەم دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی هێشتا گشتێکی یەکانگیر بوون: «کۆمەڵگەی مەدەنیی» لە ڕووی سیاسییەوە هاوواتای کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو بوو. جا ئەم درز و جیاوازییەی نێوانیان لە

i- Rosanvallon, Le libéralisme économique, p. 124.

سـەدەی هەژدەیەمـەوە دەردەکەوێت، بـە تایبەتیـی لـە لۆکـەوە دەسـت پـێ دەکات کـە «کۆمەڵگـەی مەدەنیـی» وەک کایـەی خاوەندارێتیـی و ئاڵوگـۆڕەکان پێناسـە دەکاتـەوە. لـەو کاتەوە دەوڵـەت یان «کۆمەڵگەی سیاسـیی» تەنـێ بـۆ مسـۆگەرکردن و پاراسـتنی بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانـی تاکەکەسـەکان تەرخـان کـراوە. ئـەم جیاکارییـە، کـە لەسـەر بنەمـای کایـەی سـەربەخۆی بەرهەمهێنـان و ئاڵوگـۆڕەکان ڕسـکاوە و ڕەنگدانـەوەی ئـەو تایبەتمەندییـەی ڕۆڵ و کارکردەیـە وا سرووشـتی دەوڵەتـی مۆدێرنـە، سـەر دەکێشـێت بـۆ بەرزکردنـەوەی بەهـای کۆمەڵگـەی سیاسـیی کـە لەسـەر بنەمـای پەیمانـی کۆمەڵایەتیی (لای لـۆک) دامـەزراوە، یـان کۆمەڵگـەی مەدەنیی کـە لەسـەر گەمـەی خۆڕسـکی بەرژەوەندییـەکان (لای ماندێڤیـل[i]، سـمیس) دامـەزراوە. کۆمەڵگـەی مەدەنیـی، وەک کایەکـی سـەربەخۆ، پانتاییەکـی فـراوان بـۆ لۆژیکـی ئابووریـی بەرژەوەندییـەکان دەئافرێنێـت. لـە ئەنجامـی دەرکەوتنـی بـازاڕدا، وەک کارڵ پۆلانـی دەنووسـێت: «کۆمەڵگە دەبێتە یارمەتیـدەری بـازاڕ. لەبـری ئـەوەی پەیوەندییـە ئابوورییـەکان لەنـاو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان ڕەگاژۆ بـن، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لەنـاو پەیوەندییـە ئابوورییـەکان ڕەگاژۆ دەبن»[ii]. ڕێـک هـەر ئەمەیـە مانـای شـۆڕشـی بۆرژوازیـی.

لـە هەمـان کاتـدا کۆمەڵگـە فۆرمـی نەزمێکی ئۆبێکتیـڤ وەردەگرێت،

i- Bernard Mandeville, The Fable of the Bees (1714).

ii- Karl Polanyi, La grande transformation politique et économique de notre temps. Gallimard, 1983, p. 88.

ئەمەش جیاوازە لەو نەزمە سرووشتیی یان گەردوونییەی کە هاوتایە لەگەڵ ئەقڵی جیهانییدا. لە ڕووی مێژووییەوە بەبابەتیکردنی کۆمەڵگە لە بنەڕەتەوە لە دۆکترینی سیاسیی مافدا زەلاڵ دەبێت، کە دەتوانین گەشەسەندنەکەی لە سەردەمی ژان بۆدێنەوە تا ڕۆشنگەریی لەبەرچاو بگرین. هاوتەریبی ئەمەش، ئابووریی سیاسیی هەوڵ دەدات خۆی وەک زانستێکی گشتگیری کۆمەڵگە جێگیر بکات و ئەم کۆمەڵگەش وەک پرۆسەیەکی گەشەسەندن و پێشکەوتنی دینامیکیی درک بکرێت. لێرەوە کۆمەڵگە دەبێتە بابەتی زانستێکی پسپۆڕیی مەعریفە. جیهانی کۆمەڵایەتیی، تا ئەو ڕادەیەی بە ئەقڵانیی دادەنرێت و پراکتیکەکانی ملکەچی ئەقڵی ئامرازیی وەک بەرزترین پرەنسیپێکی ڕێکخستن دەبن، دەکەوێتە ژێر ژمارەیەکی دیاریکراو لە «یاساکان»ـەوە. بەڵام لە ئەنجامی ئەم ئەقڵانیکردنەدا، یەکانگیریی کۆمەڵگە و ڕەهەند ڕەمزییەکەی سەرومڕ کێشەدار دەبن. جگە لەوەش بەتایبەتکردن (privatization)ـی ئەندامێتیی و وابەستەیی هەر زوو دەبێتە هۆکاری پارچەپارچەکردنی جەستەی کۆمەڵگە، زۆربوونی ناکۆکیی و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی کەرتی تایبەت و لە کۆتاییشدا داماڵینی دامەزراوەیی. سەرەنجام، دژایەتی نوێ نە تەنێ لە نێوان بۆرژوازیی و پاشماوەکانی نەزم (ڕژێم)ـی کۆندا دەردەکەوێت، بەڵکوو لەناو خودی کۆمەڵگەی بۆرژوازیشدا دەردەکەوێت: بۆ نموونە، ململانێی چینایەتیی.

جیاوازیی نێوان کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەت، دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا زیاتر جەختی

لەسەر کرایەوە، ئەمەش بووە هۆی هەڤدژیی تێڕوانین بۆ فەزای کۆمەڵایەتیی. لیبراڵیزم  کە دەسەڵات و هێزی خۆی فراوان کردووە، ئێستا «کۆمەڵگەی مەدەنیی» کە هاوتەریبە لەگەڵ کایەی کەرتی تایبەتدا، پێش دەخات و دژایەتی «هەژموون»ـی کەرتی گشتیی، - واتە قۆرغکاریی دەوڵەت لەسەر تێربوونی پێویستییە دەستەجەمییەکان دەکات. هەروەها بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە پرەنسیپ و شێوازە تازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بازاڕ بەرفراوان بکرێت. «کۆمەڵگەی مەدەنیی» تا ڕادەیەکی زۆر ڕەهەندێکی ئەفسانەیی وەرگرتووە. کۆمەڵگەی مەدەنی، لەبەر ئەوەی وەک سەربەخۆ پێناسە ناکرێت، بەڵکوو وەک دژی دەوڵەت دەبینرێت، تا دێت زیاتر بیچم و ڕووخسارێکی تەمومژاویی وەردەگرێت و زیاتر لە واقیعێکی ڕوون و دیاریکراو وەک هێزێکی ئایدیۆلۆژیی مامەڵە دەکات.

لە هەمان کاتدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕانکاریی لە لۆژیکی پەتی ئابووریی بۆ ڕێکخستن و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە ڕووی دا. ئەم گۆڕانکارییە لە ئەنجامی ململانێی هێزە کۆنسێرڤاتیڤییەکانەوە نەبوو، بەڵکوو بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکان لە بیچمگرتنی کۆمەڵایەتیی نوێدا ڕووی دا. سۆسیۆلۆژیا خۆی لە ئەنجامی بەرخۆدانی کۆمەڵگەی واقیعیی بەرانبەر گۆڕانکارییە سیاسیی و دامەزراوەییەکان سەری هەڵدا، هەر لەو کەسانەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرنگییان بە «نەزمی سرووشتیی» دەدا و تێکۆشانیان دژی شێوازە فەرمیی و دەستکردە تازەکانی ڕێکخستن

دەکرد. بۆ کۆمەڵناسە یەکەمەکان، سەرهەڵدانی تاکگەرایی ترسێکی دوولایەنەی لێ کەوتەوە: ترس لە پاشاگەردانی (ئانۆمی) کە بەهۆی تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەر هەڵدەدات (لای ئێمیل دورکهایم)، ترس لە قەرەباڵەغی (ئاپۆڕە) کە لەو تاکەکەسە ئەتۆمکراوانە پێک دێت وا لەپڕ یەک دەگرن و دەبنە جەماوەرێکی کۆنترۆڵنەکراو (لای گۆستاڤ لێ بۆن و گابرێل تارد، کە هەردووکیان شیکاری ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان لە «سایکۆلۆژیا»دا کورت دەکەنەوە). یەکەمیان ڕەنگدانەوەی نێو بیرمەندانی دژەشۆڕشە، دووەمیانیش پتر لە نێو کەسانی بۆرژوازیدا شایەنی باسە کە خەمی سەرەکییان ئەوە بوو خۆیان لە «چینە مەترسیدارەکان» بپارێزن.

سەرباری ئەوەی دەڵەت-نەتەوە بازاڕی پاوەجێ کردووە، بەلام دژبەریی نێوان لیبراڵیزم و «کەرتی گشتیی» تا دێت زیاتر پەرە دەسێنێت. لیبراڵەکان هەرگیز واز لە دژایەتیکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەران ناهێنن، جا لەوەش تێناگەن بۆ گەشە و فراوانبوونی بازاڕ دەستوەردانی دەوڵەت پێویست و ناچارییە. مرۆڤێک کە کارەکەی تەنیا ملکەچی جووڵە و گەمەی بازاڕە، لە ڕاستییدا کەسێکی لاوازە، چونکە لەگەڵ زیادبوونی ڕیسکدا، ڕەنگە هیچ خوازیارێک بۆ کارەکەی نەدۆزێتەوە یان کارەکەی هیچ بەهایەکی لە بازاڕدا نەبێت. جگە لەوەش، تاکگەرایی مۆدێرن پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نزیکایەتیی هەڵوەشاندووەتەوە کە پێش هەر شتێک پەیوەندیی هاوکاریی و هاوسۆزیی بوون، هەروەها هەموو فۆرمە نەریتییەکانی بەرگریی

کۆمەڵایەتیی تێک شکاندووە. بازاڕ دەتوانێت پەیوەندیی خستنەڕوو و خواست ڕێک بخات، بەڵام ناتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایتییەکان ڕێک بخات. ئایا ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە بازاڕ هەبوونی خواستێکی دانەمرکاو پشتگوێ دەخات؟ دەستوەردانی دەوڵەتی خۆشگوزەران دەبێتە پێویست، چونکە تەنیا ئەو هێزی ڕاستکردنەوەی زەقترین ناهاوسەنگیی و ناکۆکیی و هەروەها کەمکردنەوە و نەهێشتنی دیارترین پشێویی و نیگەرانیی هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە، وەک کارل پۆلانی زۆر باش نیشانی داوە، هەر جارێک وا دەرکەوێت کە لیبراڵیزم ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕێت، بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستوەردانی ئەو دەوڵەتەی دەتوانێت کەمێک لەو ناقۆلایی و نارێکییانەی لە کۆمەڵگەدا لە بن باندۆری بازاڕی «خۆڕێکخەر»دا درووست بوون، ڕاست بکاتەوە. ئالان کایلێ دەنووسێت: «ئەگەر دەوڵەتی خۆشگوزەران نەبووایە، ئەوا ئاشتی کۆمەڵایەتیی بە شێوەیەکی ڕەها و خێرا لەلایەن لۆژیکی بازاڕەوە تێک دەدرا»[i]. ئەم هاوکردارەی بازاڕ لەمێژە تایبەتمەندیی سیستەمی فۆردیستی وەرگرتووە [ئەم سیستەمە لە ناوی هێنری فۆرد پیشەسازکاری ئەمریکییەوە هاتووە. و. کوردیی]. سەرەنجام پاولێنی دەڵێت: «بەرگریی کۆمەڵایەتیی هاوەڵبوونێکی ناچارەکیی بازاڕی خۆڕێکخەرە»[ii].

i- Caillé, Splend eurset misères, p. 332.

ii- Polanyi, La grande transformation, p. 265.

بەو پێودانگەی ئامانج لەم دەستوەردانە قەرەبووکردنەوەی شوێنەوارە وێرانەکەرەکانی بازاڕە، بۆیە دەتوانین بێژین دەوڵەتی خۆشگوزەران ڕۆڵێکی بەرچاو لە «داماڵینی بازاڕگەریی» ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەگێڕێت. لە هەمات کاتدا ناتوانێت بە تەواویی جێگەی ئەو فۆرمانەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی بگرێتەوە کە بەهۆی گەشەسەندنی پیشەسازیی، دەرکەوتنی تاکگەرایی و فراوانبوونی بازاڕاوە تێک شکاون. بە بەراوردکردن لەگەڵ فۆرمە کۆنەکانی بەرگریی کۆمەڵایەتییدا، تواناکانی دەوڵەت بۆ دەستوەردان تەواو سنووردارن. لە کاتێکدا فۆرمە کۆنەکانی هاوکاریی لەسەر ئەرکە هاوبەشەکان پاوەجێ بوون و بەرپرسیارێتیش بۆ هەمووان بوو، لە ئێستادا دەوڵەتی خۆشگوزەران، لە ئەنجامی لەدەستدانی بەرپرسیارێتی لای ئەندامانی کۆمەڵگە، هاووڵاتیان دەگۆڕێت بۆ ژێردەستە و ناسەربەخۆ. لە کاتێکدا فۆرمە کۆنەکانی کۆگەرایی لە سیستەمی پەیوەندییە کۆنکرێتییەکانەوە دەردەکەوتن، کەچی دەوڵەتی خۆشگوزەران فۆرمێکی ئەبستراکت، ئامێرێکی ناواقیعیی وەردەگرێت کە هەمووان چاوەڕێی شتێکی لێ دەکەن و هیچ کەسێکیش هیچ شتێکی لێی نەگەڕەکە. بەم شێوەیە، جێگۆڕکێی فۆرمە کۆنەکانی هاوکاریی بۆ هاوکاریی ناکەسیی، دەرەکیی و ناشەفاف بە هیچ شێوەیەک تێربوون نانوێتەوە و واتای ڕەزامەندیی نییە. بە پێچەوانەوە، ڕێک ئەم هاوکارییە سەرچاوەی قەیرانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانە. ئەم دەوڵەتە بە سرووشتی خۆی تەنیا توانای هاوکارییەک یان دەستوەردانێکی هەیە کە لە ڕووی ئابوورییەوە بێکاریگەرە، چونکە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە

نەگونجاو و ناڕێکخراوە. وەک بێرنارد ئێنژۆلراس دەنووسێت: «دەرچوون لە قەیرانی ناوخۆیی دەوڵەتی خۆشگوزەران - واتای دووبارە دۆزینەوەی هەلومەرجانەکانە بۆ دەرکەوتنی هاوکاریی نزیکایەتیی، هەروەها هەلومەرجن بۆ چاکسازیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاند، ئەویش بە ئامانجی گەڕانەوەی هاودەمیی نێوان بەرهەمهێنانی سامان و بەرهەمێنانی کۆمەڵایەتیی»[i].

پێگی دەنووسێت: «سەرپاکی داوەشان و ڕیسوایی جیهانی مۆدێرن، دابەزاندنی تەواوی بەهاکان - لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە جیهانی مۆدێرن ڕێ بە خۆی دەدات هەموو ئەو بەهایانە بخاتە بازاڕەوە وا گەلانی جیهانی کۆن و مەسیحیی بە هیچ شێوەیەک سازشیان لەسەر نەدەکرد»[ii]. ئایدۆلۆژیای لیبراڵ، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیایەکی ناواقیعیی پاوەجێ بووە و زنجیرەیەک دەرئەنجامی چەوتی لێ کەوتووەتەوە، بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەم داوەشان و دابەزینەدا لەئەستۆدایە. ئەو بیرۆکەیەی گوایە مرۆڤ بە ئازادیی و ئەقڵانیی لە بازاڕدا مامەڵە دەکات، گریمانەیەکی یۆتۆپییە، چونکە فاکت و کردە ئابوورییەکان هەرگیز سەربەخۆ نابن، بەڵکوو هەمیشە وابەستەن بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەوە. ئەقڵانییەتێکی ئابووریی سەرەتایی یان خۆڕسکیی بوونی نییە؛ ئەو تەنیا بەرهەمی گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتیی-مێژوویی دیاریکراوە.

---

i- Bernard Enjolras, Crise de l'État social: liens et associations: éléments pour une socioéconomie critique // Revue de MAUSS, 1 semestre 1998, p. 223.

ii- Charles Péguy, Note conjointe sur R. Descartes, Gallimard.

ئاڵوگۆڕی کاڵا فۆرمێکی گشتگیری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان تەنانت پەیوەندییە ئابورییەکان نییە. بازاڕ دیاردەیەکی جیهانیی نییە، بەڵکوو لۆکاڵییە. ئەو لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو خواستە هەژمار دەکات وا شیاوی بەدیهاتن و تێرکردنە، بۆیە هەرگیز گونجاوترین ڕێکخستنی نێوان خواست و خستنەڕوو بەدی ناهێنێت. کۆمەڵگە هەمیشە زیاترە لە تاکەکەسە پێکهێنەرەکانی، هەر وەک چۆن چین (توێژ)ـێک هەمیشە زیاترە لەو ڕەگەزانەی کە پێکی دەهێنن. ئەمە ڕێک ئەوەیە کە چین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پێکەوە دەنێت و لە ڕووی لۆژیکیی و پلەبەندییەوە لەوان جیاوازە، وەک چۆن ڕاسڵ لە تیۆری جۆرە لۆژیکییەکاندا نیشانی داوە. دواجار، چەمکێکی ئەبستراکت بۆ تاکێکی جیاکراو و «لە بەستێن داماڵراو» کە بە توندیی بە گوێرەی بژاردە ئەقڵانییەکان ڕەفتار دەکات و بە ئازادیی ناسنامەی خۆی لە هیچەوە هەڵدەبژێرێت، سەرپاک ڕوانینێکی بێبنەمایە و بە کردەنیی خۆی بەرانبەر ڕەخنە ڕاناگرێت. بە پێچەوانەوە، تیۆریستە کۆمونیتارییەکان (کۆمەڵخوازەکان) یان ئەوانەی لە کۆمونیتارییەوە نزیکن (ئالاسدایەر ماکینتایر، مایکڵ ساندێل) پێویستیی و واتای گرنگیی ژیانیان بۆ تاکەکان نیشیان داوە، بە شێوەیەک کۆمەڵ/کۆمەڵگەیەکیان هەبێت کە ئاسۆی بیرکردنەوە و زانینیان بۆ بڕەخسێنت، کۆمەڵگەیەکی پێویست بێت هەم بۆ ئافراندنی ڕەخنە لە واقیع، هەم بۆ پێکهێنانی ناسنامە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان. چاکەی گشتیی ئەو ڕێبازە سەرەکییەیە وا شێوازی ژیانی ئەم کۆمەڵەیە و ناسنامە دەستەجەمییەکەی دیاریی دەکات.

تـەواوی قەیرانـی ئـەم ڕۆژگارە (مۆدێـرن) لـە دژوازیـی نێـوان ئایدیاڵـی مرۆڤـی جیهانیـی ئەبسـتراکت (بـە پێڤـاژۆی بەئەتۆمکـردن و بێشووناسکردنی هەمـوو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان) و واقیعـی مرۆڤـی کۆنکرێتییـەوە (کـە بـۆ وی پەیوەسـتییە کۆمەڵایەتییـەکان لەسـەر پەیوەندیی سـۆزەکیی و نزیکایەتیی، هەروەهـا هاودەنگیی و ئەرکـی دووقۆڵیـی ڕۆ نـراوە) سـەرچاوە دەگرێـت.

نووسـەرە لیبراڵـەکان باوەڕیـان بـە کۆمەڵگەیـەک هەیـە تەنیا لەگەڵ تاکگەرایی و بەهاکانی بـازاڕدا بگونجێت. لێ ئەمە وەهمـە. تاکگەرایی هەرگیـز بناغـە (مۆدێلێـک) نەبـووە بۆ ڕەفتـاری کۆمەڵایەتیی و هەرگیز ناشـبێت. جگـە لـەوەش هـۆکاری باش هەیـە بۆ ئەوەی وا بیر بکەینەوە کـە تاکگەرایـی دەتوانێـت تەنـێ بەهـۆی ئـەو ڕاسـتییەوە دەربکەوێـت کـە کۆمەڵگـە لـە ئاسـتێکی دیاریکـراودا بـە گشـتگیر بمێنێتـەوە. هـەر وەک لویـس دیومـۆن جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە «تاکگەرایـی هەرگیز ناتوانێت بە تەواویی جێگەی گشتگەرایی بگرێتەوە و بە سەر سـەرپاکی کۆمەڵگـەدا باڵادەسـت بێـت. جگـە لەوەش، هەرگیـز ناتوانێت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر کار بـکات ئەگـەر گشـتگەرایی بـە شـێوازی ناڕاسـتەوخۆ و شـاراوە بەشـداریی لـە ژیانیـدا نـەکات»[i]. تاکگەراییـە ئەوەیـە کـە ڕەهەنـدی یۆتۆپیایـی بـە ئایدۆلۆژیـای لیبـراڵ دەبەخشـێت. کەواتـە هەڵەیـە ئێمـە گشـتگەرایی تەنـێ وەک میراتێکـی لەناوچـووی ڕابـردوو ببینیـن. تەنانـەت لـە سـەردەمی تاکگەرایـی مۆدێرنیشـدا مـرۆڤ وەک بوونێکـی کۆمەڵایەتیـی دەمێنێتـەوە. گشـتگەرایی دیسـان

i- Dumont, Homo Aequalis.

لـەو سـاتەدا دەردەکەوێتـەوە کـە لەبـری «هارمۆنیـی سرووشـتیی بەرژەوەندییـەکان»، دان بـە باڵادەسـتیی چاکـەی گشـتیی بـە سـەر بەرژەوەندییە تایبەتەکاندا بنرێت.

**سەرچاوە:**

Ален де Бенуа. Против либерализма: (к Четвертой политической теории) / [пер. с фр. ; предисл. А. Дугина]. — СПб. : Амфора. ТИД Амфора, 2009. — 476 с..

★★★



# ڕۆژئاڤا:

## پارادایمی خەبات نەک پارادایمی جەنگ

هاوار محەمەد

ئـەم وتـارە لـە بنەڕەتـدا بـە زمانـی ئەڵمانـی نووسـراوە و دواتـر نووسـەر خـۆی کردوویەتـی بـە کـوردی. وتارەکـە بێ دەسـتکاری بـۆ سـەر زمانـی کـوردی وەرگێڕدراوە، بـەڵام لێرەو و لـەوێ هەنـدێ دێڕ و بڕگـەی زۆر کورتـم بـۆ زیـاد کـردووە کـە بـۆ خوێنـەری ئەڵمانیزمـان پێویسـت نەبـوون و تەنیـا وتارەکەیـان ئاڵۆزتـر دەکـرد، لەبەرئـەوەی خوێنـەری ڕۆژئاوایـی زانیاریـی زۆری نییـە دەربـارەی بەشـی زۆری ئـەم پرسـانەی لـەم وتـارەدا تاوتـوێ کـراون. لـە نووسـینی دەقـە ئەڵمانییەکـەدا نووسـەر سوپاسـی هەڤاڵانـی ئاژانسـی فـورات دەکات کـە سـەیری دەقەکەیـان کـردەوە، ئینجـا سوپاسـی زۆریـش بـۆ خاتـوو "تێـدی ئولسـهوێفەر" *Teddy Ulshöfer* کـە لەگـەڵ نووسـەردا دووبـارە بـە وردی دەقەکـەی خوێنـدەوە و لـە هـەر جێیەکـدا پێویسـت بووبێـت، دەسـتکارییان لـە زمـان و شـێوازی داڕشـتنەکەیدا کردووەتـەوە.

هەر وەک عەدالەت، دیموکراسی سەر بە جەنگ نییە.

## نێگری و هارت

هێزە هەرە کاریگەرەکانی دۆخی ئێستای سووریای دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد کە هێشتاش لە ململانێدان، هێزگەلی هەمەجۆرن: ئەمریکا، ڕووسیا، تورکیا، ئیسرائیل، ئێران، میلیشیا هەرێمییەکانی سەر بە ئێران، دەستەی ڕزگاریی شام (هەتەشە)، سوپای نیشتمانیی سووریا (سەنەسە کە لەلایەن سووریاوە دژ بە کوردەکان پشتیوانیی دەکرێت)، هەسەدە (هێزەکانی سووریای دیموکرات-کوردەکان). هەروەها شانە پەرتوبڵاوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش. بە تاک یان بە هاوبەشیی لەگەڵ هێزی دیکەدا، پێگەی خۆی لەسەر نەخشەی ئێستای جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، هەر یەکەشیان بەرژەوەندیی خۆیان هەیە و پلانی خۆیان ڕوو بە داهاتووی دوورونزیکی ناوچەکە پەرە پێ داوە.

لە نێو ئەم ئەکتەرانەدا، ئەمریکا و ڕووسیا دوو گەورەترین هێزی جیهانین کە (وێڕای ئەوەی گوایە خۆیان کەمێک لە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی سووریا بەدوور گرتووە) هەوڵ دەدەن ڕوخساری ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، یان ڕۆژهەڵاتی پاش سایکس-پیکۆ بە جۆرێک دابڕێژنەوە کە بتوانن تێیدا باڵادەستیی جیۆپۆلەتیکیی خۆیان مسۆگەر بکەن.

لە ئاستی هەرێمیشدا تورکیا، ئیسرائیل، ئێران لە کاریگەرترین ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن وا هەر یەکەیان بە جۆری جیاواز ڕاستەوخۆ لە جەنگەوە گلاون، چونکە ئەوان دۆخی ئێستاکەی ناوچەکە نەک تەنیا وەک دەرفەتێک بۆ مسۆگەرکردنی ئاساییشی نەتەوەیی خۆیان دەبینن، بەڵکوو وەک هەلێکیش بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیاتری خاکی وڵاتانی دەوروبەر دەیقۆزنەوە.

لە پاڵ ئەم هێزە دەوڵەتییە جیهانی و هەرێمییانەدا ئەکتەری دیکەی چەکدار یان بزووتنەوەی سیاسیی سەربازی دیکەش هەن؛ ئەوانەی دەکرێت سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی ناویان بنێین هێزە نادەوڵەتییەکان. بەڵام دەبێت ئاگامان لەوە بێت ئەم زاراوە گشتییە وەها سەرمان لێ نەشێوێنێت کە ئەم هێزانە هاوشێوەی یەک ببینین؛ بگرە ئەم هێزانە بە شێوەی جەوهەریی لەیەکتری جیاوازن:

- جیهادیستە ئیسلامییەکان: هەتەشە، سەنەسە، کە گرووپە سوونییە فەرمانڕەواکانی دیمەشقی دوای بەشار ئەسەدن.

- میلیشیاکانی ئێران: گرووپە چەکدارە شیعەکانی وەک حیزبوڵا و لیوای فاتیمییەکان و حەشدی شەعبی، کە لەگەڵ میلیشیا شیعییەکانی دیکەی وڵاتانی دەوروبەردا هیلالی شیعی پێک دێنن؛ هیلالێک کە لەدوای جەنگی غەززە و کەوتنی ئەسەدەوە، چیتر بە شێوەی هیلال نەماوە.

- تیرۆریستەکان: شانە چالاک و نووستووەکانی داعش

کـە هێزەکانـی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتیـی لـە دژیـان لـە جەنگدان.

- ئۆتۆنۆمیستەکان: هەسەدە، هێزی پاراستنی هەرێمی خۆسەریی دیموکراتی باکووری ڕۆژئاوای سووریا، هەمان ئەو هەرێمە کوردنشینەی وا بە "ڕۆژئاڤا" ناسراوە.

## جەنگە بێکۆتاییەکان

لـە دوای ڕووخانـی ئەسـەدەوە تـا ئـەم سـاتەوەختە هێـزە نێودەوڵەتییـەکان (ئەمریـکا و ڕووسـیا) توانیوویانـە خۆیـان لـە بەشداریی ڕاستەوخۆ لـە جەنگی ئـەو ناوچەیە بەدوور بگرن، بەڵام لەبەرئـەوەی ئەوان لـە هەموو ململانێیەکدا بکـەری سـەرەکین، ئامادە نیـن بـە ئاسـانی‌ی دەسـت لـە بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانـی خۆیـان هەڵبگـرن. بـە پێچەوانـەی ئەمانـەوە، ململانێـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان ئەکتەرەکانـی تـردا هەیـە: لەلایـەک لەنێـوان هێـزە دەوڵەتـی و هێـزە نادەوڵەتییەکانـدا: داعـش دژ بـە سـووریا و ئێـراق، ئیسـرائیل دژ بـە میلیشـیا شـیعەکان، تورکیـا دژ بـە کـوردەکان، میسـر دژ بـە داعـش و هەنـدێ گروپـی چەکـداری تـر، سـوودان دژ بـە کۆدێتاچییـەکان، پێشـتریش دەوڵەتـی سووریا دژ بە هەتەشـە و سەنەسـە لـە جەنگدا بـوو، لـە کۆتاییشـدا ڕووخـا. لەلایەکـی تـر ململانـێ لەنێـوان هێـزە نادەوڵەتییەکان خۆیاندا: هەتەشـە دژ بە میلیشـیا شـیعەکان، سەنەسـە دژ بە هەسـەدە، هەسـەدەش لای خۆیـەوە دژ بە سەنەسـە و داعش.

لەگەڵ ئەمانەیشدا، گەر لە ڕوانگەی فیکری سیاسییەوە بڕوانین، ئەم جەنگانە زۆر لە جەنگی ئاسایی دوو بەرەی بۆ یەکتر دوژمن ئاڵۆزترن. بە مانایەک هەمەلایەنترن لە "جەنگی تەقلیدی"ـی سەدەی نۆزدە و بیست، کە تێیاندا سوپای دوو وڵات ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە و دەکرا هەر بە سادەیی بە "جەنگی دیالەکتیکیی" پێناسە بکرێن یان لە ڕوانگەی ململانێی سادەی دیالەکتیکیەوە بخوێنرێنەوە، هەمان ئەوەی پاوڵ ڤێریلیۆ لە کتێبی جەنگی پەتی (١٩٨٣)ـدا ناوی لێ دەنێت "جەنگە کلاسیکییە گەورەکان"، کە لەم جۆرە جەنگانەدا تێزەیەک بەر ئەنتی تێزەکەی خۆی دەکەوێت (بۆ نموونە ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤیەت، یان ئێراق و ئێران). هاوکات لەلایەکی تر، جەنگە نوێیەکانی سەدەی بیستویەک جیاوازن لەو جۆرە بەریەککەوتنەی کە دەکرێت پێی بڵێین "جەنگە شۆڕشگێڕییەکان"ـی سەدەی ڕابردوو، جا چ جەنگی شۆڕشگێڕیی ململانێی چینایەتی بن، یان جەنگی بزووتنەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازییەکان دژ بە ئیمپریالیزم. لە بنەوانی هەموو ئەم جۆرە جەنگانەدا - گەر پەیڕەویی لە تێرمینۆلۆژیی هیگڵ بکەین - "ڕۆحێکی دیالەکتیکی" هەبوو کە گوایە مێژووی گەردوونی بەرەو پێشەوە دەبرد. بە پێچەوانەوە، لە جەنگە نوێیەکاندا هیچ "ڕۆح" یان "عەقڵانییەت"ـێک بوونی نییە، جگە لە ئەقڵانیەتی تەکنۆلۆژی و میدیا. لەبەرئەمە ڤێریلیۆ لە کتێبە ناوبراوەکەیدا ئەم جەنگانە وەک "جەنگی جیهانی ناوخۆیی" وەسف دەکات[i].

لە فیکری هیگڵدا دوو ئاگایی، ڕوونتر بڵێین دوو "من"، لەسەر

i-Paul Virilio und Sylvere Lotringer: Pure War, translated by Mark Polizzotti, semiotext(e), Los Angeles, P.11-12.

ئوبێکتێک (بۆ نموونە لەسەر خاوەنداریێتیی پارچە زەوییەک) دەبێت دژ بە یەکتر ململانێ بکەن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خاوەنداریێتییە بێتە دی، پێویستە لە کۆتاییدا یەکێکیان ئەویتریان ببەزێنێت. ئەم گرژییە دەکرێت تا مەرگ بخایەنێت، واتە تا ئەو جێیەی کە هیچ نامێنێتەوە، ئەوە نەبێت یەکتری لەنێو ببەن. لێرەدا یەکێک لە "منەکان" کەرەستەی پێویست یان بوێریی تەواوی بۆ ئەم سەرکێشییە نییە کە خودی ژیانی خۆی بخاتە گرەوەکەوە؛ بۆیە سنوورەکە نابەزێنێت و هەنگاوێک پاشەکشە دەکات؛ پێی باشترە ببەزێت وەک لەوەی بمرێت. بە واتایەکی تر، ئەو لەوێدا کە دەبێت ئوبێکتەکە بە چوونە نێو ململانێی مەرگ بباتەوە، ڕزگارکردنی خۆی هەڵدەبژێرێت، نەوەک خۆی بۆ ئوبێکتەکە بکات بە قوربانیی؛ لە بەرانبەردا دژ-منەکەی ئامادەی ڕیسکێکی لەم جۆرەیە کە یان خۆی و ئوبێکتەکە دەباتەوە یان هەردووکیان دەدۆڕێنێت؛ هەر ڕێک بەم هۆیەیە کە ململانێکە دەباتەوە و ئەوی تر ناچار دەکات دان بەم سەرکەوتنەیدا بنێت. لە ئەنجامی ئەمەدا ئەوەی کە دۆڕاوە دەبێت بە "ئاگاییەک بۆ ئەویتر" (ڕەعیەت) و ئەوەی دەیباتەوە دەبێتە "ئاگاییەک بۆ خۆی"، دەبێت بە خودئاگایی (سەردار):

> "تاکەکەس، ئەوەی کە ژیانی خۆی نەخستە مەترسییەوە، دەتوانێت وەک کەس دانی پێدا بنرێت، بەڵام هەقیقەتی ئەم دانپێدانانەی وەک خودئاگاییەکی سەربەخۆ بەدەست نەهێناوە. بەهەمان شێوە پێویستە هەر یەکەیان سوور بێت لەسەر مەرگی ئەوی دیکەیان و ژیانی خۆی بخاتە نێو ئەم ململانێیەوە..."(i).

---

i-Georg Wilhelm Friedrich Hegel: Phänomenologie des Geistes, Projekt Gutenberg, E-Book, http://gutenberg2000.de

ئەم تێزە هیگڵییە لە ململانێ جەنگییە نوێیەکاندا، چیتر کارا نییە؛ ئەستەمە جەنگە نوێیەکان بەم جۆرە ڕوو بدەن، تەنانەت جەنگی نێوان دوو دەوڵەتیش. بۆ نموونە ئەوەی ئێستا لەنێوان ڕووسیا و ناتۆدا ڕوو دەدات، جەنگی دیالەکتیکی نییە، چونکە لە ئێستادا ئەگەری ئەوەی دۆخەکە بگات بە جەنگی ئەتۆم زیاترە لە ئەگەری دەستهەڵگرتن یان تەسلیمبوونی لایەکیان لەبەر ترسی مەرگ. پوتین وای بۆ دەچوو ئۆکرانیا بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، بە زوویی دان بە سەردەستیی ڕووسیادا بنێت، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. بە پێچەوانەشەوە ناتۆ پێی وا بوو بە خێرایی شکستی ستراتیژیی دەکات بە قوڕگی پوتیندا و ئەمەیش سەری نەگرت. هیچیان نەیانبردووەتەوە، هیچیان نەدۆڕاون- جەنگ هەر بەردەوامە و بەردەوام دەبێت (تەنانەت گەر ئاگربەستێکی کورتخایەنیش بێتە ئاراوە).

ئەمە بۆ جەنگ و ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕاستە. ماوەی چەند ساڵێکە هەموو ئەو هێزانەی ئاماژەمان پێدان، لە سووریادا لە ململانێی یەکتریدان؛ جا تا ئاراماییەکی ڕاستەقینە لە وڵاتەکە نەیەتە دی، ئەوان دەست لەوە هەڵناگرن کە مەرگی خۆیانیان پێ ئاسایی بێت؛ بە دەبڕینێکی تر، تا هەموو هێزەکان ئامادە بن تا مردن بجەنگن، هیچ ئاشتییەکی دیالەکتیکی وەدیی نایەت. ئەمەیش واتە، بۆ زۆرێک لەم ئەکتەرانە، چیتر «مەرگ» ڕۆڵی دیاریکەر و چارەنووسسازی نییە. هیچ یەک لەو هێزانە ئەو ترسەی جارانیان لە مەرگ نەماوە کە پێیان وابوو لە سنوورەکەیدا

دەبێت بوەستن و زیاتر نەڕۆن. لەبەر ئەمە ئەم دۆخی ململانێیە زیاتر لە جارێک ئەرگومێنتەکانی نێو کتێبی مەڵتیتیود: جەنگ و دیموکراسی لە ئیمپراتۆریەتدای ئەنتۆنیۆ نێگری و مایکڵ هارتی پشتڕاست کردووەتەوە:

> «جەنگی نوێ کۆتاییەکی نییە، پێویستە هێز و توندوتیژی بە بەردەوامی و بێ پچڕان بەکار بهێنرێن. هیچ لایەنێک ناتوانن ئەم جۆرە جەنگانە ببەنەوە، یان با بڵێین پێویستە هەموو ڕۆژێک بیبەنەوە»[i].

لەم ڕوانگەیەوە، تیۆری هیگڵ دەربارەی سەرکەوتن و بەزین، دەربارەی سەردار و ڕەعیەت، ئاغا و کۆیلە بۆ خوێندنەوەی جەنگە نوێیەکان چیتر دروست نییە. هەموو ڕۆژێک بەردەوامێتیی جەنگ و بردنەوەی جەنگ بە واتای بردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە نییە، واتای ئەوەیە ئەمڕۆ بۆ من و سبەی بۆ تۆ؛ ئەوەی دەیباتەوە پێویستی دیسانیش بیباتەوە و ئەوەی دەدوێت دان بە سەرداریی براوەدا نانێت و ڕۆژی دواتر تێهەڵدەچێتەوە. جەنگ ناگاتە کۆتاییەکەی، دیسانیش دەست پێ دەکاتەوە و دەست پێ دەکاتەوە. ڕەنگە جەنگێک لە جێیەکی دیاریکراودا بگاتە ئاگربەست و خامۆشبوونێکی کاتی، بەڵام لە جێیەکی تر، ڕەنگە کەمێک لەولاتر دیسان هەڵدەگیرسێتەوە؛ چونکە

---

i-Antonio Negri and Michel Hardt: *Multitude*, war and democracy in the Age of Empire, the Penguin Press, New York, 2004.

هەر لایەنێک تەنیا یەک دوژمنی نییە، دەوژمنگەلێکی هەیە و پێویستە لە یەک کاتدا یان بەرودوا لە چەند بەرەیەکەوە خەریکی جەنگ بێت.

بەم جۆرە لێرەدا فۆرمی کۆنی جەنگی نێوان دەوڵەتان یان نێوان دەوڵەت و نەیارە شۆڕشگێڕەکان، کە لایەک دەیبردەوە و ئەوی تر دانی بە دۆڕانی خۆیدا دەنا، ئاڵۆزی زیاتری تێ کەوتووە و چیتر بە شێوەی جەمسەرگیری دوولایەنە، کە دواجار بەرەیەک دەیباتەوە و بەرەیەک دەدۆڕێت نەماوەتەوە. تەنانەت - بەوهۆیەی لەمڕۆدا هەمیشە لە «دوو هێز» و «دوو لایەن» زیاتر هەیە- پێکهەڵپرژانی دوو لایەنی دژ بەیەک، سەر دەکێشێت بۆ جەنگی ناکۆتای فرە لایەن. ئەمە جەنگی بێکۆتاییە کە لاوازبوون و باڵادەستی هەر لایەنێک کاتییە و دیسانیش دەست پێ دەکاتەوە.

## دەوڵەت نەتەوە و گەلی خودا

دەوڵەتی نەتەوە لە تورکیا، گەرچی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە سێکیولارە، کەچی خۆی «پیرۆز» لەبەرچاو گیراوە. ئەم پیرۆزییە لەوێوە دێت کە گوایە دەوڵەتی مۆدێرنی تورکیا وەک سەروەریی لەسەر خاکێکی دیاریکراو، دەتوانێت باڵادەستیی ڕەگەزی تورک لەسەر نەتەوە و کەمینەکانی دیکەی نێو سنوری تورکیا مسۆگەر بکات. خۆ ئەوە شاراوە نییە کە کوردەکان نیشتەجێی بەشێکی گەورەی خاکی ژێر دەستی تورکیان

لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی وڵاتەکـە، کـە دەکاتـە نزیکـەی یـەک لەسـەر چـواری هەمـوو ڕووبەرەکـەی. بـەڵام دەوڵـەت دان بەمـەدا نانێـت. زۆرینـەی حزبـە تورکییـەکان، هـەر لـە پارتـی دەسـەڵاتدارەوە تاوەکـو ئۆپۆزسۆنەکان، جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کە هەمـوو وڵاتەکە هی نەتـەوەی تورکانـە. ئەوانـەی دەیانەوێـت لـە تورکیا بژیـن، بۆیـان هەیـە تەنیـا یـەک شـووناس هەڵبگـرن: شـووناسـی تورکیی؛ بـۆ قسـەکردنیش تەنیا زمانـی تورکیی بـە فەرمـی ڕێ پـێ دراوە و کوردەکان بۆیـان نییە بـە زمانەکـەی خۆیـان، بـە کوردیـی کرمانجـی، بدوێـن.

جێـگای تێڕامانـە ئـەم دۆخـە بـۆ کـوردەکان دەگاتـە بنبەسـتێک: کـوردەکان، گـەرچـی ناچـار دەکرێـن دەسـتبەرداری شـووناسـە نەتەوەییەکەیـان ببـن و هـەر بـە زۆرەملێـی تـا ئاسـتی توانـەوە ئاوێتـە ببـن، کەچـی کاتێـک تورکـن تەنیـا «تورکـی کێویی»ـن، ئـەوان هیـچ کاتێـک وەک «تورکـی ڕەسـەن» سـەیر ناکرێـن؛ ئەمـەش واتـە ئـەوان ناتوانـن هەمـان ئـەو کەرامـەت و مافـەیان هەبێـت وا تورکـە پوختەکان یان هـەر بە سرووشـت تورکە شارسـتانییەکان هەیانە (بە سرووشـت شارسـتانیی؟). لەمـەوە ڕوون دەبێتـەوە تورکیـا بەرانبـەر کـوردەکان دەوڵەتێکـی ڕەگەزپەرسـت و فاشیسـتە (نابێـت ئـەوە لەبیـر بکەیـن کـە ئۆرگانێکـی تیرۆریسـتیی وەک «گورگەبـۆرەکان» هێشـتاش لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دژ بـە کـوردەکان چالاکـن. لـە باشـووری کوردسـتانیش، بـە چاوسـاغی نۆکەرانـی تـورک).

پەرەسـەندنێکی دیکـەی مـاوەی دەسـەڵاتی ئاکپارتـی، لـەوەدا خـۆی

دەنوێنێت کە ئایین بە توندی دەگەڕێتەوە بۆ نێو کایەی سیاسی و فەزای گشتیی. لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا ئۆردوگان بێوچان هەوڵی داوە دەوڵەت و ئیسلام، کە لە سەردەمی ئەتاتورکەوە لە یەکتر جودا کرابوونەوە، دووبارە لەگەڵ یەکتر ئاشت بکاتەوە. بەمە تورکیا دەیەوێت دووبارە خۆی وەک میراتگری سەڵتەنەتی عوسمانی پیشان بدات، تاوەکو ئاسانتر نیازە داگیرکارییەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەکانی کوردستان لە ڕۆژئاوا و باشوور ببیاتە پێشەوە، لەوانە کۆبانی، هەولێر، کەرکوک و موسڵ.

ئەوەی دەربارەی فراوانخوازیی تورکیا وترا، کەمتازۆر بۆ ئیسرائیلیش ڕاستە. ئیسرائیلیش دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرنە، کە فەلەستینییەکان وەک «هۆمۆساکەر»[Homo-sacer](i) دەچەوسێنێتەوە و ناوچەکانیان داگیر دەکات. جا لەبەر ئەوەی ئیسرائیل لە ڕووی مێژووییە زۆر قووڵ ئایینییە، ئەوا سێکیولاریزمەکەی لە حاڵەتە میانڕەوەکەیدا لەگەڵ جوودایزم و لە حاڵەتە توندڕەوەکەیدا لەگەڵ زایۆنیزمدا ئاوێتە کردووە؛ واتە بە گشتی سێکیولاریزمی لەگەڵ تیۆلۆژیادا پێکەوە تواندووەتەوە. بێگومان ئیسرائیل لە ئێستادا "شانشین"ـیک نییە لەو فۆڕمەی داوود و سلێمان کە لە مێژووی جوودا گێڕدراوەتەوە، بەڵکوو دەوڵەتێکی مۆدێرنی

i-چەمکێکی ئاگامبێنە کە لە گەلێک بۆنەدا دەربارەی دوواوین و لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە زۆر درێژەی پێ بدەین، بەڵام گەر بە یەک دێڕ پێناسەی بکەین هۆمۆساکەر ئەمەیە: ئەو کەسەی بۆ قوربانی ناشێت، بەڵام دەشێت بکوژرێت و بکوژیش هیچ سزایەک نەیگرێتەوە.

گەلی ئیسرائیله[i]، کە گەرچی لە ناوخۆدا بە شێوەی دیموکراتی بەڕێوە دەبرێت، کەچی دەوڵەتەکە خۆی وەک دیاریی خودا بۆ جووەکان دەبینرێت لە پاداشت یان لە قەرەبووی ئەو ئازار و مەرگەساتانەدا وا لە مێژووی دوور و نزیکدا بەسەریاندا هاتووە. بگرە زایۆنیستەکان لەو باوەڕەدان، یان دەیانەوێت پەیڕەویی لەو تەفسیرە تەلمودییانە بکەن کە باوەڕیان وایە، خاکی ئیسرائیل ئەوەیە وا خودای ئیسرائیل وەک "خاکی بەڵێنپێدراو" مزگێنیی پێ داون، ئەمەیش بە مانای سەروەریی ئیسرائیل لەسەر هەموو ئەو ناوچانەی وا دەکەونە نێوان هەردوو ڕووباری فورات و نیلەوە. دواجار بۆ زایۆنیستەکان ئیسرائیل واتە ئەم سێگۆشەیە: دەوڵەتی گەورەی ئیسرائیل-گەلی هەڵبژێردراو-مەسیحا.

## خەلافەت، ئیمامەت، ڕزگارکەر

گەر دەوڵەتی نەتەوە بۆ تورکیا و ئیسرائیل پارادایمی زاڵی دەسەڵاتی سیاسی بێت تا ڕادەی دەرمارگیریی و پیرۆزاندن، ئەی پارادایمی گرووپە سوونییە نادەوڵەتییەکانی وەک ئیخوان موسملین و داعش و هەتەشە و سەنەسە، یان پارادیمی گرووپە شیعییەکانی

i-بەلای منەوە وشەی "گەل" لەم دەربڕینەدا کێشەدارە، چونکە لە ڕووی مانای زاراوەییەوە "گەل" بە واتای "زۆر، فرە، هەمەچەشنی" دێت، گەل واتە "گەلێک، گەلێ زۆر". بەڵام لە "گەلی ئیسرائیل"دا، بە تایبەت لە مانا نوێیەکانیدا پەیوەست بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، ئەم گەلە هیچ زۆرێتییەکی تێدا نییە و تەواو "هاوچەشن" و "یەک"ە.
بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چەمکی "گەل"، بگەڕێوە بۆ وتارێکی ئێمە لە ژمارە دووی گۆڤاری "فرە"دا بە ناوی "فرەییەکان: گەل".

وەک حیزبوڵا و حەشد و حوسییەکان چییە و هەوڵ بۆ هێنانەدیی چ مۆدێلێکی سیاسی دەدەن؟ مۆدێلی سیاسیی سوونن‌ە، هەر وەک هی زایۆنیستییەکە، یەک سێگۆشەیە، بەڵام ڕەگەزەکانی لە زایۆنیزم جیاوازە. بۆ ئیسلامیزمی سوونن‌ە تەنیا ئەم هاوکێشەیە ئایدیاڵییە: خەلافەت-ئوممەت-شەریعەت. گرووپە سوونییە جیهادیستەکان هەوڵ دەدەن دووبارە خەلافەت ئاوا بکەنەوە، کە نە "پاشایەتی"یە، نە دەوڵەتی نەتەوە. ئەوان دەوڵەتە نەتەوە سێکیولارەکانیان پێ "لەدیندەرچوو"ە، چونکە گوایە لە دەستوورەکانیاندا ئایین تاکە سەرچاوەی یاسادانان نییە و "فتوا"ش ڕۆڵی سەرەکیی نییە.

بۆ ئیسلامیزمی سوونی مەزهەب، خەلافەت ئایدیاڵیترین سیستەمی ئابووریی سیاسییە، کە تێیدا خەلیفە (کە نە سوڵتانە، نە پاشا و نە سەرۆک) لەم دنیایەدا خودا و نێردراوەکەی (پەیامبەر محەمەد) دەنوێنێتەوە و لەجێی ئەوان حوکم دەکات. خەلافەت جێنشینێکی مرۆیی "ئیرادەی خودا"یە؛ لەبری شارگەلێکە کە دەبوو فریشتە گوێڕایەڵەکانی خودا دروستیان بکەن، بەڵام خودا دواجار پلەی جێنشینییەکە دەبەخشێت بە "بنیادەم". کەواتە ئەم جێنشینییەی نەوەکانی ئادەم دەبێت بە ڕەزامەندی خودا و پەیامبەرەکەی بن. بەڵام هاوکات ئەم جێنشینییە بۆ ئەوەی لەسەر زەوی بچەسپێت، دەبێت لەلایەن خەڵکانی پەیڕەوکاری سووننەتی پەیامبەرەوە کە ناویان ئوممەتە (نە گەل، نە ڕەعیەت، نە نەتەوە) پشتڕاست بکرێتەوە، ئەمەش لە فەرهەنگی ئیسلامیدا پێی دەوترێت

"بەیعەت". بەیعەت شتێکە وەک شاهیدیدانی مسوڵمانان لەسەر ئەوەی کە خەلیفە کەسی درووستە بۆ جێنشینییەکە و لەسەر سووننەت و شوێنپێی پەیامبەر دەڕوات، کەواتە بەیعەت بەڵێنی ملکەچییە بۆ کار و بڕیارەکانی خەلیفە، وەک جێنشینی شیاو لە خەلافەتەکەدا، کەسێک کە ڕێگای ڕاست دەگرێتە بەر و دەتوانێت لە بنبەستەکاندا، بە هاوکاریی هاوەڵان و موفەسیرانی نزیکی خۆی یان بە تەنیا، "فەتوا" بدات، بۆیە مافی ڕاگەیاندنی جیهادیشی دژ بە بێباوەڕان هەیە. ئەمەیش لای خۆیەوە واتای ئەوەیە کە ئەرکی خەلیفە بریتییە لە بەجێهێنانی شەریعەت (ی هەڵهێجراوی قورئان و فەرمووده) لە هەموو ڕووبەری وڵاتی خەلافەتدا.

بە پێچەوانەی ئەم مۆدێلە سوونییەوە، میلیشیا شیعەکانی وەک حزبوڵا و لیوای فاتیمی و حوسییەکان و هیتر، کەمتر بیر لە خەلافەت دەکەنەوە، بەو پێیەی ئەوان لایان وایە "خەلافەت" هەر لە سەرەتاوە دوای کۆچی پەیامبەر لەسەر دزینی دەسەڵات لە ئالوبەیت و زەوتکردنی لە "عەلی کوڕی ئەبو تالیب"، ئاوا دەکرێت. بۆیە شیعەکان، بە تایبەتی شیعەی دوانزە ئیمام پتر بیر لە ئیمامەت دەکەنەوە. ئوممەتیش چیتر ئەوەیە دوای ئیمام دەکەوێت. لە ئیسلامدا ئیمام پیاوێکی ئایینییە کە لە مزگەوتدا پێشنوێژیی بۆ مسوڵمانان دەکات و لە هەینییەکاندا "ئامۆژگاریی" دەدات. بەڵام لای شیعەی دوانزە ئیمام و سەر بە ئێران، ئیمام زیاتر بە سیاسیی کراوە و گوایە ڕیشەکەی لە ڕابەریتیی ئیمامی دوانزیەمدایە. لای

ئەمان ئیمام دەبێت پێشەوایەتیی بکات، حوکم بدات، چاکە لە خراپە جودا بکاتەوە، حوکم بکات، فتوا بدات، بهێڵێت بمریت و لێگەڕێت بژیت. تا ئیمام لە پێگەی بەرزتری هەرەمی ئیمامەتدا بێت، ئەوا دەسەڵاتی زیاتری هەیە، تا دەگات بە پێشەوای هەرە باڵا. ئەمە ڕێک هەمان سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ئیمام خامنەیی ڕابەری گەورەیە.

بەڵام لە سەرووی ئەویشەوە یەک دانە ئیمامی دیکە هەیە، هەمان باڵاترین و پیرۆزترین ئیمام؛ ئەویش لای گرووپە شیعەکانی سەر هێڵی هیلالی شیعی ئەو "ڕزگارکەر"ـەیە کە هێشتا نەهاتووە و چاوەڕوان دەکرێت؛ ئەو ئیمام مەهدییەی کەمێک پێش کۆتایی دنیا دێتە دەرەوە و ئیمامەت لە هەموو جیهاندا بە یەکجاریی سەر دەخات. بەمجۆرە، ئیمامەت هێندەی لە ئیسکاتۆلۆژیا و لە جوودابیزمەوە نزیکە، هێندە لە خەلافەتی سووننە مەزهەبەوە نزیک نییە. لەگەڵ ئەمەیشدا ئیمامەت خۆیشی بە جۆرێک هەر "جێگرتنەوە" و جێنشینییە، هەر "خەلافەت"ـە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت: لێرەدا ئیمام یان ڕابەر بە پلەی یەکەم جێگری خودا و پەیامبەر نییە، بەڵکوو جێگیری ئیمامی هەرە باڵا و پیرۆزە، جێگیری ئیمامی دوانزە، ئیمامی داهاتوو، ئیمام مەهدی. جێگری ئیمامێک کە لە هەر خەلیفەیەکی ڕابردوو خەلیفەتر و لە هەر خەلافەتێکی نێو مێژوو ڕاستەقینەترە. ئیمامی هەرە باڵا، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ببێتە جێنشینی خودا، پێویستە لە ئالوبەیتی پەیامبەر بێت و ئەم

مافـەی لـە ڕێگـەی نزیکایەتیـەوە بـۆ گواسـترابێتەوە؛ بەیعـەت ئـەوە نییە کۆڕی کاربەدەستانی موسـوڵمانان بە کەسێکی دەدەن، بەڵکوو بەیعـەت تەنیـا بـۆ ئالوبەیـت ڕەوایـە و خـۆ ئەگـەر ئـەم بەیعەتـەش نەدرێت، ئەوا هیچ لـە هەقیقەتی جێنشـینییەکەی کـەم نـاکات، هێنـدە هەیـە بەیعەتنەدانەکـە دەبێـت بـە خیانـەت و کوفـر. خەلافەتـی نێـو مێژوو، خەلافەتـی ئەهلـی سـووننە ئـەم خیانـەت و کوفـرە بـوو.

بـەم جـۆرە خومەینـی و خامنەیـی لـە جێـگای مەهـدی و بـە شێوەی کاتـی، تـا ئـەو دێـت، کاروبـاری ئوممـەت ڕادەپەڕێنن. ئـەوان پیرۆزن، چونکـە کاروبـاری ئیمامـی گـەورە لـە غیابی خۆیدا جێبەجێ دەکـەن. ئیمامـی بـاڵاش کاتێـک دێـت، لەنێـو تەپوتـۆزی جەنـگ و نەهامەتییـەوە دێتـە دەرێ و هـەر ئەمەیـش ڕۆڵـی ڕزگارکـەری پـێ دەدات؛ ئـەم ڕزگارکـەرە ئیمامەتـی شـیعە و جێنشـینێتیی ڕاسـتەقینەی ئالوبەیتـی پەیامبـەر دەچەسـپێنێت. بـەم جـۆرە، جەنـگ بـۆ ئیمامـەت ڕێـگای وەدیهاتنـی یۆتۆپیایەکـە، یۆتۆپیـای مەهدەویـی.

لـەم شیکارییەوە ڕوون دەبێتـەوە کە ئـەوەی ئێران نـاوی لـێ نـاوە "میحـوەری مقاوەمـە" (مقاوەمـە دژ بـە سـووننە و ئیسـرائیل و ڕۆژئاوا) تەنیا چاوبەسـت و سـاختەکارییە، چونکـە چەمکی "مقاوەمـە"[resistance] لـە فەلسـەفە سیاسـیدا لـە هیـچ کوێـی پارادایمـی ئیمامەتـدا جێـگای نابێتـەوە کـە لەسـەر "خورافـەت" و "مەهدیگەرایـی" وەسـتاوە. تاکـە خەونـی ئێران و تاکە یۆتۆپیـای گرووپە شـیعەکان یەک وڵاتی ئیمامەتە لـە ئەفغانسـتانەوە تاوەکوو لوبنـان بـە پێشـەوایەتیی ئیمـام مەهـدی.

## ڕۆژئاڤا: هەموومان خەبات بۆ ئاشتی دەکەین

لە ڕۆژئاڤا هەسەدە لە خەباتدایە، هەم دژ بە هێزە دەوڵەتییەکان (تورکیا) و هەم دژ بە هێزە نادەوڵەتییەکان (داعش، سەنەسە، عەشیرەتە عەرەبییەکانی نێو ناوچە کوردییەکان). هەسەدە دەیەوێت هەرێمی ئۆتۆنۆمیی خۆی بپارێزێت، کە پێ دەچێت تاکە بەشی دیموکراسیی وڵاتەکە بێت. ئەمە بۆ تورکیا قابیلی قەبووڵ نییە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی هەسەدە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ پەکەکە هەبێت کە لەلایەن تورکیاوە بە تیرۆر تۆمەتبار دەکرێت. بەڵکوو لەبەر ئەوەی ڕۆژئاڤا لەسەر بنەمای پارادایمێکی خۆسەریی زۆر تایبەت خۆی بنیات ناوە کە بەر پارادایمی دەوڵەتی نەتەوە دەکەوێت و لێیشی تێپەڕ دەبێت.

ئامانجی ڕۆژئاڤا نە دەوڵەتی نەتەوەیە، نە خەلافەت و نە ئیمامەت. ڕۆژئاڤا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پارادیمێکی سیاسیی تاقانە و دەگمەنە، تەنیا بەرجەستەبوونی شارێکی ئایدیاڵی نییە و تەنیا کۆپیکردنەوەی پارادایمێکی پێشتر چێکراوی جێیەکی دیکە نییە؛ بەڵکوو ڕۆژئاوا هەر خۆی پارادیمەکەیە، مۆدێلێکە بۆ چاولێکردن و پەیڕەوکردن، بە تایبەتی لەلایەن پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە (گەر هۆشیاریی سیاسی ئامادە بیت). ڕۆژئاوا پارادایمێکە بۆ خۆبەڕێوەبردنی دەستەجەمعی کە تێیدا جیاوازییە ئێتنیکی، زمانی، ئایینی و کولتوورییەکان ئەرێ دەکرێن، یان لایەنیکەم بە جۆرێک تەحەمول دەکرێن کە چیتر سەر نەکێشن بۆ دوژمنایەتی و لەبری

ئـەوە ئەگـەری هـەرەوەزێتـی، دۆسـتایەتیی، برایەتـی ئـاوەڵا بکـەن.

هیـچ یـەک لەلایەنـە شـەڕکەرەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نەیانتوانیوە و نەیانویستووە، واتـە هـەر لـە بنەڕەتـەوە پۆتێنشیەڵ و ئینێریا[i]ـی ئەوەیـان نەبووە، وەهـا ئەگەرێـک بـۆ پێکەوەییەکـی فـرە، کـە تێیدا جیاوازیی ببێت بـە وزەیەکی پۆزەتیڤ، یان لایەنیکەم چێتر وزەیەکـی نێگەتیـڤ نەبێـت، پـەرە پـێ بـدەن. ئـەم "پێکەوەیی"ـیە لـە ڕۆژئاڤـا هـاوکات، گـەر چەمکێکـی ژان-لـوک نانسـی بـەکار بهێنیـن، "پێکەوەبوون"ـە، واتـە "پێکەوە-بـوون"، بوونێـک پێکـەوە، بوونێـک کـە پێکـەوە هەیـە. بـە بـڕوای نانسـی ئێمـە نیـن، هەتـا پێکـەوە نەبیـن، ئێمـە هەیـن ئـەو کاتـەی پێکـەوە بوونەکەمـان لەیەکتـر گـرێ دەدەیـن و دەبیـن بـە "بوونێـک پێکـەوە". لای نانسـی "بـوون" نـە بـە تەنیـا دێتـە بـوون و نـە بـە تەنیـا هەیـە، بەڵکـوو هـەر لـە بنەڕەتـەوە کـۆ-بوون[Co-existenz]ـە. ئـەم پێکەوەییـە، هـاوکات پێکەوە-بوونـە. ئێمـە هیـچ نیـن، ئـەو کاتـە نەبێـت کـە پێکـەوە هەیـن. بـەم مانایـە کاتێـک دەڵێیـن ڕۆژئـاوا یـەک ئەگـەری تاقانەیـە بـۆ پێکەوەییەکی فرە و تێیدا پێویسـت نییـە جیاوازییـەکان هەڵبوەشـێنەوە، ئـەوا مانـای کوردبوونیـش تێیـدا دەگۆڕێت و لـە مانـا بەرتەسـکە ناسیۆنالیستییە دەرمارگرژەکەی، کـە مۆدێلـی ناسـیۆنالیزمی تورکـە، دوور دەکەوێتـەوە. کوردبوون دەچێتـە ئەودیـوی "کوردایەتی"ـیەوە بـەرەو "ئەویتـر" و ئینجـا بـەرەو کـورد

i-دەربـارەی ئـەم دوو چەمکـە بگەڕێـوە بـۆ وتارێکـی ئێمـە بـە نـاوی "کوردبـوون: والاکردنـی مرۆڤایەتـی" لـە ژمـارە ٤٧ی گۆڤـاری "ئازادیـی کۆمەڵگـە"دا.

دەگەڕێتــەوە. لــەم مانــا نوێیــەدا کوردبــوون بریتییــە لــە لەگەڵبــوون بــوون، ئــەوەی لــە نەتەوەیەکی ئازاددا کورد لەگەڵیدا بوونی هەیە، یان ئــەوەی لــەو نەتەوەیــەدا لەگــەڵ کــورد بوونــی هەیــە. دواجــار کوربــوون واتــە پێکــەوە بــوون یــان "لەگەڵبــوون"[Mitsein] (دیســانیش بــە چەمکــی نانســی نــەک بــەو جــۆرەی لای هایدیگــەر هەیــە؛ چونکــە لەگەڵبوون لای نانســی جەوهەریتــرە لــەوەی هایدیگــەر شــرۆڤەی کــردووە).

وانــەی ڕۆژئاڤــا ئەمەیــە: ئێمــە وەک دیفاکتــۆ پێکەوەیــن، ناتوانیــن تەنانەت بە کۆمەڵکوژییش یەکتری بسڕینەوە، یەکتری بتوێنینەوە یان یەکتــری قــووت بدەیــن. لەبــری ئــەم مەرگەســاتانە، دەبێــت سیســتەمێکی سیاســیی نــوێ بئافرێنیــن کــە کراوەیــی زیاتــر، عەدالەتــی زیاتــر، فرەیــی زیاتــر مومکیــن بــکات و هیــچ ڕەگەزێــک ســەرکوت نەکرێــت، دەرنەکرێــت، نەکرێــت بــە «هۆمۆســاکەر»، گــەر لــە پێکەوەبوونێکــدا هیــچ ڕەگەزێــک نەکرێــت بــە هۆمۆســاکەر ئــەوا «بنەمــای حاکمیــەت» ناڕەخســێت، چونکــە حاکمیــەت ڕێــک لەســەر بــە هۆمۆســاکەرکردنی ڕەگەزێــک خــۆی دادەمەزرێنێــت. کەواتــە گــەر ئــەم پرۆســەی بــە هۆمۆســاکەرکردنە نەبێــت، ئــەوا حاکمییەتێــک کــە بــە قەولــی دێریــدا–ئاگامبێــن دۆخــی ئاوارتــە ڕادەگەیەنێــت بــۆ درێژەدانــەوە بــە دۆخــی «هۆمۆســاکەر»، لــە گــۆڕێدا نابێــت. لــە پارادیمــی ڕۆژئاڤــادا کاتێــک بنەمــای حاکمیــەت غایبــە، ئــەوا ئەگــەری ئــەوە ئێجگــار زۆرە کــە «خۆســەرییەکی پلــورال»، «خۆبەڕێوەبەرییەکــی کۆلێکتیــڤ» بــە تەواوەتــی بچەســپێنێت و بــۆ دەرەوەیــش بیگوازێتــەوە (گــەر دۆخــی جەنــگ لــێ بگەڕێــت). گــەر

ڕۆژئاڤا تا ئێستا نەبووە بە حاکمیەتێکی وەک تورکیا و ئیسرائیل، لەبەر ئەوەیە هیچ ڕەگەزێکی نەکردووە بە هۆمۆساکەر. ئەمە تەنیا بۆ ڕەگەزە ئێتنیکییەکان دروست نییە، بەڵکوو بۆ ژنان و کەمینەکانیش ڕاستە. لە سیستەمە خۆبەڕێوەبەرییە پلوراڵەکەی ڕۆژئاڤادا ژنان، کەمینەکان، غەریبەکان، ئەوانیتر وەک شووناس ناچەوسێنرێنەوە، شاربەدەر ناکرێن، ناکرێن بە «مرۆڤی زیاد و زیانبەخش»، ناخرێنە نێو ماشێنی بەرهەمهێنانی هۆمۆساکەرەوە. توندوتیژیی لە هەناوی سیستەمەکەیدا ناونشین نییە.

لە پرسی خاکیشدا پەیامی هەسەدە هەر لە سەرەتاوە ڕوون بووە، ئێمە توانا و پۆتێنشیەڵی ئەوەمان هەیە خۆمان بەڕێوە ببەین، بێ ئەوەی خاکی ئەوانی تر داگیر بکەین. ڕۆژئاڤا نایەوێت داگیر بکات، بەڵام ناشیەوێت داگیر بکرێت. ئەمە تەنیا دروشمێکی پووچ نییە، چونکە ڕۆژئاڤا لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، کەمتازۆر توانیویەتی ئەوە بسەلمێنێت کە هەرێمێکی سەربەخۆی دیموکراتیی مۆدێرنە و هیچ نیازێکی نییە سنووری ناوچەی خۆی فراوان بکات، بەڵام هاوکات لێنەگەڕاوە داگیریش بکرێت (هەتا هەسەدە بتوانێت).

ئەوانەی لەم بڕگانەی سەرەوەدا خستماننە بەرچاو، تەنیا دروشمی بەتاڵ نین کە بمانەوێت لە ڕێگەیانەوە ڕۆژئاڤا ڕۆمانتیزە بکەین (بەڵێنیش نین دەربارەی داهاتووی دوور، چونکە نازانین لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات)، بەڵکوو ڕۆژئاڤا بە درێژایی دە ساڵی ڕابردوو، تەنانەت لە دۆخە هەستیار و سەختەکانیشدا، کەمتازۆر

پیشانی داوە کە مۆدێلێکە بۆ خۆبەڕێوەبەریی، دیموکراتی، فرەیی.

هەسەدە تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی ئەزموونی ئەم پارادایمە نوێیە. هەسەدە خەبات دەکات. ئەمەیش واتە هەسەدە «جەنگ» ناکات و «جیهاد»یش ڕاناگەیەنێت. ڕۆژئاڤا بە شێوەی ئایینیی پیرۆز نییە، وەک وڵاتی ئیسرائیل «خاکی بەڵێنپێدراو» نییە؛ نە وەک تورکیا ناتۆ دەیپارێزێت و نە وەک ئیسرائیل خودای گەلی هەڵبژێردراو. ڕۆژئاڤا هیچ پشتیوانییەکی نامرۆییانە یان سەروومرۆییانەی نییە و ئامانجیشی هاتنی «ڕزگارکەر» نییە، جا چ «مەهدی» بێت یان «مەسیحا»؛ ڕۆژئاڤا خۆی بەرخۆدان بۆ ڕزگاری دەکات و لەمەیشدا چۆن تاقانەیە، تەنیاشە. ڕاستە ئەمریکا یارمەتیی ڕۆژئاڤای داوە، بەڵام وەک قەترەی نێو دەریایەک وایە گەر بێتوو بەراوردی بکەین بەو هاوکارییە گەورەیەی کە ئەو وڵاتە بە دەستئاوەڵایی و بەخشندەییەکی لەڕادەبەدەر پێشکەش بە ئۆکرانیا یان بە ئیسرائیلی دەکات. نەک هەر ئەوەندە، بگرە تا ئەم ساتەوەختە ئەمریکا هەسەدەی لەوە دڵنیا نەکردووەتەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕۆژئاڤا بەم سنوورەی ئێستایەوە دژ بە تورکیا و گرووپە پرۆکسییەکانی سەر بەو وڵاتە دەپارێزێت. لەوێ خەڵک و خەباتکاران و گەریلا پێویستە هەموو ڕۆژێک خەبات بکەن، خەبات دژ بە داگیرکەر، دژ بە دەستدرێژیکەرانی هەمەجۆر: جیهادییەکان، تورکیا، سەنەسە، داعش و ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەتەشەش.

*با سەرلەنوێ ئەم وتارە لە یەک دوو بڕگەدا کورت بکەینەوە:*

دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، وێڕای ئەوەی دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە و ئارامییەکی کاتیی لە جەنگی ناوخۆیی سووریادا بهێنێتە دی، بەڵام مەترسیی گەورەشی بۆ باکوری ڕۆژهەڵات، واتە بۆ کوردەکان لەگەڵدایە، بە تایبەتی گەر بزانین مۆدێلی ڕۆژئاڤا نە پارادایمی دەوڵەت-نەتەوەی وەک تورکیایە، نە دەوڵەتی سێکیولار-ئایینیی وەک ئیسرائیلە، نە پارادایمی «خەلافەت/شەریعەت»ـی گروپە سوونییەکانە و نە ئیمامەت/ڕزگارکەری ئێران و میلیشیا شیعییەکانە. لەبەر ئەم هۆکارە هەموو ئەو هێزە ناوبراوانە دەیانەوێت ڕۆژئاڤا لە ئۆتۆنۆمییەکەی ئێستای و لە پۆتێنشیەڵەکەی جودای بکەنەوە. لای نیچە ئەمە خاسیەتی هێزی ڕیاکتیڤە: هێزی ڕیاکتیڤ ئەوەیە کە دەیەوێت هێزی ئەکتیڤ لە توانای کردنەکەی داببڕێت. لەم ڕوانگەیە تەنیا هێزەکانی ڕۆژئاڤان کە ئەکتیڤن و هەموو ئەوانی تر کە لەم وتارەدا ناومانهێنان هێزی ڕیاکتیڤ.

پێم وایە پارادایمە کوردییەکەی ڕۆژئاڤا هەر لە بنەڕەتەوە لە هەموو ئەو پارادیمانەی دیکە جیاوازە. تەنیا سێکیولار نییە، بەڵکوو پارادایمی خەبات و بەرەنگارییە لەپێناو خوڵقاندنی «پێکەوەیی»ـیەکی دیموکراتی، بەبێ دەمارگژیی نەتەوەیی و ئایینیی، لەمەیشدا مانای کوردبوون

سەرلەنویَ لە پێکەوەبوون و خەبات بۆ لەگەڵ-یەکتر-بوونێکی ناگرژدا دادەڕێژێتەوە. ڕۆژئاڤا خەبات بۆ درێژکردنەوەی جەنگ ناکات، جەنگێکی قیامەتئاسا لە پێناو ئاشتییەکی هەمیشە «دواخراو»دا هەڵناگیرسێنێت، ئاشتییەک کە بەردەوام دوا دەخرێت و هەرگیز نایەت؛ پتر خەبات بۆ ئاشتییەکی پێشخراو، ئاشتییەکی ناوەخت دەکات، ئاشتییەک کە هەموو کات کاتییەتی، ئاشتییەک لە ئێستادا.

★★★



# پلانی ‹مارشاڵ›

## ناسنامەی ئیرادەی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

جووتیار ئاسۆس

## جیهان قۆناغێک پێش پلانی مارشاڵ

ڕیچارد دیگارنێل بەڕێوبەری پێشووی هەواڵگریی نیشتمانیی ئەمریکا لە کابینەی پێشووتری دۆناڵد ترامپ، دەڵێت: ''دۆناڵد ترامپ کەسێکە لە سیاسەتی دەرەوەدا پێشبینی بۆ ناکرێت، ڕەنگە ئەوە خاڵی بەهێزی ئەو بێت''. دەیڤید لۆولەر، نووسەر لە پێگەی میدیایی (ئاکسیۆس)یش دەڵێت؛ ئەو خەسڵەتە (ناڕوونیی)ە کلیلی تێگەیشتنە لە دۆکترینی سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترامپ. دۆکترین یاخود 'باوەڕ' بریتییە لە تێزەیەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردن و بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی جیهان هەیانە. لای هەندێ سەرکردە بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی باڵا و دەبێت بە تیۆرەیەکی فکریی، لای هەندێک سەرکردەش کە لە ڕەهەندی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەی قووڵتر دەکەن، ئەو باوەڕ و دۆکترینە بۆ ئاستی جیهانبینیی و پارادایم هەڵدەکشێت.

ئەمریکا یەکێکە لە زلهێزەکانی جیهانی سەدەی ڕابردوو و تاکە زلهێزی جیهانی پاش جەنگی ساردیشە تا ئەمڕۆ. سەرۆکەکانی ئەمریکا هەیان بووە خاوەنی باوەڕی تایبەت بە خۆی بووە و بووە بە ناسنامەی ماوەی حوکمڕانییەکەی، هەشیانبووە تەنیا سەرۆکێکی ڕاگوزەر بووە و باوەڕی سەرۆکێکی پێشووتری جێبەجێ کردووە. ئەوەی بۆ ئێمە دەبێتە جێی بایەخ، باوەڕی ئەوانە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. ئەوان هەندێکیان خاوەنی باوەڕێک بوون و تا ساڵانێکی زۆر کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لە سەر جیهان بەجێ هێشتووە، بۆ نموونە باوەڕی جیمس مۆنرۆ (سەرۆکی

ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٣)  پێی وایە دەبێت هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و باشوور لە دەستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بێت و ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدرێت هەژموونی خۆی بباتە ئەو دوو کیشوەرە، یاخود مۆدێلێکی حوکمڕانیی و باوەڕ بباتە ئەوێ و دژی ویستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت. بەپێی باوەڕی هاری تروومان (١٩٤٧) دەبێت وڵاتی ئەمریکا هاوکاریی ئەو وڵاتانە بکات وا ناهێڵن کۆمۆنیزم دەست بە سەر سیستمی وڵاتەکانیاندا بگرێت، ئەم باوەڕە دواتر (پلانی مارشاڵ) بەرهەم دەهێنێت. باوەڕیی  نیکسن (١٩٦٩) تا ڕادەیەک پێچەوانەی تروومانە، کە پێی وایە دەبێت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا خۆیان بەرپرسیارێتیی پاراستنی خۆیان لەئەستۆ بگرن. هەروەها باوەڕی جەیمی کارتەر (١٩٨٠) کاریگەریی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و وەک گەڕانەوە بۆ تروومان و مارشاڵ هەژمار دەکرێت، پێی وایە؛ دەبێت ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بکات، بە تایبەت لە وڵاتانی کەنداو، ئەمەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئەودەم گوایە ئەوە بەرانبەر دەستێوەردانی یەکێتیی سۆڤێت ڕووی دا، کە ساڵی ١٩٧٩ چووە ئەفغانستانەوە و لەوە ترسان سوپای سووری سۆڤێت پەل بۆ ئەو وڵاتانە بهاوێت وا ئەمریکا بەرژەوەندیی تیایاندا هەیە.

## دانوستانی هاوپەیمانیی دژی ئەڵمانیای نازیی پاش جەنگی جیهانیی دووەم

ڕۆژی ١٢ـی ئاداری ١٩٤٧، لە کاتێکدا جیهان دووساڵ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم و دۆڕانی (ئەڵمانیا و یابان و ئیتاڵیا) لە ئارامییەکی کەموێنەدا بوو، هاری ترومانی سەرۆکی ئەمریکا لە وتارێکدا هەمووانی حەپەساند و جەنگێکی نوێی ڕاگەیاند، کاتێک لە کۆنگرێسی ئەمریکا وتی؛ "دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی خۆمان، بەگژ کۆمونیزمدا بچینەوە،" دوو ڕۆژ بەر لەوە و ڕۆژی ١٠ـی ئادار، کۆبوونەوەی وڵاتانی هاوپەیمانی براوەی جەنگی جیهانیی دووەم لە مۆسکۆی پایتەختی سۆڤێت بەڕێوە چوو بوو، کە وەزیری کاروباری دەرەوەی (بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێت) تێیدا بەشدار بوون و تایبەت بوو بە دوارۆژی ئەڵمانیا. فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا تا ڕادەیەک لێک نزیک بووبوونەوە، بەوەی لە بەرەی جەنگی ڕۆژئاواوە ئەمریکا هاوشانی فەڕەنسا و بەریتانیا، بەشدارییەکی سیمبۆلییان لە جەنگی جیهانیی دژی ئەڵمانیای قەیسەریی و ئیمپراتۆریێتیی نەمسا-مەجەڕیی کرد، بێگومان پاش جەنگی جیهانیی دووەم، هەنگاوێکی تریش لێکتری نزیک بووبوونەوە، سا لە دژایەتیی سیستمی ڕیال سۆسیالیزمی سۆڤێتدا زۆر هاوڕا بوون، هەر ئەوەش وایکرد سۆڤێت هەست بە هەراسانیی بکات و نەگەنە ڕێککەوتن. بەڵام لەلایەکی ترەوە سنوورێکی هاوبەشی دوورودرێژی کیشوەری ئەورووپاش بە یەکێتیی سۆڤێتەوە، وای کردبوو تا ئەودەم فەڕەنسا و بەریتانیا و وڵاتانی تری ئەورووپای

خۆرئاوایی نەتوانن تەواو لە بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤێت بدەن، بە تایبەت کاتێک یەکێتیی سۆڤێت و ئەورووپا لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی دووەم، هێشتا یەکپارچە وێرانە بوون.

بۆیە ئەو هەڵمەتی پڕوپاگەندەیەی لە ئەورووپا بۆ ئەمریکا کرا و ئەفراندنی ئارەزووی گەلانی ئەو کیشوەرە بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمریکا کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، لە سەردەمی پڕوپاگەندە بۆ پلانی مارشاڵەوە دەستی پێ کرد و فۆبیای کۆمونیزمیش لە سەرپاکی ئەورووپا دیسان زادەی هەمان هەڵمەتی پڕوپاگەندەیە. وڵاتانی سوید، نەرویج، دانیمارک، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، هۆڵەندا، بەلژیکا، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیرلەندا، سیوسرا، نەمسا، پرتوگال، ئیتاڵیا، یۆنان و تورکیا بە ڕێژەی جیاواز لە کاروانی هاوکارییەکانی مارشاڵ سودمەند بوون و پشکی شێریش بەر هەر سێ وڵاتی ئەڵمانیا، فەڕەنسا و بەریتانیا کەوت.

پلانی مارشاڵ هەر لە هاوینی ١٩٤٧ تا سەرەتای ساڵی داهاتووش بەرەوڕووی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی پێچەوانەی یەکێتیی سۆڤێت بووەوە و سەرەتا هەموو چینەکانی کۆمەڵ پەسەندیان نەکرد، بەڵکوو بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات و خۆرئاواش دژی وەستانەوە. خۆپیشاندانی سەندیکا کرێکارییەکان، پارتە چەپ و سۆسیالستیەکانی ئەورووپا درێژەی کێشا و توندوتیژیی لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٤٧هەڵکشا بۆ ئاستی کوشتار و کاری زاپۆتاج، بە چەشنێک تا ئەمڕۆش

کەلتووری خۆپیشاندانی نێو شارەکان و درووستبوونی گرووپی ڕادیکاڵی چەپڕەو لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوایی دژی هەژموونی ئیمپرالیزم زادەی خۆپیشاندانەکانی دژ بە پلانی مارشاڵن. ئەوەی جێی سەرنجە، لە کاتێکدا هەواداران و نەیارانی مارشاڵ لە ئەورووپا یەکتریان دەکوشت، بەڵام هێشتاش کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا پڕۆژەکەیان ئەرێ نەکردبوو! بەڵام لە ئەنجامی پەشێویی و خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئەورووپا، کە تەواوی کۆمەڵگای بۆ دووبەرە دابەش کردبوو؛ بەرەی پشتیوان، خەڵکانی باوەڕدار و کۆنزەرڤاتیڤ و ناسیۆنالیستەکانی ئەورووپا و سەرمایەدارەکان بوون، بەرەی دژیش زیاترینیان کرێکار و زۆرینەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و چالاکونانی دژ بەو پڕۆژەیە بوون، مسۆگەر بەرەی دژ بە مارشاڵ لە وڵاتەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات، کە سوپای سووری سۆڤێتیی لەوێ باڵادەست بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دواجار هیچ کام لە وڵاتانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت ئەو هاوکارییانەیان پەسەند نەکرد و ڕیاڵ سۆسیالیزم بووە خاوەنی ناوەندی بڕیاردان لەو وڵاتانە، یەکێتیی سۆڤێت تا مردنی ستالین، کەمتازۆر هاوکاریی بەرە چەپڕەوەکانی ناوخۆی وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاواشی دەکرد کە دژی هەژموونی ئەمریکا دەوەستانەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لای دەزگا بیرۆکراتییەکانی ئەمریکا دڵەڕاوکێ درووست ببێ و هەردوو ئەنجوومەنی پیران و کۆنگرێس بە یەک دەنگ لە ڕۆژی ١٥ی ئاداری ١٩٤٨ پڕۆژەی مارشاڵ پەسەند بکەن، بەو ڕەنگەش ئەو وڵاتانەی هاوکارییەکانی ئەمریکایان پەسەند کرد، دژی یەکێتیی

سـۆڤیەت بوونـە بەرەیەکـی سرووشـتیی، ئـەوەش بـووە بـەردی بناغـەی دامەزراندنـی (ڕێکخـراوی ناتـۆ) کـە ٥ سـاڵ دواتـر دامـەزرا.

پلانـی مارشـاڵ هەمەلایەنـە بـوو، هاوکارییـەکان بریتـی بـوون لـە ناردنـی کەرەسـتە میکانیکییـەکان بـۆ بنیادنانـەوەی ژێرخانـی پیشەسـازیی و ئابووریـی و ڕێگاوبـان، ئۆتۆمبێلـی کشـتوکاڵیی، خـواردن و پـارەی کاش بـۆ خاوەنکارگـە و سـەرمایەداران، بـەڵام لایەنـی کەلتووریـی و سـەپاندنی کەلتووری ئەمریکیـی (کـە بە مۆدێلی ژیانـی ئەمریکیـی) ناسـراوە، بەشـێکی گـەورەی پلانەکـە بـوو. هـەر لـە سـەرەتاوە ئەمریکا فەرمانگەیەکـی تایبەتـی بـۆ دامەزراند، بـە نـاوی (فەرمانگـەی هەماهەنگیـی ئابووریـی). لـەو فەرمانگەیـەدا چەندیـن فەرمانبەری پسپۆڕ لە تەواوی کەرتە جیاوازەکان نێردرانە ئەورووپا، بەرزتریـن ژمارەیـان مامۆسـتا و پسـپۆڕی بوارەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن و ڕاگەیانـدن بـوون، کاری ئەمانـە ئەفراندنـی مۆدێلـی شـێوەژیانی ئەمریکیی بـوو بـە نـاو ‘خۆشگوزەران’ـی لـە ئەورووپـا، کـە لەسـەر هەبوونـی کار و پـارە و بەکاربـردن (ئیسـتیهلاک) بەنـدە. بـۆ ئـەوەی توانـای بەکاربـردن (ئیسـتهلاک) واتـە توانـای ‘کڕیـن’ لـە نێـو کۆمەڵگایەکـدا هەڵکشـێ، بنیادنانـەوەی ژێرخانـی ئابووریـی ئـەو وڵاتـەش پێویسـتە، بـەڵام بەومەرجـەی تـەواوی پێداویسـتییەکان لـە بازاڕەکانـی ئەمریـکا بکـڕن. بـەو ڕەنگـەش کـێ لـە هەمـووان زیاتـر توانـای پـاوان و گەورەکردنـەوەی سـەرمایەگوزاریی خـۆی هەبێـت، ئـەوە لـە هەمـووان خۆشـگوزەرانتر و نزیکتـر دەبێـت لـە ئەمریـکاوە. هەربۆیە ئەمریکا بە ناوی ‘دیموکراسیەت’ و بازاڕی ئازادەوە چەندین

مەرجی بە سەر ئەو وڵاتانەدا سەپاند و دەستی بە سەر تەواوی ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەدا گرت، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە؛ تەواوی ئەو تەڤگەرە سۆسیالیست و ئانارشیست و تەنانەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی هەڵگری هیچ ئایدۆلۆژیایەک نەبوون و تەنیا دژی پاوان و هەژموونی سەرمایەداریی بوون، خرانە دەرەوەی پرۆسەی بە ناو دیموکراسییەت و وەک دوژمنی دەوڵەت لەقەڵەم دران. واتە؛ هەرکەس دژی هەژموونی سەرمایەداریی بێت، ئەوا واتای ئەوەیە دژی هەژموونی ئەمریکایە، ئەو وڵاتەشی دۆستی ئەمریکا بێت، دەبێت ئەو بزووتنەوانە سەرکوت بکات.

چون وەک دەزانین ئەمریکا فەرمانگەیەکی تایبەتی بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو پارانەی ڕادەستی وڵاتانی ئەورووپی دەکرێت، دامەزراند. داوای ڕاپۆرتیان لە خەرجکردنی دواسەنت دەکرد و ئەمریکا لە ڕێی ئەو فەرمانبەرانەوە نەک هەر دەستی بە سەر ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەدا گرت، بەڵکوو خۆهەڵقورتاندنە نێو سیاسەتی ناوخۆیی ئەورووپاش لەلایەن ئەمریکاوە، ڕۆژبەڕۆژ پەرەی دەسەند، تا کار گەیشتە ئەوەی وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا جارێک لە دیمانەیەکدا وتی: "ئەمریکییەکان هەر ئەوە ماوە بێنە نێو نووسینگە تایبەتیەکەی من و دیزانی کورسی و مێزەکەم بۆ بکەن". لە دەیەکانی داهاتوو ئەو ڕاستییەش بۆ زۆرێک لە سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرە ئەورووپییەکان ڕۆشنتر بوویەوە کە سوودمەندی یەکەم و کۆتایی لە پلانی مارشاڵ، خودی ئەمریکایە، جا نەک تەنیا لە دەرەوەی ئەورووپا، کە ئەمریکا چەندقاتی ئەو هاوکارییانە

کەرەستەی خاو و سامانی سرووشتیی لە کۆلۆنییەکانی وڵاتە ئەورووپییەکان بۆ خۆی پاوان کردووە، بەڵکوو بۆ ئەو جەنگەی بەرانبەر یەکێتیی سۆڤێت دەیەوێت بەرپای بکات، وەک هەندێک لە لێکۆڵەر و چالاکوانانی ئەورووپیی دەڵێن: "ئەمریکییەکان نیوەی ئەورووپایان بە هەندێ پسکیت و کۆکا کۆلا و مۆز کڕییەوە و کردیانن بە سەربازی ئامادە و هاوپەیمانی خۆیان لە بەرەی پێشەوەی جەنگێک کە ئەگەر ڕوو بدات، ئەوا چەندین قات لە جەنگی جیهانیی دووەم وێرانکەرتر دەبێت". ئەمە جگە لەوەی ئەمریکییەکان بازاڕێکی بەهێزی درێژمەوداشیان بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانی خۆیان مسۆگەر کردووە.

فەڕەنسییەکان و ئیتاڵییەکان و زۆر لە سیاسەتمەدارانی تری وڵاتان ئەوساش نیگەران بوون و لە مەرجەکانی ئەمریکا ناڕازیبوون، چونکە پێیان وابوو ئەمریکییەکان سەربەخۆییان بۆ ئەوان نەهێشتووەتەوە و بڕیارە چارەنوسسازەکان لەبری پاریس و ڕۆما و پایتەختە ئەورووپییەکان لە واشنگتۆنەوە دەدرێن، بەڵام ئەمریکا هەمیشە لە بەرەی دژبەری ئەو دەنگە ناڕازییانە دەوەستا، بۆ نموونە دژی پارتی سۆسیالستی فەڕەنسیی ڕادەوەستا و هەرکات ئەوان یان هەر لایەنێکی تری دژبەری هەژموونی ئەمریکیی لە وڵاتێکی ئەورووپیی باڵادەست دەبوو، یان لە ڕێی هەژموونی سیاسیی ئەمریکاوە فشاریان لێ دەکرا و داوای دەستگیرکردنی چالاکوانان و قەدەغەکردنی سەندیکا کرێکارییەکانیان لەو وڵاتانە دەکرد یاخود هەندێ جار ڕاستەوخۆ لە ڕێی ئەندامانی گرووپەکانی وەک (گلادیۆ و نیونازییەکان و ئەوانی

ترەوە) ڕاستەوخۆ کاری تیرۆر و سەرکوت و تۆقاندنیان لە تاریکییدا ئەنجام دەدا. ئیدی بە ڕەنگێک دووپارچەکردنی ئەورووپای ئەودەم لە ڕواڵەتدا زۆر لە دەستوەردانی وڵاتانی خۆرئاوایی دەچێت لە ئۆکرانیای ئەمڕۆ، کە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵات و ناتۆ لە ڕۆژئاواوە گەلی ئۆکرانیا بەگژ یەکدا دەکەن.

ساڵی ١٩٤٩ دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دامەزرایەوە و پارەی ئەڵمانی (دی-مارک) دیسان چاپ کرایەوە، سا بەردی بناغەی بنیادنانەوەی ئەڵمانیایەکی بەهێز و خاوەنکارخانە بە سەرپەرەشتیی ڕاستەوخۆی ئەمریکییەکان دیار بوو ئەنجامی خۆی پێکا بوو، بۆیە گەورەترین براوەی مارشاڵ پلان لە ئەوروپا (ئەڵمانیا)یە، چونکە لە ماوەی شەوڕۆژێکدا لە کیانێکی نازیی و وێرانکەری جیهانەوە ناوبانگیان بۆ دۆستی ئەمریکا و ڕزگارکەری جیهان لە هەژموونی بە ناو 'کۆمونیزم' گۆڕا، دواتر وڵاتەکەیان کردە بەرەی پێشەوەی هەژموونی ئەمریکا بەرانبەر یەکێتیی سۆڤێت. دیارە ئەوەش بێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەک بدەنەوە و ئەو چەندین ملیارەی بەر لە چەند ساڵ حکومەتی نازییەکان هینابوویانە سەر دەوڵەتی ئەڵمانیی، هەمووی پاک کرایەو و هیچ کام لەو وڵاتانەی هاوکارییەکانی مارشاڵیان وەرگرت، بۆیان نەبوو بە ئەڵمانیا بێژن پشتی چاوت برۆیە.

## کۆڵۆنییەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بێگومان ئەمریکییەکان لەخۆڕا ئەو چەندەها میلارە دۆلارەیان نەنارد تا ئەورووپای پێ ئاوەدان بکەنەوە، بە تایبەتیی پشکی شێر

کە بۆ بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا ڕۆشت، هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. بەرانبەر هاوکارییەکانی مارشاڵ ئەمریکا بوو بە برابەش و تەنانەت براگەورەی فەڕەنسا و بەریتانیا و وڵاتانی تری ئەورووپیی لە تەواوی کۆڵۆنییەکانی ئەوان لە ئاسیا و ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوڕاست. بێگومان ئەوەش هۆکاری ڕاستەقینەی پەسەندکردنی فەڕەنسا و بەریتانیا بوو بۆ هاوکارییەکانی مارشاڵ، چونکە بۆ خۆیان دەیانزانی جەنگی جیهانیی ماندووی کردوون و ناتوانن جارێکی تر بە سەربازیی هەژموونی خۆیان لە ناو کۆڵۆنییەکانیان بسەپێنن، لەوەش مەترسیدارتر، هەندێ لە کۆڵۆنییەکان لەلایەنی ئابووریی و سەربازییەوە لە بەریتانیا و فەڕەنسا بەهێزتر بوون، وەک کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی بەریتانیی و حکومەتی (ڤیشی) لە جەزائیر. واتە ئەو کۆڵۆنییانە یان دەبوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ و خودی بەریتانیا و فەڕەنسا لە ئەورووپا پەراوێز دەکەوتن یاخود شۆڕش بەرپا دەبوو و ئەو گەلانە ئیدی ئازادیان دەستەبەر دەکرد. بە تایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ئەمریکییەکان تا ئاستی هەڕەشەی سەربازییشیان برد.

بۆ نموونە لە نۆکەندی سوێس هەڵمەتی (دوژمنایەتیی سێقۆڵیی) فەڕەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکاوە ڕاگیرا و نەیانهێشت هێرشی بەرفراوان بکەنە سەر میسر، لە نیمچەدوڕگەی عەرەبییش ئەمریکییەکان جێگای بەریتانییەکان و کۆمپانیای بریتیش پەترۆلیۆمیان گرتەوە، بەڵام لە تورکیا ڕەوشەکە تا ڕادەیەک ئاڵۆزتر بوو، ئەمریکییەکان ئەودەم هیچ نێوەندگیرییەکی

ئەورووپییان نەبوو تا لەوێڕا بچنە نێو جومگەکانی دەوڵەتی تورک، بۆیە جگە لە بنیادنانی سەنگەرێکی بەهێز بەرانبەر سۆڤێت لەلایەن ئەڵمانەکانەوە، دیسان ئەڵمانیا بە بۆنەی پەیوەندییە بەهێزەکانی سەردەمی کایزەری پێشوو لەگەڵ ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەرکێکی تریش بە ئەڵمانیای دوای جەنگی جیهانی دووەم سپێردرا کە بۆ دەوڵەتی تورک ببێت بە دایەن، ئەو کارەش بە سەرپەرەشتیی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بکات.

هەمان ساڵ بەرانبەر ئەڵمانیای خۆرئاوا، ئەڵمانیای خۆرهەڵاتیش لەبن هەژموونی یەکێتیی سۆڤێتدا دامەزرا. هەر لە ساڵی ١٩٤٩ یەکێتیی سۆڤێت یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی خۆی تاقی کردەوە و شەپۆلی ئامادەگیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ژەنی. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەمریکییەکان پلانی مارشاڵ لە ئاوەدانکردنەوەوە بگۆڕن بۆ پڕچەککردن (دەستپێکی جەنگی سارد)، هاوکات پڕۆژەی مارشاڵ بکەن بە ناوەندی هەژموونی خۆیان. هەروەها لە ڕێگای تورکیاوە هێڵی بازرگانیی ئاوەگەرمەکانی دەریای ناوڕاست لە یەکێتیی سۆڤێت ئاستەنگ بکەن و لە وشکانیشەوە ڕێ لە هەژموونی یەکێتیی سۆڤێت بگرن تا دەستی بە خۆرهەڵاتی ناوڕاستی دەوڵەمەند بە نەوت و سامانە سرووشتییەکان ڕانەگات. بۆیە هەم ئەڵمانیا و هەم بەریتانیا و فەڕەنساش گرنگیی تایبەتیان هەبوو، چونکە بەریتانیی و فەڕەنسییەکان پەیوەندییان لەگەڵ پاکستان و ئێرانی شادا هەبوو، هەربۆیە دوای چەند ساڵێک 'موسەدەق' بە هاوکاریی

ئـەوان کودەتـای بەسـەردا کـرا و دیسـان شـای ئێرانیـان گێڕایـەوە سـەر کار.  لـە تورکیـاش پێگەیەکـی گرنگـی هەبـوو و دەتوانـێ ببـێ بە بەربەسـتی دەریاوانیی سـۆڤێتیی، ئەڵمانـەکان دەسـتبەکار بـوون. دواتـر سـاڵی ١٩٥٢ هاوپەیمانیی ناتـۆ دامـەزرا و تورکیـا ڕاسـتەوخۆ بـوو بـە ئەندامـی ئـەو هاوپەیمانێتییـە. لـە وڵاتانـی دوورگـەی عەرەبییش ئەمریکییەکان ڕاسـتەوخۆ دەسـتیان بـە سـەر سـەرچاوە داراییەکانـی ئـەو وڵاتانـەدا گـرت. لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٩ تـا ١٩٥٢ لـە سـووریا و لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە ئێـراق دژی ئینتیـداب و هەژموونـی بەریتانیـا و فەڕەنسـا، شـۆڕش بەڕێـوە چـوون. ئیـدی سـاڵی لـە ١٩٥٧ـەوە، واتـە لـە سـەردەمی هەڵوەشـاندنەوەی (ڕێککەوتنامـەی بەغـداد) لـە نێـوان ئێـران و تورکیـا و ئێـراق و پاکسـتان تـا کۆتایـی جەنگـی سـارد و هەڵوەشـانەوەی یەکێتیـی سـۆڤێت، تورکیـا بـوو بـە یەکێـک لـە سـتراتیژیترین وڵاتانـی ناتـۆ، هەرئـەوەش وای کـرد هێنـدە نـازی هەڵبگـرن و چـاو لـەو هەمـوو تـاوان و دووڕووییەشـی بپۆشـن.

## کۆبەند

لـە سـەرەتای بەشـی یەکەمـی ئـەم ڕاپۆرتـەدا باسـی بـاوەڕی سـەرۆکی هەڵبژێراوی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) کـرا، کە لە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکادا خاوەنـی سـتراتیژی 'ناڕوونیی'ـیە. هەرچەنـدە ئـەوە پێناسـێکی ناوخۆیـی ئەمریکییانـەش بێـت، بـەڵام تاڕادەیـەک ڕۆشـنایی پێـوە دیـارە و مـرۆڤ دەتوانێـت بـە ئاسـانیی لـە دۆکتریـن (بـاوەڕ)ـی دۆناڵـد ترامپـی سـەرۆکی ئێسـتای ئەمریکا تـێ بگات؛ کـە بریتییـە لـە کۆتاییهێنـان بـە پـڕۆژەی مارشـاڵ - ترومـان، ئـەو پێـی

وایە سەپاندنی بازاڕی ئازادیش چیدی ئەمڕۆ لە بەرژەوەندیی ئەمریکییەکان نییە، چونکە ئەوان ئەمڕۆ وەک ساڵی ١٩٤٧ تاکە وڵاتی پیشەسازیی جیهان نین و ڕکابەری بەهێزیان هەیە. خودی ئەو وڵاتانەی ئەمریکا بە پارە ئاوەدانی کردوونەتەوە تا ببن بە بازاڕی درێژمەودا بۆ هەناردەی کاڵا ئەمریکییەکان، ئەمڕۆ بۆ خۆیان بوون بە وڵاتی بەرهەمهێنی پیشەسازیی گەورە و ڕکابەری ئەمریکا، ئەمڕۆ نەک هاوردەی کەلوپەلی ئەمریکیی ناکەن، بەڵکوو هەناردەشیان زیاتر بۆ ناوخۆی ئەمریکا زیاد کردووە.

ساڵی ٢٠١٥ ئەڵمانیا (حکومەتی سێیەمی ئەنجیلا مێرکل) ملیۆنان کەسی لەسەر شەقامەکانی بەرلین کۆ کردەوە بۆ کۆتاییهێنان بە (ت-تیپ)، ئەمە کورتکراوەی بازرگانیی ئازادی زەریای ئەتڵەسییە، داوایان دەکرد ئەمریکا دەست لەو کەرەستانەی خۆی وا بازاڕەکانی ئەورووپای بە بیانووی پاراستنی ئەورووپا لە مەترسیی ڕووسیا پێ قۆرخ کردووە، هەڵ بگرێت. بێگومان ئەو هەڵوێستانەی ئەورووپییەکان ئەمریکای تووڕە کرد، بەڵام ئەوەی بۆ ئەمریکییەکان بەزاندنی هێڵی سوور بوو، ئەڵمانەکان لە دەیەی دووەمی سەدەی ٢١ و سەردەمی حوکمی ئەنجیلا میرکل، یەکەی زۆر هەستیاری پیشەسازییان بە خاوەنپشکە چینیی و ڕووسییەکان فرۆشتەوە، گازی سرووشتیی ڕووسیایان دەکڕی و هەناردەکردنیان بۆ ئەمریکا هەڵکشاند، بە جۆرێک دۆناڵد ترامپ لە ویلایەتی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی، بە تووڕەییەوە ڕووی لە ئەڵمانیا کرد و وتی؛ "ناکرێت تۆ گازی سرووشتیی ڕووسیی بکڕیت، کارخانەکانت بە چین بفرۆشیت و هاوردەی خواردەمەنیی ئەمریکیی داکشێنیت و


لە تورکیا هاوردەی بکەیت، بەڵام بە چەکی ئەتۆمیی ئەمریکیی سنوورەکانی خۆت بەرانبەر ڕووسیا بپارێزیت!".

بۆیە ئەوەی شیمانە دەکرێت گەڕانەوەی سیستەمی پارێزبەندیی 'پرۆتێکشنیزم'ی ئابوورییە، جا لانیکەم لە چوار ساڵی داهاتوودا چیدی هیچ واتایەک بۆ بازاڕی ئازاد نامێنێتەوە.

دواجار ڕەهەندەکانی کێشەی ئەورووپییەکان بەرانبەر ڕووسیا زۆر جیاوازترە لەوەی ئەمریکا. ئەورووپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دژی هەژموونی کەنیسەی ئەرتۆدۆکسیی بوون و تا ئەمڕۆ و جەنگی ئۆکرانیاش دووبەرەکیی سلاڤیی کاتۆلیکیی و سلاڤیی ئەرتۆدۆکسیی لە سەر خاکی ئۆکرانیا گەرمە، بەڵام ئەمریکییەکان لە سەردەمی هاری ترومان و جۆرج مارشاڵ دوژمنی ئایدۆلۆژیای ڕیاڵ سۆسیالیزم و یەکێتیی سۆڤێت بوون، ڕاستییەکەی ئەمەش کۆمەڵگای ئەورووپای خۆرئاواییە و نەیتوانی ڕیشەی خۆی لە نێو کۆمەڵگای ڕووسییدا دابکوتێت. بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە نزیکەی هەموو گەلی ڕووسیا پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت دژی 'بۆریس یێڵتزن'ی سەرۆکی ئەوکاتەی ڕووسیا بوون، وەک میدیاکان ئاماژەیان پێ دا؛ زۆرینەی کاتەکانی لەبن کاریگەریی مادە کهولییەکاندا بووە و ئاگای لە بەڕێوەبردنی وڵات نەبووە! بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی گەلی ڕووسیا بەرانبەر ڕکابەرێکی کۆمۆنیست، دیسانەوە بۆریس 'یێڵتزن'یان هەڵبژاردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمونیستێک نەبێتەوە سەرۆکی ڕووسیا! ئەوەش گەواهیدەری ئەوەیە ڕیاڵ سۆسیالیزم پاش پتر لە

حەفتا ساڵ نەیتوانی ڕەگوڕیشەی خۆی لە نێو جڤاکی ڕووسییدا داکوتێ. هەربۆیە پێ ناچێت ئەمریکا ڕووسیای ئەمڕۆ بە دوژمنی ستراتیژیی خۆی بزانێت، ئەوەش ڕەنگە دواهەمین خاڵی کۆتایی پلانی مارشاڵ بێت و جیهانێکی تر بئافرێنێت.

★★★



# تەنەگەژە ئیدۆلۆژییەکانی سەرمایەداریی

## ”جیهانخوازی بەرانبەر ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریدا“+

**ئیمانوێل والێرشتاین**

**و. وریا ئەحمەد**

لە مێژە قسە دەربارەی ئەوەیە جیهانی مۆدێرن ئەو جیهانەیە لە کەوشەنی پەیوەندییە بەرتەسک و ناوچەییەکانەوە بەرەو برایەتیی جیهانیی مرۆڤ[i] پێشڤەدەچێت. یانەخۆ ئاوها بەیتوبالۆرەیەکیان تاکوو دەیەی ١٩٧٠ پەیتاپەیتا بە گوێدا خوێندووین. لەو سەروەختەوە تاکوو نها، ئیتر پەیمان بەوە بردووە خودی بنەمای جیهانیبوون[ii]، تەنانەت لە ڕووی زاراوەسازییشەوە[iii] ئاریێشەسازە. بۆ نموونە، دەستەواژەی (برایەتیی مرۆڤ _Man_)، بەوەدا هەڵگری جێندەری نێرینەییە، سەرومڕ تاکەکانی هەڵگری جێندەری مێینەی نادیدە گرتووە یان بۆ پلەی دووەمیان دادەکشێنێت. بە ئاسانیی دەتوانرێت چەندان نموونەی زمانەوانیی بهێنرێنەوە کە ئاماژەن بۆ تەنگەژەی[iv] ناوەکیی نێوان بەردەوامیی ڕەوایەتیی[v] جیهانخوازیی و بەردەوامیی کەتوار (واقعیەتی ماددیی و ئیدۆلۆژیی)ی ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریی لە دنیای مۆدێرندا. ئا ئەمە هەمان ئەو تەنگەژە، یان بە دەربڕینێکی وردتر، هەمان ئەو هەڤدژییەیە[vi] وا دەخوازم دەربارەی

+ امانئول والرشتاین: نقد اقتصاد سیاسی، (تنش های ایدئولوژیک سرمایەدار: جهانروایی در برابر نژادپرستی و جنسیتگرایی)، ترجمە: احسان انصاری، https://pecritique.com/

? Etienne Balibar and Immanuel Wallerstein: Race, nation, class: ambiguous identities, translation by Chris Turner, press VERSO, London 1991, pp 29-36.

i -the universal brotherhood of man.

ii-Universalist doctrine .

iii-Terminology.

iv-Tension.

v-Legitimation.

Contradiction.- vi

بپەیڤم. ئاخر هەڤدژییەکان نەک هەر هێزی بزوێنەری سیستەمە مێژووییەکان فەراهەم دەکەن، بەڵکوو خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئەو سیستەمانەیش ئاشکرا[i] دەکەن.

ئەوی وا بنەمای جیهانیبوون لە کوێوە هاتووە و بە چ ئەندازەیەک فراوان بووە یان ئەوی وا جیاکاریی جێندەریی[ii] و ڕەگەزپەرستیی[iii] بۆچ ئاوها مکوڕانە پاوەجێن و بەردەوامییان هەیە، پرسێکە بۆ خۆی، بەڵام ئەو پرسەی تەواوێک جیاواز وا لە ئارا، پرسە لەمەڕ ڕیشەکانی جووتبوون[iv] و ئامێزانبوونی ئا ئەم دوو ئیدۆلۆژییە، ڕاستییەکەی دەلوێت و دەتوانرێت لەمەڕ پەیوەندیی هاوژینیی[v] و یەکترتەواوکەریی ئەم دوو هەڤدژە گریمانەییە قسان بکرێت. لە پارادۆکسێکی[vi] ڕووکەش و ڕواڵەتییەوە دەست پێ بکەین. ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریی مەزنترین ئاڵنگاریی بەردەم باوەڕەکانی جیهانخوازین و سەرەکیترین ئاڵنگاریی بەردەم جیهانخوازییش لە ڕابردوودا، هەر بیروباوەڕەکانی ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریی بوون. وا گریمانە دەکرێت لایەنگرانی هەریەک لەم دوو باوەڕە، کەسانێکی سەر بە دوو بەرەی دژبەر[vii]

---

i-Reveal.

ii-Sexism.

iii-Racism.

iv-Pairing.

v-symbiotic relationship.

vi-Paradox.

vii-opposite camp.

بن. بە دەگمەن و تەنها بڕێک جار ڕێ بە خۆمان دەدەین تێبینیی ئەوە بکەین خودی خۆمان دوژمنەکەین، هەروەک پۆگۆ[i] وەهای دەگوت، زۆرینەی هەرە زۆرمان (ڕەنگە هەموومان) شوێنکەوتنی هاوزەمانی هەردوو باوەڕەکە، بە شتێکی تەواو گونجاو و سازگار دەزانین. ئەوە هیچ ئەم ڕەوشە جێی داخە، بەڵام بێ لە داخ، ڕوونکردنەوەشی گەرەک، لێ ڕوونکردنەوەیەک بێت لە بانگەشەیەکی سادەی ڕیاکارانە[ii] ئەولاتر بچێت. ئاخر ئەم ناودژییە (یان ڕیاکارییە)، پاوەجێ[iii]، بەربڵاو و بنچینەییە. ئا ئەمە هەر بە تەنێ شکستێکی ڕاگوزەر و تێپەڕی مرۆڤ نییە.

سازگاریی[iv] و خۆگونجاندن لە سیستەمە دیرۆکییەکانی ڕابردوودا ئاسانتر بوو. هەرچەندە سیستەمەکانی ڕابردوو، ستراکچەر و چێوەبەندیی جۆراوجۆریان هەبوو، کەچی لە هەڵڕەنگاندنی چەشنە بناغەیەکی ئاکاریی و ئافراندنی جیاکاریی سیاسیی[v] لەنێوان یار و ئەغیاردا هیچ دوودڵیی و گومانێکیان لە خۆ نیشان نەدەدا؛ لەو سیستەمانەدا هەم باوەڕ و هەم خەسڵەتە

---

i-We have met the enemy, and he is us.
(چاومان بە دوژمن کەوتووە و، دوژمن، خودی خۆمانین)
پێ دەچێت نووسەر لێردەدا ئاماژە بۆ ئەم دەربڕینە بەناوبانگەی کەسێتیی کارتۆنیی (پۆگۆ) بکات کە لە لایەن واڵت کێڵی (Walt Kelly)یەوە ئافرێنراوە و ئەم دەربڕینە، واتە "دوژمن، خودی خۆمانین"، لە دەیەی حەفتاکاندا وەک ئیدیۆمێک بۆ پرسی پیسبوونی ژینگە، وێرانکردنی سرووشت، هەنگاوی دژبەخۆ، کاولکردنی زەوی و ڕەخنەگرتن لەخۆ بەکار هێنراوە (و).

ii-Hypocrisy.

iii-Enduring.

iv-Consistent.

v-political distinction.

ئاکارییـە باڵاکانـی کەسـانی نـاوەوەی سیسـتەمەکە و پابەندێتیـی[i] و بەرپرسـیارییەتیی ئـەم کەسـانە لـە ئاسـت یەکتـر لەپێشـتر بـوون لـە گشـت چەمکـە ئەبسـتراکتەکانی[ii] گرێـدراوی مـرۆڤ، ئەمـە ئەگـەر هـەر لـە بنـەوەڕا ئـەم چەمکـە ئەبسـتراکتانە بابەتـی بەربـاس بووبێتـن. تەنانـەت سێ ئایینـە یەکتاپەرسـتییە جیهانگیرەکەش، جوو، کریسـتیان و ئیسـلام، جیاکارییەکـی بـەم ڕەنگەیـان لـە نێـوان یـار و ئەغیـاردا ڕەچـاو دەکـرد؛ ئەمـە وێـڕای باوەڕیـان بـە خوداونـدی تاقانـە، گوایـە پـەروەردگاری گشـت ئادەمیزادەیلـە، نـەک بـە تەنـێ دەسـتەیەکی تایبـەت لـە ئادەمیزادەیـل.

لـەم وتـارەدا، دەسـتپێک لەمـەڕ ڕیشـەی بنەماکانـی جیهانیبوونـی مۆدێڕن[iii] و دواتـر لەمـەڕ ژێدەرەکانـی ڕەگەزپەرسـتیی و جیاکاریـی جێندەریـی مۆدێڕن باسـوخواس دەکرێت، لە کۆتاییشـدا ڕاسـتییەکانی ئامێتەبوونـی ئـەم دوو ئیدۆلۆژییـە، هـەم لـەڕووی ئـەوێ هۆکارانـەی وا ڕۆڵیـان هەبـووە لـەم ئامێتەبوونـەدا و هـەم لـەڕووی لێکەوتەکانـی ئـەم ئامێتەبوونـە، بـەر بـاس دەخرێن.

دوو شـاڕێ بـۆ ڕوونکردنـەوەی[iv] ژێدەرەکانـی[v] جیهانخوازیـی وەکـوو ئیدۆلۆژیـی سیسـتەمی مێژوویـی ئێسـتاکە، بوونیـان هەیـە.

---

i-Obligation.

ii-abstract concepts.

iii-modern universalist doctrines.

iv-Explaining.

v-Origins.

یەکەمیان، بینینی جیهانخوازییە وەک ترۆپکی[i] نەریتێکی فیکریی دێرینە. ئەوی تریان بینینێتی وەک ئیدۆلۆژییەکی گونجاو و تایبەتمەند بە ئابووریی جیهانیی سەرمایەداریی. ئەم دوو دیدگایە هیچ بەرکەوتنێکیان[ii] لەگەڵ یەکدیدا نییە. ئەویَ ئارگۆمێنتەی وا جیهانخوازیی، وەک لێکەوتە یان ترۆپکی نەریتێکی دووروودرێژی فیکریی ئەژمار دەکات، کتومت و بە وردیی[iii] بە سێ ئایینە یەکتاپەرستییەکانەوە ڕایەڵە. سەلماوە قەڵەمەبازی[iv] هەرە گرنگ لە کایەی ئاکاردا ئەویَ دەم ڕووی داوە، ئادەمیزادەکان یان هەندێک لە ئادەمیزادەکان دەستبەرداری باوەڕ بە خودای قەبیلەیی[v] بوون، تاقانەییی خوداوەندیان بە ڕەسمیی ناسیوە، هەروەتر ناڕاستەوخۆیش[vi] یەکێتیی مرۆڤایەتییان بە پێویست زانی. بۆ دڵنیاییبوونەوە، ئارگۆمێنتەکە درێژەی دەداتیَ؛ سێ ئایینە یەکتاپەرستییەکە، نیوەچڵ[vii] و تا ئەندازەیک شوێنپێی لۆژیکی ئا ئەم هەڵوەستەکردنەیان هەڵگرت. ئایینی جوو، پێگەیەکی تایبەتی بۆ گەلی هەڵبژێردراوی خودا ڕەچاو دەکرد (واتە گەلی جوو)، هیچ خواستێکی بۆ ئەندامگرتن (لە خەڵکانی بێگانە) نەبوو. هەردوو

---

i- the culmination.

ii-Contradict.

iii-Precisely.

iv-Leap.

v-tribal god.

vi-Implicitly.

vii-part-way.

ئایینی کریستیان و ئیسلام بەربەستەکانی[i] بەردەم هاتنەناوەوە بۆ ناو دەستەی هەڵبژێردراوی خودایان هەڵگرت، ڕاستییەکەی بەهۆی بانگەشەی ئایینییەوە[ii]، بە ڕێگەیەکی تر و جیاواز هەنگاویان نا. بەڵام هەردوو ئایینەکە، کریستیان و ئیسلام، ئاسایی بۆ نزیکبوونەوەی پتر لە قاپی خودا، جەختیان لە جۆرە پابەندیی و سەرسپاردنێک[iii] دەکرد (بە گوێرەی ئەمە، کەسی پێگەیشتوو کە پێشتر کافر بووە، دەیتوانی بە ڕەسمیی ئایینی خۆی بگۆڕێت و باوەڕ بە ئایینی نوێ بهێنێت). دەوترێت ڕۆشنگەریی مۆدێرن[iv]، هەنگاوێک ئەم لۆژیکی یەکتاپەرستییەی بردە پێشەوە، بەو هەڵگۆزانەی کە یەکسانیی ئەخلاقیی و مافەکانی مرۆڤ هەڵقوڵاوی سرووشتی خودی ئادەمیزادن، واتە پێوەیان لە دایک دەبین، دەرئەنجام، ئەوە ئەم شایستە سرووشتییانەن، نەوەک ئیمتیازی بەخشراو، کە مافەکانمان ڕەنگرێژ دەکەن.

ناتوانرێت ئەم گێڕانەوەیە، بە مێژوویەکی خەوشدار و گێڕانەوەیەکی نادرووستی ئایدیاکان دابنرێت. ئاخر چەندان بەڵگەنامەی گرنگی سیاسیی_ئەخلاقیی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە بەردەستن، ڕاستێتیی ئەم ئایدیای ڕۆشنگەرییە دەسەلمێنن؛ ئەو بەڵگەنامانەی وا لێکەوتەی گۆڕانکارییە سیاسییە مەزنەکان بوون و بەم هۆیەشەوە متمانە و پابەندبوونێکی بەرفراوانیان لە دەور هەڵچنرا

i-Barriers.

ii-proselytization.

iii-Allegiance (بەیعەت).

iv-Modern Enlightenment.

(شۆڕشی فەڕەنسا، لەکۆڵۆنیالیزەخستنی[i] ئەمریکا "یان جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا" و هتد...) سەربار، دەتوانین درێژە بە دیرۆکی ئیدۆلۆژی بدەین. لەم بەڵگەنامە ئیدۆلۆژییانەی سەدەی هەژدەهەمدا، چەندان نادیدەگرتن و ڕەچاونەکردنی[ii] کردەیی بوونیان هەبوو، گرنگترینیان پەیوەندیی بە ڕەشپێستان و ژنانەوە هەبوو. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم نادیدەگرتنانە و پرسەکانی تری هاوشێوەیان، بە گونجاندنی ئەم دەستە و گرووپانە لە ژێر ناونیشانی بنەماکانی جیهانیبووندا، مشتوماڵ و ڕاست کرانەوە. ئەمڕۆکە تەنانەت ئەو دەستە لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان وا هۆکاری هەبوونیان بریتییە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریی، لە ژێر لێوەوە و ڕووکەشانە دەخوازن ئیدۆلۆژیی جیهانخوازیی ڕەچاو بکەن، دەی سەرەئەنجام و بەم پێیە، ئەوی وا بە ئاشکرا باوەڕیان پێیەتی و بە ڕۆژی ڕووناک بانگەشەی بۆ دەکەن و پێیان وایە دەبێت پێشینەی کاری سیاسییان بێت، دەبێت چەندە مایەی نەنگ و شەرمهێن بێت. کەوابوو دەرئەنجام، سەخت نییە لە دیرۆکی هزرەوە، لادان و وەرچەرخانێکی هەڵکشاو[iii] هەڵگۆزین، کە ئەویش ئامێتەبوونی ئیدۆلۆژیی جیهانخوازییە بە سیکۆلاریسم و لە سەر بنەمای ئەم وەرچەرخانە پێ لە جۆرە پرۆسەیەکی مێژوویی_جیهانییی داسەپاو بنێن.

وێڕای هەموو ئەمانە، ئەو بانگەشەیەیش وا جەخت لەوە

---

i-the decolonization.

ii-Omissions.

iii- upward curve.

دەکاتـەوە، بـەوەدا جیهانخوازیی وەک باوەڕێکی سیاسیی، بە تەنێ لە دونیای مۆدێرنـدا بـە شـێوازێکی شـێلگیرانە بنکۆڵ کراوە و بەرباس دراوە[i]، کەواتـە دەبێـت لـە چوارچێـوەی کۆمەڵایەتیی_ئابووریـی تایبەتـی دونیـای مۆدێرنـدا ڕیشـە و ڕێدەرەکانـی سـۆراخ بکەیـن، وادیـارە بانگەشـەیەکی تۆکمـە و بەهێـز بێـت. ئابووریـی جیهانیـی سـەرمایەداریی، سیسـتەمێکە لەسـەر کەڵەکەکردنی ناکۆتای سـەرمایە ڕۆ نـراوە. یەکێـک لـەو میکانیزمـە سـەرەکییانەی وا زەمینـە بـۆ ئـەم پرۆسـەیە دەڕەخسـێنێت، بەکاڵابوونـی[ii] گشـت شـتەکانە. لـە بـازاڕی جیهانییـدا ئـەم کاڵایانـە لـە شـێوەی شـمەک، سـەرمایە و هێـزی کار هەڵدەچەرخێن. ڕەنگـە تـا ئـەم چـەرخ و سـووڕانەوەیە ئازادتـر بێت، گـوڕی بەکاڵابـوون پتـر بێت. دەرئەنجـام، هـەر شـتێک ئـەم چـەرخ و سـووڕە جڵـەو بـکات، بەپێـی ئـەم گریمانەیـە، زیانهێنـەرە.

هـەر شـتێک ڕێگـر بێت لـەوەی شـمەکەکان، سـەرمایە و هێـزی کار بـۆ کاڵایەکـی شـیاوی خسـتنەڕوو لـە بـازاڕدا بگۆڕدرێـن، ئـەوا ئـەم چـەرخ و سـووڕە جڵـەو دەکات. ئـەوەی پێودانگێکـی جیـا لـە بەهـای بـازاڕ بـۆ نرخاندنـی[iii] شـمەکەکان، سـەرمایە و هێـزی کار بـە کار بهێنێـت و بەپێـی ئەولەوییەتێکـی جیـا لـەوەی لـە بـازاڕدا بـاوە، نرخاندنیـان بـۆ بـکات، هۆکارە بۆ نەفرۆشـتن یـان فرۆشـتنی کەمتـری ئـەو کاڵایانـە. لێرەوە بە سـوودبینین لـە لۆژیکێکـی بێخـەوش، دەلوێـت بگوترێـت هەمـوو جـۆرە

---

i- Pursued.

ii- Commodification.

iii-Valuation.

پارتیکوولاریسمێک[i] لەگەڵ لۆژیکی سەرمایەدارییدا نایەتەوە یان لانیکەم بەربەستە لە بەردەم کارکردی گونجاوی ئەم سیستەمەدا. دەی کەوابوو بە دوای ئەمەدا، دەلوێت بوترێت لە کەوشەنی سیستەمی سەرمایەدارییدا، ئیدۆلۆژیی جیهانگرەوە وەک توخمێکی سەرەکیی لە ڕەدووکەوتنی ناکۆتای کەڵەکەکردنی سەرمایەدا، پێویستییەکی مشتومڕهەڵنەگرە و دەبێت بیخەینە ڕۆژەڤەوە. لەم ڕووەوەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداریی، وەک ''گۆچانی جادوویی''[ii] وێنا دەکەین کە دەکارێت گشت شتێک بۆ کاڵای یەکسان و هاوچەشن کەم بکاتەوە و پێودانگی هەرە دیاری ئەم کاڵایەش، پارەیە.

دەوترێت ئەمە دوو لێکەوتەی سەرەکیی هەیە. دەبێژرێت ئەم خەسڵەتەی سەرمایەداریی دەتوانێت مەزنترین سوودی مومکین لە بەرهەمهێنانی کاڵادا دەستەبەر بکات. بە تایبەت لە ڕووی هێزی کارەوە؛ ئەگەر هاتوو خودان بنەمای ''پیشە و کار بۆ بەهرەداران''[iii] (یەکێک لە دروشمە هەڵقوڵاوەکانی شۆڕشی

---

i-Particularism.
Particularismدەکرێت بڵێین (تایبەتخوازیی) و (تایبەتمەندویستیی) لە دیوە سیاسیی : و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکەیدا ئاماژەیە بۆ ڕەچاوکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی و بەرژەوەندییەکانی گرووپ، دەستە، بەش، گەل و هێزێکی دیاریکراو، هەروەتر نادیدەگرتنی بەها و پێداونگە هەمەکیی و جیهانگروەکانە (و).

ii-universal solvent.
دیارە نووسەر دەستەواژەی (universal solvent)ـی بەکار هێناوە و دەکرێت وەک (توێنەرەوەی جیهانیی) و (چارەسەرکەری گشتگیرانە) وەری بگێڕین، چونکە مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە پیشانی بدات پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی گشت جیاوازییەکان دەتوێنێتەوە و هەموو ئارێشەکان لە بۆتەقەی قازانجخوازیی خۆی و لە شێوەی کاڵادا چارەسەر دەکات، بۆیە ئێمە لەبری ئەمە دەستەواژەی (گۆچانی جادوویی)ـمان بەکار هێنا، هیوادارم گونجاو بێت (و).

iii-career open to talents.
ئەم دروشمە career open to talents کە لە شۆڕشی فەڕەنساییدا بەرز کرایەوە،

فەڕەنسایی) بین، ئەوا ڕەنگە بتوانین لێهاتووترین کەسەکان لە پێگەیەکی کارڕاپەڕاندندا بەگەڕ بخەین کە لە دابەشکردنی کاری جیهانییدا، گونجاوترین و شایستەترین پێگە بێت بۆ ئەوان. خۆی ڕاستییەکەی گشت میکانیزمە دامەزراوەییەکانمان، سیستەمی خوێندنی حکوومەتیی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و یاساکانی دژ بە گەندەڵیی، بۆ جێکەوتکردنی ئەوەیە وا ئەمڕۆکە بە سیستەمی شایستەسالاریی ناودێر دەکرێت، پەرە پێ داوە.

سەربار، دەگوترێت شایستەسالاریی ئەوە هیچ لە ڕووی ئابوورییەوە کارا و بەسوودە، لە ڕووی سیاسییشەوە مایەی سەقامگیرییە.[i]تا ئەو ڕادەیەی لە سەرمایەداریی مێژوویی‌دا (چەشنی سیستەمە دیرۆکییەکانی پێشێن) هەرچەندە نایەکسانیی[ii] لە دابەشکردنی[iii] داهات و پاداشتەکاندا بوونی هەبێت، ناڕەزایەتیی[iv] ئەوانەی پاداشتی کەمتریان بەر دەکەوێت لە چاو ئەوانەی پاداشتی پتر دەچننەوە، هێندە زۆر نییە، ئاخر پاساوی ئەوە دەهێنرێتەوە گوایە لێهاتوویی و شایستەیی تاکەکان، نەوەک نەریت، ئا ئەم نایەکسانییەی بەبار هێناوە. واتا، وا وێنا دەکرێت ئەوێ ئیمتیازێ[v]

مەبەست چەسپاندنی شایستەسالاریی و دوورکەوتنەوە بوو لە ڕەچاوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خانەدان و کەسانی دەسترۆیشتوو. شۆڕشگێڕان خوازیار بوون لە سەر بنەمای بەهرە و لێهاتوویی، پیشە و کاری گونجاویان بۆ دەستبەر بکرێت (و).

i-Stabilizing.

ii-Inequalitie.

iii-Distribution.

iv-Resentment.

v-privilege.

وا لە ڕێگەی شایستەییەوە[i] بەدەست دەهێنرێت، لە ڕووی ئاکاریی و سیاسییەوە لە کن زۆرینەی خەڵکی پتر مایەی پەسەندکردنە تا ئەو ئیمتیازەی وا بەهۆی میراتەوە[ii] بەدەست دەهێنرێت.

ئا ئەمە سۆسیۆ_پۆلەتیکێکی[iii]گوماناوییە.[iv]خۆی ڕاستییەکەی، کتومت پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. لە کاتێکدا لەمێژە لە ژێر تیرۆژی باوەڕەیەلی مینەویی[v] و چارەنووسخوازیی[vi] بە جۆرە ڕێکخستنێکی ئەبەدیی کە چەشنە ئەرخەیانبوونێک لە کن زۆرێک لە ستەمدیدەکان دەڕسکێنن، ئەوێ ئیمتیازێ وا لە ڕێگەی میراتەوە بەدەست دێت، لانیکەم پتر مایەی پەژراندنە، بەڵام پەژراندنی ئەوەی وا ئیمتیاز بۆیە بەدەست دێت، چونکە کابرا هۆشیارتر و خوێندەوارتر و بە دڵنیاییەوە شایستەترە، ئێجگار سەختە، مەگەر بۆ ژمارەیەکی ئێجگار کەم نەبێت کە بە پێپلیکانەی پێشکەوتندا سەرکەوتوون. ئەوێ کەسێ وا خۆی تازەهەڵتۆقیو و مەسەرەفگەرا (یووپی)[vii] نەبێت، خۆشی بە چارەی یووپییەکاندا نایەت. شازادە و

i-Merit.

ii-Inheritance.

iii-the political sociology.

iv-Dubious.

v-Mystical.

vi-Fatalistic.

vii-Yuppie.
ئەم چەمکە Yuppie کورتکراوەی دەستەواژەی "Young Urban Professional"ـە، لە بنەڕەتەوە ئاماژەیە بۆ ئەو گەنج و لاوە تازەپیاکەوتووانەی ناو بازاڕی سەرمایەداریی کە لە دەرەوەی نەریتی میرات، خودان پیشەیەکی شایستەی پڕداهات و جۆرە ژیانێکی تایبەتی

مێرخاسەکان هەر هیچ نەبێت، لانیکەم لە بیچم و شێوەی باوکێکی میهرەباندا خۆیان نمایش دەکرد. بەڵام تازەپیاکەوتوویەکی یووپی، لە کوڕێژکەیەکی پڕداهات بترازێت، هیچی تر نییە. سیستەمی شایستەسالاریی لە ڕووی سیاسییەوە، یەکێکە لە ناسەقامگیرترینی سیستەمەکان. ڕێک و کتومت بەهۆی ئەم پڕووکاویی و ناوبۆشییە سیاسییەوەیە، ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریی خۆیان دەخزێننە نێو دیمەنەکەوە. لەمێژ بوو وا وێنا دەکرا هێڵی هەڵکشاوی گریمانەیی ئیدیدۆلۆژیی جیهانخوازیی لەگەڵ هێڵی داکشاوی[i] نایەکسانیی و جیاکاریی هەڵقوڵاو لە جێندەر و ڕەگەز، وێک دێنەوە هەم لە ڕووی ئیدۆلۆژیی و هەم لە ڕووی کەتوارەوە، گوایە تاوەکوو هێڵە گریمانەییەکەی ئیدۆلۆژیی جیهانخوازیی هەڵکشێت، لەولاوە هێڵی جیاکارییە هەڵقوڵاوەکەی نێو ڕەگەزپەرستیی و جێندەرخوازیی دادەکشێت، هەرچۆنێک بێت لە ڕووی ئەزموونییەوە[ii] وا دەرنەچوو. ڕەنگە تەنانەت بلوێت ئارگۆمێنتی پێچەوانە[iii] بهێنینەوە کە لە دونیای مۆدێڕندا

---

شارنشینن، خەسڵەتی مۆدێلخوازیی و براندخوازیی و مەسەرەفگەراییی، بە سەر کەسێتییاندا زاڵە و سیستەم وەک سیمبوولی کەسانی سەرکەوتوو نمایشیان دەکات. ئەم دەستەواژەیە پتر لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکادا ڕەواجی پەیدا کرد و مەبەست ئاماژەدان بوو بە گەنجان و لاوانی مۆدێرن، شارنشین، خودان پیشەی پڕداهات و مەسەرەفگەرا. بە گشتیی یووپییەکان خۆ لە ژیانی مینەویی بەدوور دەگرن و پتر لە ڕێگەی پیشەی پڕداهات، ڕیستۆرانتی گرانبەها، ئۆتۆمبێلی تایبەتی گرانقیمەت، هۆڵی وەرزشیی هەرەتایبەت و کاڵای جوانکاریی و مەسرەفکردنی براندە بەناوودەنگەکانەوە خۆیان نمایش دەکەن (و).

i-downward of curve.

ii-Empirically.

iii-inverse argument.

نایەکسانییە ڕەگەزیی و جێندەرییەکان[i]، ئەوە هیچ لە کەتواردا، بگرە ڕەنگە لە ڕووی ئیدۆلۆژیشەوە هەڵکشابن، یان هیچ نەبێت دانەکشاون. بۆ ئەوەی پەی بەوە بەرین بۆچی دەشێت ئەمە وابێت، پێویستە لەو بابەتەی وا ئیدۆلۆژیی ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەری هەڵوەداین و بانگەشەی بۆ دەکەن، بنۆڕین.

ڕەگەزپەرستیی هەر بە تەنێ ئەوە نییە نیگای سووکایەتیئامێز و تژی لە ترس بگیرێتە ئەو کەسەی لە ڕووی پێودانگە ژێنەتیکییەکانەوە (وەک ڕەنگی پێست) یان پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (وابەستەیی ئایینیی، خەسڵەتە کەلتوورییەکان، ئەولەوییەتبەندیی زمانیی و هتد)ـەوە، سەر بە گرووپێکی تر بێت. ڕەگەزپەرستیی، ئەوە هیچ کە ئەو جۆرە سووکایەتیی و ترسە لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەمەیش واوەتر دەچێت. سووکایەتیی و ترس لە چاو ئەوەی وا پیادەکردنی ڕەگەزپەرستیی[ii] لە ئابووریی جیهانیی سەرمایەدارییدا ڕەنگرێژی دەکات، تەواو لاوەکیین. ڕاستییەکەی تەنانەت دەلوێت بێژین سووکایەتیی و ترس لەویتر (فۆبیای بێگانە)[iii]، ڕەهەندێکی ڕەگەزپەرستین و لەخۆگری جۆرێک لە دژبەرین.

فۆبیای بێگانە لە گشت سیستەمە دیرۆکییەکانی پێشیندا،

---

i-race and gender inequalities.

ii-practice of racism.

iii-Xenophobia.

لێکەوتەیەکی سـەرەکیی ئاکاریی هەبوو؛ وەدەرنانی[i] ''بەربەرەکان''[ii] لـە کەوشـەنی فیزیکیـی کۆمـەڵ، کۆمەڵگـە و دەسـتە داخراوەکانـدا. کوشـتوبڕ و مـەرگ، پەڕگیرانەتریـن ڕەهەنـدی ئـەم وەدەرنانـە بـوو. سـەروەختێک بـە شـێوەیەکی فیزیکیـی ئەویتـر پاکتـاو دەکەیـن، بێخەوشـی و پاکژیی[iii] ژینگەی دەوروبەرمان دەستبەر دەکەین، وەک ئـەوەی بڵێی هەڵوەدای ئەمـە بووبێتین، بـەڵام هـاوکات بە ناچاریی[iv] شـتانێکیش لەدەسـت دەدەیـن. ئێمـە هێـزی کاری کەسـی وەدەرنـراو لەدەسـت دەدەیـن و سـەرەنجام، بەشـداریی[v] وی لـە ئافراندنـی[vi] زێدەباردا[vii] لـە دەست دەدەین کە دەکرا بە بەردەوامیی و پەیتاپەیتا خاوەنداریتیی لـەم زێدەبەرهەمـە بکرێت. ئەمـە بۆ گشـت سیسـتەمە دیرۆکییـەکان زیانبـارە؛ جا وەرە لەمـەڕ سیسـتەمێک کـە کۆی پێکهاتـە و لۆژیکەکـەی بـە دەوەری کەڵەکـەی ناکۆتـای سـەرمایەدا هەڵچنرابێت دەبێـت چ زیانێک بێت، ئەمـە زیانێکـی ئێجگار پێکۆڵـە.

سیسـتەمی سـەرمایەداریی کـە زۆربـەی کات ڕوو لـە فراوانبوونـە (بـە ڕەچاوکردنـی بنەمـای نیـوەی کاتـی دیاریکـراو)[viii]، ئاتاجـی

i- Ejection.

ii-Barbarian.

iii-Purity.

iv-Inevitably.

v-contribution.

vi-creation.

vii-surplus.

viii-which is half the time.

بەگەڕخستنی گشت ئەو هێزی کارەیە وا دەتوانێت فەراهەمی بکات، ئاخر ئەوە هێزی کارە کاڵاکان بەرهەم دەهێنێت و بەو دەساوێژە سەرمایە بەرهەم دەهێنرێت، بەدی دەهێنرێت و کەڵەکە دەکرێت. جا لەم ڕووەوە، وەدەرنان لە سیستەمدا کارساز نییە و بێمانایە.[i] بەڵام ئەگەر بویسترێت کەڵکەکردنی سەرمایە لە زۆرترین بڕ و ڕادەی خۆیدا بێت، هاوکات پێویستە تێچوونەکانی بەرهەمهێنان (لەم ڕووەوە[ii] تێچوونەکانی هێزی کاریش) و تێچوونەکانی ئاڵۆسکانی سیاسی بگەینرێتە نزمترین ئاست (واتە کەمکردنەوە[iii] نەوەک بنبڕکردنی[iv]، چونکە ناتوانین ئاڵۆزییە سیاسییەکان بنبڕ بکەین، واتە ناتوانین نارەزایەتییەکانی هێزی کار[v] بە نموونە، ڕیشەکێش بکەین). ڕەگەزپەرستیی ئەو گیراوە جادووییەیە[vi] گشت ئەم ئامانجانە دەپێکێت.

---

ئەم دەستەواژەیە، ئاماژەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کار لە ماوەی کەمتر لە کاتی دەستنیشانکراودا. دیارە نووسەر لە شوێنی خۆیدا بەکاری هێناوە، ئاخر سەرمایەداریی دەکارێت تەواوی هێزی کاری مومکیین، جا چ هێزی بازوو بێت یان هێزی هایدرۆلیکیی و تەکنەلۆژیا، بە چڕیی بەگەڕ بخات، بۆ ئەوەی لە میانەی خێراییبەخشین بە ڕاپەڕاندنی کارەکانەوە، هەم بە نیوەی کاتی دیاریکراو کاڵاکان بەرهەم بهێنێت و هەم بڕی کاڵای بەرهەمهاتوو و بڕی سەرمایەی کەڵەکەبوو پتر بکات (و).

i-Pointless.

ii-Hence.

iii-Minimize.

iv-Eliminate.

v-the protests of the labour force.

vi-magic formula.

لێگەڕێن با ئاوڕێک لە یەکەمین و ناسراوترینی مشتومڕەکان[i] لەمەڕ ڕەگەزپەرستیی وەک ئیدۆلۆژییەک بدەینەوە. ئەوێ دەم ئەورووپاییەکان بەرەو دونیای نوێ هاتن، ڕووبەڕووی خەڵکانێک بوونەوە و بەخێرایی و لە ئاستێکی بەرفراواندا قەسابییان کردن[ii] (جا ڕاستەوخۆ بووبێت بە چەک یان ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەوە). قەشەیەکی ئیسپانیایی، بارتلۆم دی لاس کاساس،[iii] بە پاساوی ئەوەی هیندییەسوورەکان خودان گیانگەلێکن[iv] دەبێت ڕزگار بکرێن، ئەرک و بەرپرسیارییەتیانی گرتە ئەستۆ. مۆڵەت بفەرموون پاساوەکەی لاس کاساس و لێکەوتەکانی، کە ڕێپێدانی ڕەسمیی کەنیسە و بە دوایدا ڕەزامەندیی دەوڵەتیشی بەدەست هێنا، شەنوکەو بکەین. بەوەدا سوورپێستەکان خودان گیانن، کەوابوو ئادەمیزادن و ڕێساکانی یاسای سرووشتیی[v] دەیانگرێتەوە. دەی کەوابوو لە ڕووی ئاکارییەوە، کوشتوبڕیان (وەدەرنانیان لەسەر سەکۆی ژیان)[vi] ڕەوا نییە. بە پێچەوانەوە دەبوو کەسێک (لایەنێک) بەرپرسیار و پابەند بێت بۆ ڕزگارکردنی گیانی وان (بەرەو بەها جیهانییەکانی کریستیانیی[vii] ڕێنوێن بکرێن).

---

i-Discussions.

ii-Slaughtered.

iii-Bartolome de Las Casas.

iv-Souls.

v-rules of natural law.

vi-eject them from the domain.

vii-the universalist value of Christianity.

بەوەدا زیندوو دەمێننەوە و ڕەنگە لەڕێگەی ئاییینی نوێوە گۆڕانیان بەسەردا بێت، کەوابوو تێکەڵ بە هێزی کار دەکرێن، هەڵبەت بە ئەندازەی لێهاتووییان، واتە لە نزمترین پلەی ناو زنجیرەی پلەبەندیی پیشە_مووچەدا خۆیان دەبیننەوە.

ڕەگەزپەرستیی لە ئاستی کردەییەدا شکڵ و شێوەیەکی بە خۆوە گرتووە دەلوێت بە ''ئیتنیکیبوونەوەی هێزی کار''[i] ناودێری بکەین، مەبەستم لەمە ئەوەیە، هەمیشە هەرەمێکی ڕیزبەندیی پیشە_پاداشت لە ئارادا بووە، کە هەردەم لەگەڵ ئەوی وا بە پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانی ناوزەد دەکەن، پەیوەندار بووە. بەڵام لە کاتێکدا ڕێسای ''بەئیتنیکییبوون'' جێگیر و پاوەجێ ماوە، وردەکارییەکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانیان بەسەردا دێت؛ گۆڕانکاریەکە بەو پێودانگەیە کە کام تۆپەڵەی کەڵەکەبووی کۆمەڵایەتیی و جێنەتیکیی مرۆیی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا هەڵکەوتووە و کتومت لە هەمان ئەو کات و شوێنەدا کامە پێداویستیی هەرەمی ڕیزبەندیی ئابووریی بوونی هەبووە.

واتە ڕەگەزپەرستیی، هەمیشە ئەوێ بانگەشانەی وا ڕۆنراون لەسەر بەردەوامییدان بە ڕابردوو (جێنەتیکیی_کۆمەڵایەتیی)ـی لەگەڵ جۆرە مروونەت و نەرمییەک[ii] وا دەمی ئێستا بە بنەما دەگرێت، ئامێتە کردووە سا بەڵکوو تخووبی وردی ئەو یەکە

i–the ethnicization' of the work force.

ii– Flexibility.

بەرجەستەکراوانەی[i] وا بە گرووپە ڕەگەزیی، یان ئیتنیکی_نەتەوەیی-ئایینییەکان ناودێریان دەکەین، دەستنیشان بکات. نەرمیی لە بانگەشەی هەبوونی پەیوەندیی بە سنوور و قەڵەمڕۆکانی ڕابردووەوە، هاوتەریب بە پێناسەکردنەوەی بەردەوامی ئا ئەم سنوورانە لە دەمی نهادا، لە شکڵ و شێوەی ئافراندن و ئافراندنەوەی بەردەوامی کۆمەڵە ڕەگەز یان ئیتنۆ_نەتەوەیی_ئایینییەکاندا خۆی دەنوێنێتەوە. ئەم دەستە و کۆمەڵانە هەمیشە بوونیان هەبووە و هەردەم بە شێوەی زنجیرەپلەبەندییەک پۆلێن کراون؛ بەڵام هەمیشە کتومت هاوشان و یەکسان نین. هەندێک لە کۆمەڵە و گرووپەکان دەتوانن لە دووتوێی سیستەمی ڕیزبەندیدا[ii] بزۆک و خۆشڕەو بن، کۆمەڵەکانی تر دەتوانن بزر، یان ئامبازی دەستە و کۆمەڵەی تر ببن، لە کاتێکدا گرووپ هەن هەڵدەوەشێنەوە و لێک جودا دەبن[iii] و لە جێگەیان، دەستەی نوێ لەدایک دەبن. بەڵام هەمیشە گرووپێک هەن ڕەشپێستن. خۆ ئەگەر ڕەشپێستان بوونیان نەبێت، یان بۆ ڕۆڵگێڕان ژمارەیان وەکوو پێویست نەبێت،

---

i-reified entities.

ئەم دەستەواژەیە reified entities، ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسێسەی کە تێیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئیتنیکیی و سیاسییەکان، کە تێکڕا ڕستێک پەیوەندیی ئەبستراکتن، بۆ جۆرە هەبوونێکی بەرجەستە دەگۆڕدرێن، وەک ئەوەی بوونێکی سەربەخۆ و بەرهەستیان هەبێت و لە دنیای کەتواردا ئامادەییان هەبێت. بۆ نموونە: "نەتەوە" یان "گەل" و "هۆز" لە ڕاستیدا بەم پرۆسێسەدا تێپەڕێنراون و جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە ئەبستراکتانە دەکەین، وەک بڵێی کەسێتییەکی گشتیی بەرجەستە بن و لە کەتواردا ئامادەییان هەبێت (و).

ii-ranking system.

iii-break apart.

ئـەودەم دەتوانرێـت ''ڕەشـەی سـپیپێسـت''[i] دابهێنرێت.[ii]

سیسـتـەمێکی ئاوهایـی وا تێیـدا شـێوە[iii] و ژەهـری[iv] ڕەگەزپەرستی پاوەجێیە، بـەڵام هێڵەکانی سـەر سنووری[v] گۆڕاو و نەرمـن، زۆر کارزانانـە سـێ کار ڕادەپەڕێنێت. دەرفەتـی ئـەوە دەڕەخسـێنێت بلوێـت ژمـارەی هێـزی کاری بەردەسـت و پێویسـت لـە هـەر "شوێن_کاتێک[vi]"ـی دیاریکـراودا، بـۆ ناچیزتریـن ڕۆڵـی ئابووریـی بـە کەمتریـن مووچـە و بەپێـی پێویسـتیی، کـۆ بکاتـەوە یـان دابـەش بـکات. دەسـتە و گرووپـی کۆمەڵایەتیـی دەئافرێنێـت و بـە بەردەوامـی مشـتومالّیان دەکات و بەرهـەمیـان دەهێنێتـەوە، ئـا ئـەم دەسـتە و گرووپانەیـش بـە کردەیـی سـەرقاڵی بەکۆمەڵایەتییکردنی[vii]

---

i-"White niggers".

وا دەردەکەوێت نووسـەر ئـەم دەسـتەواژەیەی "White niggers" وەک توانج بـەکار هێنابێت، چونکـە دەسـتەواژەکە هەڵگری بارێکی توندی ڕەگەزپەرستیی تژی لـە سـووکایەتییە و ڕیشـە دیرۆکییەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوکاتـەی لـە ئەمریـکار بـۆ ئـەو کەسـانە بـەکار دەهێنـرا وا سپیپێسـت بـوون، بـەڵام بەهـۆی هەژارییـەوە لـە ئاسـتێکی نزمـی کۆمەڵایەتیـی و ئابوورییـدا خۆیـان دەبینییـەوە و دەرئەنجـام بـە "سـپیپێسـتی ڕەشپێسـت" ناودێـر دەکـران و بـە تیرێـک دوو نیشـان دەپێکرا؛ دەسـتەواژەکە هـەم تیری تانـە بـوو بـۆ ئـەم سپیپێسـتە کەمدەرامەتانـە و هـەم سـووکایەتیی بـوو بـۆ ڕەشپێسـتەکان. لێرەدا مەبەسـت ئەوەیـە ڕەگەزپەرسـتیی سـایەی سیسـتەمی سـەرمایەداریی، تەنانـەت ئەگـەر ڕەشپێسـتانیش نەبـن، ڕەوڕەوەی مێژووەکـەی بـە چەشـنێکە، هـەر گرووپێکـی تووڕهەڵـدراوی بەشـمەینەت دەئافرێنێـت کـە بکرێـت ئـەم گرووپـە وەکـوو یەکـە یـان چینێکـی کۆمەڵایەتیـی کاریگـەر ڕۆڵ بگێـڕن (و).

ii-Invent.

iii-Form.

iv-Venom.

v-boundary lines.

vi-space-time.

vii-Socialize.

زارۆکانیانن بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵەی گونجاوە بۆیان (هەرچەندە و هەڵبەت زارۆکەکان لە فۆرمەکانی بەرخودانەندا[i] بە کۆمەڵایەتیی دەکەن). ئەمە دەتوانێت ڕستێک بنەمای ناشایستەسالاریی[ii] بۆ پاساودانی نایەکسانی، بئافرێنێت. دەبێت جەخت لەم خاڵەی دوایی بکرێتەوە. کتومت لەبەر ئەوەی ڕەگەزپەرستیی لە ڕووی بنەماوە، دژ بە جیهانخوازییە و کۆمەک بە سەرمایەداریی دەکات تاکوو وەک سیستەمێک سەقامگیریی هەبێت. ڕەگەزپەرستی ئەو دەرفەتە دەڕسکێنێت تاکوو بەشێکی مەزن لە هێزی کار، مافێکی ئێجگار کەمتریان تەنانەت لەوەیش وا دەکرێت بەپێی شایستەیی پاساو بدرێت، بۆ دابین بکرێت.

بەڵام ئەگەر سەرمایەداریی وەک سیستەمێک، ڕەگەزپەرستیی دەئافرێنێت، داخۆ بە هەمان ئەندازە حەوجەی بە ئافراندنی جێندەرخوازیی هەیە؟ بەڵێ، چونکە ئەم دووانە پەیوەندییەکی شانەوشان و نزیکیان[iii] پێکەوە هەیە. ئیتنیکیکردنی هێزی کار بۆیە لە ئارادایە تاکوو بۆ پێدانی کرێیەکی[iv] ئێجگار کەم بە گشت بەشەکانی هێزی کار، دەرفەت بڕسکێت. ڕاستییەکەی کرێ و مووچەیەکی ئاوا کەم بۆیە لە ئارادان و دەلوێت هەبن، چونکە کرێگرتەکان[v] لە پێکهاتەی خانەوادەیەکدا[vi] هەڵکەوتوون، کۆی داهاتی

i- forms of resistance.

ii-non-meritocratic.

iii-Intimately.

iv-Wages.

v-the wage earners.

vi-household structure.

کـرێ و پاداشـتی بەدەسـتهاتوو بـۆ بژێویـان، بەشـێکی ئێجگار کـەم لـە کۆی داهاتی خانـەوادە پێک دەهێنێت. ئا ئـەم خانەوادانـە ئاتاجی بەشـداریی بەرفراوانـی هێـزی کارن لەنـاو ئـەو چالاکییانـەی وا ڕایەڵـن بـە بژێویـی[i] و بـازاڕی گچکـەوە؛[ii] بەشـێک لـەم بەشـدارییە لـە ئەسـتۆی پیاودایـە، بـەڵام پشکی هـەرە گـەورە لـە ئەستۆی ژن و منداڵان و بەتەمەنەکاندایە لە هەردوو ڕەگـەز. لـە سیسـتەمێکی بـەم ڕەنگـەدا ئـەم چوونەژوورەوەیـەی هێـزی کار بـۆ نـاو کاری بـێ کـرێ و پاداشـت،[iii] هـەم قەرەبـووی کەمیـی داهاتـی بەدەسـتهاتوو لـە کـرێ و مووچـە دەکاتـەوە و ڕاسـتییەکەی هەمیـش وەک کۆمەکێکی دارایـی وایـە بـۆ خاوەنکارەکانـی[iv] ئـەم کرێـکارە کرێگرتانـەی[v] وا سـەر بـەو خانەوادانـەن. جیاکاریی جێندەریی هۆکارە تـا بیر لـەم پرسـە نەکەینـەوە. جیاکاریـی جێندەریـی بـە تەنـێ هـەر پێدانـی ڕۆڵـی کاری جیـاواز یـان ناچیـز نییـە بـە ژنـان، هەروەکـوو چـۆن ڕەگەزپەرسـتییش هـەر بـە تەنـێ لـە "فۆبیـای بێگانە"ـدا کـورت نابێتـەوە. هـەروەک چـۆن ڕەگەزپەرسـتیی بـۆ هێشـتنەوەی خەڵکـی لەنێـو سیسـتەمدا، نـەوەک وەدەرنانیـان، ئافرێنـراوە،

---

i-Subsistence.

ii-petty market.

iii-non-wage work.

لـە ڕووی ئابوورییـەوە، ئـەم دەسـتەواژەیە " non-wage work "لـە بنەڕەتـەوە ئاماژەیـە بـۆ ئـەو کار و پیشـە ورد و گچکـە و نارەسـمییانەی وا ژنـان، منداڵان و پیـرەکان لـە نێـو خانـەوادەدا ئەنجامـی دەدەن و هیچ مووچەیەکی لە بەرانبەردا وەرناگرن، بە گشتیی دەلوێت ئاماژە بێت بۆ کاروباری ناوماڵ، باخداریی بچووک، وردەفرۆشیی یان هـەر کاروبارێکی تری نارەسمیی، بە دیوێکدا ئەمـە هـەر بە تەنێ کۆمەک نییە بـە پیـاوی ئـەم خانەوادانـە، بەڵکوو ناڕاسـتەوخۆیش کۆمەکێکی داراییـە بۆ ئـەو خاوەنکارانـەی وا پیاوانـی ئـەم جۆرە خێزانانـە بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان بەکرێ دەگرن، هەروەتر ئەمـە زەمینەڕخسـێنیشـە تاکوو ئەو خاوەنکارانـە پشـتێنی لـێ شـل بکەنـەوە و نزمترین کرێ بـە کرێگرتەکانیان بـدەن (و).

iv-Employers.

v- wage labourers.

ئاوهایش جیاکاریی جێندەریی هەر هەمان کارکردی هەیە.

هەرچۆنێک بووبێت، ژنان، منداڵان و بەتەمەنەکانمان بەرەو کاری نائابووریی و ئافراندنی زێدەبەها[i] بۆ خاوەن سەرمایەکان پاڵ پێوە ناوە و هانداوە[ii]، ئەمە لە کاتێکدا هیچ پاداشتێکی داراییان پێ نادرێت یان ئەگەر بدرێت، هەر زۆر کەمە، بەو پاساوەی ئەو کارەی وا ئەمانە ڕایدەپەڕێنن بە کردەیی بە "ناکار"[iii] ئەژمار دەکرێت. ئێمە چەمکی "ژنیماڵەوە[iv]"مان داهێناوە و دەبێژین ژنان لەم ڕۆڵەدا "کار" ناکەن و سەرومڕ و بە تەنێ "ماڵداریی"[v] دەکەن. بەم پێودانگە سەروەختێک حکوومەتەکان ئاماری "هێزی کار"ی گوایە چالاک کۆ دەکەنەوە، ژنانی ماڵدار نە لەناو هێزی کاری چالاک و نە لە ڕیزی هێزی کاری ناچالاکدا ئەژمار ناکەن. لێرەوە لەگەڵ جیاکاریی جێندەرییدا، بە شێوازی خۆکارانە[vi] تەمەنمەندیی و "تەمەنخوازیی[vii]"یش هەڵدەتۆقێت و پێبەپێی جیاکاریی جێندەریی دەڕوات. چۆن بانگەشەی ئەوە دەکەین کاری ژنی ماڵدار زێدەبەها نائافەرێنێت، دەتوانین بانگەشەی ئەوەیش بکەین کارەیلی جۆراوجۆری بێبەرانبەری منداڵان و بەساڵاچووانیش هەروەتر.

i- surplus-value.

ii-Induce.

iii-Non_work.

iv-Housewife.

v-Keepinghouse.

vi-Automatically.

vii-Ageism.

هیچ یەک لەمانە، وێنەنوێنیی[i] کردەیی و ڕاستەقینەی کار نین. بەڵام سەرتاپایان لە دووتوێی ئیدۆلۆژییەکی فرە بەهێزدا، لە پاڵ یەکدیدا و پێکڕا دەگونجێن.[ii]ئامێتەی[iii] جیهانخوازیی/ شایستەسالاریی، کە لەلایەن توێژی سەردەست یان چینەکانی ناوەندەوە وەک بناغەیەک بۆ ڕەوایەتیدان[iv] بە سیستەم بەکار دەهێنرێت، لەگەڵ ڕەگەزپەرستیی/جیاکاریی جێندەرییدا کە پێکهاتەی سەرەکیی هێزی کار ڕەنگڕێژ دەکەن، هەر فرە کارا و سازگارە. بەڵام ئەم کارایی و سازگارییە تا شوێنێک بڕ دەکات و هۆکارەکەیشی سادەیە؛ ئەم دوو نموونە ئیدۆلۆژییە لە ئابووریی جیهانیی سەرمایەدارییدا، لە بەریەککەتن و دژبەرییەکی ڕوون و ڕەواندان لەگەڵ یەکدی. ئەم ئامێتە تەنک و ناسکە[v] هەمیشە لە بەردەم مەترسیی لەدەستدەرچووندایە، ئەمە ئەگەر بێتو دەستە و گرووپە جیاجیاکان بیانەوێت لەلایەکەوە لۆژیکی جیهانخوازیی و لەلایەکی ترەوە لۆژیکی ڕەگەزپەرستیی/جێندەرخوازیی بە شێوازێکی پەڕگیرانە بۆ پێشەوە بئاژوون.

دەزانین سەروەختێک ڕاسیزم و جیاکاریی جێندەریی زۆر پێی لێ ڕاکێشن و لە کەوشەنی پەڕگیریدا هەڵکورمێن، چی دەقەومێت. دەلوێت ڕەگەزپەرستان بکارن گرووپ و دەستەگەلی بێگانە

---

i-Reflect.

ii-Fits.

iii-Combination.

iv- Legitimate.

v-Delicately.

سـەرومڕ و دەمودەسـت وەدەر بنێن، جـا یـان بـە خێرایـی چەشـنی کوشـتوبڕی جـووەکان بـە دەسـتی نازییـەکان، یـان بـە هێواشـیی چەشـنی پیادەکردنـی سیاسـەتی ڕەهـای ئاپارتاید.[i] سـەروەختێک ئـەم ئیدۆلۆژییانـە سـەر لـە پەڕگیرییەکـی بـەم چەشـنەوە دەردەکـەن، نائەقڵانیـی[ii] دەنوێنـن و کتومـت لەبـەر ئـەم نائەقڵانیبوونـە خۆیـان لـە بـەردەم بەرخۆدانـدا دەبیننـەوە. هەڵبـەت قوربانییـەکان[iii] هەڵـی دەدەنـێ و دەسـت بـە بەرخـۆدان دەکـەن، بـەڵام هەروەتـر دەسـتە و گرووپەیلـی ئابووریـی بەهێزیـش دەنگـی ناڕەزایەتـی بـەرز دەکەنـەوە، نـەک دژ بـە خـودی ڕاسـیزم، بەڵکوو دژ بـەوەی ڕاسـیزم لـە ڕەوشـی پەڕگیرییـدا لـە ئامانجـە سـەرەکییەکەی خـۆی، واتـە ئافراندنـی هێزیکـی کاری بەئیتنیکیکـراوی بەرهەمـدار[iv]، دوور دەکەوێتـەوە.

هەروەتـر دەتوانیـن وێنـای ئـەوە بکەیـن ئەگـەر جیهانخوازیـی لـە بـەرەی خـۆی پتـر پێـی لـێ ڕاکێشـێ،[v] چـی دەقەومێت. دەلوێـت بڕێک کـەس بخـوازن بـە کردەیـی بوارێـک بـۆ یەکسـانیی دەرفـەت و پێگـە و پاداشـتەکان بڕسـکێنن، تێیـدا ڕەگـەز (یـان هاوشـێوەکانی) و جێنـدەر بـە بنەمـا نەگیرێـن. بـە پێچەوانـەی پەڕگیریـی ڕەگەزپەرسـتییەوە، هیـچ ڕێگەیەکـی دەمودەسـت و خێـرا بـۆ پەڕگیریـی جیهانخوازیـی لەئـارادا نییـە، ئاخـر بـۆ کارێکـی وا گەرەکـە نـەک هـەر بەربەسـتە یاسـایی و

i-Apartheid.

ii-Irrational.

iii- the victims.

Productive.-iv

v-goes too far.

دامەزراوەییەکانی بەردەم جیهانخوازیی، بەڵکوو دەبێت خەسڵەتە ناونیشینەکانی[i] ئیتنیکسازیش هەڵبگیرێن. کارێکی بەم ڕەنگە بخوازین و نەخوازین، بە ناچاریی پێویستی بە ماوەیەکی زەمەنیی لانیکەم بە ئەندازەی ژیانی نەوەیەک[ii] دەبێت. کەواتە، تا ڕادەیەک بەرگریی بەرانبەر پەڕگیریی و پێلێڕاکێشانی جیهانخوازییدا ئاسانە. هەرکە لە هەر شوێنێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکە دامەزراوەییەکانی ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی جێندەریی هەنگاو نرا، هەر ئەوەندە بەسە بە ناوی خودی جیهانخوازییەوە ''ڕەگەزپەرستیی پێچەوانە''[iii] سەرکۆنە بکرێت.

بەم پێیە، ئەوەی ئێمە دەیبینین، سیستەمێکە بە پەیوەندیی تژی لە بەریەککەوتنی نێوان برێکی گونجاو لە جیهانخوازیی و برێکی[iv] گونجاو لە ڕەگەزپەرستیی/جێندەرخوازیی، هەڵدەسووڕێت. هەمیشە ڕستێک هەوڵدان بۆ لاسەنگکردنی ئەم هاوکێشەیە بە سوودی یەکێک لە دوو لایەنەکانی هاوکێشەکە لە ئارادایە، لێکەوتەی ئەم

---

i- Internalization.

ii-Generation.

iii-reverse racism.
ئەم چەمکە "reverse racism" زادەی ڕەوشێکە کە تێیدا ئەودەمەی ڕەگەزپەرستیی باو هەبوونی خۆی یان ڕەوایەتیی و و بەیتوبالۆرەی دامەزراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئیتنیکییەکانی خۆی لە بەردەم مەترسیی و پەلاماردانداا دەبینێتەوە، هەڵوەستە دەکات و دەچێتە دۆخێکەوە وەکوو بڵێیت لە هەمبەر ویدا ڕەگەزپەرستیی پیادە دەکرێت و هەوڵی پاکتاوکردنی دەدرێت، جا لەم سەروەختەدا ڕەگەزپەرستیی باو دەست بۆ چەمکە جیهانگرەوەکان دەبات و بە ناوی مرۆڤایەتیی و برایەتییەوە بەگەژ مەترسیی و پەلامارەکاندا دەچێتەوە، لە ڕەوشێکی بەم ڕەنگەدا بەو مەترسیی و پەلامارانە دەگوترێت "ڕەگەزپەرستیی پێچەوانە"(و).

iv-Dosage.

هەوڵدانانە، هاتنەبوونی جۆرە مۆدێلێکی هەڵبەزودابەزە.[i]ئەم بەزمە دەلوێت تاهەتایە بەردەوام بێت؛ بەڵام گرفتێک هەیە. بە تێپەڕبوونی کات، ماوەی نێوان "هەڵبەزەکان" و "دابەزەکان"[ii] بچووکتر نا، بەڵکوو فراوانتر دەبێت. پاڵنەر[iii] بەرەو لای جیهانخوازیی لە بەهێزبووندایە. پاڵنەر بەرەو ڕاسیزم و جیاکاریی جێندەرییش هەروەتر. سەرکێشییەکان هەڵدەکشێن. ئەمەیش دوو هۆکاری هەیە.

لە لایەکەوە کاریگەریی زانیارییە هەڵگۆزراوەکان لە خەرمانی ئەزموونیی مێژووییەوە لەئارادان و لەلایەن گشت بەشداربووانی نێو پرۆسەکەوە کەڵەکە کراون. لە لایەکی ترەوە ڕەوتە سیکۆلارەکانی[iv] خودی سیستەمیش وان لەگۆڕێ هەیە. دە ئاخر هەڵبەزودابەزی نێوان جیهانخوازیی و ڕەگەزپەرستیی/ جێندەرخوازیی، تاکە هەڵبەزودابەزی نێو سیستەم نییە. هەڵبەزودابەزی کشان و چوونەوەیەکی[v] ئابووریش لەئارادایە و تاڕادەیەک هەڵبەزودابەزی ئیدۆلۆژیی جیهانخوازیی و ڕەگەزپەرستیی/ جێندەرخوازیی پێوە ڕایەڵە. تا دێت هەڵبەزودابەزی ئابووریی توندتر و تیژتر[vi] دەبێت. هۆکارەکانی پشت ئەمە بەسەرهاتێکی ترە. وێڕای ئەمە، بەوەدا دژبەرییە گشتییەکانی سیستەمی جیهانیی مۆدێرن، سیستەمیان

---

i-zigzag pattern (شێوازی زیگزاگی).

ii-zigs and zags (زیگەکان و زاگەکان).

iii-Thrust.

iv-the secular trends.

v-expansion and contraction.

vi-Sharper.


بەرەو قەیرانێکی بنچینەییی درێژخایەن پەلکێش کردووە، بەگوڕترین و توندترین[i] ئەو پنتە ئیدۆلۆژییە/دامەزراوەییانەی وا هەڵوەدای سیستەمی جێگرەوەن[ii]، لە دووتوێ و نێوان تەنگەژەی توند و ڕوولەهەڵکشانی "هەڵبەز" و "دابەز"ی نێوان جیهانخوازیی و ڕەگەزپەرستیی/جێندەرخوازییدا هەڵکەوتوون. پرسیارەکە ئەوە نییە کام لەم دوو نیوە دژبەیەکە، کەموزۆر بە سەر نیوەکەی تردا زاڵ دەبێت، چونکە ئەم دووە لە ڕووی واتایی و چەمکەوە، قووڵ بە یەکترەوە بەستراون.[iii] بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ و چۆن سیستەمی نوێ بئافرێنین، نە ئیدۆلۆژیی جیهانخوازیی بەکار بهێنن و نە سوود لە ئیدۆلۆژیی ڕەگەزپەرستیی/جێندەرخوازیی ببینن. پەرسڤی ئەم پرسیارە، ئەرکی ئێمەیە و بە هیچ کلۆجێک ئەرکێکی ئاسان نییە.

---

i- the most acute.

ii-successor system.

Tied.- iii



# چاوپێکەوتنی کەیوان هاریس لەگەڵ ئیمانوێل والێرشتاین

و: مەریوان کاکەیی

ئیمانوێل والێرشتاین کەسایەتییەکی هاوچەرخی نێو بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە. لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێک مامۆستایەکی گەنج بوو لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، گەشتێکی کرد بۆ ئەفریقا، شایەتحاڵی کۆتاییهاتنی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپیی بوو لە غانا و کینیا؛ لە ئاکرای پایتەختی غانا چاوی بە فرانتز فانۆن کەوت. لە ساڵی ١٩٦٨ کاتێک کۆلێژی کۆمەڵناسی زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نێوان بەڕێوبەرانی زانکۆ و خوێندکارە توندڕەوەکاندا دابەش بووبوو، ئەو لایەنگری خوێندکارەکانی کرد.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوبانگی والێرشتاین زیاتر بەهۆی لێکۆڵینەوە لە سەرمایەداریی وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی مێژوویی بوو، سەرەتا بە چاپکردنی بەرگی یەکەمی کتێبی سیستەمی جیهانیی مۆدێرن لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی پێ کرد. لە زانکۆی حکومی ویلایەتی نیویۆرک لە بینگهامتۆن، لەگەڵ تێرێنس هۆپکینز و جیۆڤانی ئێریگی، پێشەنگ بوون لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە گەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، ئەمە بە لێکۆڵینەوەی سیستەمە جیهانییەکان ناسراوە. لە شیکردنەوەی سیستەمە جیهانییەکاندا لەبری ئەوەی دەوڵەت–نەتەوە وەک یەکەیەکی 'سونەتیی یان مۆدێرن' و 'گەشەسەندوو یان لە دۆخی گەشەسەندن' بپشکنرێت، یەکەی شیاوی شیکاری بریتییە لە پشکنینی ئابووریی و کۆمەڵگا لە ئاستی جیهانیدا. لەم ڕوانگە پەیوەندیدار و مێژووییەدا، پێداچوونەوە بە تێگەیشتنمان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن هاوشێوەی شۆڕشی کۆپەرنیکانەیە لە بواری فەلەکناسییدا لە هەمبەر بە

تێگەیشتنە کۆنەکەی بەتلیمۆس بۆ گەردوون. والێرشتاین لە ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسی نێودەوڵەتیی بووە و پاشانیش مامۆستای توێژینەوەی باڵا بووە لە زانکۆی ییڵ. گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە بەرگی چوارەمی سیستەمی جیهانی مۆدێرن: سەرکەوتنی لیبرالیزمی میانڕەو ١٩١٤-١٧٨٩، هەروەها کتێبی بێهێزیی دەسەڵاتی ئەمریکا. ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن کیڤان هاریس، هاوکاری بەشی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵات لە زانکۆی پرینستۆن، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٣ بە مەبەستی بەڵاوبوونەوەی بە زمانی فارسیی لە سایتی ڕخنەی ئابووریی سیاسیدا لەگەڵ ئیمانوێل والێرشتاین ئەنجام دراوە.

*پاش پێنج ساڵ هەوڵدان لەلایەن حکومەتە جیاجیاکانی جیهان بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی جیهانیی ساڵی ٢٠٠٨ هیچ نیشانەیەکی کەمبوونەوەی بەدی ناکرێت. لە ئەورووپا و ئەمریکا شاهیدی خۆپارێزی ئابوورییین، لە ئابوورییەکانی بریکس (بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا) هەروەها دارمانی شێوازەکانی گەشەکردن و لاوازیی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سەرمایەی دارایی. قەیرانی ئێستای سەرمایەداریی و لێکەوتەکانی لەسەر مرۆڤەکانی جیهان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*

ئارگومێنتی من بە کورتی ئەوەیە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی نزیکەی پەنجا ساڵە تووشی قەیرانێکی بنەڕەتیی بووە و لە بیست بۆ چل ساڵی داهاتوویشدا لە قەیرانێکی هاوشێوەدا بەردەوام دەبێت. سیستەمی سەرمایەداریی وەک سیستەمێکی

مێژوویی توانای مانەوەی نەماوە. پرسی ڕاستەقینە ئەوەیە چ سیستەمێک جێی دەگرێتەوە. بەو پێیەی ئەم سیستەمە دابەش بووە بۆ دوو بەش، دەرئەنجامەکەشی ئەگەری دوو بەدیلی دەبێت. یەکەمیان سیستەمێکی ناسەرمایەدارییە کە هەموو تایبەتمەندییە گشتگیرەکانی سەرمایەداریی هەیە، واتە پلەبەندیی و قۆستنەوە و چەمسەرگیریی. ئەوی تر سیستەمێکە و پێشتر بوونی نەبووە، سیستەمێکە تاڕادەیەک دیموکراسیی و تاڕادەیەک یەکسانیخوازە. بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کام بەدیل هەڵدەبژێردرێت. ئەم ئەڵتەرناتیڤە دەرئەنجامی خەباتێکی سیاسیی زەبەلاحە، هەربۆیە پەیوەستە بە هەوڵی هەموومانەوە.

*ئەم قەیرانە ڕاپەڕینێکی نارەزایەتیی نوێی لە هەموو جیهان و باکوور و باشووردا دروست کردووە، بەڵام ئەم بزووتنەوانە نایەکسان و ناهەماهەنگن. ئایا دەتوانین لەم ساتەدا وێنای 'چەپێکی جیهانی' بکەین؟ بزووتنەوە چەپەکان لە سەرانسەری جیهان چۆن گەشە دەکەن؟ هەروەها چ جۆرە ستراتیژێک زۆرترین کاریگەریی بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەکان و بەرەوپێشبردنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی هەیە؟*

دەتوانیت وێنای چەپێکی جیهانیی بکەیت، هەرچەندە پێویستە 'چەپ' بە مانا فراوانەکەی وەربگیرێت. ڕاستییەکەی لە هەموو شوێنێک و بە جۆر و توانای جیاوازەوە بزووتنەوە هەیە، بەڵام هۆشیارییەکی جیهانی لە گەشەکردندایە، هەم لە واقیعیی قەیرانە بنەڕەتییەکانی ئێمە و هەم ئەگەری گەڕانەوە بۆ سیستەمی

سەرمایەداری وەک بزووتنەوەیکی کارا. ستراتیژی سەرەکی چەپی جیهانیی دەبێت دوولایەنە بێت. لە کورتخایەندا دەبێت شەڕ بۆ کەمکردنەوەی ئەوپەڕی ئازار بکەین، بۆ نموونە بە بەرەنگاربوونەوەی وتاری خۆپاریزیی. لە ماوەی مامناوەندا دەبێ زۆر بە یەکلاکەرەوە بەدوای بەدیلدا بگەڕێین. پێویستە باسی ئەوە بکەین کە بەدیلەکە دەکرێت چی بێت و ئەم بەدیلانە بخەینە بەر تاقیکردنەوە. بە تایبەت پێویستە بەها بنەڕەتییەکانمان هەڵبسەنگێنینەوە و گەشەکردن وەک ئەوەی پێویستە و هەیە واز لێ بهێنین، جا ڕێگەی نوێ بۆ داماڵینی بە کاڵاکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی دابڕێژین.

*لەم قەیرانەی ئێستادا، ڕەنگە سەردەمی نیولیبراڵ کۆتایی نەهاتبێت، بەڵام ئیتر هەژموونی ئایدۆلۆژیا نیولیبراڵەکان نەماون. ئایا بەدیل بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی هەیە، ئایا ئەم بەدیلانە لەسەر ئاستی جیهانیی کردەنیین؟ چ بیرۆکگەلێکی نوێ لەم قەیرانەوە سەرهەڵدەدات؟*

بەڕاستی بەدیل هەیە و لەسەر ئاستی جیهانی کردەنییە، واتە دەکرێت تەنها لە ئاستە جیهانییەکەدا بێتە دی، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە ئەم جۆرە بەدیلانە دەسەلات بگەرنە دەست. مێژوو لایەنی هیچ لایەک ناگرێت. دەبێت بەرخۆدان بکەین، چانسی بردنەوە یان دۆڕانمان ٥٠-٥٠ـیە

*هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پاش بەهاری*

*عەرەبی چییە؟ ئایا کاریگەریی ئەمریکا لە ناوچەکەدا داکشاوە؟ ئایا حکومەتە نوێیەکان و نوخبە سیاسییەکان، تەنانەت لە ژێر پەردەی ئیسلامی سیاسیشدا، مەیلیان بەرەو ئەمریکایە؟ یان هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان وایان کردووە دۆخی ئێستا پێی نەکرێت بەردەوام بێت، تەنانەت ئەو حکومەتانەش وا لە سۆنگەی نارەزایی ناوخۆییەوە ڕووبەڕووی ئاڵەنگاریی بەهێز نەبوونەتەوە؟*

بەڵێ، ڕاستییەکەی کاریگەریی ئەمریکا داکشاوە، زۆر داکشاوە. تەنانەت ئەو حکومەتانەشی وەک خۆت دەڵێیت "مەیلیان لای ئەمریکایە" زۆر زیاتر لە ڕابردوو سەربەخۆیی نیشان دەدەن، بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا هەرگیز دیار نییە ئەوەیە؛ کێ لە ڕێگەی ئەم شەڕە ناوخۆییە بەردەوام و درێژانەوە دێتە سەر دەسەڵات. ڕەنگە بەهاری عەرەبی لە هاویندا بپشکوێت یان لە زستاندا سیس هەڵگەڕێت. دیسانەوە ئەمە بابەتێکە و لە کاتی شەڕدا یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام دەبێت جەخت لەوە بکەمەوە زلهێزە بیانییەکان - هەرێمیی و جیهانیی - بە کردەوە یەکتر هەڵدەوەشێننەوە. ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبیی ڕوو دەدات، پێش هەموو شتێک بەندە بە ئیرادەی جەماوەری عەرەبییەوە.

## سەرچاوە:

گفتوگو با امانوئل والرشتاین، گفتوگوی کەیوان هریس با امانوئل والرشتاین، نقد اقتصادی سیاسی

★★★



# ئیمانوێل والێرشتاین و کۆتایی سەرمایەداریی

پەروێز سەداقەت

و: سوورێن ئیبراهیم

ئیمانوێل والێرشتاین بناغەدارێژی شیکاری سیستەمی جیهانییە، لەم ساڵانەی دواییدا هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت؛ تەمەنی سەرمایەداریی کۆتایی هاتووە. لەم وتارەدا سەرەتا هەوڵم داوە توخم و ڕەگەزەکانی دەزگای فیکریی والێرشتاین، واتە شیکاریی سیستەمی جیهانیی، بەرباس بدەم. جا لە درێژەدا پوختەیەکی پاساوەکانی بۆ کۆتایی مێژوویی تەمەنی سەرمایەداریی لەم چەند دەیەی دواییدا ڕاڤە بکەم.

والێرشتاین سەر بەو قوتابخانە فیکرییەیە وا بە شیکاری سیستەمی جیهانیی ناودێر دەکرێت. تێگەیشتن لە شێوازی پاساوەکانی والێرشتاین، ئاشنابوون بەم ڕێبازە فیکرییە و چاوگە و بنەچەکانی دەکاتە پێویستییەک. لەم پێنج سەدەیەی دواتردا ئێمە بووینە گۆڤانی گەشەی سەرمایەداریی، تەریب بەمە هەڵبڕانی فەلسەفە لە ئیلاهیات و دەرکەوتنی زانستی مۆدێرن و جیابوونەوەی لە فەلسەفە و گەشەی زانستی کۆمەڵایەتیی نوێ و دابەشبوونی، سەرەنجام ڕسکانی بوارە ئاوێتەکان و کۆشش بۆ تێهەڵکێشی لقە جیاوازەکانی زانست. لە شیکاری سیستەمی مێژوویی - جیهانییدا، هەوڵ دەدرێت لە سۆنگەی تێهەڵکێشی زانستە جیاوازەکانەوە، ڕێکاری لەدایکبوون و گەشە و پووکانەوەی سیستەمە مێژوویی - جیهانییەکان شرۆڤە بکرێت.

# سەرچاوەکانی شیکاریی سیستەمی جیهانیی لە گۆشەنیگای بارگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە

*دەرکەوتنی زانست لە هەناوی فەلسەفەوە*

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکەمجار ئەوە فەیلەسووفان بوون لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی سکۆلار، ئەرکی تێگەیشتنی جیهانیان لە دەستی پیاوانی ئایینیی ڕاپسکاند. لە سەردەمی کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە و بە ڕەچاوکردنی پێویستیی ئەم پۆلێنبەندییە تازە مێژووییە و بۆ زاڵبوونی هەمیشەیی بە سەر سنوورە زانستیی و تەکنەلۆژییەکاندا، زانستەکان کەمکەم پێگەی تایبەتی خۆیان چنگ خست و بوونە گۆڤانی جیابوونەوەی فەلسەفە لە زانست. بە ڕوانینێکی گشتیی، دابڕان لە خوێندنەوەی پێوانەیی – میتافیزیکییەوە بۆ خوێندنەوەی فێرکاریی – ئەزموونیی هەڵگۆستەی ئەم جیابوونەوەیە بوو. تەریب بەمە زانکۆ هاوچەرخەکان گەشەیان سەند.[1] ئەمەش بە پێچەوانەی زانکۆی سەدەکانی ناوەڕاست کە تەنێ لە بەشەکانی: خواناسیی، فەلسەفە، پزیشکیی و یاسا پێک دەهات. لەگەڵ جیابوونەوەی زانست لە فەلسەفە، سەرەتا زانستە ئەزموونەکییەکان زانکۆی سەربەخۆیان بۆ خۆیان دابڕی. جا بەشەکانی زانست دابەشی سەر فیزیا و کیمیا و زیندەوەرناسیی و ئەستێرەناسیی و بیرکاریی و هتد... بوون، بەم ڕەنگە زانستە مرۆڤایەتییەکان ڕێی خۆی لە فەلسەفە هەڵبوارد. سەرەتا زانستە

مرۆڤایەتییەکان لە خانەی بەشە فەلسەفییەکاندا پاوەجێ کرابوون. لەم بەشە تازانەی فەلسەفەدا، زانستی کلاسیک (یۆنانیی و لاتینیی)، مێژووی هونەر، مۆسیقاناسیی و زمان (جا نەتەوەیی یان بێگانە) دەوترانەوە. بەڵام لەگەڵ گەشەی زانستە مرۆڤایەتییە تازەکان، کەمکەم ئەم زانستانە لە فەلسەفە هەڵبڕان و هەریەکەو ملیان بۆ ڕێی پێشکەوتنی خۆیان پێوە نا. والێرشتاین پێی وایە لەم قۆناغە بەدوا دوو فەرهەنگ و دوو گوتاری زانستیی – فەلسەفیی ڕەنگڕێژ بوون و زۆرانبازییان لێل یەکتری کردووە.[٢]

ساتەوەختی گرنگی مێژوویی بۆ زانستە مرۆیییە نوێدەمەکان، شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا بوو ساڵی ١٧٨٩. ئەم شۆڕشە نیشانمان دەدات گۆڕانکاریی سیاسیی دیاردەیەکی ئاوارتە و نامۆ نییە، بەڵکوو ڕێکارێکی بەردەوام و سەرپاک ئاساییە. لەلایەکی ترەوە ئەوە دەر دەخات کە ئەوە تەنێ خەڵکن ڕەوایەتیی دەبەخشنە فەرمانڕەواکان. گەر لە گۆشەنیگایەکی لیبراڵانەوە لە مۆدێرنیتە بنۆڕین، ئەوا گۆڤانی ئامادەیی سێینەی دەوڵەت و بازاڕ و کۆمەڵی مەدەنیین. بەپێی ئەم دابەشبوونە سێکوچکەییە، یەکەمین پۆڵێن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتە گۆڕێ: زانستی سیاسەت، ئەمە لە دەوڵەتی دەکۆڵییەوە. ئابوورییناسیی و کۆمەڵناسیی، ئەم جووتە یەکەمیان لە بازاڕ و دووەمیش لە جڤاکی دەکۆڵییەوە.

لەم بەستێنەدا زانستی بابەتیی (ئۆبژێکتیڤ) زاڵدەست بوو، هەوڵی دا لە سۆنگەی بەدواداچوونی فێرکاریی/ئەزموونیی و گشتاندنی بەرەنجامگیرییەکانی، بپەرژێتە سەر ڕێسا هەڵگۆزراوە

زاڵەکانی سەر ڕاسەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. هەر بەم ڕەنگە پۆلێنبەندییەکی تریش لە زانستی کۆمەڵایەتییدا هاتە گۆڕێ، گشتزانیی (نۆمۆتێتیک) و نموونەزانیی (ئیدۆگرافیک)[i] لێک جیا بوونەوە. بەشە گشتزانەکان ئەو دەستە زانستەن وا لەو یاسا زانستییانە دەکۆڵنەوە کە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکانیانی پێ چنراوە، بە پێچەوانەی بەشی نموونەزانیی، کە پێی لەسەر هەڵاوێردەیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرت.

### *ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداریی*

لەگەڵ تێپەڕین لە کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە و شۆڕشی پیشەسازیی و پتەوبوونی دەسەڵاتی سەرمایەداران، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، نارەزاییە سەرەتاییە دژەسەرمایەدارییەکان پزیاسکەیان سەند. لەگەڵ گوران و گەشەی ئابووریی سیاسیی نوێ بە دەستی پێشەنگانی ئەم زانستە، ڕەخنەکانی کارل مارکس لە ئابووریی سیاسیی هاتنە گۆڕەپانەکە. مارکس، فەیلەسووف و ئابووریناس و کۆمەڵناس و شرۆڤەکاری سیاسیی و سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ و ڕۆژنامەوان بوو. شانەخڕێی لەگەڵ گەلێک مژاری پانوپۆڕدا کردووە. لە فەلسەفەوە تا شیکاری

---

i–ئەم دوو چەمکە بۆ پێناسی دوو ڕوانگەی جیاواز بەکار دێت لە لێکۆڵینەوەی دیاردەکاندا. گشتزانیی (nomothetic) تایبەتمەندیی زانستی سرووشتییە، جا لەم ڕێگەوە کۆمەڵێک یاسا وەدەست دێن و جۆر و پۆلێنی دیاردە بابەتییەکانی پێ ڕوون دەکرێتەوە. بەڵام لە بەرانبەردا نموونەزانیی (Idiographic) تایبەتمەندیی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە و بە ڕێبازی جیاواز و تایبەت لە هەر دیاردەیەکی کەلتووریی و زەینیی دەکۆڵێتەوە.

کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. فەلسەفەی ئەڵمانیی و سۆسیالیزمی ئیدیاڵیستیی فەڕەنسیی و ئابووریی سیاسیی بەریتانیی، باندۆریان خستبووە سەر مارکس. لە سۆنگەی شیکاریی و ڕەخنەی ئابووریی سیاسیی بە ڕێبازێکی دیالێکتیکیی و ڕسکاندنی پەرگاڵی تیۆریی خۆی، پێی بۆ ئەم گۆڕەپانە لێ هەڵهێنا.

سادەکردنەوەی شرۆڤەکانی مارکس بۆ ڕەخنەی سەرمایەداریی کارێکە نەکردەنیی. مارکس لە دەستپێکی پەڕتووکەکەی، کە سەرمایەیە[٣]، بە پێناسەکەی ئادەم سمس بۆ ئابووریی سیاسیی لە سامانی گەلاندا دەست پێ دەکات، دەکۆشێت لە سۆنگەی تێگەیشتن لە چریسکانەوەی ماددیی ئەم سامانە لە کاڵاکاندا، تانوپۆی بنکۆڵ و ڕەخنەکانی لە سەرمایەداریی بچنێت. ڕێبازەکەی مارکس بریتی بوو جووڵان لە شرۆڤەی سادەوە بۆ سیستەمی پێچەڵپێچ. ئەم ڕێبازە گشتگەرا و جیهانیی و مێژوویی و دیالێکتیکیی بوو. ئەو دەیوت: «دیالێکتیکی هیگڵ لە سەر سەر ڕاوەستا بوو، دەبوو هەڵەوژوور بکرێتەوە تا کاکڵەی ئەقڵانیی ژێر ئەو توێکڵە دەرکەوێت.»[٤] مارکس لە سەرمایەدا سەرەتا شرۆڤەی کاڵا و جووتڕەهەندیی بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ دەکات و تیۆری بەها دادەڕسکێنێت. ئەم تیۆرە پەردەهەڵماڵی بەرهەمهێنان و نهێنیی کەڵەکەی سەرمایە و گەشەی بەردەوامی سیستەمی سەرمایەداریی و هەروەتر کەڵکەڵەی سەرمایەدارییە بۆ شۆڕشی بەردەوام لە ئامڕازەکانی بەرهەمێنان و کشانی بەردەوامی بازاڕەکانی بەکاربردن.

جا ئەمە وا، لەملاشەوە، پێش ئەم پەڕتووکە، ساڵی ١٨٤٨ لەگەڵ ئەنگڵس پێشبێژانە لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا نووسی: «کەڵکەڵەی بۆرژوازیی بۆ بازاڕی بەردەوامی گەشەسێن بۆ کاڵاکانی، پەلوپۆی بۆ سەرپاکی جیهان پێ دەکوتێت. گەرەکە لە گشت جێیەک پاوەجێ بێت، دەبێت لە گشت جێ پەلوپۆ بکوتێت و و تۆڕی پەیوەندیی لەگەڵ تێکڕای شوێنەکان هەڵبەستێت.

بۆرژوازیی بە دەساوێژی پاوانی بازاڕی جیهانیی، تایبەتمەندییەکی جیهانیی بەخشیوەتە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی گشت وڵاتان... بۆرژوازیی، لە ڕێگەی پێشکەوتنێکی بەگوڕی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئاسانکارییەکی باڵکێشی ئامرازەکانی پەیوەندیی، سەرپاکی گەلان و تەنانەت سەرەتاییترینیشیان، پێبەستی شارستانییەت دەکات. هەرزانیی کاڵاکانی بۆرژوازیی تۆپخانەیەکی قورسە و هەموو دیوارەکانی چین دەهەڕۆژێنێت... تێکڕای گەلان ناچار دەکات لە ترسیی تیاچوون، ملکەچی شێوەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیی بن، ناچاریان دەکات بانگەشە بۆ ئەو شتە بکەن وا ناوی لێ ناوە شارستانییەت... دەی، کراسی جیهان بەپێی کەڵکەڵەی خۆی سەنگوسووژن دەدات.»[٥]

### *لە کۆڵۆنیی سەدەی نۆزدەوە تا هەژموونی ئەمریکای پاش ١٩٤٥*

سەدەی نۆزدە سەدەی پەلکوتانێکی پانوپۆڕی کۆڵۆنیاڵیزم بوو، کۆمەڵناسیی لە بنکۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیدا یاساکانی کۆمەڵی

مۆدێڕنی دەناسی، لێ بنکۆڵی جڤاکی کۆلۆلێنیکراو ڕێسای تری گەرەک بوو. جا زانستەکانی مرۆڤناسیی و گەلناسیی هەڵڕەنگان، ئەودەمەش بنکۆڵی کۆمەڵی سەرەتاییان کردبووە بنەمای کاری خۆیان. ئەم زانستانە بە پێودانگی نموونەزانیی بوون نەک پێوانی گشتزانیی. لێ کۆلۆنیالیزم تەنێ لە کۆمەڵی سەرەتایی نەدەکۆڵییەوە، بەڵکوو شارستانییەتە گەورەکانی وەک چین و عەرەب و ئێرانیشی بە بنەما دەگرت، جا ئەمانە سەردەمانێک بە شارستانییەتی گەورەش هەژمار دەکران. بنکۆڵی ئەم جڤاکانە لە چوارچێوەی بەشێکی تازەدا پاوەجێ کران کە بە ڕۆژهەڵاتناسیی ناوبردە دەکرا. پرسیارەکە ئەوە بوو بۆچی ئەم ئیمپڕاتۆرییەتە گەورانەی نێو مێژوو ئاوا پاشڤەڕۆ ماونەتەوە، جا وەڵامەکە بە تیۆریی ستەمکاریی ڕۆژهەڵاتیی دەگەیشت، سەرەداوی ئەمە لە هەندێک بەرهەمی مارکسیشدا دەبینرێتەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و لەگەڵ ڕسکانی ئابووریی سیاسیی مارکسیی و شۆڕشی نیوکلاسیکی لە ئابووریی ئەکادیمییدا، چەشنە پچڕانێک لە نێوان ئەم دوو ڕێبازە خوێندنەوەیەی دیاردە ئابوورییەکاندا هاتە گۆڕێ، جا لە ماوەی سەدەونیوی ڕابردوودا هەوراز و نشێوەکانی بڕیوە و پەرەی سەندووە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە سەدەکانی دواتردا کەموزۆر گۆڤانی پەلکوتانی زانست و لەدایکبوونی لقە تازەکانی و گەشەی زانکۆ و لقەکانی و دەرکەوتنی ئەنجوومەنە زانستییەکان و بڵاوکراوە تایبەتەکان بووین، ئەم پێڤاژۆیە ئێستاش بەردەوامە.

*چیرۆکی ئەمریکایی بۆ گەشە، چیرۆکی ڕووسیی بۆ گەشە*

پاش جەنگی جیهانیی دووەم، ئێمە بووینە گۆڤانی هەڵڕسکان و جێگیربوونی هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا، لەلایەکەوە لە سۆنگەی بارگۆڕانی ئەمریکا بۆ هێزێکی هەژموونگەری جیهانیی، ڕێبازە زانستیی و ئەکادیمییەکانی بۆ سەرپاکی جیهان داکشا، جا نەختەنەختە تاقانە پەرگاڵی زانستیی لەدایک بوو. لەلایەکی تریشەوە بە تێپەڕینی سەردەمی کۆلۆنیاڵیزم، جیهانی سێیەم بیچمی گرت، ئەمە بوو بە چەقی پێکدادان و گێژاوی کۆمەڵایەتیی. لەدایکبوونی لقێکی نوێ لە «ئابووریناسیی» بە ناوی ئابووری گەشە، گرێدراوی ئەم سەردەمەیە. ڕەهەندی زاڵی ئابووریی گەشە تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن بوو.

ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی تۆکمەتر لە پۆلێنەکانی واڵت ویتمەن ڕۆستۆ[i] لە پێڤاژۆی پەرەسەندنی جڤاکی کلاسیک بۆ جڤاکی بەرکاربەری گشتییدا دەردەکەوێت (جا بە ڕیزبەندیی لە جڤاکی نەریتییەوە بۆ جڤاکیی پێش سەرهەڵدان، سەرهەڵدانیی ئابووریی و بازی پێگەیشتن و سەردەمی بەکاربردنی گشتیی). لێ بەپێی ئەم تیۆرە تێپەڕین لە چەقبەستوویی کۆمەڵی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵی گەشەسەندوو، بەبێ دەستێوەردان و پاڵپشتیی وڵاتانی دەرەکیی، کردەنیی نەبوو. واتا وڵاتانی گەشەسەندوو تەنێ لە سۆنگەی پاڵپشتیی ئابووریی سەرمایەداریی پێشکەوتووەوە دەتوانن گەشە بسەنن.

---

Walt Whitman Rostowi–: ئابووریناس و پرۆفیسۆر بووە، ساڵی ١٩١٦ لەدایک بووە و ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە.

لەولاشەوە نزیکەی سی ساڵ بە سەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ـی ڕووسیادا تێ دەپەڕی، ئەم سیستەمە جێگیرە، سەرەڕای ئەو گورزە گوچکبڕانەی لە جەنگی دووەمی جیهانییدا پێی کەوتبوو، بەڵام وەک زلهێزێکی نوێ لەم جیهانەدا سەری هەڵبڕی. لە ئۆردوگای «سۆسیالیزمی دەوڵەتیی»ـدا لەلایەکەوە گۆڤانی پەیمانی یاڵتا[i] بووین لە سەرەتای «جەنگی سارد»ـدا، لەلایەکی تریشەوە بە پێوەرێکی پێچەوانەی پێڤاژۆی پەرەسەندنی ماتریالیزمی مێژوویی، پۆلێنێکی هاوشێوە پێشکەش دەکرا، بەڵام لەم پۆلێنەدا یەکێتیی سۆڤێت لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوەدا لەگۆڕی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەلایەکەوە تیۆری ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداریی پێش دەخست، بەم پێوەرە وڵاتانی پاش شۆڕشی نێو جیهانی سێ پاڵپشت بە ئۆردوگای سۆسیالیستیی دەتوانن بەبێ پێشەنگێتیی چینی کرێکار و بەپێی ڕێبازی کلاسیکی شۆڕش لە تیۆری مارکسیی و بە ڕێبەرێتیی «دیموکراتە شۆڕشگێڕییەکان»، کە ناوێکی تری وڵاتانی دواکەوتوو بەڵام هاوپەیمانی سۆڤێتی جیهانی سێیەم بوو، لە ڕێی سۆسیالیزمدا هەنگاو هەڵبهێنن. هاوکاتی ئەمە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، شەپۆلێک لە خەباتی گەریلایی دژی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا دەرکەوت، لایەنگریی لە شۆڕشی بۆرژوازیی و هاوپەیمانیی لەگەڵ بۆرژوازیی بوو بە ئاسۆی پارتە هاوپەیمانەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت.

---

i-پەیمانێک بوو ساڵی ١٩٤٥ و پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، لە نێوان ئەمریکا و بەریتانیا و ڕووسیا لەمەڕ چارەنووسی وڵاتانی ئەورووپا بەسترا.

*شۆڕشێکی ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی وابەستەیی*

بەڵام شۆڕشگێڕانی جیهانی سێیەمیش تیۆرسازی خۆیان لێ هەڵکەوت، تەریب بە تیۆری فەرمیی تیۆرسازانی سەرمایەداریی و بلۆکی سۆڤێت، بووینە گۆڤانی تیۆری وابەستەیی. لە بنکۆڵەکانی تیۆری وابەستەییدا پێ لە سەر ئاڵوگۆڕێکی نایەکسانی نێوان وڵاتانی کۆڵۆنیکراو (پەراوێز) و کۆڵۆنیاڵیست (ناوەند) دادەگیرا، جا هۆکاری ناگەشەسەندوویی ئەم وڵاتانە بە کۆڵۆنیاڵیزم دەزانرا. سەرچاوەی تیۆریی ئەم لێکۆڵینەوانە لە هەرێمی ئابووریی ئەمریکای لاتین بوو، کە تانوپۆی چیرۆکی سەرەتای تیۆری وابەستەیی چنی.

ساڵانی دواتر لەگەڵ پێڕێکی گەنجتری لێکۆڵەرانی ئابووریی سیاسیی سەر بە نەریتی مارکسیستیی نوێی وەک ئاندرێ گۆندەرفرانک[i]، ئێمە سەرهەڵدانی تیۆرێکی نوێی وابەستەیی دەبینین، لەم تیۆرەدا سەرەتا چەمکی بۆرژوازیی کۆمپرادۆر هێڵکێش کرا. گۆندەرفرانک لە بەرهەمە کاریگەرەکەیدا نووسیی؛ لە سۆنگەی ئەو ئاڵوگۆڕە نایەکسانەی لەگەڵ وڵاتانی ناوەندیی سەرمایەداریی هەڵیان بەستبوو، «گەشەی چەقبەستوو»[٦] لە وڵاتانی پەرایێزدا سەری هەڵدا. واتە ئەوەی لەم ئاڵوگۆڕەوە بار هاتبوو، ئەوە بوو کە ئاڵۆسکانی چەقبەستوویی ئەم وڵاتانە بووە هۆی سەرهەڵدانی پێڕێکی لۆمپەنی بۆرژوا و گەشەی لۆمپەنیزم.

i–یەکێکە لە سیما دیارەکانی زانستی کۆمەڵایەتیی سەدەی بیست، لە ساڵی ١٩٢٩ لەدایک بووە، لە پەنسلڤانیا ئابووریی خوێندووە، بە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە هەلومەرجی گەشە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەناسرێت. بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی بیرۆکەی (سیستەمی جیهانیی) هەژمار دەکرێت. ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.

بزووتنـەوەی چەپـی شۆڕشـگێڕیی وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم لـە تیۆرییەکانیاندا بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی وڵاتانی دیکتاتۆری جیهانی سـێیەمی سـاڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠، لـە ژێـر کاریگەریـی تیۆرەکانـی گۆندەرفرانـک و تیۆرسـازانی تـری وابەسـتەییدا بـوون. چەمکـی ناوەنـد – پەراوێـز یەکێـک بـوو لـە گرنگتریـن ڕەگـەزە تیۆرییەکانـی شـیکاری سیسـتەمی جیهانیـی، پێشـەنگە سەرەکییەکەشـی ئیمانوێـل والێرشـتاین بـوو، ئەویـش هـاوڕێ لەگـەڵ ئانـدرێ گۆندەرفرانـک و جیۆڤانـی ئەریگیـی و سـەمیر ئەمیـن.

*گفتوگۆکانی داب و سویزی*

دەی، دەتوانیـن ئاخێزگـەی هەڵڕەنگانی ڕاڤـەی سیسـتمەی جیهانیی لێکۆڵینـەوەی قوتابخانـەی وابەسـتەیی، لـە کڵاوڕۆژنـەی ئابووریـی سیاسـییەوە بـە مارکسـیزمی نـوێ ناودێـر بکەیـن. لـێ تەموژاویـی چاوگە و ڕەگوڕیشـە تیۆرییەکانی تری شـیکاری سیسـتەمی جیهانیی وێنایەکـی لێڵـی ئـەم چەشـنە ڕاڤەیـە دەنوێنێتـەوە. بـە پوختیـی ئـەم مـژارە ڕوون دەکەمـەوە.

سـاڵی ١٩٤٦ مۆریـس داب(i) بەرهەمێکـی باڵکێشـی بـە نـاوی «لێکۆڵینـەوەی لەدایکبـوون و گەشـەی سـەرمایەداریی»(٧) نووسـیی. ئەمـە سـەرەتای زنجیـرە وتووێژێکـی گرنگـی نێـوان ئابووریناسـە مارکسیسـتەکان بـوو لـە سـەرپاکی جیهانـدا. جـا ئەمـە بـۆ چەندیـن

i-Maurice Herbert Dobb

ساڵ بەردەوام بوو. پۆڵ سویزی[i] ئابووریناسی سیاسیی دیاری ئەمریکا یەکەمین کەس بوو دابی بەر ڕەخنە دا. شارەخنەی ئەو لە داب ڕەخنەگرتن بوو لە چەمکە باوە مارکسیستەکان؛ لە توخمە ناوخۆییەکان (دیاردەکانی ناوەوەی دەوڵەت – نەتەوە) بەرانبەر توخمە دەرەکییەکان (دیاردەکانی دەرەوەی دەوڵەت-نەتەوە). سویزی پێی وابوو لەبری ئەوەی باری سەرنج لەسەر ڕێکخستنی کرێکاریی دەستی کار ناوخۆی دەوڵەت-نەتەوەیەک (بۆ نموونە بەریتانیا) بۆ لەدایکبوون و گەشەی سەرمایە، چڕ بکەینەوە، گەرەکە ڕۆڵی ئاڵوگۆڕ لە پانتایەکی جوگرافیایی گەورەتر (ناوچەی ئاڵوگۆڕ)دا ڕەچاو بکەین.[٨]

### *قوتابخانەی مێژوویی ئەناڵ[ii]*

لێ ڕەخنەی سویزی لە مۆریس داب پشتی بە ژێرخانێکی پانوپۆڕتری توێژینەوە دەبەست کە مێژوونووسانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی ئەناڵ لە فەڕەنسا ئەنجامیان دابوو.

هەر ئەمە باری سەرنجێکی فرەتری خستە سەر توێژینەوە و هەڵگۆستەکانی قوتابخانەی ئەناڵ. یەکەمین لێکۆڵینەوەی مرۆیی لە بەستێنی مێژوودا بوو. یەکەمین شۆڕشی توێژینەوەی مێژوویی لە

---

i-Paul Sweezy

ii-قوتابخانەیەکی مێژووییە کە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو، پشت بە ڕێبازی مێژوونووسیی فەڕەنسیی سەدەی بیست دەبەستێت و ڕێکاری مێژووی ماوەدرێژی کۆمەڵایەتیی بە بنەما دەگرێت

سـەدەی نۆزدە لـە نووسـینەکانی لۆپۆڵد ڕانکە هاتـە گۆڕێ. جـا بـە ڕێبازێکی بەڵگاندن پەرژایـە سـەر مێژوو «فیت چۆن ڕووی داوە». سـەرەتا لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی لـە هـەر پێنـج وڵاتـی فەڕەنسـا و بەریتانیـا و ئەمریکا و پرووسـیا و ئیتاڵیا ئەنجام درا. لێ پرسـیارەکە ئەوەیـە سـنوورەکانی لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی تـا کوێ درێژ دەبنەوە؟ وەڵامەکـە بـە گشـتیی لـە سـنوورە جوگرافییەکانـی دەوڵـەت-نەتـەوەدا هەڵدەخـولا. لێکۆڵینـەوە مێژووییـەکان لـە دەرەوەی سنوورەکانیشـی دەکۆڵییـەوە، ئەمـەش بەپێـی پەیوەندیی دەوڵـەت-نەتـەوەکان و جەنـگ و دوژمنایەتییـەکان و شـتی تریـش.

قوتابخانـەی ئەنـاڵ ئەمـەی بـە ڕووداومەندیـی ناودێـر کـرد، سـا بـە تەپوتـۆزی چواند، بۆیـە پێشـنیاری مێژوونووسـیی دەکات. لێرەدا چەمکی تەپوتـۆز واتایەکـی دووپەژمـی هەیـە، یەکێکیـان لەبـەر ئـەوەی بێبایەخـە و ئـەوەی تریـش لەبـەر ئـەوەی کۆسـپی سـەرەڕێی بینینـی ڕاسـتیی ڕووداوەکانـە. بینینـی ڕاسـتی چ شـتێک؟ وەڵامـی قوتابخانـەی ئەنـاڵ پشـت بـە توخمـە مێژووسـازەکان دەبەسـتێت. لـە قوتابخانـەی ئەناڵدا کاتـی بنەڕەتیی جێ بـە مێژوونووسـیی ڕێسـامەند لێژ دەکات، جـا توخمـی شـرۆڤەی مێژوویـی توخمێکـی پانوپۆڕتـری جوگرافییـە تـا دەوڵـەت- نەتـەوە. ئـەم قوتابخانەیـە پێ لەسـەر دوو چەمکـی سـووڕی مێژوویـی، واتـە بزاوتـی مێژوویـی مامناوەنـد و پێکهاتـەی مێژوویـی، واتـە بزاوتـی درێژمـەودا دادەگرێـت.

## ڕامانەکانی کارڵ پۆلانیی و ئەنتۆنیۆ گرامشیی

سەرچاوەیەکی تری فیکریی سیستەمی جیهانیی کە باری سەرنج دەخاتە سەر ڕێکخستنی ئابووریی، لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی کارڵ پۆلانییە. کارل پۆلانیی سێ چەشنی ڕێکخستنی ئابووریی ڕیز دەکات: ئاڵشت و دابەشکردنەوە و ئاڵوگۆڕ. شێوازی ئاڵشت شێوازی باڵادەستی سەر ڕاسەری سیستەمە ئابوورییە کلاسیکەکانە. شێوازی دابەشکردنەوە هی ئیمپڕاتۆرییەتە مێژووییە گەورەکانە، شێوەی ئاڵوگۆڕیش ئابووریی بازاڕ دەگرێتەوە.[٩] لە ڕاڤەی سیستەمی جیهانییدا شێوازی ئاڵشت ئاماژەیە بۆ وردەسیستەم و شێوازی ڕێکخستنی دابەشکردنەوە هی ئیمپراتۆرییە جیهانییەکان و ڕێکخستنەوەی ئاڵوگۆڕیش ئاماژەیە بۆ سیستەمی جیهانیی.

هەروەتر گەرەکە ئاماژە بە چەمکی هەژموون بکەین لای ئەنتۆنیۆ گرامشیی. ئەمە بابەتێکی فراوانتر و ئاڵۆزترە لە دەسەڵات لە سۆنگەی زەبروزەنگەوە. ئەم هەژموونە لە سۆنگەی دەساوێژی فیکریی و ئەخلاقییەوە پاساو دەداتە خۆی. شرۆڤەکارانی سیستەمی جیهانیی هەژموون بە کلیلێک دەزانن بۆ هەڵڕەنگانی سیستەمە جیهانییەکان و ناسینی سووڕی سیستەمی کەڵەکە لەم سیستەمانەدا. جێگیریی و گەشەی سیستەمی جیهانیی گرێدراوی تەکوزییە، ئەم تەکووزییەش تەنێ بە دەساوێژی هەژموون وەچنگ دەخرێت. چەپۆکی هەژموونیی دەوڵەت-نەتەوە لە سۆنگەی توانای پیادەکردنی دەسەڵات و پاساودانییەوە وەدی دێت.

*دیالێکتیکی لەدایکبوون و گەشە و هەرِۆژانی سیستەمەکان*

ئاماژەم بەوە کرد یەکێک لە ڕەخنە بنەڕەتییەکانی والێرشتاین لە زانستی کۆمەڵایەتییدا هەڵبواردن و پارچەکردنی زانست و فەلسەفە و لقوپۆکانی هەموو زانستێکە. ڕاستییەکەی گەر بە زمانێکی ئەمڕۆیی بدوێین، شیکاری سیستەمی جیهانیی گۆشەنیگایەکی فرەبەشە. بۆ نموونە ئەم ڕوانگەیە پشت بە ڕوانینی فیزیایی قۆناغەکانی ناهاوسەنگیی و بەرەنجامە زانستییەکانی ئیلیا پریگۆژینی براوەی خەڵاتی نۆبڵی کیمیای ١٩٧٧ دەبەست لەمەڕ ئەنجامگیرییەکانی نێوان زانستی ئەزموونیی و زانستی کۆمەڵایەتیی. ڕێسای دووەمی تێرمۆدینامیک لە جووڵەی ئەنترۆپی بۆ ناکۆتا و بزاوتی سیستەم بۆ سفر دەدوێت. (ئەمە بەراورد بکەن بە هەڵکشانی گەشەی دیالێکتیکیی لای هیگڵ)

ئیلیا پریگۆژین پێی وایە لە سیستەمە جووڵاوەکاندا ڕەوشی باو ڕەوشێکی ناهاوسەنگە، بۆیە ئەم سیستەمانە گێژاوی جەبریی لێ دەکەوێتەوە. هەنگێ سیستەم دەگاتە قۆناغی ناهاوسەنگیی بنەڕەتیی، ئەوا پێی بەرەو قۆناغی هەرِۆژانی مێژوویی خۆی هەڵدەهێنێت. لەم بەستێنەدا ئێمە ڕووبەڕووی جووتجەمسەریی bifurcation دەبینەوە، جا ئەو سیستەمە نوێیەی وا دەبێتە جێگرەوەی سیستەمە کۆنەکە، بەرهەمی «هەڵبژاردن»ی یەکێک لەم دوو بژاردەیەیە.(١٠)

کەواتـە دەتوایـن گرنگترین ڕەگـەزە پێکهێنەرەکانـی شـیکاری سیسـتەمی جیهانیی – مێژوویـی ئـاوا بژمێرین: ئابووریی سیاسـیی مارکسـیی، خوێندنـەوە مێژووییەکانـی قوتابخانـەی ئەنـاڵ و پێکهاتـە درێژماوەکانـی بـراودل. ڕێکخسـتنەوەی ئابووریـی پۆلانیـی، هەژموونگەریـی گرامشـیی، ڕەخنـە لـە زانسـتیی کۆمەڵایەتیـی بـاو و خوێندنـەوەی بنەڕەتیـی و ئاڵۆزیـی و ململانێـی بنەڕەتیـی، هەروەهـا ئـەو گێـژاوەی لـە هەنـاوی ئـەم جووتجەمسـەرییەوە کڵاشـە دەکات، جـا ئەمـە لـە بەسـتێنی کۆمەڵایەتییـدا دوو بـژاردە دەخاتـە پێـش ئـەو چالاکانـەی وا لـە نێـوان پێویسـتیی و جەبـردا بـە بـژاردە و ئازادیـی گەیشـتوون و خۆیـان داهاتوویـان هەڵدەبژێـرن.

*داهاتووی سەرمایەداریی لە گۆشەنیگای ئیمانوێل والێرشتاینەوە*

والێرشـتاین دەبێژێـت[11]: دەبێـت هەمـوو سیسـتەمەکان لـە ناکۆتـای بچووکـەوە تـا گەورەترین ئەو سیسـتەمانەی دەیانناسـین (گەردوون)، وەک سیسـتەمی مێژوویـی و کۆمەڵایەتیـی، بـە ئەنـدازەی مامناوەنـد و بـە پێودانگـی چۆنایەتیـی هـەر سـێ قۆناغەکـە شـیتەڵ بکەیـن:

- ساتەوەختی هاتنەبوون
- ساتەوەختی ژیان «سرووشتیی» (درێژترین ساتەوەخت)
- ساتەوەختی کۆتایی بوون (سەردەمی قەیرانی بنەڕەتیی)

ئـەو پەرگاڵـەی ئەمـڕۆ چەپۆکـی خـۆی بـە سـەر جیهانـدا دایـەڵاوە، سـەرمایەدارییە. کۆشـان بـۆ کەڵەکـەی ناکۆتـای سـەرمایە تایبەتمەندیـی زاڵ و پێناسـی سـەرمایەدارییە. کەڵەکـەی سـەرمایە بـە ئامانجـی کەڵەکەکردنی زۆرتری. سەرتاپێی سیستەمە هاوچەرخەکانی جیهان لە خزمەتی هەڵکشـاندنی کەڵەکەی سـەرمایەدان. لە پێڤاژۆی سرووشـتیی ئـەم سیسـتەمەدا ئێمـە دەبینـە گۆڤانـی دوو سـووڕی درێژمـاوەی ئابووریـی: سـووڕی کۆندراتیـف[i] و سـووڕی هەژموونگـەر.

لـە سـووڕەکانی کۆندراتیفدا ڕەوتـی ٥٠ تـا ٦٠ سـاڵەی درێژمـاوەی هەڵکشـان و داکشـانی ئابووریـی سـەرمایەداریی دەبینیـن. (بـەراوردی بکـەن بـە چەمکـی دارمانـی داهێنەرانـەی شـۆمپیتەر)[ii]. لـە مێـژووی سـەرمایەدارییدا هەندێک کات بەرهەمهێنانـی بەرهەمێکـی داهێنەرانـە دەبینیـن. جـا ئاپۆڕایـەک کڕیـاری تامـەزرۆی لـێ گلێـر دەبێتـەوە، ئیتـر دەتوانـن بزوێنەرێـک بـۆ کڕینیـان بهێنینـە گـۆڕێ. ئـەم بەرهەمـە داهێنەرانە سـەرەتا لە ڕەنگێکی نیمچەتایبەتدا بەرهەم دێت. دەوڵەتیش لـە داهێنـان و پاراسـتنی نیمچەتایبەتەکانـدا ڕۆڵێکـی یەکلاکـەرەوە دەگێـڕێـت. بـۆ نموونـە لـە ڕێـی لایەنـی یاسـایی مافـی داهێنـان و شـێوەکانی تـری پاراسـتنی ئـەوەی پێـی دەوترێـت؛ خاوەندارێتیـی مەعنەویـی. یـان لـە ڕێـی پێشکەشـکردنی یارمەتیـی ڕاسـتەوخۆ بـۆ

i–ئاماژەیـە بـۆ سـەردەمێکی درێژمـاوە، بنەمایەکـی ڕووسـییە و نیکـۆڵای کۆندراتیفـی زانـای ڕووسـی دایمەزرانـدووە. بەپێـی ئـەم بنەمایـە هـەر ٤٠–٥٠ سـاڵ جارێک هەڵاوسـان لە سیسـتەمی سـەرمایەدارییدا ڕوو دەدات.

ii–چەمکێکی ئابوورییە و هەندێک جار بە باهۆزی شۆمپیتەریش ناو دەبرێت. ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن جۆزێف شۆمپیتەرەوە دامەزراوە، کە لە تیۆرەکانی کارڵ مارکسەوە بۆ ئابووریی هەڵی هێنجاوە تا ئابووریی پێ نۆژەن بکاتەوە.

چالاکییەکانی توێژینـەوە و گەشـەپێدان. یـان وەک کرِیـاری سـەرەکیی کاڵاکـە. دواجاریـش وەک هێزێکـی ژیۆپۆلەتیکیی کـە سـوود لـە پێگەی خـۆی دەبینێـت تـا رێ لـە زیانگەیانـدن بـەم ژینگـە نیمچەتایبەتـەی بەرهەمهێنـەران بگرێـت.

بـەڵام چەندێـک پاڵپشـت بـۆ ئـەم پیشەسـازییە پێشـرِەوانە درێـژ ببێتـەوە، ئـەوا درەنـگ یـان زوو ئـەو سـاتە دەگات کـە نیمچەتایبـەت بـە شـێوەیەکی واتـادار دووچـاری پچـرِان دەبێـت. کۆتایـی پرۆسـەی نیمچەتایبەتیـی داشـکانی نرخەکانـی لـێ دەکەوێتـەوە. داشـکانی نرخەکانیـش مسـۆگەر مایەپووچیی فرۆشـیارەکانی لـێ دەکەوێتـەوە. واتـا ئـەو بەرهەمـەی سـەردەمانێک بەرهەمێکـی سـەرتەڵ و سـوودبەخش بـوو، کێبرِکێـکاری بـۆ پەیـدا دەبێـت و قازانجەکەشـی فـرە دادەکشـێت. کاردانـەوەی بەرهەمهێنـەران بەرانبـەر داکشـانی قازانـج، کەمکردنـەوەی تێچووی کار (کرێ) و گواسـتنەوەی بەرهەمە بـۆ ئـەو شـوێنانەی تێچـووی بەرهەمهێنانـی کەمتـرە (گواسـتنەوەی پیشەسـازیی) و گواسـتنەوەی سـەرمایەیە بـۆ کەرتـی بـاج.

لـە لایەکی تریشـەوە سـەرمایەداریی وەک پەرگاڵێکی نێونەتەوەیی، واتـا ئـەو سیسـتەمەی سـنوورە نەتەوەییـەکان ناخوێنێتـەوە و پێناسـێکی جیهانیـی هەیـە، پێویسـتی بـە هەژموونـە. رێبـازی کشـان و داکشـانی سـەرمایەداریی تەنیـا بـەم چەشـنە کردەیـی دەبێتـەوە کـە لـە نێـو یـەک دەوڵـەت – نەتـەوەوەدا پاوەجـێ نەبـووە، بەڵکـوو ژینگـەی هەناسـەدانی ئـەو سیسـتەمە جیهانییەیـە وا لـە هەمـوو دەوڵـەت –نەتەوەیـەک فراوانتـرە. تەنیـا ئـەو کاتـەی سـەرمایەداران

لە «ئابووریی جیهانیی»دا، واتە ئابووریی دەوڵەت -نەتەوەی هەمەچەشن ئامادە بن، ئەوا ئەودەم خاوەنکاران دەتوانن بۆ کەڵەکەی ناکۆتای سەرمایە بگەڕێن، بەڵام سەقامگیریی ئابووریی جیهانیی پێویستیی بە ئارامییەکە و هەژموون ئەم سەقامگیرییەی پێ دابین دەکرێت. بەم چەشنە سووڕەکانی کۆندراتیف لە ناواخنی سووڕی درێژتری هەژموون یان سووڕی سیستەمی کەڵەکە و سەدە درێژەکاندا ڕوو دەدات. لە مێژووی سیستەمی جیهانیی سەرمایەدارییدا لانیکەم تا هەنووکە گۆڤانی سێ سووڕی هەژموونیی یان سەدەی درێژ بووین:

سووڕی هۆڵەندیی. لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە

سووڕی ئینگلیزیی، لە نیوەی سەدەی هەژدەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیست.

سووڕی ئەمریکیی، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا.

لە ساڵی ١٩٤٥ کاتێک ئیمپڕاتۆریای بەریتانیا پاش سووڕێکی درێژی گێژاو و دوو جەنگی جیهانیی، داکشا، ئێمە بووینە گۆڤانی هەژموونی ئەمریکا بە سەر ئابووریی جیهانییەوە. ئەم هەژموونە ڕەهەندی فرەپەلی بەرهەمهێنان و بازرگانیی و دارایی/دراو، ژیۆپۆلەتیکیی / سەربازیی و فەرهەنگیی/ و شێوەژیانی هەیە. پاش جەنگی جیهانیی دووەم، لەلایەک بووینە گۆڤانی لاوازییەکی بەگوڕی وڵاتانی سەرباشقەی سەرمایەداریی، وەک هێزەکانی میحوەر

و هاوپەیمانانـی ئەمریـکا. لەلایەکـی تریشـەوە ئاشـتەوایی ئەمریـکا و یەکێتیـی سـۆڤیێت (تیۆرسـازانی ڕووس واتەنـی: پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە). پـاش هەڵکشـانی پێگـەی ئەمریـکا، ئـەم وڵاتـە بـە پێچاڵـی ڕێکخـراوە نێونەتەوەییەکانـی وەک (سـندووقی دراوی نێودەوڵەتیـی، بانکـی نێونەتەوەیـی بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدان، کـە ئێسـتا بـە بانکـی جیهانیـی ناودێر دەکرێت. ڕێککەوتننامـەی گشـتیی بازرگانیی و بـاج، کـە ئێسـتا بـە ڕێکخـراوی بازرگانیـی جیهانیـی نـاو دەبرێـت و هتد...)، پەیجووریی سـەقامگیریی هەلومەرجی هەنووکەیی بوو، بەڵام بە شـێوەیەکی پلەڕیز پێڤاژۆ ناوەکییەکانی سیسـتەمی سـەرمایەداریی جووتەپێـی پاوانخوازیـی ژیۆپۆلەتیکیـی ئـەم وڵاتەیـان بـۆ سـەرەولێژ هەلخلیسـکاند. لەلایەکـی تریشـەوە دژبـەرە ئابوورییـەکان، سـەرەتا لـە ئەورووپـای ڕۆژئـاوا و ژاپـۆن و ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا سـەریان هەڵبـڕی، لـە لایەکـی تریشـەوە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی لـە جیهانـی سـێیەمدا پێگـەی ژیۆپۆلەتیکیـی ئەمریکایـان لەرزانـد.

بـەڵام هەڕۆژانـی سیسـتەمی برێتـۆن ودز[i] لـە بەرەتـای حەفتـاکان و دەرکەوتنـی جەمسـەرە تازەکانـی هێـز و هەڵکشـانی تێچـووی بەرهەمهێنـان (دەسـتی کار و شـمەک و بـاج) هەمووانـی بـۆ گێژاوی بنەڕەتیـی حەفتـاکان سـەرەولێژ کـردەوە. سـەرباری ئەمـەش قەیرانـی سـەرچاوە سرووشـتییەکان و گێـژاوە ژینگەییەکانیـش، ڕەهەندێکـی نوێیـان بـەم قەیرانـە بنەڕەتییـە بەخشـی، کـە دەرخـەری نزیکبوونەوەی

i–سیستەمی بەڕێوەبردنی دراویی برێتۆن ودز لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا یاسا بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا و کەنەدا و ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئوسترالْیا و ژاپۆنی هێڵکێش دەکرد. ئەم سیستەمە پەیوەندییەکانی دراوی لە نێوان وڵاتاندا جڵەو دەکرد.

تێچـوو بـوو بـۆ هێڵـە یەکتربـڕەکان. کاردانــەوەی ســەرمایەداریی بەرانبـەر ئـەم قەیرانـە، تێهەڵکێشــی نیولیبراڵیـزم بـوو، ئەویـش لـە ڕەهەندەکانـی وەک جیهانگیریـی و کەرتـی تایبـەت و بـاج.

لەملاشەوە بزووتنەوە دژبەر و ڕەخنەگرە نەریتییەکانی سەرمایەداریی بریتـی بـوون لـە پارتـە کۆمۆنیسـت و سۆشـیال دیموکراتـەکان. جـا بیرۆکـەی سـەرەکییان بریتـی بـوو لـە جڵـەوی دەسـەڵاتی سیاسـیی بـۆ مەبەسـتی هەڵگێڕانـەوەی بارودۆخەکـە، بـەڵام لـە سـەدەی بیسـتدا بـە کـردەوە ئـەوەی ڕووی دا لـە گەلێـک گۆڕەپانـدا دەسـەڵاتی سیاسـیی جڵەوگیر کرا، بـەڵام بارودۆخەکە نەگۆڕا یان ئـەو پەیمانـەی بۆ گۆڕینی بارودۆخەکـە دابوویـان، بێسـەمەر بـوو. ئـەم هـۆکارەش شانەوشـانی هۆکارەکانـی تـری لـە وێنـەی خەیاڵپڵاویـی فراوانیـی پـاش کۆنگـرەی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت و بانگەشـە هەڵۆڵەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێت لـە نموونـەی وەک هەنگاریـای ١٩٥٦، هەروەها گڕوتینی خرۆشـاوی دژەئیمپریالیسـتیی جەنگـی ڤێتنـام و کۆششـە تیۆرییـە نوێدەمەکانـی چـەپ بـۆ ڕاڤـەی هەلومەرجـە هەنووکەییەکانـی جیهـان و پێداگرییـان لـە سـەر پێویسـتیی گۆڕینـی سـتراتیژ و ئاوڕدانـەوە لـە توێـژە پەراویزخراوەکانـی کۆمـەڵ (ژنـان و کەمینـەکان)؛ تێکـڕا هەلومەرجـی هەڵڕەنگانـی بزووتنـەوەی گـەورەی ٦٨ بـوون.

والێرشـتاین پێـی وایـە هەرچەنـدە ئامانجەکانـی ئـەم بزووتنەوەیـە هەڵپـڕووکان، بـەڵام نیشـانەی سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو، چونکـە نیشـانی دایـن کـە دەبێـت لـە لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتییەکانـدا بیـر لـە ڕێبـازی تـری تیۆریـی جیـا لـەوەی لـە گۆڕەپانەکەیـە بکەینـەوە،

هەروەهـا جێگرەوەیـەک بـۆ سـەرمایەداریی و «سۆسـیالیزمی بنیادنـراو» بدۆزینـەوە.

بـەڵام بـە کـردەوە بزووتنـەوەی ٦٨ شکسـتێکی بەتـاوی خـوارد و ساڵانی پاش ئەوە ساڵانی سـەرکەوتنی ڕاستڕەوی جیهانیی بوو، چونکە یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی ئۆردوگای ڕۆژهـەڵات لـە کۆتایی هەشتاکاندا هەڵوەشـانەوە. هـەر لەبـەر ئەمـە بـوو فۆکۆیامـا لە سـاڵی ١٩٩١ بانگەشـەی کۆتایـی مێژوو و سـەرکەوتنی سـەرمایەداریی لیبراڵیـی کـرد.

بەڵام والێرشتاین پێی وایە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی ڕاستڕەویی جیهانیـی، بەزینێکـی گـەورەی ئـەم بزاڤـەش بـوو. هەرچەنـد لـە حەفتاکانـدا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو تێچووی بەرهەمهێنانیان داکشـاند، بـەڵام هەرگیـز نەیانتوانـی ئاسـتێکی گەشـەی هاوشـێوەی سـەردەمی ئاڵتوونیی لـە سـەر ئاسـتی جیهـان بێننـە گۆڕی، بۆیە هەمیشـە و دەیە دوای دەیـە ئـەم ڕێژەیـە دادەکشـا.

لەلایەکـی تـرەوە وەک ڕاڤەکارانـی سیسـتەمی جیهانیـی دەبێـژن؛ ڕووخانـی هەژموونیی بەهـاری باجـە، لـە حەفتاکانـدا لەگـەڵ لاوازیـی واقعیـی ئابووریـی، بـاج گەشـایەوە. هەڵکشـانی بەگـوڕی نرخـی نـەوت لـە حەفتـاکان لـە ڕێکخـراوی پاوانخـوازی ئۆپیـک کـە سـعوودییە و ئێرانـی هاوپەیمانـی ئەمریـکا، سـەرمەشـقیی بـوون، وڵاتانـی باشـوور و ئەورووپـای ڕۆژهەڵاتـی تووشـی قەیرانـی ناهاوسـەنگیی پـارەدان کـرد. ئەمـەش لەلایـەک بەهـۆی هەڵکشـانی نرخـی وزە و لەلایەکـی تریـش بەهـۆی پاشـەکشـەی وڵاتانـی سـەرمایەداریی، بـەڵام بەشـێکی

زۆری دۆلاری کەڵەکەبووی نەوتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە بانکە سەرمایەگوزارییەکانی نیۆرک سەریان دەر هێنا.

ئەم دۆلارە نەوتییانەش بە قەرز درانە ئەو وڵاتانەی تووشی ناهاوسەنگی پارەدان بوون، بەم ڕەنگە لە ساڵی ١٩٨٠ بووینە گۆڤانی قەیرانی قەرز. ڕاستییەکەی لە ساڵانی ڕابردوودا باج لێشاوی قەرزسازیی لە وڵاتاندا هێنایە گۆڕێ. پاش ئەوە گەورە کۆمپانیاکان بەدەست کەمیی نەختینەوە دەیانناڵاند، دواجار ئەوە تاک و ماڵەکان بوون لە ئەنجامی ورووژاندنی خواست، توانیان سووکوئاسان قەرز بکەن و پێیان بە تەڵەی گێژاوی قەرزەوە بێت. بەم چەشنە دەتوانین لە ساڵی ١٩٨٠ بەملاوە ناوی زنجیرەیەک قەیرانی دارایی ببەین: داڕمانە گەورەکەی بازاڕی بۆرسە لە ساڵی ١٩٨٧، داڕمانی سندووقی پاشەکەوت و قەرز لە ساڵی ١٩٨٩، داڕمانی دارایی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٩٦ و داڕمانی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ساڵی ١٩٩٧، داڕمانی بۆرسەی تەکنەلۆژیی نوێ لە ساڵی ٢٠٠١، لەم دواییانەشدا داڕمانە گەورەکەی ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨.

لەگەڵ هێرشە پڕتێچووە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و ئێراق، کە هەڕۆژانی هەژموونی ئەمریکای خێرا کردەوە، بووینە گۆڤانی لاوازیی بەهای دۆلار وەک یەکەی دراوی جیهانیی و سەرهەڵدانی هەڵاوسانێکی بەتاو لە بازاڕی دراو و ئاسۆی پێهەڵهێنان بەرەو سیستەمی فرەدراویی.

لە هەلومەرجی هەنووکەییدا ئێمە داکشانی هەژموونی ئەمریکا

و زاڵبوونـی دۆخـی گێـژاو لـە سیسـتەمی جیهانیـی و چەشـنێک ڕێکخسـتنەوەی سیسـتەمی ژیۆپۆلەتیکی جیهانیـی دەبینیـن. جـا دەتوانیـن هـۆکار و نیشـانەکانی لـەم خاڵانـەی خوارێـدا ببینینـەوە:

سسـتیی بازاڕەکانـی ئەورووپـا و ئەمریـکا و داکشـانی گەشـەی گرووپـی وڵاتانـی بریکـس.(i)

داکشانی بەگوڕی توانا سەربازییەکانی ئەمریکا

قەڵەمباز بەرەو پەرگاڵی فرەدراویی

دەرکەوتنی زلهێزە ژیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکانی (ئەمریکا، ڕووسیا، فەڕەنسـا، بەریتانیا، چین، بەرازیل و هتد...) و ڕەنگاندنی هاوپەیمانیی لەرزۆکی نێوان ئـەم زلهێزانە.

سـەرەنجامی ئەمانـەش سـنووردارێتیی زیاتـری ڕێکارەکانـی کەڵەکـەی ناکۆتـای سـەرمایەیە. والێرشـتاین پێـی وایـە گرنگتریـن تایبەتمەندیی سـەرمایەداریی کەڵەکەی ناکۆتای سـەرمایەیە. لەلایەکی تـرەوە کەڵەکـەی بـەردەوام پێویسـتی بـە گەشـەی بەردەوامـی تەکنەلۆژیـا و والاکردنـی سـنووورە تـازە جوگرافیـی و زانسـتیی و دەروونییەکانـە. بەپێـی سیسـتەمی جیهانیـی، ناوەنـدی هەژموونگـەر لـە سـۆنگەی پشـتێنی نیمچەپەراوێزیـی کار و کەرەسـتەی خـاوی هەرێمەکانـی پەراوێـز، کوڵکوپێسـت دەداتـە خـۆی. تیـۆری

i–بەرەیەکی نێودەوڵەتیی و ژیۆپۆلەتیکییـە و لـە بەرازیل و ڕووسـیا ئەسـیوپیا و چین و هند و چەند وڵاتێکی عەرەبیی و ئێران و ئەندۆنیزیا و پۆلیڤیا و چەند وڵاتێکی تر پێک دێت. ئەم بەرەیە سـاڵانە کۆبوونـەوەی خۆی سـەبارەت بە پرسـە ئابووریی و سیاسییەکان ڕێک دەخات.

سیستەمی جیهانیی پشت بە زنجیرەی هەژموونەکان دەبەستێت، ئەویش لە چوارچێوەی شەپۆلە درێژماوەکانی کۆندراتیف لە هەڵکشان و چەقبەستوویی ڕێژەیی بازاڕەکانی جیهاندا، بەڵام بەرەنجامی ئەم سووڕە هەژموونییەی هۆڵەندا و ئینگلیز و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێک ئەوکاتەی پەراوێز کۆتایی دێت و بازاڕی سەرمایەداریی گشت جیهان دادەپۆشێت، کۆتایی دێت. لە ڕەوشێکی بەم ڕەنگەدا ئیتر دەرچەی متمانە نامێنێت، ئیتر هەرێمی تر بۆ پاوان لەگۆڕێ نییە.

لەگەڵ هەر خولێکی تازەی سیستەمی جیهانییدا، دەرفەتی نوێ بۆ فراوانبوون و قازانج لە ڕێی هەژموونێکی نوێوە دەردەکەوێت. لێ شامەرجی ئەم بابەتە ئەوەیە گەرەکە هەرێمێک لە دەرەوەی سیستەمی جیهانیی هەبێت تا سیستەم هەڵی بلوشێت و ببێتە پەراوێزی سیستەم. کەواتە خاڵی کۆتایی و بڕانەوەی سیستەمی جیهانیی وا لەگۆڕێ: کاتێک دەست وەردرابێتە پنتاوپنتی دەرەوە، ئەوا لەم خاڵەدا ململانێ بۆ قازانج لە ناوەند و نیمچەپەراوێزدا، ئەویش لە سۆنگەی داگیرکردنی پنتی تازەی پەراوێزەوە، چارە ناکرێت. لەم هەلومەرجەدا سیستەمی جیهانیی یەخەگیریی کۆتاییەکی گۆڕانمەندە.

بەرەنجامی ئەمەش هەلومەرجێکی تێکەڵاوە لە خۆپارێزیی و سەرکوتکاریی و دەستێوەردانی ئابووریی.

پاشهاتی ئەمەش ئاوێتەیەکە لە سەرلێشێواویی و تووڕەیی

و دڵەڕاوکـە لـە سـەر ئاسـتی جیهانیـی. لەلایەکـەوە بزووتنـەوەی بناژۆخوازی تی پارتی و لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی داگیرکردنـی واڵ سـتریت، لەمـلاوە دواکەوتوویـی سـەلەفییانە و لەولاشـەوە پێشـکەوتنخوازیی داپۆشـراوی بەهـاری عەرەبیـی. لەلایەکـەوە بزاوتـی پۆپۆلیسـتیی و لـە لایەکـی تریشـەوە بزووتنـەوەی پێشـکەوتنخوازی شـاریی بـۆ گرتنـی گۆڕەپـان و شـەقامەکان.

لـەم گێـژاوە کۆتامەنـدەدا ئازادیـی بـە سـەر پێویسـتیی و بـژاردە بەسـەر سـەپاندندا زاڵ دەبێـت. لـەم پێواژۆیـەدا دیالێکتیکـی ئـەوەی لـە نێـوان دەسـتەبژێرە دەسـەڵاتدارەکاندا ڕوو دەدات (لێکترازانـی باڵادەسـتان و لەرزینـی دەسـەڵات) و ئـەوەی لـە خـوارێ ڕوو دەدات (بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان)، زەمینـە بـۆ دەرکەوتنـی ڕووداوی لـە وێنـەی شـۆڕشـی کۆمەڵایەتیـی دەسـاچێنێت.

خاڵـە گرنگەکـە ئەوەیـە لـەم هەلومەرجـەدا کـە قەیرانـی بنەڕەتیـی و هەڵاوسـان لـە سیسـتەمدا بـەردەوام و هەمیشـەییە. سیسـتەم بـەردەوام لـە هاوسـەنگیی دەترازێـت. جـا کاتـی قەیرانـی بنەڕەتییـدا دەکرێـت ئاسـتی کاریگەریـی بزووتنـەوە بچووکـە کۆمەڵایەتییـەکان زۆر فـراوان بێـت. (کاریگەریـی پەپوولەیـی)[i]

لـە هەلومەرجـی گێـژاوی سیسـتەمدا، ململانـێ بـۆ سیسـتەمی جێگرەوەش گێژاوسـازە. والێرشـتاین پێـی وایـە لـە نێـوان لایەنەگرانـی

i-دەسـتەواژەیەکە تایبـەت بـە گۆڕانکاریـی بچـووک لـە نێـو گێـژاو و قەیرانەکانـدا، بەپێـی ئـەم دەسـتەواژەیە دەکرێـت لـە کاتـی قەیـران و گێـژاودا گۆڕانکاریـی بچـووک و بەشـەکیی کاریگەریـی فراوانـی بـۆ ئاییندە هەبێـت.

سیستەمی هەنووکەییدا دوو پێڕی بنەڕەتیی هەن، ئەو بە لایەنگرانی ڕۆحیی داڤۆس (شوێنی کۆبوونەوەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی) ناویان دەبات. پێڕی یەکەم ئەوانەن وا لایەنگری سەرکوتکاریی خوێناویی نارەزایەتییەکانی دژ بە سیستەمن. پێڕی دووەمیش ئەوانەن وا گەرەکیانە «بە شێوەیەک هەموو شتەکان بگۆڕن، کە هیچ شتێک نەگۆڕێت.» بەم پێودانگە لە نێو بەناو لایەنگرانی ڕۆحیی پۆرتوو ئالگری (شوێنی کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی جیهانیی) ـدا دوو خواستی بنەڕەتیی لای دژبەرانی سیستەم وا لە گۆڕێ. یەکەم؛ ئەوانەی لایەنگری پەیوەندیی ئاسۆیین و دژبەری هەموو جۆرە هەژموونێکی ناوەندیین. جا بە ڕوانگەیەکی پشتئەستوور بە هاوسەنگیی ئەقڵانیی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، پێ لە سەر قەیرانی شارستانییەت دادەگرن. لە بەرانبەردا خواستێکی تر هەیە و چەشنە ڕێکخستنێکی ستوونیی بۆ دژایەتیی سیستەم بە بنەما دەگرێت، ئەمە جگە لەوەی گەشەی ئابووریی بۆ هەرێمە گەشەنەسەندووەکانی جیهان بە گرنگ دەبینێت.

والێرشتاین پێی وایە ڕووداوێکی گەورە لە ئاسۆدا ڕوو دەدات: قەیرانێکی بنەڕەتیی زۆر گەورەتر لە داکشانە گەورەکەیی کۆتایی، کە تەنیا دەروازەیەکە بۆ گێژاو و هەڵگێڕانەوەی قووڵتر. ئیمانوێل والێرشتاین دەڵێت؛ سەرمایەدارانی جیهانیی لە ماوەی سی بۆ چل ساڵی داهاتوودا، بەربەستی دەرەباوەڕی جیهانییان دێتە ڕێ. جا لە ژێر باری قورسی هەمەلایەنەی تێچووی کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی چالاکیی ئابوورییدا ڕەنگە سوکوئاسان تێ بگەن بڕیاری ئاسایی وەبەرهێنان نەکردەنییە.

والێرشتاین پێی لە سەر دوو ئەلتەرناتیڤ دادەگرێت: یەکەم؛ ئەلتەرناتیڤێکی تا سنوورێک دیموکرات و نەختێک یەکسان بەپێی هەلومەرجی هەنووکەیی، دووەمیش ئەلتەرناتیڤێکی نادیموکرات و نایەکسانتری سەرمایەداریی. (جا ئەمە لەگەڵ یان سۆسیالیزم یان بەربەریەتی ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ بەراورد بکەن). ناتوانین بزانین کام جێگرەوە بە سەر ئەوی تردا زاڵ دەبێت، بەڵام گەشبینیی مەرجێکی مێژوویی پێویستە بۆ کۆکردنەوەی وزە سۆزدارەکان لە جیهانێکدا کە ڕووبەڕووی بارودۆخی جیاوازیی بنەڕەتیی دەبێتەوە. ئەوەی بۆ والێرشتاین ئاشکرایە کۆتایی سەرمایەداریی و ئەو ڕۆڵەیە وا چالاکوانە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی قەیرانی بنەڕەتییدا دەیگێڕن. ئەو کاتە جێگرەوەی دیموکرات و دادپەروەر دێتە گۆڕێ کە پشتیوانییەکی پێویست بۆ ئاسۆی بیرکردنەوە و گفتوگۆ لەمەڕ نەخشەی جێگرەوە بکرێت.

جا سەرەنجام والێرشتاین پێی وایە سیستەمی مێژوویی چەندێکیش بەهێز بێت، لە وێنەی سەرپاکی سیستەمەکان دواجار بۆ خەرەندی هەڵوەشاندنەوە سەرەولێژ دەبێتەوە. سەرمایەداریی لەو بەستێنە نائومێدکەرەدا کۆتایی دێت وا سەرمایەداران خۆیانی لێ دەبیننەوە.

# سەرچاوە:

*امانوئل والرشتاین و پایان سرمایەداری / پرویز صداقت، نقد اقتصادی سیاسی*

(1) Immanuel Wallerstein (2006), World System Analysis: An Introduction, Duke University Press. PP (1-22)

لـەم بەرهەمـەی خـوارەوەدا والڕشـتاین دیـدی ڕەخنەیـی خـۆی سـەبارەت بـە پارادایمـی زانسـتی کۆمەڵایەتیـی شـیکار دەکات:

Immanuel Wallerstein (2006), Unthinking Social Science: The Limits of Nineteenth Century Paradigms, Polity Press (1991)

(٣)کارل مارکس (١٣٨٦)، سرمایە (جلدیکم)، ترجمەی حسن مرتضوی، نشر آگە

(٤)هەمان سەرچاوە ٤٢

(٥) وەرگیراوە لـە: لئو پانیـچ و کالیـن لیز (١٣٨٠)، مانیفسـت پس از ١٥٠ سـال، نشـر آگـە (صص. ٢٨٠-٢٨١)

(٦) آندرە گونـدر فرانک (١٣٥٩)، توسعەتوسـعەنیافتگی، ترجمەی سـهراب بهداد، انتشـارات دانشـگاە صنعتی شـریف.

(٧) موریـس داب (١٣٧٩)، مطالعاتـی در زاد و رشـد سـرمایەداری، ترجمـەی حبیباللـە تیمـوری (نشـر نـی).

(8) Hilton, Rodney (ed.) (1978). The Transition from Feudalism to Capitalism. London: Verso.

(٩)کارل پولانـی (١٣٩١) دگرگونـی بـزرگ: خاسـتگاەهای سیاسـی و اقتصـادی روزگار مـا، ترجمەی محمـد مالجـو (نشـر پردیـس دانش)

(10) Immanuel Wallerstein, The Itinerary of World-Systems Analysis; or, How to Resist Becoming a Theory, in J. Berger & M. Zedlitch, Jr., (eds), New Directions in Contemporary Sociological Theory, Lanham, MD: Rowman & Littlefield, 2002 (pp. 358-374)

١١. ئەم بەشە لە کڵاوڕۆژنەی ئەم نووسینانەی لای خوارێوە داڕێژراوە:

Immanuel Wallerstein et al. (2013) Does Capitalism Have a Future? (Oxford University Press)

★★★



# قەرزی پێنج هەزار ساڵی سەرەتا

دەیڤد گرەیبەر

و: کەیوان نووری

## پارە وەک شوێنگرەوەیەکی ناپێویست

دیارترین تیۆرەیەک سەبارەت بە سەرچاوەی پارە خرابێتە ڕوو، تیۆرەیەکە بەم دوایانە فیلیپ ڕووسپاب سەرەتا وەک ئابووریناس و دواتر وەک کۆمەڵناسێک، پێشنیاری کردووە. لە کاتیکدا کارەکانی ئەو لە دنیای ئینگلیزییزماندا بە نادیاریی ماوەتەوە، تیۆرەکەی ڕووسپاب زۆر داهێنەرانەیە و ڕاستەوخۆش گرێدراوی بابەتەکەی ئێمەیە. بەڵگەی ڕوسپاب ئەوەیە (پارەی سەرەتایی) لە بنەڕەتەوە ئامرازێک نەبووە بۆ دانەوەی هیچ جۆرە قەرزێک. ئەم پارەیە ڕێگایەک بوو بۆ ناسینەوەی بوونی قەرزێک کە بە هیچ جۆرێک ئەگەری دانەوەی نەبووە. بەڵگەکانی ئەو پێویستی بە گرنگیپێدانێکی تایبەتە.

لە زۆربەی ئابوورییە مرۆییەکاندا، پارە تەنها بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی هاوسەرگیریی بەکار دەهێنرا. سادەترین و ڕەنگە باوترین ڕێگا بۆ ئەم کارە ئەوە بووە؛ ئەم پارەیە بۆ شتێک بەکار دەهات کە بە 'شیربەها' یاخود 'بووکبەها' ناودێر دەکرا. خێزانی خوازبێنیکەر ژمارەیەک ددانی سەگ یان بازنی برۆنز و ئەو شتەی لەو ناوچەیەدا وەک پارە بەکار دەهات، پێشکەش بە خانەوادەی کچەکە دەکرد، لە بەرانبەردا ئەوانیش کچەکەیان پێ دەدان. بە سادەیی دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی دەتوانین ئەم کارە بە کڕینی ژن پێناسە بکەین، زۆر کەسایەتیی خاوەنپێگەی کۆلۆنیی ئەفریقا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە واقیعیی بەو ڕەنگە بیریان لێ دەکردەوە. ئەم ڕووداوە ڕیسواییەکی گەورەی لێ کەوتەوە و ساڵی ١٩٢٦ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەشداریی باسەکەی کرد تا ئەم

کارە وەک فۆرمێک لە کۆیلایەتیی ڕێبەند بکات. لە بەرانبەر ئەوەدا مرۆڤناسان نارەزایەتییان دەربڕی. بە واقیعی ڕوونیان کردەوە ئەمە وەک کڕینی گایەکی نێر و جووتێک پێڵاو نییە. یەکەم؛ کاتێک ئێوە گایەک دەکڕن، لە بەرانبەر خودی گایەکەدا هیچ بەرپرسیارێتییەکتان نییە. ئەو شتەی دەتانەوێت بیکڕن، لە واقیعدا مافی بەکارهێنانی گایە، جا بە هەر ڕێگایەک خۆتان بتانەوێت و گونجاوترین بێت. بە گشتیی هاوسەرگیریی جیاوازە، چونکە مێردەکە بە ئەندازەی ئەو بەرپرسیارێتییەی ژنەکەی بەرانبەری هەیەتی، ئەویش بەرانبەر ژنەکە هەیەتی. هاوسەرگیریی ڕێگایەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان. دووەم؛ ئەگەر ئێوە بە واقیعیی ژنێک دەکڕن، دەتانتوانی جارێکی تر بیفرۆشنەوە. دواجار ئەوەی گرنگیی پێدانی شیربەها بە ڕەچەڵەکی منداڵەکانی ئەم ژنەوە پەیوەست دەکات: ئەگەر لێرەدا شتێک دەکڕدرێت، ئەوا ئەو مافەیە پیاوەکە مناڵەکانی ئەو ژنە بە مناڵی خۆی دابنێت.

مرۆڤناسان براوەی ئەو ململانێیە بوون، ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی بەرانبەر چەمکی 'شیربەها' یان 'بووکبەها' لە ئەستۆیان بوو، داهێنانی زاراوەیەکی نوێ بوو: 'سامانی بووک'، لێ ڕاستییەکەی هیچ کات وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەدایەوە داخۆ سەروەختی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە چی ڕوو دەدات؟ کاتێک خانەوادەی زاوای خەڵکی 'فیجیی' ددانی نەهەنگ پێشکەش دەکەن تا ژنێکیان پێ بدرێت، داخۆ ئەمە پێدانی پێشەکییەکە بۆ کارێک کە دواتر ژنەکە لە زەویی کشتوکاڵیی مێردەکەی خۆی دەیکات؟

یاخود ئایا ئەو نەوانەی لە مناڵدانی ئەو ژنەوە لەدایک دەبن، لە پێشەوە دەکڕن؟ یاخود ئەمە تەنها چەشنە ڕێوڕەسم و نەریتێکی باوە، وەک ئەو بڕەپارە کەمەی سەروەختی گرێبەستی بازرگانیی دەستاودەستی پێ دەکرێت؟ بە باوەڕی ڕوسپاب، هیچکام لەوانە نییە. پێشکەشکردنی ددانی نەهەنگ هەرچەندە بەبەها بێت، بەڵام وەک هاوتای پارە هەژمار ناکرێت، ڕاستییەکەی دەستاودەستی ددانی نەهەنگ وەک پارە بۆ پشتڕاستکردنەوەی داوای ئەو کەسەیە وا داوای شتێک دەکات، جا بەهایەکی هێندە بێهاوتای هەیە، کە پێدانی هەرچەشنە شتێک لە بەرانبەریدا نەکردەنییە. تاکە پێدانێکی گونجاو بەرانبەر بە دیاریی وەرگرتنی ژنێکدا بەدیاریی پێدانی ژنێکی دیکەیە؛ تا کاتێک ئەم پێدانەوەیە ئەنجام نەدرێت، تاکە کارێک کە بکرێت ناسینەوەی ئەم قەرزە گەورەیەیە.

لە هەندێ کاتدا خوازبێنیکەران هەمان پەیڤیان بە دەمدا دەهات. هۆزی 'تیۆ' لە نێجیریای ناوەڕاست بەیاد بهێننەوە کەپێشتر بە کورتیی قسەمان لە بارەوە کرد. زۆرترین زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بەو هۆزە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، واتا کاتێک هێشتا لەژێر چەپۆکی کۆلۆنیی بەریتانیادا بوون. لەو کاتەدا هەمووان سوور بوون لەسەر ئەوەی گەرەکە هاوسەرگیریی درووست بە شێوازی ئاڵوگۆڕی خوشکەکان بێت. کوڕێک خوشکەکەی خۆی دەدات بە کەسێکی تر تا ببێت بە ژنی، ئەم کوڕەش لەگەڵ خوشکی زاواکەیاندا، کە لە پێگەی برایەکی نوێیدایە، هاوسەرگیریی دەکات. ئەمە هاوسەرگیرییەکی کاملە، چونکە تاکە شتێک بە واقیعیی هاوتای ژن بێت، ژنێکی ترە.

ئاشکرایە گەر هەموو خێزانەکانیش ژمارەیەکی یەکسانی خوشک و برایان هەبا، دیسان هەلومەرجەکە هێندە باش بەڕێوە نەدەچوو تا ئەم کارە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە گریمان من لەگەڵ خوشکەکەی ئێوە هاوسەرگیریی دەکەم، بەڵام ئێوە ناتانەوێت لەگەڵ خوشکەکەی من هاوسەرگیریی بکەن (چونکە ئەگەری هەیە خۆشتان نەوێت یاخود پێنجساڵان بێت). لە ڕەوشێکی بەم ڕەنگەدا ئێوە دەبنە (سەرپەرشت - نوێنەر)ـی ئەو، واتا بانگەشەی مافی بەشوودانی ئەو بە کەسێکی تر دەکەن -بۆ نموونە بە کەسێک کە ئارەزووتان لێیە لەگەڵ خوشکەکەیدا هاوسەرگیریی بکەن. ئەم سیستەمە بە خێرایی دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک پەیوەندیی ئاڵۆز کە تیایدا بوێرترین پیاوان دەگۆڕێن بۆ سەرپەرەشتی ژمارەیەکی زۆری 'مناڵ' کە لە ناوچەیەکی پانوپۆڕدا بڵاو بوونەتەوە؛ پیاوان ئەم مناڵانە پێکەوە نمایش دەکەن یاخود ئاڵشتیان دەکەن، لەم پێڤاژۆیەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوسەر بۆ خۆیان کۆ دەکەنەوە، لە کاتێکدا ئەو پیاوانەی بەختێکی کەمتریان هەیە، زۆر درەنگتر دەتوانن هاوسەرگیریی بکەن یان ڕەنگە هیچکات هاوسەرگیریی نەکەن.

ئامرازێکی تریش هەبوو. خەڵکی تیو بازنی بڕۆنزیان وەک بەبەهاترین پارەی باو لە پانتایی سووڕانی خۆیاندا بەکار دەهێنا. تەنها پیاوان ئەم بازنە بڕۆنزانەیان وەک کەلوپەلێکی جوانکاریی بەکار دەهێنا، ئەم بازنانە هیچ کاتێک بۆ کڕینی شتومەک لە بازاڕ بەکار نەدەهاتن (لە بازاڕدا ژنان باڵادەست بوون)؛ لە بەرانبەردا، ئەڵقە بڕۆنزییەکان تەنها لە بەرانبەر ئەو شتانەدا

ئاڵوگۆڕ دەکران وا بە لای پیاوانەوە گرنگییەکی باڵکێشیان هەبوو: مەڕوماڵات، ئەسپ، عاج، کەلوپەلی ئایینیی، دەرمانی پزیشکیی، تەلیسمی جادوویی. وەک (ئەکیگا سای) لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ئەم خەڵکانە کردووە، دەڵێت: ئەگەری ئەوە هەبوو کەسێک بە ئەڵقە برۆنیزیەکان ژن بهێنێت، بەڵام دەبوو ژمارەیەکی زۆری هەبایە، دەبوو دوو بۆ سێ دەستەی لەم ئەڵقانەی بە دایک و باوکی ژنەکە دابا تا خوازبێنییەکەی یەکلا دەبوویەوە؛ دواتر کاتێک ژنەکەیان دەدزی (ئەم هاوسەرگیرییانە هەمیشە یەکەمجار بە شێوازی دزینی بووک ڕێک دەخران)، لەپێناو ئارامکردنەوەی دایکی بووکدا، کە هەمیشە لە سەرەتای ڕووداوەکەدا خۆی تووڕە نیشان دەدا و دەیویست بزانێت چی بووە، دەبوو زاواکە چەند دەستەی تر لەم بازنە برۆنزییانە ببەخشێت. بە زۆریی دەبوو پێنج دەستەی تر بە وەلی ئەمر (سەرپەرشتار)ـی کچەکە بدرێت تا لانیکەم بە شێوازێکی کاتیی هەلومەرجە نوێیەکەی پەسەند بکردایە، کاتێک ژنەکە منداڵی دەبوو، دەبوو جارێکی تر بازنی برۆنزی زیاتر بە دایک و باوکی ژنەکە بدرێت تا بەڵکوو بەختێکتان هەبێت ئەوان ئێوە وەک باوکی منالی کچەکەیان قەبووڵ بکەن. ئەگەری هەبوو ئەمانە ببنە هۆی ئەوەی دایک و باوکی ژنەکە بە یەکجاریی ڕازیی ببن، بەڵام بۆ هەمیشە دەبوو شتێک بە سەرپەرشتیاری کچەکە بدەن، چونکە هیچ کاتێک نەتاندەتوانی مافی هەبوونی ژن لە ڕێی پارەوە بەدەست بهێنن. هەمووان دەیانزانی تەنها شتێک ئێوە دەتانتوانی بە ڕێگایەکی درووست و ڕەوا بەرانبەر بەدەستهێنانی ژنێک بیدەن، ژنێکی ترە، تا کاتێک ئەوە ڕوو دەدات، هەمووان بەو بنەمایەوە

پەیوەستن وا ئێوە ڕۆژێک ژنێکی لە بەرانبەردا دەدەن. تا ئەوکاتە، بەو شێوەیەی مرۆڤناسێک بە کورتیی و پوختیی گوتویەتی: (قەرز هیچکات بە تەواوەتیی نادرێتەوە).

بەپێی تێڕوانینی ڕووسپاب، ڕاستییەکەی خەڵکانی تیو لۆژیکی ناڕاستەوخۆی شیربەها لە هەموو سەردەمەکان ڕوون دەکەنەوە. ئەو خوازبێنیکەرەی شیربەها دەدات، هەرگیز واتای ئەوە نییە بەرانبەر دەستکەوتنی ژنێک یاخود مافی بانگەشەی خاوەنداریێتیی لە منداڵەکانی ئەو ژنە، پارە دەدات. ئەگەر بەو شێوەیە بووایە، ئەوا ماناکەی ئەوە دەبوو بازنی برۆنز، ددانی نەهەنگ، سەدەف یا تەنانەت مەڕومالات بە شێوازێک دەبنە هاوتای یەک ژن، کە لە سەر بنەمای لۆژیکی ئابووریی مرۆیی، بە ئاشکرا شتێکی پوچ و بێمانایە. دەکرێت تەنیا یەک مرۆڤ هاوتای مرۆڤێکی تر هەژمار دەکرێت. جیا لەوە لێرەدا، کاتێک سەبارەت بە هاوسەرگیریی قسەمان دەکرد، لەبارەی بابەتێکەوە قسەمان دەکرد کە لە گیانی یەک مرۆڤ زیاترە: سەبارەت بە مرۆڤێک قسەمان دەکرد کە دەتوانێت کۆمەڵێک ژیانی نوێ بهێنێتە بوون.

بە دڵنیایی زۆرێک لەو کەسانەی شیربەها دەدەن، وەک خەڵکانی تیو، بە ڕوونیی هەموو ئەوانە دەزانن. پارەی شیربەها بۆ دانەوە و پاککردنەوەی قەرزەکان نییە، بەڵکوو بە جۆرێک دانپێدانانە بە بوونی ئەو قەرزەی ناکرێت بە پارە بدرێتەوە. بە زۆریی هەردوو هۆزەکە لانیکەم لە سەر ئەو ئەفسانە پیرۆزە دەمێننەوە گوایە ڕۆژێک لە کۆتاییدا ئەم قەرزە دەدرێتەوە: بۆ نموونە ئەوەی هۆزی

خوازبێنیکەر سەرەنجام یەکێک لە کچەکانیان، ڕەنگە تەنانەت کچ یان نەوەی هەمان ژن بە یەکێک لە پیاوانی هۆزی ئەو ژنە دەدەن. یاخود ڕەنگە پلان و بەرنامەیەک بۆ چاودێریی و بەخێوکردنی منداڵەکان لە ئارادا بێت، ڕەنگە هۆزی ژنەکە سەرپەرەشتیی یەکێک لە مناڵەکانی ئەو لە ئەستۆ بگرن. ڕەنگە حاڵەتەکان ناکۆتا بن.

بەم شێوەیە، ڕووسپاب واتەنی؛ پارە هاوشێوەی (شوێنگرەوەی ژیان) دێتە مەیدان. دەتوانرێت وەک ناسینەوەی قەرزی گیانیی ناو بنرێت. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە چۆن هەموو کات هەمان ئەو جۆرە تایبەتەی پارە وا بۆ ڕێکخستنی هاوسەرگیریی بەکار دەهێنرێت، بۆ دانی دییە (یان «خوێن بەها» وەک هەندێک وای پێ دەڵێن) بەکار دەهێنرێت: پارە بە خانەوادەی قوربانیی دەدرێت تا ڕێ لە تۆڵە بگیرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت. تەنانەت لێرەدا سەرچاوەکان ڕوونتریشن. لە لایەکەوە یەکێک لە لایەنەکان ددانی نەهەنگ یا بازنی برۆنز بە خزمانی کەسی کوژراو دەدەن تا ئەوە پشتڕاست بکەنەوە ئەوان ژیانێک بە خانەوادەی کەسی کوژراو قەرزارن. لەلایەکی ترەوە، ددانی نەهەنگ یا ئەڵقەی برۆنز بە هیچ واتایەک و هەرگیز لەدەستدانی کەسی کوژراو بۆ خانەوادەکەی قەرەبوو ناکاتەوە. بە دڵنیایی هیچ کەسێک لەوانەی شتێکی لەو چەشنە پێشکەش خێزانی قوربانیی دەکەن، هەرگیز تا ئەو ئەندازەیە نەزان و گێل نین وا بیر بکەنەوە بڕی ئەو پارەیەی داویتی، لە باوک و خوشک یان مناڵی کەسێک بەبەهاترە.

بە هەمان شێوە لێرەشدا پێدانی پارە بە پلەی یەکەم و گرنگتر

لە هەرشتێک، پشتڕاستکردنەوەی ئەوەیە کەسێک شتیک قەرزدارە کە زۆر لە پارە بەبەهاترە.

لەبارەی خوێن بە خوێنەوە، دوو لایەن هاوشێوەی یەکتری ئاگادارن، تەنانەت بۆ تۆڵە و کوشتنیش. گەرچی لانیکەم هاوتای بنەمای گیان بەرانبەر گیانە، ڕاستییەکەی قەرەبووکەرەوەی خەم و مەینەتیی کەسوکاری قوربانیی نین. ئەم ئاگامەندییە زەمینە بۆ دامرکاندنەوەی توندوتیژیی ڕووداوەکە خۆش دەکات. لەگەڵ بوونی ئەمە هاوشێوەی بابەتی هاوسەرگیریی، دیسان ئەو هەستە وا لە گۆڕێ کە چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکە تەنها بە شێوازێکی کاتیی دوا خراوە.

ڕەنگە ئەم نموونەیە بەسوود بێت. لای خەڵکانی (نوئر) توێژێکی تایبەتی پیاوانی ئایینیی هەن و ئەرکیان نێوەندگیرییە لە خوێنخۆشکردندا، لە نووسراوەکاندا ئەوان بە ناونیشانی (سەرۆکی پێستپڵنگیی) ناو دەهێنرێن. ئەگەر پیاوێک پیاوێکی تر بکوژێت، خێرا پەنا دەباتە بەر یەکێک لە مەڵبەندەکانی نیشتەجێبونی ئەوان، چونکە هەمووان هاوڕان لە سەر جۆرێک لە پیرۆزیی ئەم مەڵبەندانە و نابێت بشکێنرێت؛ تەنانەت خانەوادەی کەسی کوژراو بە پێودانگی شەرافەت ئەرکداری تۆڵەکردنەوەی کەسی کوژراون، ئەوان دەزانن ناتوانن بچنە ئەو شوێنە، نەوەک دەرئەنجامێکی شوومی هەبێت. بەپێی شرۆڤەی کلاسیکی ئاوانز پریچارد، سەرۆکی پێستپڵنگیی دەمودەست نێوەندگیریی دەکات تا بۆ کۆتایهێنان بە جەنگی نێوان خانەوادەی بکوژ و کوژرا دەست بە گفتوگۆ بکرێت. ئەمە کاریکی جوانە، چونکە هەمیشە لە سەرەتادا ماڵباتی کەسی کوژراو مل بۆ گفتوگۆ ناخەوێنن:

(سەرۆک سەرەتا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت بزانیت خانەوادەی بکوژ چ جۆرە ئاژەڵێکیان هەیە و ئامادەن چ شتێک وەک قەرەبوو بدەن... پاشان دەچنە دیداری خانەوادەی کوژراو و داوایان لێ دەکەن تا ئاژەڵەکانی خێزانی تاوانبار بەرانبەر گیانی کوژراو پەسەند بکەن. ئەوان هەمیشە پەرچی دەدەنەوە، چونکە سووربوون لەسەر ئەو خاڵە گرێدراوی شەرافەتیانە، بەڵام واتای پێداگرییەکە ئەوە نییە گوایە نەیانەوێت قەرەبووەکە پەسەند بکەن. سەرۆکیش ئەوە دەزانێت، سا فشاریان لێ دەکات تا پەسەندی بکەن، تەنانەت هەڕەشەیان لێ دەکات ئەگەر زیاتر کەللەڕەقیی بنوێنن، ئەوا بەر نەفرەتیان دەخات١٩٤٠:١٥٣ evans Pritchard -.

خزمانی دورتر فشاریان لێ دەکەن و بەرپرسیارێتیی هەمووان بەرانبەر کۆمەڵگای گەورەتر بەبیر دەهێننەوە، بیریان دەهێننەوە دەستبردن بۆ تۆڵەی ئاشکرا، خزمانی بێگوناه ڕووبەڕووی چ مەترسییەک دەکاتەوە، جا دەرئەنجام دوای نمایشیکی گەورە لە پەرچدانەوە و سووربوون لە سەر ئەوەی قەبووڵکردنی هەر ژمارەیەک لە ئاژەڵ بەرانبەر گیانی کوڕ یان برا سووکایەتییە، بە زۆریی بە ناڕەزایەتییەوە ئەم قەرەبووە قەبووڵ دەکەن. لە واقیعدا تا کاتێک کیشەکە لە لایەنی تیۆریەوە کۆتای هاتبێت، ئەوا ڕاستییەکەی هێشتا کۆتای نەهاتووە – بە زۆریی چەندین ساڵ درێژە دەکێشێت تا ئەو ژمارە ئاژەڵەی بڕیارە وەک قەرەبووی تاوان بدرێت، کۆ بکرێتەوە، تا کاتێک ئەم قەرەبووەش دەدرێت، دوو لایەنی کێشەکە هەوڵ دەدەن تەرێز لە یەکتری بگرن، (بە

تایبەت لە سەماکردنەکاندا، چونکە ئەگەری هەیە لە ساتی سەما و نائاگاییدا، هەر ئەوەندەی بەر کەسێک لە خزمانی کوژراو بکەون، ئەوا دەمودەست کێشەکە سەر هەڵبدایەوە، چونکە ئەو برین و کارەساتەی دژ بە بەرانبەر درووست کراوە، هیچکات نەبەخشراوە و دواجار ئەم هەقە دەبێت بە گیانێک پاک بکریتەوە)

بۆیە ڕووداوی (خوێنبەها) زۆر هاوشێوەی شیربەهایە، پارە قەرز پاک ناکاتەوە. تەنها گیانێک دەخرێتە بەر گیانێکی تر. لە باشترین دۆخدا ئەوانەی شیربەها دەدەن، بە قەبووڵکردنی بوونی ئەم قەرزە و سوربوون لەسەر ئەوەی ئارەزوو دەکەن کە خۆزگا دەیانتوانی بیدەنەوە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەش کە دەزانن ئەم کارە نەکردەنییە، دەتوانن مۆڵەت بخوازن بابەتەکە بۆ هەمیشە بە هەڵواسراویی بمێنیتەوە. لە کیشوەری ئەمبەری زەریادا، دەبینین لویس هێنری مۆرگان چۆن باسی ڕێکارە ئاڵۆزەکانی کۆتایهێنان بە جەنگ دەکات لەنێوان شەش هۆزی ئیروکوایی، کە بە واقیعیی بۆ دووریگرتن لە هەمان هەلومەرج دانراون، ئەمەش کاتێک پیاوێک بە دەستی یەکێکی تر دەکوژرێت:

(پاش ڕوودانی کوشتن، بە خێرایی ئەو هۆزانەیی هەردوو لایەن سەر بەوان بوون، بە دەم ڕووداوەکەوە دێن و خۆیان دەناسێنن تا بگەن بە ئاشتیی، ئەمەش بۆ ڕێگریی لە هەر دەرەنجامێکی کارەساتبار لەو ڕووداوە کەسییە.

یەکەم کەرەت هەوڵیان دەدا بزانن داخۆ تاوانبار دەیەوێت دان

بە تاوانەکەیدا بنێت یاخود نا، سزاکەی دەدات یان نا؟ ئەگەر ئەو ملی بۆ ئەو بابەتە خەواند، ئەنجوومەنی هۆز بە خێرایی بە ناوی ئەوەوە ملوانکەیەکی سەدەفی سپی بۆ ئەنجوومەنی هۆزەکەی تر دەنێرن، ئەمە پەیامێک بوو. دواتر ئەنجوومەنەکەی تر هەوڵیان دەدا خانەوادەی کوژراو ئارام بکەنەوە، تووڕەییان دامرکێننەوە و ڕازییان بکەن تا گەردنبەندە سەدەفەکە بە نیشانەی بەخشین بپەژرێنن -لویس هێنری مۆرگان.)

لێرەشدا هاوشێوەی خەڵکانی نوئر، بابەتە پەیوەستە بە پێگەی قوربانیی و کاکڵەی تاوانەکە. نەخشەیەکی ئاڵۆز دەکێشرێت تا نزیکەی چەندین سەدەفی بە گەردنبەندکراو بدرێن. لێرەش بە هەمان شێوەی نوئرەکان هەمووان جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم کارە وەک پێدانی بەهای گیانی کوژراو نییە. بەهای سەدەفەکان بە هیچ جۆرێک هاوتای گیانی کەسی کوژراو نییە:

(پێشکەشکردنی سەدەفە سپییەکان وەک قەرەبووی گیانیی کەسی مردوو نییە، بەڵکوو واتای دانپیادانانێکی تاڵە بە تاوانێک و داواکاریی لێخۆشبوون. ئەم پێشکەشکردنە لە واقیعدا پێشنیاری ئاشتیی بوو، جا خزمانی هەردوولایەن پێیان لە سەر پەژراندنی دادەگرت- لویس هێنری مۆرگان.)

ڕاستییەکەی لە هەندێک هەلومەرجدا ڕێگایەک بۆ دەستکاریی ئەم سیستەمە هەبوو، ئەمەش بۆ ئەوەی پێدانی ئەو خوێنبەهایەی بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی تووڕەیی و خەمی خزمانی کوژراو

ئەنجام دەدرا، بگۆڕنە سەر ڕێگایەک بۆ خوڵقاندنی ژیانی نوێ، ئەمە بە مانایەک دەبووە شوێنگرەوەی ئەو گیانەی لەدەست چوو بوو. بە شێوەیەکی باو لای نوئرەکان دەبوو چل سەر ئاژەڵ وەک خوێنبەها بدەن، بەڵام ئەمە هاوتای هەمان چەندێتیی باوە بۆ شیربەهاش. پاساوەکەش ئەوە بوو: ئەگەر پیاوێک پێش هاوسەرگیریی مناڵێک بهێنێتە دنیا، بکوژرێت، سرووشتییە ڕۆحی تووڕە دەبێت. لە ئەنجامی کوشتنەکەوە دەرفەتی ئەبەدێتیی لەو کەسە وەرگیراوەتەوە. باشترین ڕێچارە ئەوەیە سوود لەو ئاژەڵانەی وەک خوێنبەها دراون، وەربگیرێت و 'هاوسەری ڕۆحیی' بۆ کەسی کوژراو پەیدا بکەن: ئەو کەسەی بە فەرمیی دەبێتە هاوسەری کەسی مردوو. هەندێ کات دەبێتە هاوسەری یەکێک لە براکانی کەسی مردوو، هەندێ کات ڕێگایان پێ دەدا لەگەڵ هەرکەسێکدا بژی کە خۆی دەیەوێت، هێندە گرنگ نەبوو چ کەسێک ئەو سکپڕ دەکات، چونکە بەهەرحاڵ بە باوکی مناڵەکانی ئەم ژنە هەژمار نەدەکرا. ئەو منداڵەی لەم ژنەوە لەدایک دەبوو، بە مناڵی ڕۆحیی کەسی کوژراو دادەنرا؛ لە ئەنجامیشدا گریمانەی ئەوە دەکرا هەر کوڕێک لە نێو ئەو منداڵانەدا بە شێوەیەکی تایبەت ئەرکدارە تا ڕۆژێک تۆڵەی ئەو بکاتەوە.

وا دەردەکەوێت نوئرەکان لە کێشە و ململانێکاندا هەندێ سەرسەختتر بوون. ڕوسپاب هەندیک نموونە لە ناوچەی دیکەی جیهان دەهێنێتەوە کە لەوانە ئاشکراترن. بۆ نموونە لە نیو خەڵکە سەرەتایەکانی باکووری ئەفریقا هەندێ کات ڕووی دەدا تاکە ڕێگا

بۆ کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتیی ئەوە بووە؛ خانەوادەی بکوژ کچێک بە نزیکترین خزمانی کوژراو –بۆ نموونە براکەی – بدات تا بیکات بە ژنی خۆی. ئەگەر ئەم کچە بۆ ئەو پیاوە کوڕێکی دەبوو، ئەم کوڕە دەبێتە هەڵگری ناوی مامە کوژراوەکەی و لە گشتیترین مانای وشەدا وا گریمانەی دەکەن شوێنگرەوەی ئەوە. بەم شێوەیە، خەڵکانی ئیرۆکوای کە سیستەمی کۆمەڵایەتییان دایکسالارییە، ژنان ئاڵوگۆڕ ناکەن. لە بەرانبەردا ڕێگاچارەیەکی دیکەیان هەیە و ڕاستەوخۆترە. ئەگەر پیاوێک بمرێت –تەنانەت بەهۆی کارەساتێکی سرووشتییشەوە– خزمانی پیاوەکە ڕەنگە (ناوەکەی بخەنە سەر قاڵیچەیەک) و کەمەربەندێک لە سەدەف بنێرن، ئەمەش وەک پێشـزەمینەیەک بۆ داوەتی جەژنی جەنگ و دەکرێت ببێتە هۆکاری هێرش بۆ سەر گوندی دوژمن و گرتنی دیلی جەنگیی. ئەگەری هەیە دیلەکە تا ئاستی مردن ئەشکەنجە بدەن، یان ئەگەر داپیرەکانی هۆز بەزەییان هەبێت، ئەو قەبووڵ دەکەن (بێگومان هیچکات ئەوە زانراو نییە کە هەن یاخود نا، خەمی عەزاداریی سەیروسەمەرەیە): ئەم قەبووڵکردنە بە هەڵواسینی گەردنبەندی سەدەف بە سەر شانەکانی ئەودا ئاشکرا دەبێت، لەوێدا ناوی مردووەکە لەو کەسە دەنێن و لە هەمان ساتەوە ئەو دەکەن بە هاوسەری ژنی مردووەکە، دەبێتە خاوەنی دارایەکانی ئەو و بە هەر شێوازێک و لە واقیعدا، بە هەمان شێوەی پیاوە مردوەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

هەموو ئەو نموونانە تەنها دەرخەری مەبەستی بنچینەیی

ڕوسپابن، واتا ئەوەی ئاڵوگۆڕی پارە لە ئابوورییە مرۆییەکاندا بە گشتیی لە جەوهەری خۆیدا وەک پشتڕاستکردنەوەی بوونی قەرزێکە و ناتوانرێت بدرێتەوە.

بە مانایەک ئەم بۆچوونە زیاتر بیرهێنەرەوەی تیۆرەی قەرزی ئەبەدییە: پارە لە ناسینەوەی قەرزی ڕەهاوە وەک شتێکی لێ دێت کە ژیانی بە ئێوە بەخشیوە. جیاوازییەکەی ئەوەیە لەبری خەیاڵی قەرزێکی لەو چەشنە لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا، یان ڕەنگە لە نێوان تاک و گەردوون، لێرەدا قەرزەکان وەک تۆڕێکی دوانەیی لە پەیوەندیی دەبینرێن: بە نزیکەیی هەموو کەسێک لە کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیەدا پەیوەندییەکی قەرزاریی ڕەهای لەگەڵ کەسانی تر هەیە. بابەتەکە ئەوە نییە ئێمە قەرزاری (کۆمەڵگا)ـین. لیرەدا ئەگەر چەمکی (کۆمەڵگا) بوونی هەبێت -نازانریت کە بوونی هەیە- کۆمەڵگا هەمان قەرزەکانی ئێمەیە.

## قەرزی خوێنی (هۆزی لەلە)

ئاشکرایە ئەم تێڕوانینە ڕووبەڕووی هەمان بابەتی ئاشنامان دەکاتەوە: چۆن هەمان ئەو نیشانەیەی دانراوە تا دانپیادانانێک بێت بەوەی ناتوانرێت قەرز بدرێتەوە، دەگۆڕێت بە جۆرێک لە پێدانەوە و دەکرێت قەرزی پێ کەم بکەینەوە؟ لێرەدا ڕەنگە بابەتەکە سەختتر لە پێشوو بنوێنێت.

لە واقیعدا بابەتەکە ئەوە نییە. بەڵگەکان دەربارەی ئەفریقا بە ڕوونیی

نیشـانی دەدەن، شـتی لـەو چەشـنە ڕوو دەدەن؛ گەرچـی ئـەو وەڵامـەی دەیدەنـەوە، کەمێک بێزارکـەرە. بـۆ نیشـاندانی ئـەم پرسـە پێویسـتە بـە وردیی تەماشـای هەلومەرجی یـەک - دوو کۆمەڵگای جیاواز بکەین.

سـەرەتا بە هۆزێکی ئەفریقای واتـا 'هۆزی لەلە' دەست پێ دەکەین. خەڵکانێک لـە دەیـەی ١٩٥٠، واتـا کاتێکدا میری داگلاس لێکۆڵینـەوەی لەبارەیانـەوە دەکرد، توانیبوویـان بنەمـای دانـەوەی قـەرزی خوێنیـی بگۆڕن بۆ بنەمـای ڕێکخسـتنی گشـتێتیی کۆمەڵگای خۆیـان.

لەوکاتـەدا (هـۆزی لەلـە) پێکهاتبـوون لـە دە هـەزار کـەس و لە سـەر زەوییـەک لـە کۆتایی ڕووبـاری کاسـای لە کۆنگۆی بەلژیکیی دەژیان. دراوسـێ دەوڵەمەنـد و شارسـتانییەکانی ئـەوان، واتـا دانیشـتووانی کووبـا بووشـونگ، ئەوانیـان بـە خەڵکانـی توندوتیـژ و دواکەوتـوو هەژمـار دەکـرد. ژنانی هـۆزی لەلـە گەنمەشـامیی و مانیـوک (کاسـاو) ـیان دەچانـد، پیاوەکانیـان خۆیـان بـە نێچیروانیـی ئـازا و دلێـر دەزانی، بـەڵام زۆرتریـن کات سـەرگەرمی چنیـن و دورینـی جلوبـەرگ بـوون لـە گـەڵای دارخورمـا. ئـەم جلوبەرگـە هەمـان ئـەو شـتە بـوو وا ئـەم ناوچەیـەی پێ دەناسـرایەوە. ئـەم پۆشـاکە نەک تەنهـا وەک جلوبەرگ بـەکار دەهێنـرا، بەڵکـوو هەنـاردەش دەکـرا: هـۆزی لەلـە خۆیـان بـە دابینکـەری جلوبەرگـی ناوچەکـە دەزانـی و لەگـەڵ خەڵکـی ناوچەکـە پۆشـاکیان ئاڵوگـۆڕ دەکـرد تـا کەلوپەلـی جوانکاریـی بەدەسـت بهێنـن. ئـەم چنراوانـە لـە نێـو خۆیانـدا ڕۆڵ و ئەرکـی پـارەی دەگێـڕا، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش لـە بـازاڕ بـەکار نەدەهـات (چونکـە هیـچ بازاڕێـک لـەوێ بوونـی نەبـوو)، بـەو جـۆرەی میری داگلاس دۆزییـەوە و قەبووڵکردنـی

ئـەم دۆزینەوەیـە بـە هیـچ شـێوەیەک کارێکـی ئاسـان نەبـوو بـۆی. لـە ناوخـۆی گوندەکانـدا نەدەکـرا بەرانبـەر ئـەم چندراوانـە خـۆراک، ئامـراز، قاپوقاچـاغ یـان بـە نزیکـەی هیـچ شـتێک وەربگیرێت. ئـەم چندراوانـە لـە بنچینـەدا پـارەی کۆمەڵایەتیی بـوون.

(پێدانی دیاریی ئاسایی درووستکراو لە چنراوی گەڵای دارخورما لـە هەمـوو پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانـدا هەیە: لەنێوان ژن و مێرد، کورِ و دایـک، کـورِ و بـاوک. ئـەم دیارییانـە لـە کاتـی بوونـی هەلومەرجـی ململانـێ و گرفـت وەک پێشـنیاری ئاشـتیی بـەکار دەهێنرێـن؛ ئـەم دیارییانـە دەدرێـت تـا رِق و تـوورِەیـی بگۆرِێـت بـە ئاشـتیی یاخـود پیرۆزبایـی کەسـێک بـە کەسـێکی تـر بگەیەنرێت. هەروەهـا دیاریـی فەرمیـش لـە هەمـان گـەڵای دارخورمـا دەچندرێـت، ئەگـەر بێباکیـی لـە پێدانیـان نیشـان بدرێـت، ئـەوا رِووبـەرِووی مەترسـیی پچرِانـی پەیوەندیـی کۆمەڵایەتیـی دەبنـەوە. کاتێـک کـورِ دەگاتـە قۆناغـی هەرزەکاریـی، ئـەوا دەبێـت بیسـت دەسـت جلوبـەرگ بـە باوکـی بـدات، ئەگـەر ئـەو کارەی نەکردبێـت، ئـەوا شـەرم دەکات بچێتـە لای باوکـی و دوای لـێ بـکات تـا لـە تێچـووی هاوسـەرگیرییەکەیدا یارمەتیـی بـدات. پیـاو دەبێـت بەرانبـەر لەدایکبوونـی هـەر مناڵێـک، بیسـت دەسـتە جلوبـەرگ بـە هاوسـەرەکەی بـدات. ـ میـری داگڵاس ١٩٥٨- بەپێـی ئەندازەگیریـی داگڵاس هـەر پیاوێکـی سـەرکەوتوو تـا بـە پێگەیەکـی کۆمەڵایەتـی کامـڵ دەگات، لانیکـەم سێسـەد چنـدراوی گـەڵای دارخورمـای خـەرج کردووە و سێسـەدی دیکـەی وەک دیاریی بەخشـیووە ـ میـری داگڵاس١٩٦٣)

هەروەها ئەم چندراوانە بۆ خەرجکردن و دانەوەی قەرزەکان و پێدان بە تیمارکەران بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە، ئەگەر ژنێک بە مێردەکەی بڵێت؛ کەسێک هەوڵی داوە ناوی ئەو لە کۆمەڵگەدا بزڕێنێت، نەریت وایە پیاو بیست چندراو لە پای وەفاداریی بە ژنەکەی بدات (ئەم کارە پێویست نییە، بەڵام ئەنجامنەدانی گەمژانە دەبینرێت). ئەگەر زیناکارێک بکەوێتە داوەوە، چاوەڕوان دەکرێت پەنجا تا سەد چندراو بە مێردی ژنەکە بدات، ئەگەر مێرد و تاوانبارەکە پێش کۆتایی کێشەکە بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵە ئارامیی گوندەکە تێک بدەن، هەریەک لەوان دەبێت دوو چندراو لەپێناو قەرەبووکردنەوەدا بدەن و ئیدی بەم شێوەیە.

دیارییەکان هەرچەند بچینە سەرەوە، زیاتر دەبن. گەنجەکان زیاتر دیاریی بچووک لە هەمان ماددەی چندراو بە دایک و باوک و مامەکانیان دەدەن تا بەم چەشنە سوپاسیان بکەن. ئەم دیارییانە لە خۆیاندا فۆرمێکی پلەبەندییان هەیە: واتە ئەوانەی دیاریی وەردەگرن هیچ کات بڕیار نییە هەمان کار بکەنەوە. لە ئەنجامدا بەتەمەنەکان و بەتایبەت پیاوانی پیرتر، زۆربەی کات شتێکی ئەوتۆیان لەم چندراوانە لەدەستدا نامێنێتەوە، پیاوانی گەنجیش هیچکات ناتوانن بە ئەندازەی پڕکردنەوەی پێویستییەکانیان، لەم جلوبەرگانە بچنن، هەرکات پێویست بێت، ژمارەیەکی بەرچاو لەم چندراوانە بدەن ناچارن بچنە سۆراغی کەسە پیرەکان: بۆ نموونە؛ کاتێک دەبێت سزای تاوانێکی قورس بدەن، یاخود کاتێک دەیانەوێت بۆ هاوکاریی منداڵبوونی هاوسەرەکانیان پزیشکێک

بانگهێشت بکەن، یان دەیانەوێت لە بۆنەیەکی ئایینیدا بە کۆمەڵەکەی خۆیانەوە پەیوەست بن. هەربۆیە کەسە گەنجەکان هەمیشە تا ئاستێک قەرزداری گەورەترەکانن، یان لانی کەم هەندێک لەژێر باری منەتی ئەواندان. بەڵام هەمووان ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و خزمیان هەیە و ڕۆژگارێک هاوکارییان کردوون، هەربۆیە دەتوانن جارێکی تریش پشت بە هاوکاریی ئەوان ببەستن.

هاوسەرگیریی بە شێوەیەکی تایبەت تێچووی زۆرە، چونکە فەراهەمکردنی کەلوپەل و پێویستییەکان پێویستی بەوەیە تاک چەندین پارچەتەختە لە داری درەختی کموود [سندڵی ئەفریقایی] لە بەردەست بێت. لە کاتێکدا چندراوەکانی گەڵای دارخورما لە بۆنە و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بچووکدا بەکار دەهێنرێن (کموود - سندڵ - دارێکی هاوردەکراوی دەگمەنە و بۆ درووستکردنی کەلوپەلی جوانکاریی بەکار دەهێنرێت)، یەکەیەکی پارەیی گەورەتر بوو. سەد چندراوی گەڵای دارخورما هاوتای سێ تا پێنج پارچەداری کموود بوو. ژمارەیەکی کەمی خەڵک خاوەنی 'کموود'ێکی زۆر بوون، کەسەکان زیاتر تەنها چەند پارچەیەکیان هەبوو کە بۆ بەکارهێنانی خۆیان وردیان دەکردەوە. زۆرترینی ئەم پارچەدارانە لە خەزێنەی هاوبەشی گونددا هەڵدەگیران.

ئەمە مانای ئەوە نییە 'داری کموود'ی ئەفریقایان بۆ هەرکارێکی هاوشێوەی پێدانی شیربەها بەکار دەهێنا؛ بەڵکوو بەرانبەر بەمە لە گفتوگۆکاندا سەبارەت بە هاوسەرگیریی کەڵکی لێ وەردەگیرا و هەر جۆرێک لە دیاریی دەدرا و وەردەگیرا. لە واقیعدا هیچ

شیربەهایەک لە ئارادا نەبوو. پیاوان نە دەیانتوانی بۆ بەدەستهێنانی هاوسەر کەڵک لە پارە وەبگرن، نە دەیانتوانی سوود لە پارەش وەربگرن تا مافیان بە سەر منداڵەکانی ژنەکەوە هەبێت. لە هۆزی (لەلە)دا سیستەمی دایکسالاریی باڵادەست بوو. منداڵەکان گرێدراوی باوکانی هۆز نەبوون، بەڵکوو گرێدراوی دایکەکانیان بوون.

سەرباری ئەمەش شێوازی دیکە هەبوو، پیاوان لە ڕێی ئەم شێوازانەوە بە سەر ژناندا باڵادەست دەبوون. ئەم ڕێگایە سیستەمی قەرزی خوێنیی بوو.

لە نێو خەڵکی کۆنی ئەفریقادا بیروباوەڕێک هەیە لەسەر بنەمای ئەوەی کەس بەبێ هۆکار نامرێت. واتا ئەگەر کەسێک بمرێت، ئەوا دەبێت کەسێک ئەوی کوشتبێت. بۆ نموونە ئەگەر ژنێک لە هۆزی (لەلە) لە سەروەختی منداڵبووندا بمرێت، گریمانەی ئەوە دەکرێت بەو هۆکارە بووە کە تووشی زینا بووە، هەربۆیە کەسی زیناکار بە بەرپرسی مەرگی ئەو دەزانن. هەندێ کات ژن لە سەرەمەرگدا دانی پیادا دەنێت. ئەگەر وا نەبێت، ئەوا دەبێت لە ڕێی جادوگەرییەوە تێبگەن. ئەگەر منداڵێکیش بمرێت، ئەوا بە هەمان شێوەیە. ئەگەر کەسێک نەخۆش بکەوێت یاخود لە کاتی هەڵزنان بە درەختێکدا بخزێت و بکەوێتە خوارێ، دەچنە سۆراخی نزیکترین خزم و کەسوکاری تا بزانن ئەو کەسە لە هیچ کێشە و شەڕێکدا بەشداریی کردووە تا بتوانن بڵێن ئەوە بووەتە هۆی بێبەختیی ئەو یان نەخێر. گەر هیچ ڕێگەیەک بە ئەنجامیان نەگەیەنێت، دەتوانن سوود لە نێوەندگیریی جادووگەران ببینن تا بزانن چ کەسێک

نوشتە و جادووی لێ کردووە. هەر هێندەی خەڵکی گوند باوەڕیان بەوە کرد تاوانباریان دۆزیوەتەوە، ئەوا ئەو کەسە قەرزدارە بە پێدانی قەرزی خوێنیی: واتە بە نزیکترین خزمانی قوربانی یەک گیانی مرۆیی قەرزدارە. بەم شێوەیە کەسی تاوانبار دەبێت لە ڕێگەی کچێکی گەنج لە خێزانی خۆی، خوشکی یاخود کچی، ئەم قەرزە بداتەوە تا ئەم کچە لە ژێر سەرپەرشتیی، یاخود 'بارمتە'ـی خزمانی کەسی قوربانیدا بێت (لەمەولا چارەنووس و ژیانی کەسی بارمتە دەکەوتە دەست سەرپەرشتیارانیان).

هاوشێوەی سیستەمی قەرزی (هۆزی تیۆ)، ئەم سیستەمەش بە خێراییەکی ئێجگار زۆر ئاڵۆز بووە. بارمتەگیریی بە میرات دەمێنێتەوە. دەرئەنجام زۆرێک لە پیاوان پیاوانی وابەستەی کەسێکی تر بەهەژمار دێن. لەگەڵ ئەوەش هیچ کەس پیاوی وەک بارمتە بەرانبەر وەرگرتنی قەرزی خوێنیی پەسەند نەدەکرد: بنەمای بابەتەکە ئەوە بوو کچ و ژنی گەنج بە بارمتە بگرێت و بەم دەساوێژە بتوانێت منداڵانێکی زۆر وەک بارمتە بهێنێتە دونیاوە. ئەو کەسانەی هۆزی لەلە وا زانیارییەکانی میری داگلاسیان فەراهەم کردووە، جەختیان لەوە کردووەتەوە کە هەر پیاوێک پێی باشە تا ئەوشوێنەی دەکرێت، لەم ژنانەی بە بارمتە هەبێت:

(بپرسە: «بۆچی دەتەوێت بارمتەی زیاترت هەبێت؟» و هەمیشە لە وەڵامدا دەبیستیت: «سوودی هەبوونی بارمتە ئەوەیە؛ هەرکات قەرزی خوێنیی بکەوێتە گەردنت، دەتوانی بە پێدانی یەکێک لە بارمتەکانت، قەرەبووی بکەیتەوە و خوشکەکانی خۆت بە ئازادیی

دەمێننــەوە.» بپرســە: «بۆچــی دەتانەوێــت خوشــکەکانی خــۆت بــە ئازادیــی بمێنێتــەوە؟» لــە وەڵامــدا دەبیســتیت: «ئــاه! باشــە ئەگــەر تووشــی قــەرزی خوێنیــی بــووم، دەتوانــم بــە بارمتەدانانــی یەکێکیــان کۆتایــی پــێ بهێنــم...»

هــەر پیاوێــک دەزانێــت هــەر ســاتێک ئەگــەری هەیــە قەرزێکــی خوێنیــی بکەوێتــە گەردنییــەوە. ئەگــەر ژنێــک ئــەم فریــوی داوە، لــە ســاتی ئــازاری منداڵبوونــدا نــاوی ئــەو بهێنێــت و دواتــر بمرێــت، یاخــود ئەگــەر منداڵــی هەمــان ژن بمرێــت، یاخــود ئەگــەر لەگــەڵ ئــەو کەســەی شــەڕی کــردووە و ئــەو کەســە بەهــۆی نەخۆشــیی یاخــود ڕووداوێــک بمرێــت، ئەگــەری هەیــە وەک بەرپــرس لــە ڕووداوەکــە بناســرێت... تەنانــەت ئەگــەر ژنێــک لــە دەســت مێردەکــەی هەڵبێــت و لەبــەر ئــەوە جەنگێــک هەڵبگرســێت، کــوژراوەکان دەخەنــە ئەســتۆی پیاوەکــە و براکانــی یاخــود بــرای دایکــی دەبێــت قەرزەکــە بدەنــەوە. بــەو هــۆکارەی تەنهــا ژنــان وەک قەرەبــووی خوێــن قەبــووڵ دەکــەن، بــۆ هەمــوو مەرگــەکان چــی لــە ژنــان و چــی لــە پیــاوان، قەرەبوویــان دەوێــت، ئاشــکرایە هەمیشــە بەپێــی پێویســت ژنانێــک بــۆ دانــی وەک بارمتــە بوونــی نییــە. پیــاوان بــۆ دانــەوەی قــەرز و ئەنجامدانــی ئەرکــی بارمتەدانــان، دووچــاری قــەرزی دواکەوتــوو دەبوونــەوە، کچــان پێــش ئــەوەی لەدایــک ببــن، بــە بارمتــە دەدران، تــا پێــش ئــەوەی دایکەکانیــان بگەنــە تەمەنــی هاوســەرگیریی.)

بــە واتایەکــی تــر هەمــوو شــتێک گــۆڕدراوە بــە یارییەکــی بێکۆتــای شــەترەنج – داگڵاس دەڵێــت یەکێــک لــە هــۆکارەکان کــە لێرەدا چەمکــی

Pawn(لە شەترەنجدا هاوتای سەربازی پیادەیە) بەکار دێت، لەبەر هەمان شتە. بە نزیکەی هەموو پیاوە بەتەمەنەکانی هۆزی لەلە هاوکات هەم بارمتەی کەسێکی تر بوون، هەم خۆشیان بەردەوام سەرگەرمی هێشتنەوە و ئاڵوگۆڕ و کڕینەوەی بارمتەکانی دیکە بوون. هەر ڕووداوێک یان خەمێکی دیار لە ژیانی گوندا هەمیشە دەبووە هۆکاری گواستنەوەی ماف بە سەر ژنانەوە. سەرەنجام بە نزیکەی هەموو ژنان ئاڵوگۆڕ دەکران.

لێرەدا پێویستە جەخت لە سەر چەند خاڵێک بکەینەوە؛ یەکەم ئەوەی ئەو شتەی ئاڵوگۆڕ دەکرا، بە شێوەیەکی ئاشکرا، ژیانی مرۆڤەکان بوو. داگلاس ئەمە بە (قەرزی خوێنیی) ناو دەبات، بەڵام (قەرزی گیانیی) دەستەواژەیەکی گونجاوترە. بۆ نموونە بیر بکەرەوە کەسێک خەریکە لە ئاودا دەخنکێت و کەسێکی تر ڕزگاری دەکات. یاخود کەسێک گرفتاری نەخۆشییەکی کوشندەیە، بەڵام پزیشکێک چاکی دەکاتەوە. لە هەردوو بارەکەدا ڕەنگە سوود لەو مانایە وەربگرین کە کەسێک (گیانی خۆی) قەرزاری ئەوی ترە. خەڵکی لەلەش هەمان دەستەواژەیان بەکار دەهێنا، بەڵام ئەم گوزارشتەیان بە تەواوی لە بەمانا زمانەوانییەکەدا بەکار دەهێنا. ئەگەر گیانی کەسێکت ڕزگار بکردایە، ئەوا ئەو کەسە قەرزداری تۆ دەبوو. باوترین ڕێچارە بۆ ئەو کەسەی گیانیان ڕزگار کردبوو، ئەوە بوو خوشکەکەی خۆی بە بارمتە بدات - یاخود ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوا ژنێکی تر بدات؛ ئەو بارمتەیەی خۆی لە کەسێکی تر بەدەستی هێنابوو.

خاڵێکی تر ئەوەیە هیچ شتێک نەیدەتوانی شوێنگرەوەی گیانی مرۆڤێک بێت. (سزادان لەسەر بنەمای هاوسەنگیی تەواوەتیی بوو، گیان بەرانبەر گیان، کەسێک بەرانبەر کەسێکی تر). چونکە بەهای گیانی مرۆڤ ڕەها بوو، هیچ ژمارەیەک لە چندراوەکانی داری خورما، یاخود داری سندڵ، یان بزن، یا هەرشتێکی دیکە لە بەرانبەریدا نەدەدرا.

سێیەمین و گرنگترین خاڵ ئەوەیە لە واقیعدا (گیانی مرۆڤ) بە مانای (گیانی ژن) بوو؛ یا زۆر دیاریکراوتر (گیانی کچێکی گەنج). ئاشکرایە ئەمە لە پێناو زیادکردنی موڵکەکانی بارمتەگیران بوو: زیاتر لە هەر شتێک، کەسی بارمتەگیر پێی باش بوو بارمتەیەکی هەبێت و بتوانێت زیاد بکات و منداڵی بۆ بخاتەوە، چونکە منداڵەکانیش دەبوونە بارمتەی ئەو کەسە. بەم مانایە، هەرچەندە مری داگلاس بە هیچ جۆرێک کەسێکی فیمێنیستیش نەبوو، لێ ناچار پەسەندی کرد کە کۆی ئەم ڕێکارانە بە شێوەیەک کاری دەکرد گوایە سیستەمێکی گەورەیە بۆ جێگیرکردنی باڵادەستیی پیاو بەسەر ژناندا. ئەم بابەتە هەقیقەتی هەبوو، گرنگترین هۆکاریشی ئەوە بوو خودی ژنان نەیاندەتوانی بارمتەیان هەبێت. ژنان تەنها دەکرا بارمتە بن. بە مانایەکی تر، کاتێک باسی قەرزی گیانی لە ئارا بوو، تەنها پیاوان دەیانتوانی قەرزدار و خاوەنقەرز بن (لە واقیعیشدا، زۆرترین پیاوان هەم قەرزدار بوون و هەم خاوەنقەرز). بەم شێوەیە، کچانی گەنج ویستراو و قەرز بوون ـ ئەو داشانە بوون وا لەسەر ڕووی شەترەنج دەجووڵێندران– لە کاتێکدا ئەو دەستانەی ئەوانی دەجووڵاند، هەمیشە دەستی پیاوانە بوو.

هەڵبەت چونکە بە نزیکەی هەمووان بارمتە بوون، یاخود سەردەمانێک لە ژیانیاندا هەبووە کە بارمتە بوون، بارمتەبوون بە کارەساتێکی ئەوەندەش دژوار هەژمار نەدەکرا. بارمتەبوون بۆ بارمتەی ڕەگەزی نێر بە دەستکەوت دادەنرا، چونکە (ئەوکەسەی بارمتەی ئەوە یاخود ئازادیی ئیرادەی ئەمی تەسلیم کراوە) دەبوو زۆربەی سزای تاوان و خەرجییەکانی و تەنانەت قەرزە خوێنییەکانیشی بدایە. بە هەمان هۆکارە کە پسپۆڕ و شارەزایانی مری داگڵاس یەکدەنگ جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بارمتەگیریی هیچ جۆرە لێکچوونێکی لەگەڵ کۆیلایەتییدا نییە. هۆزی لەلە کۆیلەشیان هەبوو، بەڵام ژمارەی کۆیلەکان هیچکاتێک هێندە زیاد نەبووە. کۆیلەکانی هۆزی لەلە دیلی جەنگیی و زیاتر بیانیی بوون. بەم شێوەیە هیچ خانەوادەیەکیان نەبوو، واتا کەسێکیان نەبوو پشتیوانیان بێت. لە بەرانبەردا بارمتە بە مانای ئەوە بوو تاک نەک یەک خانەوادە، بەڵکوو دوو خانەوادەی جیاوازی هەبوو کە ئاگاداری دەبن: ئێوە کاتێک بارمتە دەبن، هێشتا دایک و براکانتان هەیە، بەڵام هاوکات (ئەرباب یان گەورە)ی خۆشتان هەیە.

بۆ ژنێک هەمان ئەو واقیعەی دەرفەتی بەشداریی لە گەمەیەکدا پەیدا دەکرد کە هەموو پیاوان سەرگەرمی یاریکردن بوون تیایدا، جۆرەها دەرفەتی بۆ دەڕەخسا تا یاریی بکات و ئەو سیستەمە لە بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت. کچێک ئەگەری هەبوو بارمتە لەدایک ببێت و هەر لە پێش هاتنەدنیای مارە کرابێت تا هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاوێک بکات. مری داگلاس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە لە واقیعدا:

(کچانی هۆزی لەلە بە نازەوە پەروەردە دەکرێن. هەر لە تەمەنی ساواییەوە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانی دەوروبەرن و هەمووان سۆز و خۆشەویستییان پێ دەبەخشن. دەزگیرانی دەستنیشانکراوی ئەو هەرگیز ناتوانێت جڵەوی بکات مەگەر بە شێوەیەکی سنووردار. لە هەلومەرجێکدا کە پیاوان لەسەر بەدەستهێنانی ژنان سەرگەرمی کێبڕکێ بوون لەگەڵ یەک تری، پانتاییەک بۆ ژنان فەراهەم دەبوو تا یاریی بکەن و بجووڵێن و پلانڕێژیی بکەن. فیتنەگەرانی ئومێدەوار هیچکات لە گەمەکاندا بە دۆڕاویی نایەنە دەرێ، هەر ژنێک ئەگەر ئارەزووی بکردایە، ئەوا گومانی تێدا نەبوو دەیتوانی هاوسەرێکی تر بەدەست بهێنێت.- مری داگلاس.)

جگە لەوە، کچێکی گەنجی (لەلە) کارتێکی تایبەت و بەهێزی بۆ گەمەکردن هەبوو. هەمووان دەیانزانی ئەگەر کچە بەو هەلومەرجە ڕازیی نەبێت وا بۆی دیاریی کراوە، ئەوا هەمیشە ئەو هەڵبژاردنەی هەیە ببێتە (هاوسەری گوند).

دامەزراوەی (هاوسەری گوند) بە شێوەیەکی پاوانخوازانە تایبەت بوو بە هۆزی لەلە. بێگومان باشترین ڕێ بۆ ناساندن و وەسفکردنی ئەوەیە هەلومەرجێکی گریمانەیی لەبەرچاو بگرین. وەرن گریمانەی ئەوە بکەین پیاوێکی پیر خاوەنی ناو و پێگەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتییە، ئەم پیاوە لە سۆنگەی قەرزی خوێنییەوە ژنێکی گەنج وەک بارمتە بەدەست دەهێنێت و بڕیار دەدات خۆی لەگەڵ ئەودا هاوسەرگیریی بکات. لە لایەنی تیۆرییەوە، ئەو مافەی هەیە لەگەڵ ئەو ژنە هاوسەرگیریی بکات، بەڵام بۆ ژنێکی گەنج مایەی

خۆشحاڵی نییە ببێتە هاوسەری سێیەم یان چوارەمی پیرەپیاوێک. یاخود گریمانەی ئەوە بکەن بڕیار دەدات ئەم ژنە بارمتەیە بۆ هاوسەری یەکێک لە پیاوانی بارمتەی گوندێکی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی دایکی ئەم ژنە پێشنیار بکات. ژنە نارەزایەتیی دەردەبڕێت، پیاوەکە گوێ بە نارەزایەتیی ئەو نادات. ژنە چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو دەکات و شەوانە هەڵدێت بۆ گوندێکی دوژمن و لەوێ پەنا دەباتە بەر دامەزراوە و مەڵبەندێکی پیرۆزی ئەو گوندە. ئەم کارە هەمیشە ئەگەری هەیە: هەموو گوندەکان دوژمنێکی لەمێژینەیان هەیە. هیچ گوندێکی دوژمن دەست بە ڕووی ئەو ژنەوە نانێت وا لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا پەنای بۆ ئەوان بردووە. ئەو گوندەی ژنەکە پەنای بۆ بردووە، خێرا ئەو دەکەن بە (هاوسەری گوند) و هەموو پیاوانی نیشتەجێی گوند ئەرکدارن پارێزگاری لێ بکەن.

ئەم نموونەیە هاوکارمان دەبێت تێبگەین چۆن لەوێش هاوشێوەی زۆرێک لە ناوچەکانی ئەفریقا، زۆرینەی پیاوە بەتەمەنەکان چەندین هاوسەریان هەبوو. لە ئەنجامیشدا ئەو ژمارە ژنەی بەردەست بوون، بۆ پیاوانی گەنج بە شێوەیەکی ئاشکرا کەم دەبوویەوە. بە هەمان ئەو شێوەیەی لێکۆڵەرەکەمان ڕوونی دەکاتەوە، ئەم ناهاوسەنگییەی وا سەرچاوەیەکی گرنگی ململانێی ڕەگەزیی بوو، جێی سەرنج گرنگیپێدانە:

(هەمووان ئەوە دەبین ئەو گەنجانەی ژنیان نییە، چاویان بڕیوەتە هاوسەری پیاوانی بەتەمەن. لە واقیعدا یەکێک لە سەرگەرمییەکانی

پیاوانی گەنج ئەوە بوو پیلانی فیتنەگەریی بگێڕن و گاڵتە بەو کەسە بکەن وا لافی ئەم کارانە لێ نادات. چونکە پیاوانی بەساڵاچوو پێیان خۆش بوو بە خاوەنی چەند هاوسەر بمێننەوە و دوو یان سێ ژنیان هەبێت، بۆیە زیناکردنیان بە تێکدانی ئاشتیی گوند دەزانی. هۆزی لەلە بۆ ئارامکردنەوەی پیاوانی بێ ژن ناچار بوو کۆمەڵێک ڕێکار بگرێتە بەر: بە شێوەیەک، کاتێک ژمارەی پێویست لە کوڕانی گوند دەگەیشتنە تەمەنی نزیک بە هەژدە ساڵیی، ڕێیان پێ دەدرا مافی دەستڕاگەیشتن بە هاوسەرانی هاوبەشیان هەبێت- مری داگلاس)

ئەم لاوانە پاش پێدانی نرخێکی گونجاو بە خەزێنەی گوند (لەسەر بنەمای چندراوەکانی گەڵای دارخورما)، ڕێگایان پێ دەدرێت خانوویەکی هاوبەش درووست بکەن و دواتر یان بە هاوبەش ژنێک دەهێنن و نیشتەجێی ئەو خانووەی دەکەن یاخود ڕێگایان پێ دەدرێت گرووپێک پێک بهێنن و هەوڵی دزینی ژنێک لە گوندی دوژمن بدەن (یاخود لە بەرانبەردا، ئەگەر ژنێک پەنای بۆ گوندەکەیان هێنا، ئەوا مافی قەبووڵکردنی ئەو لە کۆی دانیشتووانی تری گوند وەردەگرن: داواکارییەکی لەم شێوەیە بە نزیکەیی هەمیشە پەسەند دەکرا). ئەم هاوسەرە هاوبەشە هەر ئەوەیە وا پێی دەگوترێت (هاوسەری گوند). پێگەی هاوسەری گوند زۆر ڕێزلێگیراوە. لە واقیعدا، لەگەڵ هاوسەری گوندی تازەبووک هاوشێوەی شازادەکان مامەڵە دەکرا. چاوەڕوان نەدەکرا هیچ کارێک لە کێڵگەدا بکات یان دار و ئاو بهێنێت، یان تەنانەت چاوەڕێ نەدەکرا خواردن درووست بکات؛ هەموو کارەکانی

ماڵـەوە هاوسـەرەکانی دەیانکرد و باشـترین خـواردن و کەلوپەلیـان بۆ ماڵـەوە فەراهـەم دەکرد، زۆرترین کاتەکانی خۆیـان بـە ڕاوکـردن لـە دارسـتان و کێبڕکـی لەگـەڵ یەکتـری بەسـەر دەبـرد و لەسـەر هێنانـی خۆشـترین خواردنـەکان و پڕکردنـی دەفرەکـەی لـە شـەرابی خورمـا لـە پێشـبڕکێدا بـوون. هاوسـەری گونـد دەیتوانـی دەسـت بـۆ داراییەکانـی ئەوانـی تـر ببات و چاوەڕوان دەکرا بەرانبـەر ڕەفتـاری باشـی کەسـانێکدا کـە خەمخۆری ئـەو بـوون، جۆرەهـا فێڵ و تەڵەکـە بـەکار بهێنێت. هـەروەهـا چاوەڕوان دەکـرا هـەرکاتێک ئەویـان ویسـت خـۆی، بخاتـە خزمەتـی کـۆی گرووپـی هاوتەمەنەکانـی خۆیـەوە (کـە ڕەنگـە دە تـا دوازدە پیـاو بـن).

بـە تێپەڕبوونـی کات هاوسـەری گونـد چیتـر لەگـەڵ سـێ تـا چـوار لـە هاوسـەرانی دەژیـا، لـە کۆتاییشـدا تەنهـا لەگـەڵ یەکێـک لـەوان. ڕێکارە ناوچەییەکان شـایەنی گۆڕان بوون. کاتێک هاوسـەری گوند منداڵێکی دەبوو، کـۆی دانیشـتووانی گونـد بـە باوکـی ئـەو دەهاتنـە هەژمـار، بـەم شـێوەیە چاوەڕوانـی ئـەوە دەکـرا کـۆی گوندەکـە گـەورەی بکـەن و ئامرازەکانـی ژیـان بخەنـە بەردەستی، لـە کۆتاییشـدا بـە شـێوەیەکی شایسـتە پرۆسـەی هاوسـەرگیریی بۆ ڕێک بخـەن (بـە پلـەی یەکـەم بـە هەمـان هـۆکارە گونـد دەبێـت خەزێنەیەکـی هاوبەشـی پـڕ لـە چندراوەکانـی گـەڵای دارخورمـا و داری سـندڵی ئەفریقـا فەراهـەم بـکات). چونکـە ئەگـەری هەیـە لـە هـەر گوندێکدا هـاوکات چەنـد هاوسـەری گونـد هەبـن، گوندیـش منـاڵ و نـەوەی خـۆی هەیـە، هەربۆیـە دەبێـت توانـای دانـەوەی قـەرزی خوێنیـی ئەوانـی هەبێـت، لـەم ڕووەوە گونـد دەبێـت بەپێـی پێویسـت بارمتـە کـۆ بکاتـەوە.

سـەرەنجام گوندەکان دەگۆڕان بۆ چەندین دامـەزراوەی هاوبەش، گرووپـە هاوبەشـەکان هاوشـێوەی ناوەنـدە هەرەوەزییـە نوێیەکانـن، دەبـوو بەرانبـەر یاسـا هاوشـێوەی تـاک مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێت. سـەرباری ئەمـەش جیاوازییەکی بنەڕەتیی لـە نێوان تـاک و گونـددا بوونـی هەبوو. بـە پێچەوانـەی تاکێکی ئاسـایی، گونـدەکان دەیانتوانـی لـە ڕێی هێزەوە داواکارییەکانی خۆیـان بسـەپێنن.

ئەمـە خاڵێکـی سـەرەکیی و بنچینەیـی بـوو، چونکـە وەک داگلاس جەختـی لـێ دەکاتـەوە، خەڵکانـی ئاسـایی هـۆزی لەلـە بـە هیـچ جۆرێـک نەیاندەتوانـی کارێکـی لـەو چەشـنە لەگـەڵ یەکـدی بکـەن. پەیوەندیی ڕۆژانەیـان پتر خاڵی بـوو لـە هەمـوو چەشـنە ئامرازێکی سیسـتماتیکی بەکارهێنانـی هێـز. داگلاس دەڵێت؛ ئەمـە بنەڕەتییتریـن هۆکارێـک بـوو کـە دەبـووە هـۆی ئـەوەی بارمتەگیریی کاریگەرییەکی نەرێنیی ئەوتـۆی نەبێت. جۆرەهـا نەریـت و ڕێکار و بەهـای جیـاواز بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی لەوێدا بوونـی هەبوو، بـەڵام دەوڵـەت نەبوو، دادگا نەبـوو، دادوەر نەبـوو تـا بڕیـاری پێویسـت بـۆ جێبەجێکـردن بـدات، گرووپـی پیاوانـی چەکـدار نەبـوون تـا بیانەوێـت یـا بتوانـن سـوود لـە هەڕەشـەی بەکارهێنانی هێـز بۆ پشـتیوانیی لـەم بڕیارانـە وەربگـرن. ڕێکارەکان هەبـوون تـا ڕێـک بخرێـن و ڕاڤـە بکرێـن. لـە کۆتاییشـدا دەبـوو زۆر ئـاگاداری هەسـت و سـۆزی هەمـووان بـن. خەڵکانی (لەلـە) لـە پەیوەندیی ژیانی ڕۆژانەیاندا گرنگییەکی زۆریان بـە ڕەفتـاری جـوان و شایسـتە دەدا. پیـاوان بـەردەوام تووشـی ئـەو وەسوەسـەیە دەبوون کـە بەهۆی شـەهوەت و چاوچنۆکییەوە بکەونە

گیانی یەکتری (بە زۆرییش پاساوی باشیان بۆ ئەو کارە هەبوو)، بەڵام زۆر کەم ئەو کارەیان دەکرد. ئەگەر شەڕێکیش ڕووی بدایە، ئەوا خێرا هەمووان دەکەوتنە نێوبژیی تا لایەنەکان لێک بکەنەوە و شەڕەکە بە نێوەندگیریی هەمووان کۆتایی پێ بهێنن...

بە پێچەوانەوە، گوندەکان چەکدار بوون و گرووپی هاوتەمەن، کە ئامادەی هەموو کارێک بوون، لە شێوەی یەکەیەکی سەربازییدا ڕێک خرابوون. لێرەدا و تەنها لەم جێیەدا بوو توندوتیژیی ڕێکخراو ڕووی دەدا. هەقیقەت ئەوەیە کاتێک گوندەکان لەگەڵ یەکتر دەکەوتنە جەنگ، بە زۆریی جەنگ لە سەر ژن بوو (هەموو ئەوکەسانەی داگلاس قسەی لەگەڵ کردوون، گومانیان هەبوو پیاوانی پێگەیشتوو لە سەر هیچ شتێکی تر شەڕ بکەن). بەڵام ئەگەر گوندەکان بکەونە ململانێ لەگەڵ یەکتر، ئەگەری هەبوو کێشەکانیان ببێتە هۆی درووستبوونی جەنگی واقیعیی. ئەگەر کەسە بەتەمەنەکانی گوندێکی تر بانگەشەی گوندێکیان بۆ بارمتەیەک پشتگوێ بخستایە، ئەوا ڕەنگە پیاوانی گەنجی گوندی داواکار بە شێوازی گرووپ خۆیان ڕێک بخەن و ئەو ژنە بفڕێنن، یاخود ژنێکی تر لەبری ئەو بدزن تا ببێتە هاوسەری هاوبەشی ئەوان. ڕەنگە ئەم هەنگاوە چەندین کەسی تێدا بکوژرێت و ببێتە هۆی ئەوەی لە چەندین لاوە داوای قەربوو بکرێت. داگلاس بە تانە و تەشەرەوە دەڵێت: (ئەو گوندەی پشتی بە هێز قایمە، دەتوانێت کەمتر گوێ بە خواستی بارمتەگیران بدات).

هەروەها فیتاوفیت بە هەمان هۆکارە کاتێک ئەگەری توندوتیژیی وا لە گۆڕێ، دەکرێت لەناکاو دیواری گەورەی نێوان بەهای گیان و پارە داڕووخێت.

(لە هەندێ بارودۆخدا کاتێک دوو هۆز لە سەر بانگەشەی قەرەبووی خوێنیی کێشە دەکەوتە نێوانیان، ئەوا ئەگەری هەبوو داواکارانی قەرەبووی خوێنیی تیبگەن لەوەی هیچ ئومێدێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی لایەنی بەرانبەر نییە. سیستەمی سیاسیی هیچ ئامڕازێکی ڕاستەوخۆی بۆ پیاوێک (یان هۆزێک) دابین نەکردووە تا بتوانێت دەست بۆ بەکارهێنانی هێزی جەستەیی ببات یاخود لە پێناو سەپاندنی داواکەی بە سەر ئەوی تردا، پەنا بەرێتە بەر مەرجەعێکی باڵاتر، لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا پیاوەکە لەبری چاوپۆشیی لە بانگەشەکەی بۆ ژنێکی بارمتە، ڕازیی دەبێت بڕەپارەیەک قەبووڵ بکات کە هاوتای ئەوە، ئەگەر پێی بدەن، ئەوا ڕەوتی باوی ئەم کارە ئەوەیە داواکارییەکەی بۆ بارمتەگیریی بە تاکە گرووپی بەتوانای گوند بفرۆشێت تا ئەوان بتوانن لە سۆنگەی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژییەوە کەسێک لە لایەنی بەرانبەر وەک بارمتە بگرن.

ئەو کەسەی گەرەکی بوو داواکارییەکەی بە گوندێک بفرۆشێت، ئەوا داوای سەد پارچە چندراوی دارخورما یاخود پێنج پارچەداری کمووودی دەکرد. گوند ئەم بڕە پارە کۆمەڵایەتییەی یان لە خەزێنەکەی دابین دەکرد یاخود لە ئەندامێکی گوندەکەی قەرزی دەکرد، پاش کڕینی کەیسی بارمتەگیریی، ئیدی گوندەکە ئەو کێشەیەی وەک بانگەشەی خۆی بۆ داواکاریی بارمتە لە گوندی بەرانبەر دادەنا. ـ مری داگلاس.)

کاتێک کەسی داواکار و خاوەنی کێشە پارەکەی وەر دەگرت، چیتر خاوەنی بانگەشەی بارمتەگیریی نەبوو، گوند ئامادەکاریی بۆ هێرشێک دەکرد تا بتوانێت لە پێناو بانگەشەیەک کە کڕیبووی بجەنگێت، جا ئەو ژنەی بابەتی سەرەکیی مامەڵەکە بوو، بفڕێنێت.

بە واتایەکی تر، تەنێ لە سۆنگەی دەستوەردانی توندوتیژانە لە مامەڵەکانی بارمتەگیرییدا، بابەتی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ سەری هەڵدا. توانای بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ پچڕینی دەزوویەکی مارپێچیی بێکۆتایی لە تێبینییەکان، ئەرکەکان، چاوەڕوانیی و بەرپرسیارێتییەکان، کە تایبەتمەندیی هەقیقیی مرۆڤن، ئیمکانی ئەو بابەتەی خوڵقاند ئەو نەریت و ڕێکارانەی لە دۆخی ئاساییدا یاسای یەکەمی پەیوەندییە ئابوورییەکانی هۆزی لەلە بوون، پەراوێز بخرێن: واتا دەکرێت گیانی مرۆڤێک تەنها بەرانبەر گیانی مرۆڤێکی تر ئاڵوگۆڕ بکرێت و هیچکات ناتوانرێت لەگەڵ کەلوپەل بگۆڕدرێتەوە. گرنگە بزانین ئەو بڕەی لە مامەڵەیەکی لەو شێوەیەدا دەدرا (سەد چندراوی گەڵای دارخورما یاخود هاوتای ئەو داری سندڵی ئەفریقایی) هاوتای نرخی کۆیلەیەکیش بوو. وەک ئەوەی ئاماژەم پێ دا، کۆیلەکان دیلی جەنگ بوون، هیچکات ژمارەیان زۆر نەبوو؛ داگلاس نزیکەی ٢٥ ساڵ پاش نەمانی کۆیلایەتیی تەنها توانیبووی دوو کەس پەیدا بکات، کە پاشماوەی کۆیلەکانی دەیەی ١٩٥٠ بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ژمارەیان گرنگ نەبوو. هەر ئەو ڕاستییەی بوونیان هەبوو، پێشینەیەکی مێژوویی لە پاش خۆی دروست دەکرد. هەندێ کات بەهای گیانی مرۆڤێک هیی ئەوەیە

بـۆ چەندێتیـی بگۆڕێـت؛ بـەڵام ئەگـەر دەكـرا شـتەكان لـە ئەلـف = ئەلف (گیـان بەرانبـەر گیـان) بگۆڕێن بـۆ ئەلـف = ب (گیـان بەرانبـەر سـەد چنـدراوی گـەڵای دارخورمـا)، ئـەوا تەنهـا بـەو هـۆكارە بـوو هاوكێشـەكانیان بـە زۆری نێـزە دەگـۆڕی.

**سەرچاوە:**

كتـاب/ بدهـی پنـج هـزار سـال نخسـت، دیویـد گریبـر، چـاپ دوم، ترجمـه/ علـی معظمـی، ص/ ٢٠٣-٢١٤

★★★




# ڕانانێکی شیکاری بۆ هزری ئۆجالان و بنبەستی پرۆسەی ئاشتی لە {کۆنووسەکانی ئیمرالی}دا

هەیفا کەمال

ڕانانێکی شیکاریی-ڕەخنەیی بۆ پەڕتووکی:
«ڕزگاریی دیموکراتیی و بنیاتنانی ژیانی ئازاد: کۆنووسەکانی ئیمرالی»
نووسەر: عەبدوڵڵا ئۆجالان
بڵاوکار: Weşanên Mezopotamya (وەشانێن میزۆپۆتامیا)
ساڵی بڵاوبوونەوە: ٢٠١٥
(نزیکەی ٤٨٠ لاپەڕەی قەبارە ١٤سم * ٢٠سم)

**سەرەتا:**

کتێبی «ڕزگاریی دیموکراتیی و بنیاتنانی ژیانی ئازاد»، کە بە «کۆنووسەکانی ئیمرالی» ناسراوە، بەرهەمێکی گرنگی عەبدوڵڵا ئۆجالانە و بریتییە لە کۆکراوەی دیدار و گفتوگۆکانی زیندانی ئیمرالی نێوان ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٥ لەگەڵ شاندەکانی هەدەپە و دەوڵەتی تورکیا. ئەم کتێبە تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و فیکرییە و تێڕوانینی ئۆجالان بۆ پرۆسەی ئاشتی، چارەسەری پرسی کورد و پارادیگمای داهاتووی سیاسی لە ناوچەکەدا دەخاتە ڕوو. گرنگیی کتێبەکە لەوەدایە کە تێگەیشتنێکی قووڵترمان دەداتێ لە بارەی هزری ئۆجالان لە قۆناغێکی هەستیاری دانوستاندنەکاندا، هەروەها هۆکارە بنەڕەتییەکانی شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕوون دەکاتەوە. ئەم ڕانانە هەوڵ دەدات بە شێوازێکی شیکاریی و ڕەخنەگرانە، لایەنە تیۆریی و فیکرییەکانی کتێبەکە تاوتوێ بکات، بە تایبەت لە چوارچێوەی شیکردنەوەی هۆکارەکانی شکستپێهێنانی پرۆسەی ئاشتی.

## کورتەی ناوەڕۆک و تێزە سەرەکییەکان:

کتێبەکە بە شێوەیەکی سەرەکیی لەسەر بنەمای کرۆنۆلۆژی دانراوە و کۆنووسی دیدارەکانی ئۆجالان لەخۆ دەگرێت. ئۆجالان لەم دیدارانەدا بە وردیی باسی دیدگای خۆی دەکات سەبارەت بە:

١. پرۆسەی ئاشتیی و چارەسەر: تێڕوانینی ئۆجالان بۆ ئاشتی تەنیا ئاگربەست و بێدەنگکردنی چەکەکان نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی گشتگیرە و پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسی و یاسایی تورکیادا هەیە. ئەو جەخت لەسەر پێویستی دانانی بە مافەکانی کورد وەک گەلێک، گۆڕینی دەستوور، و بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراتیی دەکاتەوە کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆ بگرێت. زۆر جار ڕەخنە لە حکومەتی ئاکەپە دەگرێت کە نیازپاکی نانوێنێت و پرۆسەکە بۆ مەرامی سیاسیی و کاتکوشتن بەکار دەهێنێت. وەک دەڵێت: «ئەگەر هەست بە ئاشتی و چارەسەر نەکەن، ئەگەر واز لە ئاژاوەگێڕی ئۆپەراسیۆنی KCK نەهێنن، ئاشتیی چیرۆکە.»(ل. ٤)

٢. پارادیگمای دیموکراتی: ئۆجالان بەردەوام پارادیگمای «کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی» و «نەتەوەی دیموکراتی» وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست دەخاتە ڕوو. ئەم چەمکانە بریتین لە ڕەتکردنەوەی مۆدێلی دەوڵەتی ناوەندگەرای تاکڕەو و پێشنیازکردنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیانە لە سەر ئاستی هەرێمیی و ناوخۆیی، کە تێیدا هەموو گرووپە ئێتنیکی، ئایینیی و کولتوورییەکان پێکەوە بە ئاشتی و یەکسانی

بژین. ئەو پێی وایە چارەسەری پرسی کورد تەنیا لە چوارچێوەی دیموکراتیزەکردنی تورکیا و ناوچەکەدا مومکینە.

٣. ڕەخنە لە دەوڵەت-نەتەوە: ئۆجالان بە توندیی ڕەخنە لە چەمکی دەوڵەت-نەتەوە دەگرێت و بە سەرچاوەی سەرەکی کێشە و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەزانێت. ئەو پێی وایە مۆدێلی دەوڵەتی تاک-نەتەوە، تاک-زمان و تاک-کولتوور بووەتە هۆی سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی گەلان و کەمینەکان.

٤. پرسی ئازادیی ژن: یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هزری ئۆجالان، پرسی ئازادی ژنە. ئەو بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بەبێ ئازادبوونی ژن دەرفەتی ئازادیی بۆ گەلێک فەراهەم نابێت»(ل. ١١). لە ‹کۆنووسەکانی ئیمرالی›دا بەردەوام دووپات دەکرێتەوە، پرسی ئازادیی ژن و ڕۆڵی بنەڕەتیانە لە بنیاتنانی کۆمەڵگای دیموکراتیدا. کتێبەکە نەک تەنیا لایەنی تیۆریی ئەم پرسە دەخاتە ڕوو، بەڵکوو نموونەی بەرجەستەی گفتوگۆکان لەسەر میکانیزم و پێکهاتە کردارییەکانیش دەگوازێتەوە. بۆ نموونە، لە دیالۆگێکدا لەگەڵ سری سوورەیا ئۆندەر، کاتێک ئۆندەر باسی دیداری خۆی لەگەڵ هەڤاڵانی ژن (وەک ڕووناهی و سولبوس) دەکات و ئاماژە بەوە دەدات ئەوان خاوەنی ‹بڕیارگەی ناوەندی جیاواز› و تەنانەت ‹ناوچەی شاخاویی بەرفراوان و جیاوازیش›ـن، کاردانەوەی ئۆجالان زۆر ئەرێنییە: ‹ (بە پێکەنینەوە) زۆر باشە، زۆر باشە.› بەڵام گرنگتر لەمە، پرسیارە ستراتیژییەکەی دواترە کە ئاڕاستەی ئۆندەری دەکات: ‹باشە تێبینی تۆ چییە؟ پێت وایە

دەکرێت بنەمای سیاسەتی دیموکراتی من بخرێتە سەر شانی ژنان؟› ئەم پرسیارە بە ڕوونی ئەو باوەڕە قووڵەی ئۆجالان نیشان دەدات کە ئازادیی و ڕێکخستنی ژنان تەنیا پرسێکی لاوەکیی و مافێکی مرۆیی سادە نییە، بەڵکوو خودی بنەما و بناغەی پرۆژە سیاسییە دیموکراتییەکەیەتی. لەلایەکی دیکەشەوە، دەستپێکردنی گفتوگۆی ئۆندەر لەگەڵ ژنان بە وتەیەکی خودی ئۆجالان: ‹خۆڕێکنەخستن بە هزری سیاسەتی گەورە، نەخۆشیی نوێی ئێمەیە.› جەختکردنەوەیە لەسەر پێویستی تێپەڕاندنی کار و خەباتی پەرشوبڵاو و ڕۆژانەیی و گرنگیدان بە بینینێکی ستراتیژیی و گشتگیر کە ژنان تێیدا ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕن. بوونی ئەم جۆرە دیالۆگانە لەناو ‹کۆنووسەکانی ئیمرالی›دا، بەهایەکی زیادە بە کتێبەکە دەبەخشێت، چونکە نیشانی دەدات کە چۆن پرسە فیکریی و فەلسەفییەکان (وەک ئازادیی ژن و دیموکراسیی) لە نێو گفتوگۆ کرداری و ڕێکخراوەییەکانیشدا ڕەنگ دەدەنەوە.

٥. ستراتیژی دانوستاندن: کتێبەکە ستراتیژ و تەکتیکەکانی ئۆجالان لە دانوستاندنەکاندا ئاشکرا دەکات. ئەو هەوڵ دەدات هاوسەنگییەک لەنێوان پتەوکردنی پێگەی کورد و بزووتنەوەکەی و کردنەوەی دەرگا بۆ دیالۆگ و چارەسەر لەگەڵ دەوڵەت ڕابگرێت. هاوکات، بەردەوام هۆشداریی دەدات لە پیلانگێڕییەکان و جەخت لەسەر یەکڕیزی و وریایی دەکاتەوە.

## شیکارییەکی ڕەخنەگرانە بۆ شکستی پرۆسەی ئاشتی:

کتێبەکە لە ڕوانگەی ئۆجالانەوە تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی. لێرەدا، لە ڕوانگەیەکی فیکرییەوە، دەتوانین چەند خاڵێکی سەرەکیی دەستنیشان بکەین:

١. ناکۆکی پارادیگمەکان: یەکێک لە بنەڕەتیترین هۆکارەکانی شکست، جیاوازیی قووڵی فیکریی و پارادیگمی بوو لە نێوان ئۆجالان و دەوڵەتی تورکیا (بە نوێنەرایەتی ئاکەپە). ئۆجالان داوای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی و سیستەمی دەکرد کە لە چەمکی «نەتەوەی دیموکراتیی»دا خۆی دەبینییەوە. ئەمە مانای داننان بە فرەیی و پێدانی مافی خۆبەڕێوەبەریی بە پێکهاتە جیاوازەکان بوو لە چوارچێوەی یەکپارچەیی تورکیادا. لە بەرانبەردا تێڕوانینی دەوڵەت، وەک لە کتێبەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، زیاتر لە چوارچێوەی ئەمنیی، چەکدانان و پێدانی هەندێک مافی کولتووری سنووردراردا قەتیس مابوو، بێ ئەوەی دەستکاریی بنەماکانی دەوڵەت-نەتەوەی تاکڕەو بکات. ئۆجالان ئەمە بە «هەڵخەڵەتاندن» و «کاتکوشتن» ناو دەبات و پێی وایە دەوڵەت هەرگیز بە جدیی نیازی چارەسەرێکی دیموکراتییانەی نەبووە. ئەم جیاوازییە قووڵە لە تێگەیشتن بۆ «چارەسەر» وای کرد بنەمایەکی هاوبەش بۆ دانوستاندنێکی ڕاستەقینە درووست نەبێت.

٢. نیازپاکیی و متمانە: کتێبەکە بەردەوام گومان دەخاتە سەر نیازپاکیی لایەنی دەوڵەت. ئۆجالان ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتێکدا

گفتوگۆکان بەردەوامن، دەوڵەت بەردەوامە لە دروستکردنی ‹قەرەقۆڵ› و بەنداو کە ئامانجی ئەمنیی و سەربازییان هەیە و فشارەکانی بۆ سەر KCK و گەریلا بەردەوامە. ئەم دووفاقیی و بێمتمانەییە ژینگەیەکی لەباری بۆ پێشکەوتنی پرۆسەکە نەڕەخساند. وەک ئۆجالان دەڵێت: «ئەگەر هەست بە ئاشتیی و چارەسەر نەکەن، ئەگەر واز لە ئاژاوەگێڕیی ئۆپەراسیۆنی KCK نەهێنن، ئاشتیی چیرۆکە.» (ل. ٤)

٣. چوارچێوەی یاسایی و دەستووریی: ئۆجالان جەختێکی زۆر لەسەر پێویستی دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووریی بۆ دانوستاندنەکان و گەرەنتیکردنی مافەکان دەکاتەوە. ئەو پێی وایە بەبێ هەمووارکردنەوەی دەستوور و دەرکردنی یاسای نوێ کە دان بە مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی تردا بنێت و سیستەمی دیموکراتیی بچەسپێنێت، پرۆسەی ئاشتیی ناگاتە ئەنجام. بەپێی گێڕانەوەکانی نێو کتێبەکە، دەوڵەت ئامادەیی بۆ ئەم هەنگاوە بنەڕەتییانە نیشان نەداوە و زیاتر ویستوویەتی کێشەکە لە چوارچێوەیەکی تەسک و ئەمنییدا بهێڵێتەوە.

٤. کاریگەرییە دەرەکیی و ناوخۆییەکان: هەرچەندە کتێبەکە بە شێوەیەکی سەرەکیی تیشک ناخاتە سەر ڕۆڵی هێزە دەرەکییەکان، بەڵام ئۆجالان ئاماژە بە بوونی ‹دەوڵەتی پاراڵێل› و دەستێوەردانی هێزە نێودەوڵەتییەکان دەکات و ئامانجیان تێکدانی پرۆسەکەیە. هەروەها، لە ناوخۆشدا، ئۆجالان ڕەخنە لە هەندێک هەڵوێستی KCK و سیاسەتی کوردیش دەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی هۆکاری سەرەکیی شکستەکە دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت.

٥. فشاری ناوخۆیی لەسەر ئۆجالان: جگە لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگ و گومانەکان لە لایەنی دەوڵەتەوە، ‹کۆنووسەکانی ئیمرالی› ئاشکراشی دەکات کە عەبدوڵڵا ئۆجالان لەژێر فشاری ناوخۆیی بزووتنەوەکەشیدا بووە سەبارەت بە ستراتیژی دانوستاندن. وەک خۆی دەڵێت: ‹یەکێک لە ناو KCK پێم دەڵێت «تۆ چۆن دان بە خۆتدا دەگریت».› ئەم وتەیە بە ڕوونی دەری دەخات لە ناو خودی بزووتنەوەکەش نیگەرانیی یان تەنانەت ڕەخنەش هەبووە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە و پێیان وابووە ئۆجالان لە دانوستانەکاندا ‹دانبەخۆگرە›، واتە لەڕادەبەدەر ئارام، خۆڕاگر، یان نەرمە و لەوانەیە سازشی زۆر بکات. بەڵام، وەڵام و شیکردنەوەی ئۆجالان بۆ ئەم تێبینییە، قووڵایی ستراتیژیی و هەستیاریی دۆخەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە. کاتێک دەڵێت: ‹قسەکەی ڕاستە. من لەو مەسەلانە زۆر بێئۆقرەش نیم، ‹ ئەو دان بەو ‹دانبەخۆداگرتنە›دا دەنێت، بەڵام وەک پێویستییەک نەک وەک لاوازییەک. ئەو پێی وایە ئەم ئارامیی و خۆڕاگرییە تەکتیکێک نەبووە، بەڵکوو هەنگاوێکی زەروری بووە بۆ ‹ڕزگارکردنی پرۆسەکە› لە هەرەسهێنان لەژێر گوشاری لایەنە دژەکان و بەرانبەر ئەو ‹پیلانانەی لەناوبردن› وا بەردەوام لە ئارادا بوون. هاوکات، گلەیی لە هەموو لایەنەکان دەکات کە وادیارە بە تەواوی لە دۆخە تایبەت، ئاڵۆز و هەستیارەکەی ئەو لە ئیمرالی تێنەگەیشتوون.

## هەڵسەنگاندنی کتێبەکە:

•لایەنە بەهێزەکان:

- تێگەیشتنی قووڵ: کتێبەکە دەرفەتێکی دەگمەن بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و ستراتیژییەکانی ئۆجالان لە قۆناغێکی چارەنووسساز و پڕ لە گۆڕانکارییدا دەڕەخسێنێت.

- قووڵایی فیکریی: شیکارییە تیۆرییەکانی سەبارەت بە دیموکراسی، نەتەوە، ژن، ئیکۆلۆژیا و ڕەخنەکانی لە سیستەمی سەرمایەداریی و دەوڵەت-نەتەوە، قووڵایی فیکریی نووسەر نیشان دەدەن و دەشێت ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زیاتر.

- بەڵگەنامەی مێژوویی: تۆمارکردنی وردەکاریی دیدارەکان (هەرچەندە لە ڕوانگەی یەک لایەنەوە بێت) وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی پرۆسەی ئاشتیی لە تورکیا و ڕۆڵی ئۆجالان، بەهایەکی زۆری هەیە.

- ڕەهەندی مرۆیی و کەلتووریی: جیا لە قووڵبوونەوە لە پرسە تیۆریی و ستراتیژییەکان، کتێبەکە هەڵگری ساتە مرۆییە کاریگەرەکانیشە و تێگەیشتنێکی فرەڕەهەندترمان پێ دەبەخشن. نموونەی دیاری ئەمە، ئەرکی سەخت و ناخۆشی سەلاحەدین دەمیرتاشە بۆ گەیاندنی هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد، شێرکۆ بێکەس، بە ئۆجالان. کاردانەوەی خەمبارانەی ئۆجالان و داواکردنی گەیاندنی سەرەخۆشیی، لایەنێکی مرۆیی پەیوەندییەکان دەردەخات. زیاتر

لەوەش، ئاماژەی دەمیرتاش بەوەی شێرکۆ بێکەس شیعرێکی تایبەتی بۆ ئۆجالان نووسیوە و دوایین پەرتووکیشی بۆ واژۆ کردووە تا پێی بگات، نیشانەی ڕێز و پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانە. بوونی ئەم جۆرە وردەکارییانە، بەهای بەڵگەنامەیی و خوێندنەوەی کتێبەکە زیاتر دەکات.

- دیدگا بۆ سیاسەتی هەرێمیی: کتێبەکە وردەکاریی گرنگیش سەبارەت بە تێڕوانینی ئۆجالان بۆ ئەکتەر و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ناوچەکە لەخۆ دەگرێت، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان. شێوازی ئاماژەی ئۆجالان بە سەرکردە سیاسییەکانی باشووری کوردستان جێگەی سەرنجە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا ئاماژەکانی بۆ مەسعوود بارزانیی و سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، زۆر جار هەڵگری تۆنێکی ڕەخنەگرانە یان نەرێنیی سیاسییە (بۆ نموونە، ئاماژەدان بە پەیوەندیی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان یان هۆشداریدان لە ملکەچبوون بۆ فەرمانی دەرەکیی)، دەبینین تاکە ئاماژە بە جەلال تاڵەبانیی لە کتێبەکەدا، بەگوێرەی لێکدانەوەی بەردەست، تەنیا پرسیارێکی کورتی هاوسۆزانە و مرۆیییانەیە سەبارەت بە باری تەندرووستیی ناوبراو لە کاتی نەخۆشییەکەیدا. ئەم جیاوازییە لە تۆن و ناوەڕۆکی ئاماژەکاندا، نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان بزووتنەوەی ئۆجالان و پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە لەو کاتەدا، بەڵکوو لایەنێکی دیکەی گرنگیی کتێبەکەیە وەک بەڵگەنامەیەک کە تیشک دەخاتە سەر دیدگای تایبەتیی ئۆجالان بۆ هاوکێشە سیاسییە هەرێمییەکان.

## گرنگیی کتێبەکە و پەیوەندیی بە پرسە فیکرییە هاوچەرخەکانەوە:

ئەم کتێبە تەنیا بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد و سیاسەتی تورکیا گرنگ نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چەندین پرسی فیکریی و تیۆریی گەورەتر و جیهانییەوە هەیە:

- قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە: شیکارییەکانی ئۆجالان بۆ کێشەکانی دەوڵەت–نەتەوە و پێشنیازکردنی مۆدێلی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی و نەتەوەی دیموکرات، دەچێتە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆ فیکرییە جیهانییەی لە سەر قەیرانی مۆدێلی دەوڵەتی وێستفالی و گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی دیموکراتیتر و فرەچەشنتردا هەیە.

- دیموکراسیی ڕادیکاڵ و بەشداریکەر: تێزەکانی ئۆجالان سەبارەت بە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، بەشداریی کارای گەل، خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیی، پەیوەندییەکی پتەویان بە تیۆرییەکانی دیموکراسیی ڕادیکاڵ و بەشداریکەرەوە (Participatory Democracy) هەیە.

- ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی و ئازادیی ژن (ژنۆلۆژیی): گرنگیدانی تایبەتی ئۆجالان بە پرسی ژینگە و بەستنەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتی بە هاوسەنگیی ئیکۆلۆژییەوە، هەروەها پێداگریی لە سەر ئەوەی ئازادیی کۆمەڵگە بە ئازادیی ژنەوە بەندە (کە دواتر لە چەمکی ‹ژنۆلۆژیی›دا زیاتر پەرەی پێ درا)، ڕەهەندێکی گرنگ و هاوچەرخ بە تێگەیشتن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و تیۆرییە فێمینیستی و ئیکۆلۆژییەکان دەبەخشێت.

## دەرەنجام و پێشنیاز بۆ لێکۆڵینەوەی داهاتوو:

کتێبی ‹ڕزگاریی دیموکراتیی و بنیاتنانی ژیانی ئازاد: کۆنووسەکانی ئیمرالی› سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی و ناوازەیە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت لە قووڵایی هزری سیاسیی عەبدوڵڵا ئۆجالان و ئاڵۆزییەکانی پرۆسەی ئاشتیی لە تورکیا تێبگات. کتێبەکە بە ڕوونیی ئەو کەلێنە فیکریی، سیاسیی و سایکۆلۆژییە قووڵە نیشان دەدات وا لە نێوان تێڕوانینی ئۆجالان بۆ چارەسەرێکی دیموکراتیی بنەڕەتیی و تێڕوانینی دەوڵەتی تورکیا بۆ پاراستنی ستاتۆکۆ و چوارچێوەی ئەمنیدا هەبوو؛ کەلێنێک، کە لە بنەڕەتدا بووە هۆی شکستهێنانی پرۆسەکە. سەرەڕای لایەنگریی سرووشتیی بەڵگەنامەکە، کتێبەکە وەک شایەتحاڵێکی گرنگی مێژوویی و فیکریی دەمێنێتەوە.

ئەم کتێبە دەتوانێت چەندین پرسیار و بواری لێکۆڵینەوەی نوێ بۆ توێژەران و خوێنەران بورووژێنێت، لەوانە:

- تا چەند مۆدێلی «نەتەوەی دیموکرات» و «کۆنفیدراڵیزمی دیموکرات»ـی ئۆجالان لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ کراوە یان توانای جێبەجێبوونی هەیە، بە تایبەت لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی لە ڕۆژئاوای کوردستان؟

- بەراوردی ستراتیژیی و تەکتیکەکانی دانوستاندنی ئۆجالان لەم قۆناخەدا لەگەڵ قۆناخەکانی پێشووتر و لەگەڵ ئەزموونەکانی دیکەی دانوستاندنی ئاشتی لە نێوان دەوڵەت و بزووتنەوە چەکدارییەکان لە جیهاندا.

• شـیکردنەوەیەکی وردتـر و فرەلایەنتـر بـۆ ڕۆڵـی هێـزە ناوخۆییـەکان (لـە نێو تورکیا و کورد) و هێزە دەرەکییـە هەرێمیـی و نێودەوڵەتییـەکان لـە شکسـتهێنانی پرۆسـەی ئاشـتیی ٢٠١٣–٢٠١٥، بە سـوودوەرگرتن لـەم کتێبـە و سـەرچاوەی دیکـەی بێلایەنتـر.

• لێکۆڵینـەوە لـە کاریگەریـی درێژخایەنـی هـزری ئۆجـالان (بـە تایبـەت پارادایمـی نوێـی) لـە سـەر ئاڕاسـتەی بزووتنـەوەی کـورد لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و سیاسـەتی گشـتیی ناوچەکـە.

لـە کۆتاییدا، ‹کۆنووسـەکانی ئیمرالی› زیاتـرە لـە تەنیا تۆمارێکـی گفتوگۆ؛ بەڵکوو بانگەوازێکـە بۆ تێفکرین و تێگەیشـتن لـە پارادایمێکـی جیـاواز بـۆ سیاسـەت، کۆمەڵگـە و ئازادیـی. هـاوکات، شـایەتحاڵێکـی نووسـراوی قۆناغێکـی پـڕ لـە هیـوا و ئومێدی بەئەنجامنەگەیشـتووە لـە مێژووی هاوچەرخـی گەلـی کـورد و گەلانـی تورکیـادا.

★★★